# ڕەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# ڕەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە

محەمەد ئەمین هەورامانی



کتێب: ڕەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە
نووسینی: محەمەد ئەمین هەورامانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٤٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٥١٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# پێشەکیی

هۆی پانوپۆڕکردن و درێژەپێدانی ئەم بەرهەمەی بەردەستت، دەگەڕێتەوە بۆ هۆی نامەکەی کاک بەدران – بەرپرسی دامودەزگای ئاراس، کە تیایدا، هەروەک لە فۆتۆکۆپیەکەیدا، بەرچاو دەکەوێ، داوای ئەوە بوو، کە ئەگەر (من) بۆم بکرێ بەرهەمێک، یان چەند بەرهەمێک، لە بارەی ئەدەبیاتی ناوچەکانی هەورامان و هۆی کاریگەریی و کردەوەیی، ئەدەبیاتی بێگانە و دراوسێیانی لەسەری بنووسم و بێ گومان؛ منیش لەم ڕووەوە و بۆ ئەم داخوازییە دڵم گەشایەوە و خورپەی دڵیشم بەرەو خورپەیەک برد، کە لێکدانەوەکەی لای من وەهای بردە دڵمەوە، کە دەوروبەری ڕامیاریی کوردستان، بەرەو دیمۆکراسی و ئازادیتر هەنگاو دەنێ و ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە، ئەوە بەرچاو دەخات، کە هەڵگرانی ئاڵای زانیاریی و زانستی خەریکن ڕوو بەرەو ناسینی شناسنامەی ڕاستەقینەی کورد و زمانی کوردیی ڕەسەن و ئەدەبیاتی دێرینیان هەنگاو بنێن و بۆیە، نیاز وەهایە، کە بەرهەمی ئەدەبی ناوچەکانی هەورامان، بەسەر دامودەزگای چاپخانەکانی کوردستاندا، شایی و زەماوەندیان بێ و ئەگەر هاتوو ئەمەمان، بەراورد کرد، لەگەڵ دەمەکانی پێشووتریاندا و ئەم بەراوردە و ئەم سکاڵایانەش، لە ڕووی ڕاستییەوەن و وێنەشمان، بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵانەی کە لە ئەوروپادام، دوو بەرهەمی گەورەم ناردووەتەوە و بردووەتەوە، بۆ هەولێر – بۆ بەشی ڕۆشنبیریی، دەبێ بڵێم بەداخەوە، چارەنووسی ئەوانە پشتگوێ خستن و ئەوجا بزرکردن بوو!! ئەوجا کێ دەبێ، بەرپرسی ئەمە بێ؟! بەلای کێوە دەبێ ئەم دادگەرییە بکرێ!! دەبێ کێ بێ، بڕیاری (گوناهبار) بدا!!! دەبێ ئێمە ئەم دوو بەرهەمەمان چۆن دەست بکەوێتەوە!!! ئەنجامەکەی دەبێ بڵێین، بزرکردنی ئەم بەرهەمانەم لەگەڵ کوشتنمدا چە جیاوازیی نییە و هەردووکیان هەر یەکێکن!!.

بەهەرحاڵ، بابگەڕێینەوە، سەر ناوەڕۆک و کورەکی باسەکەی خۆمان و کە ئەویش، هەروەک وتمان (لە سەرەوە) بەرهەمەکەمان، پانوپۆڕ کردووە و بەشێوەی ناوونیشان هەڵدان، دەکرێ بەچەند بەشێکەوە؛

یەکەم: بەرچاوخستنی هەندێ وێنەی ئەدەبی بەشێوە زمانی ناوچەکانی هەورامان، کە (نە ناوچەکان، نە وتەرەکانی)ش هەورامی نین و لە ناوچەکانی هەوراماندا نەژیاون؛ کە وەک ناوچەکانی قەزوێن و ناوچەکانی تەورێز و ناوچەکانی شیراز و



ناوچەکانی لوڕستان و ناوچەکانی گەرمیان و ناوچەکانی جوانڕۆ و کرماشان... هتد. هەڵبژاردەی وێنەی زیندوو کە لە زۆر ڕووەوە (ڕاناو، ئاوەڵناو، ئامرازی ڕێزمانیی چۆنیەتی بەکارهاتنی لەوەدەمە دێرینانەدا و شوێنەواری زمانی بێگانە و دەوری دینی و ڕامیاریی و ئابووریی و جوگرافیایی و مێژوویی...) لایەنەکانی زمانناسی بەدەستەوە ئەدەن و بەڵگەی ڕۆشن بەرەو ناسینی زمانی ڕەسەنی کوردیی بەدەستەوە ئەدەن!

دووەم: هەندێ ڕۆشنکردنەوەی پێویست لە بارەی مێژووی ناوی هەورامان، کە دەبێ لە چییەوە هاتبێ! ناوەکەی بنەڕەتییە، یان ئاوەڵناوە و دروستکراوە و درێژی تەمەنی دەبێ بۆ چە دەمی بگەڕێتەوە!!

سێیەم: وڵاتی (ئاریان ڤاچ) و (ماد) و (خڤەنیرەیتە) و (هەورامان) و پەیوەندییان لە مێژوو لە دیندا.

چوارەم: بەسەرکردنەوەی هەنگاوەکانی (ئەدەب).

پێنجەم: هۆنراوە و هەڵبەستی شێوە هەورامی، لە ڕووی کێشانە و پێوانەوە.

شەشەم: ئەنجام.

## خاکی نیشتمان

مرۆڤ ئەگەر نەخۆش کەوت، یان پیر بوو، بەجۆرێک کە لە هەڵسوکەوت بکەوێ، دیارە؛ کوڕ و کەنیشک و ژنەکەی، منداڵەکانی، تا ماوەیەک بەلایدا دەچن و هەوڵی ئەوە ئەدەن، کە خەڵکانی دراوسێی، یان دوورە ناسیاوێ، یان هەر کەسێ کە دەیناسن و دەیاننناسن، ڕێی نەبێ کە سەرزەنشت و لۆمەیان بکەن، یان وەها دەربکەون، کە جێگای لۆمەی خەڵک بن!!

بێ گومان ئەو هەوڵ و تێکۆشانە، چە بەڕاست بێ، یان بەڕواڵەت، یان بەدرۆ، وەک ڕووکەشی ڕواڵەتیی، ئەگەر درێژەی کێشا، لەو حاڵەتانە و ڕواڵەتی دیکەدا، دەردەکەوێ و هیچ پەردەیەکی دیکەی ئەفسووناوییش، ناتوانێ بیشارێتەوە، یان بییانشارێتەوە!

درێژەکێشانی دەوروبەری وەها، دەوروبەرێکی دژژاوەریی دیکە بەرپا دەکات و ئەویش ئەوەیە (بەلای نزیکییەوە) هەریەکە لەو کەسوکارە و ئەندامانی خانەوادەیە، بەدوور و نزیکییەوە، هەریەکە لە دڵی خۆیدا و ناوبەناویش لە بەردەم یەکتریشدا، دۆعاخوازن بۆ ئەوەی کە زووتر، لە کۆڵیان ببێتەوە و خوای گەورە زووتر بیشارێتەوە!

پتر و سەیرتر لەوەش ئەوەیە، کە ئەو کاتەی کە ئەو هەناسەی ژیانی لێ دەبڕێ؛ نزیکترین کەسی، خۆشەویسترین خۆشەویستی، خزم و کەسوکاری خێزانی، خوا خوای ئەوەیانە، کە بەزووترین کات، هەشاری بدەن و بیشارنەوە و لە بەرچاویان نەیهێڵنەوە!

ئەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، ئەو بنەمایەی، کە لە زۆخ و وزە و توانا و خوێنی خۆی، لە کات و دەمی خۆیدا، ئەوەی هێناوەتە ناو ناوانەوە، هەمیشە و بەبێ بێزاربوون، لە وەخت و ناوەختدا، چاوەڕوانییەتی، کە ئەویش دایکە گەورەی هەموانە (واتە: خاکی نیشتمان)! بەو نیازەی کە چاوەڕوانی دڵسۆزییەکی پاک و بێ نیاز و کۆڵنەدان لەو پێناوەدا و هەروەها بەرامبەر بەو بەروبوومی دایکایەتییە کە پێی بەخشێنراوە، حەڕامزادە نەبێ!

گرنگتریش، لەوانە، ئەوەیە، کە هەمیشە ئاواتەخوازە، ئەو ئێسک و خوێن و گۆشتە، هەر بەتایبەتی، بۆ خاک و گڵی خۆی بگەڕێتەوە، بەو مەبەستەی بەروبوومی خۆی، دەبێ بەخۆراکی زیندەوەری خۆی بکرێتەوە. بەبێ گوێ دان، بەوەی، ئەمەی و ئەوەی، بەڵکو



بەسەرپاکی عەیبەکانییەوە وەرگیراوە، یان باوەشی بۆ کراوەتەوە و هەمیشە چاوەڕێ کراوە.

دیارە، کە خاک و گڵ و ئاوێ، کە نیشتمانی باو و باپیران بێ و بەئاوی خوێنی ئەو دلێرانە پاراو کرابێ و کە خۆیان لە پێناوییدا، لە هات و نەهاتیدا بەخت کردووە، خۆی لەوپەڕی گەشە و سەرفرازییدا، دەناسێتەوە.

واتە؛ خاک و خۆڵی نیشتمانی دایکزادی باو و باپیران، بەبێ گوێ دانە نەخۆشیی و جۆرەکەی، مردوو و جۆرەکەی و مناڵ و گەورە و بچووک و پیرەپیاو و پیرەژن و لاو و جوان و بەساڵاچوو، کوێر و شەل و لە کارکەوتوو، شێتوێت و لێوە و دێوانە و، ژیر و دانا و زانا، کارامە و کارکردە و لێهاتوو، بەبێ گوێ دانە هیچ جۆرە هۆ و ڕواڵەت و دیمەنی دیکەیش، هەتا هەتایە، هەر سۆزی دایکانەی خۆی پێوەیە و ڕۆژ بەڕۆژیش پتر پەرەدەسێنێ و هەرگیز هیچ کۆسپێ نییە لەو بوارەدا و بواری دیکەدا، بەرامبەر بەڕۆڵانی بتوانێ کۆڵی پێ بدا! بۆیە دەبێ، هیچ نەبێ لەو پێناوە؛ پێناوی بیر نەچوونەوەدا، یەکێ بەلای کەمییەوە، ئەگەر توانای پێشکەشکردنی دیاریی گەورەی نییە، دیارییەکی بچووکی بۆن خۆشی ڕوو گەشکەرەوەی پێشکەش بکات!

ئەگەرچی ئێمە لەم ڕێڕەوەدا، یان لەم مەیدانەدا، توانای پەل و باڵ بڵاوکردنەوە و پەل وەشاندنمان نییە، یاخود ڕەخسانەکەمان، وەهای بۆ ساز داوین، کە هەریەکە لە ئێمە نەتوانێ:

– بەئازادیی، نەتوانێ تەنانەت بەدوای کارێکەوە بێ کە بەهۆیەوە بتوانێ بژیت، یان خۆی بژیەنێ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا، ساکارترین خواستی هەر کەسێکە و هەر مرۆڤێکە، کە وەک مافی ڕەوا بۆ بەردەوامی ژیان!!

– بەئازادیی نەتوانێ، تەنانەت بەدوای داوودەرماندا، بۆ چارەسەرکردنی دەرد و دژژ و نەخۆشیی کە لە ناواندا زۆر بەرپان، بگەڕێ تاوەکو هیچ نەبێ بتوانێ نیوە چارەسەرێکیان بکات.

– بەئازادیی (وەک ئەو بێگانەیە، کە بەئازادیی هاتووەتە ناو نیشتمانی کوردەوە و بەسەربەستیی دەژیت و سەرەڕای ئەوەش داوای شناسنامە لە هاووڵاتیانی کورد دەکات و ناوبەناویش بیانووی نالەباریان لێ دەگرێ و هەندێ جاریش تووشی دەردیسەریان دەکات!) نەتوانێ بەئازادیی وەک هاووڵاتی هەر وڵاتێکی دیکەی ئازاد و سەربەست، بەنیشتمانی دایکزادی خۆیدا بگەڕێ.

– بەئازادیی نەتوانێ بەدوای کەلەپووری زانیاریی و ڕۆشنبیریی باب و باپیرانی دێرینیدا بگەڕێ، بۆ ئەوەی بەلای کەمییەوە. بتوانێ، لە کار و کردەوە و هەڵسوکەوتە دێرنییەکان، ئاگادار بێ و بەهۆیەوە، یان بەهۆیانەوە، بتوانێ نەخۆشییەکانی هات و نەهاتیان، دوژمنانیان، دیاریی و دەستنیشان بکات؛ هەروەک هەر مافێکی دیکەی کاری مرۆڤایەتیی، تاوەکو لەبەر ئاوێنەی وێنەگیری ئەوانەوە، بتوانێ نەخشەی چارەنووسیی دوارۆژی خۆیان و نەوە و نەوەزایان و وەچە و وەچەزاکانیان دابڕێژێ، یان هیچ نەبێ لێکدانەوە و بۆچوونێک، لەو ڕووەوە بەرچاو بخات!

بەڵێ؛ ئەوە چارەنووسە! یاخود هەرچی هەیە!! بەڵام مرۆڤ ئەگەر بەدڵ و بەدەروون و بەهەست لێی ببڕێ، بێ گومان لە سنوور و، لە دیوار و، لە سەپێنەر و لەو هەموو چارەنووسانە، لەو هەموو کۆسپانە زۆر زۆرتر بەهێزترە، بۆیەشە دەبێ هەریەکێ لە ئێمە، توانای بخاتە کارەوە، بۆ پشکنین دەوروبەر لەم بوارەدا و لە بواری دیکەدا، هەریەک بەپێی توانای خۆی دەوروبەری تایبەتی بۆ خۆی بڕەخسێنێ بۆ لایەک لەو لایانە، یان گۆشەیەک لەو گۆشانە، کە ڕێباز پیشاندەرە بۆ خۆدۆزینەوە وەک پێناسە بۆ ناسینەوەی خۆی و کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کەمترین کار و کردەوەیە، کە لەو ڕووەوە دەبێ بکرێ.

ئێمەیش، لەم ڕووەوە و لەم مەیدانەدا و لەم دەوروبەرەدا! پێش ئەوەی ئەم ڕێباز و ڕێڕەوە کەسییەی «ئێمەیش» بخەینە ڕوو، بەپێویست دەزانرێ، کە وشەیەکی ڕێگا ڕۆشنکەرەوە، لەم مەیدانە (ئێمەیش)دا بخەینە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز، بەو نیازەی، کە هەروەک ئەم ڕێڕەو و بەسەرهات و چاوپێکەوتنە و گفتوگۆیە نیوە خەواڵوو و نیوە بەئاگایە، منی هەژاندووە، خوێنەریش تیژتر بهەژێنێ!!

ئەوە بوو، ڕووداوە ناپەسەند و ناهەموار و نامرۆڤایەتییەکانی ڕژێمی لەناوچووی عیراق، کە لە ساڵەکانی نەوەت و یەکدا، هێنای بەسەر کوردستان و خەڵکەکانیدا. زۆر نەبێ، کەمێ ئێمەیشی گرتەوە و بەجۆرێ، کە لە دەوروبەری (١٧، ١٨) مانگی (مارت)ی ساڵی هەزار و نۆ سەد و نەوەت و یەکدا، وەهامان بۆ هاتە پێشەوە، کە بەزووترین کات دەبێ بەغدا بەجێ بهێڵین ئەگەر بمانەوێ، پارێزگاریی و دڵسۆزیی خۆمان، بەرامبەر بەنیشتمان و بەخەڵکەکەی بکەین و بۆیە و لەبەر ئەوە، هەر هەمان ڕۆژ بەرەو سلێمانی و گرتنە بەری ڕێگای شارەزوور و هەورامان و ئێرانم گرتە بەر، بەو نیازەی کە هیچ نەبێ پارێزگاریی گیانە!



لەم ڕێگایەدا، هەندێ دیمەن، بوو بەهۆی هێنانەوە یادی هەندێ ناوەڕۆکی کە لە ناو هەندێ تیپی ڤیدیۆتیپی مێژوویی مێشکدا تۆمار کراون و زۆربەی زۆری ئەو تۆمارکردنەش زۆر نەبێ کەم، لە ئاوێنەی ئەدەب و کەلەپووری ڕۆشنبیریی دیکەدا ڕەنگیان داوەتەوە و خۆیان دەهێننەوە یاد.

– پرژ و بڵاوبوونەوەی پێڵاو و کاغەزە دڕاو و پۆشاک و خوێنڕێژ بەسەر شەقامەکاندا و، دەڕابە شکاوەکانی دوکانەکان و کە بەملا و بەولادا پارچە پارچە گێڕوفیچ کرابوون و خاڵی و چۆڵی ناویان، لە لایەن چەپاوکەران و داگیرکەراندا و، دووکەڵی بەرزی ناو کارخانەی شەکر و جگەرە و بێ دەنگی مزگەوتەکان و چۆڵوهۆڵی بازاڕەکان، ڕژانی سەوزە و کەلوپەلی ڕۆژانەی ژیان بەسەر شەقامەکاندا. گڕی کپۆ نەبوو ئۆتۆمبیلەکان و... هتد، دوگمەیەک بوو کە ڤیدیۆ تێپی دەمی خەلیفەی دووەمی ئیسلامی خستەوە بەرچاو، کە فەرمانی وەها بووە بەژن و ماڵ و سەروەت بۆ سەربازان و زەویوزار بۆ (بيت المال)!! بەڵێ، بەدەم، یان بەقەڵەم، ئەم دیمەنە، بەتەواویی ناگیرێ، بەڵام بەدیتن مووی سەر ڕاست دەبنەوە، ئاڵاوی ڕەش، ڕەشکەوپێشکە بەری بەرچاو دەگرن و... هتد.

– لەمە بەولاوە، دێهاتەکان کێڵگەکان، خانەکێڵەکان، چۆڵوهۆڵ و سەرەوخوار کراونەتەوە، شاخ و پەل و نیوە لاشەی ئاژەڵەکان بەملا و بەولای ڕێگادا سەگ و باڵندە و گورگیان تێ بەربووە، گەنم و دانەوێڵە بەملا و بەولای ڕێگادا پرژ و بڵاوە و ڕێچکەیان دیارە و لە بەرچاوە، کتێبخانەکانی شاری هەڵەبجە، وان بەباری وڵاخ و جێب-ەوە، بەرەو مەرز (سنوور) ڕووەو ئێران دەکرێنەوە و تاڵان و چەپاو، ناواخنی ماڵیان، گسک داوە و ئەمەش و زۆرتر لەمەش، دیسان کلیلی ڤیدیۆ تێپی مێشک دەخەنەوە سەر کار و بەرچاو، کە ئەو وێنەیەش، بەتەواوی وێنەیەکی دیکەیە، هەروەک میرزا ئۆلقادری پاوەیی، لە سەرگوزەشتەی داگیرکردنی کوردستاندا هۆنیوەتەوە (کولله و ئاینەمەل) و (گوایا «فارس» و «تورک» هەردوو لایان بۆ داگیرکردنی کوردستان، هەریەکێ بەوێنەی تایبەتیخوازی خۆی، بۆ هەڵلوشینی خوێن و زۆخی خەڵکەکەی، بەروبوومی) سەربازی ئێران و دەستوپێوەندەکەی هیچێ نەما و چەپاوی نەکەن و لەشکری عارەبیش، هیچ شتێ نەما، کە تاڵان و چەپاوی نەکەن و جگە لەوەی کە هەر تەنیا کوردستان و خەڵکەکەی لەرزەی دێ، لە ژێر کوشتن و بڕین و چەپاو و تاڵان و سووتاندا.

لە دەلێن-ەوە، قەتارەی ئۆتۆمۆبیل، پیکاب لوریی، جێب، لووتیان بەپشت یەکترییەوە،

تا دەگاتە سەر مەرز (سنوور)ی دروستکراو لە نێوان (عراق و ئێران)دا، باری هەندێ خێزانە و باری هەندێ دیکەش کەلوپەلە و، هەندێکی دیکەش تەلەفیزیۆنە دزراو، یان یەخچاڵ (سەلاجە)ە دزراو، کەلوپەلی شتومەکی چەپاوە. بەدەیان پیکاب، پڕە لە کەلوپەلی پێویستی خەستەخانەکان، کارخانەکان، ئەمەش، بەبێ زیاد و کەم. لە لایەن بەرەی یەکەم و هی دووەم (پاسدار چریک) و بەرەی سێیەمیش کە هەمیشە ئیشوکاریان بێ باریی و خۆفرۆشیی بووە. بەهەرحاڵ تفی بەرەو ژوورە ڕۆ بەرەو ژوورکردنی، لە نێوچاوانی خۆ دەکەوێ!

بێ گومان، ئەم ڕووداو و دیمەنە دڵتەزێنانە، کارێکی وەهایان کردە من، کە بۆ ماوەیەک، پتر لە چەند ڕۆژێک، بەشەو و بەڕۆژ، لە خەونی ڕاستەقینەمدا، لە خەونی نەخەوتوومدا، هەر لەسەر پەردەی دیتنی ژیان و هەست و بیرمدا، هاتوچۆیان دەکرد.

بابێینەوە بەسەر بەشی ئێمەیشدا، کە نەختێ لەمەوبەرتر لامان لێی دا، بەوەی، کە بەش بەحاڵی خۆمان، لەو ڕووەوە، بەو جۆرە بیرمان لێ کردووەتەوە، کە ئەگەر زۆرمان و لێهاتنمان بەسەریدا بشکێ، هەتا زووە، گۆشەیەکی پشکنین لە زانیاریی کەلەپووریی، بەدەستەوە بگرین و سەرپاکی توانامان، بۆی تەرخان بکەین و چونکە لەو باوەڕەداین، کە ئەم لایەنەش زۆر نەبێ کەم و ئەمڕۆش نەبێ سبەینێ، سوودی خۆی هەر دەبەخشێ!

لەسەر گرتنەبەری ئەو ڕێبازە، بەنیازی ئەوەی کە بتوانین لە بارەی هەندێ کەرەسەی خاوەوە، کە لەم بوومەی کوردستانەدا پرژ و بڵاوە و هێشتا کەس دەستی بۆ نەبردووە، یان لە بارەیەوە نەنووسراوە بکەومە پشکنین و لێکۆڵینەوە و توێژ هەڵدانەوە، بەو ئاواتەی لە ڕوویانەوە و لەبەر ڕۆشناییانەوە ڕۆشنبیریی و زانیاریی فەرهەنگی دێرینی باو و باپیرانمان، بۆ ڕۆشن دەبێتەوە!

بەبیروڕای من ئەم هەنگاوانە، دەمانگەیەنێتە ئەم ئاواتانە:

– ئاگاداری بوون لە هەڵەکانی باو و باپیرانی دێرینمان، پتر لەوەش ئاگاداری ئەو هۆیانە دەبین، کە بوون بەهۆی ئەوەوە، کە ئەوان بکەونە هەڵەی وەهاوە، یان سەرکەوتنی وەهاوە، یاخود نابرەویی وەهاوە، یان بەپێچەوانەیەوە کە نابرەوییە!

– دۆست و دوژمن دەناسرێن و دەستنیشان دەکرێن و هۆی نەهێشتنی دژایەتی و بەرپاکردنی دۆستایەتی، دیاریی دەکرێن.

– هۆی خۆخۆریی و خودپەرستیی و خود خۆفرۆشی، دەردەکەون و پیلانی ئەو جۆرە



نەخۆشیانە دادەنرێن و نەخشەیان دەکێشرێن، بۆ لە ناوبردنیان و نەهێشتنیان دەخرێنە کارەوە.

ئەم هۆیانەی سەرەوە و لە لایەکەوە و بەپێی شکاندنی توانام بەسەریدا لە لایەکی دیکەوە، وا من ئەم گۆشە پشکنینەم، گرتە ئەستۆ و ئومێدەوارم، بتوانم بەهۆیەوە سوودێ ببەخشم، بەتایبەتی و حاڵی حازر، کە بۆم هاتووەتە بەرەوە، کە لەو بەشەی هەورامانەدا بم، کە کەوتووەتە ئێرانەوە.

## بەشی یەکەم:

### بەرچاوخستنی هەندێ هەڵبژاردەی ئەدەبیی
### بەشێوەزمانی ناوچەکانی هەورامان
### لێرە و لەوێ دوور لە ناوچەکانی هەورامانەوە

ئەو هۆیانەی، کە دەیسەلمێنن، کە زمانی ناوچەکانی هەورامان زمانی دینیی کوردستان بوون!:

١- لە بەرهەمی (گزیدە - حمزة المستوفي، ل - ٧٧٦)دا، وەهامان پێ ڕادەگەیەنێ کە لە سەردەمی خەلیفەی دووەمی ئیسلامدا، کاتێ کە لەشکری داگیرکەری ئیسلام بەزۆر و جەورەوە دەچێتە ناوچەکانی (قەزوین)ەوە بەتایبەتی شارەکەی، خەڵکەکەی پیشاندانێکی گەورە دژی داگیرکەران دەکەن و بەکۆمەڵ و هەموو پێکەوە ئەم دێڕە هۆنراوەیە، دەڵێن و دەیلێینەوە.

«نە موسڵمان بیم، نە گزیەت مەدەیم
بشین وە مەککە، ئێمە وەڕ هەین»

(گزیدە - حمزة المستوفي، ل - ٧٧٦)

(شایانی باسە، ئەم دێڕە، یان ئەم هەڵبەستە، بەڕێنووسی فارسیی نووسراوە، بەڵام، ئێمە بەڕێنووسی کوردیی ئەمڕۆ نووسیوەتەوە.

واتای هەندێ وشە:

- بیم: دەبم، دەبین.
- گزیە: جزیە (سەرانە).
- مەدەیم: ئەدەم، ئەدەین، ئەتاندەینێ.
- پشین: بڕۆن، لاچن، بەجێ بهێڵن.
- مەککە: شاری مەککە.
- وەڕ: لێرە.
- هەیم: لێرەین، هەین.

لام وایە، واتای هەڵبەستەکە ڕۆشن بێت، لەگەڵ ئەوەشدا، خوێنەری بەڕێزی کورد،



ئەگەر بەوردیی لێی ورد ببێتەوە، زۆر بەئاسانی لێی تێ دەگات.

ئەگەر بێتو نەختێ، بیخەینە، بەر بەراوردکارییەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازییەک زۆر زەق بێ، تەنها لە ڕووی پاشبەندسازییەوەیە و دیارە ئەمەش کاری ئێرە نییە! ئەوجا، لێرەدا، پرسێ (پرسیارێ) خۆی دەخاتە بەردەم ڕێگای گفتوگۆوە و ئەویش ئەوەیە، کە زمانی ناوچەکانی هەورامان چی بردوویەتی بۆ شاری قەزوێن و ناوچەکانی قەزوێن!؟؟

٢- شاعیری بەناوبانگی سەدەی پێنجەمی کۆچی (قەتران = قطران) لە ساڵانی (٤٢٩ - ٤٣٢)یدا، بەبۆنەی هێرشی تورکانەوە بۆ ناوچەکانی ئازەربایجان (تەورێز، زەنجان، گورگان، آمل، ساری)، کە دەربارەی تالآن و چەپاوی تورکانەوە، کە لەو ناوچانەدا کردوویانە، قەسیدەیەکی بەناوبانگی هۆنیوەتەوە و ئەمیش (بەڕێنووسی فارسیی) بەم جۆرە هاتووە:

«کمر بستند بهرکین شه ترکان پیکاری
همه یکرو بخونخواری همه یکدل بجراری
خوداوندا پراگندی زهم پیویسته خلقی را
چه از زنگان، چه از گرگان چه از آمل چه از ساری
زتنشان تلها کردی بەصحرای سراب اندر
میان تلها کردی ز خونشان جویها جاری
دژی را همبرگردون بکردی پست با هامون
به یکساعت چنان کانجا نبود آن هرگز انکاری»

لە سەرچاوەی (پادشاهان ازربایجان - احمد کسروی، ل - ١٩٧)ەوە وەرگیراوە.

ڕێنووسی بەشێوەی کوردیی نوێ:

(کەمەر بەستەند بەهەرکین، شە تورکان پەیکاریی
هەمە یەکڕوو بەخونخواریی هەمە یەکدڵ بەجەڕراریی
خوداوەندا پەراگەندی زەهەم پێویستە خەڵقی را
چە ئەز زەنگان، چە ئەز گورگان، چە ئەز ئامل چە ئەز ساری
زە تەنشان تلها کەردی زەخوونشان جویها جاری
دژیرا هەم بەر گەردوون بکەردی پەست با هاموون
بەیەکساعەت چنان کانجا نەبود ئان هەرگیز ئەنکاری)

واتای هەندێ لە وشەکانی:

کەمەر: پشتوێن، یاتاق.

بەستەند: بەستووە.

واتە: خۆیان ئامادە کردەوە.

میان: لە نێوان، لە ناوان، لێیان.

جۆیها: جۆ، جۆگە، جۆگەی خوێن، لافاوی خوێن.

(– ها)یەکە، شێوەی کۆکردنەوەی فارسییە و تا ئەمڕۆیش، پاشبەندی کۆی فارسیی لە سۆرانیدا (دێیەها، میوەها ،...) هەر بەکار دێت.

جاری: وشەکە عارەبییە و بەواتای (بڕوات) دێ، بەردەوامی پیشان ئەدات.

واتاکەی بەشێوەیەکی گشتیی:

پارچە هۆنراوەکە، جگە لە ڕواڵەتی هونەرییەکەی وەک هەڵبەست، هەواڵی مێژووییمان بەدەستەوە دەدات و کە لەشکری تورکانی دوڕندەی چەکدار پڕ لە قین (قین لە دڵ)، بەمەبەستی تالاّن و چەپاو و کوشتنی ئەو خەڵکەی ئەو ناوچانەی؛ ساری و گورگان و ئامل و زەنگان (ناوچەکانی ئازەربایجان و مازندەرانی ئەمڕۆ) هاتوون و ئەم خەڵکەش، دەپارێتەوە، لە یەزدانی گەورە، کە ئەو تورکانە لەناوبەرێت و خوێنیان بڕێژرێت و لەناو ببرێن.

دیارە شاعیری بەناوبانگ (قەتران = قطران) خۆی خەڵکی ئازەربایجانە و خۆی تورکی ئازەربایجانە، هەڵبەت، ئەو لەشکرە خوێنخۆرە، هێرشێکی دیکەی مەگۆلە؟! بەهەرحاڵ، ئێمە لێرەدا، نامانەوێ، لەم ڕووەوە، بەرەو تۆژینەوە بڕۆین، چونکە مەبەستەکەی ئێمە بۆ هێنانەوەی ئەم وێنە هەڵبەستە، بۆ ئەوەیە، کە دەبێ بۆچی، شێوەی زمانەکە، بەزمانی هەورامانی بێ، بۆچی بەشێوەزمانەکەی خۆی نەبێ، کە تورکی ئازەربایجانە!؟

پێویست بەوە دەکات، کە دان بەوەدا بنێین، کە زمانی ناوچەکانی هەورامان، کە پاشماوەی زمانی ئاڤێستایە، تا ئەو دەمە و لەوانەشە نزیکتر بەملاوە، هەر زمانی دینی بووە.

٣- شاعیری بەناوبانگی تەورێز، (همام تبریزی) – سەدەی (٧ – ٨)ی کۆچی ژیاوە پارچەیەکی سروشتیی ڕەنگامە و بەنەوشەیی دارشتووە و وا ئێمەیش لێرەدا، دێڕی



یەکەمی بەوێنە دەهێنینەوە، کە مەبەستەکەمان، پێویستی پێیەتی. (بەڕێنووسی فارسی) و دەڵێ:

«وهار و ول و دیم یار خـــوش بی
اوی یاران، مـەول بی مـە وهاران»

بەهەرکیز: پڕ بەقین، پڕ لە قین، قیناویی، کیناویی، ڕقڤاویی، دوژمنکاریانە.

شە: جە، لە، ژە.

تورکان: تورک (بۆ کۆیە)، کۆمەڵێ تورک، گرووپی تورک.

پەیکاریی: بۆ شەڕ، بۆ جەنگ، بۆ داوا.

هەمە: هەموو.

یەکڕو: یەک ڕوو، یەک دیمەن، یەک وێنە، یەک جۆر (مەبەستی ئەوەیە، کە دیمەنی دەموچاویان، وەک یەک وەهایە و لە یەکتری دەکەن).

بەخونخواری: بەدوژمنکاریانە، بەمەبەستی کوشتن و بڕین، بۆ خوێنڕژتن.

یەک دڵ (یەکدت): بەبێ جیاوازیی، بڕیاری کوشتن و خوێنڕژاندن، بڕیاری جەللادی بەیەکسانی.

بەجەڕڕاریی: (جەڕڕاریی = جرّار) وشەکە عارەبییە و مەبەستی لە چەکی قورسە، تۆپ و زنجیر و عەرەبانە. واتە پڕ بەچەک و هێزی تەواو قورسەوە.

پەڕاگەندی: پرژ و بڵاو بکەیت. تەفروتوونا بکەیت.

خوداوەندا پەراگەندی: واتە: خودایا لە ناویان بەریت، پرژ و بڵاویان بکەیت، تەفروتوونایان بکەیت.

ژەهەم: لە یەکتریی، جە هەم، جە یەکتریی.

زەتەنشان: لە تەنیان، لە لاشەیان.

تلها: (تل)، (گل)، خڕ.

(ها)یەکە، لە فارسییەوەیە.

تلها کەردی: تلیان بکەیتەوە، سەرەوژیان بکەیت (بەردەمی کاری دۆعاکەیە).

زەخونشان: لە خوێنیان.

صحرا: سارا، دەشتودەر.

سەراب ئەندەر: سەرەوژێر، ئەمدیو و ئەودیو، بێ سەروشوێن.

ڕوونووسەکەی بەڕێنووسی نوێی کوردیی ئەمڕۆ:

«وەهار و ول وە دیمی یار خووەش بێ
ئەوێ یاران، مەول بێ، مە وەهاران»

واتاکەی بەشێوەیەکی گشتی:

(بەهار و گوڵ، بەدەموچاوی یارەوە جوانن
ئەگەر یار نەبێ، نە گوڵ هەیە و نە بەهاران)، یان:
بەبێ یار، نە گوڵ جوانە و نە بەهاران!

وێنەیەکی دیکەی ئەم شاعیرە، کە دەڵێ:

«بەمیهرت هم بشی، خوش گیانم از دست
لوانت لاو، جمن دیل و گیان بست»

ئەمەی سەرەوە بەڕێنووسی فارسیی بوو، وا بەڕێنووسی نوێی کوردیی ڕوونووسی دەکەینەوە:

«بەمیهرت هەم بەشیی خووەشی گیانم، ئەز دەست
لێوانت لاو، جە من دێڵ و گیان، بەست»

واتا گشتییەکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە:

بەگەورەییت (سوێندە)، لە دەسم دەرچوو، خۆشیی گیانم
لێوانی لاوت (جوانت)، لە من دڵ و گیانی سەند (بەست، وەستاند).

ئەم وێنانەی سەرەوە، پاڵپشتن بۆ ئەوەی کە شێوەزمانی کوردیی ناوچەکانی هەورامان بەدوو ڕواڵەتی زۆر پیرۆزەوە هەر لە دێری دێرینەوە، تا ئەمڕۆ درێژە دەکێشێ و ئەو دوو ڕواڵەتەش، زمانی دینییە و زمانی ئەدەبییە، بەو نیازەی زمانێکی سەرلەبەر و گشتییە!!

ئەم وێنانەی سەرەوە، لای ژوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە، کە دانیشتوانی کورد نین!!.

٤- نموونەیەکی، زۆر بەتەمەن و بەهێز لە دەوروبەری شیراز:

شاعیری بەناوبانگی فارس (حافظ شیرازی - دیوان خواجە حافظ - سید ابو القاسم شیرازی) لە لاپەڕە (٣٥٥)ی بەرهەمە گەورەکەی (دیوان حافظ)دا، پارچە شیعرێکی



تێکەڵاوی هەیە کە بەزمانی (عارەبیی و فارسیی و کوردیی) تۆمار کراوە و دەڵێ:

سَبَت سلمى بصدِ غيها فؤادي
وروحي كل يومٍ ليَ ينادي — ع
نگارا بر من بيدل ببخشاى — ف
وواصلني علي رغمٍ الاَعادي — ع
حبيبا درغم سوداى عشقت — ف
توكلنا علي رّبِ العِبادِ — ع
اَمَنْ انكرتني عن عشق سلمى — ع
تەز اول آن روى نهكو بوادى — ف

(بەپێی ماچان، غەرامت بەس پەرێ من(*)
غەر تۆ (تە) یەک وەی ڕەوشتێ ئەز ئێمادیی
غەمی ئین دڵ، بەواتەت، خوردی ناچار
وەغەر نەڕا بینی ئایچ تە نەشادیی

(کوردی هەورامی)

(*)- ئەم چوار نیوە دێڕەم، یەکسەرە بەڕێنووسی نوێی کوردیی ئەمڕۆ ڕوونووس کردەوە، بەمەبەستی ئەوەیە، کە زووتر واتاکە بگاتە جێگای خۆی و خوێنەریش، ئەگەر بەچاوی زمانناسییەوە، لێی وردبێتەوە، تێدەگات، کە شێوەکەی زۆر پاراوە، تەنها، نەختێ، ئامرازی وردەکاریی ناو ڕستەسازیی نەبێ، کە وەک بۆ وێنە ئەم کەرەستە زمانییە وردەکارییە:

غەر: گەر.
وەی ڕەوشێ: وەی، کاری ناچاک، کاری ناڕەوا، خراپە.
ڕەوشت: ڕەوشت (هەڵسوکەوت) کردەوە.
وەغەر: ئەگەر.
نەڕا: بۆچی، لەبەرچی.
ناچار: بێ هۆ، ناچارەسەر، بەبێ هۆ، بەبێ خەتا، بێ گوناه.
بینی: بووی، وەهات چووەتە دڵ، ناڕەحەت بووی، خەمت خستووەتە دڵتەوە.
ئایچ: ئەویش (ئادیچ).
تە: تۆ.
ناشادی: دڵپەس، خەمبار، تووڕە، زیز، بێ کەیف، بێ سەرەحاڵ، خەفەتبار.

٥- هەندێ وێنە، لە ناوچەی جافەکان و مایدەشتدا:

جافەکان، هەروەک، زۆربەی خەڵک شارەزایە، هەمیشە لە خوار و ژوور و لە گەرمیان و کوێستاندا، بەپێی وەرزەکانی ساڵ و بوونی لەوەڕ و لەوەڕگە، بەدوای مەڕومالات و ماڵداریدا ژیانیان بەسەر بردووە و تاوەکو سەرەتای سەدەکانی بیستەم نەیانتوانیوە، یان بیری نیشتەجێیی بەهۆشیاندا، نەهاتووە! بەشێوەیەکی ڕوونتر، (جاف) بەواتای کوردی کۆچەر هاتووە!

شێوەزمانەکەیان، کەفەسەرە، بەکەرەسە زمانی جۆراو کەلەمەولا، بەپێی ڕێڕەوی هاتوچۆیان، گەرمیان و کوێستانیان، کەرەسەزمانێکی جۆراو لە ناو زمانەکەیاندا (کوردیی جافیی) بەدیی دەکرێ. شایانی باسە، حاڵی حازر ئەم کوردییە جافییە بنچینە و بنەڕەتی شێوەزاری (سۆرانی - بابانی)یە.

- سەید (سەی) یاقو (یعقوب)ی مایەشتیی (مایدەشتی):

سەی یاقو کوڕی سەی وەیسەیە و لە دایکبووی ئاوایی (قەمشە)یە، کە لە ساڵی (١٢٢٨)ی کۆچی مانگی (هە-ق) لە دایکبووە.

دیوانی هەیە، کە لەسەر ئەرکی کاک حەمەعەلی سوڵتانییەوە چاپ کراوە. ئەمەش وێنە هۆنراوەی ئەو شاعیرەیە:

شیرین تۆر تاکەی.................!
دڵداری دێرین، شیرین تۆر تاکەی!
بێ مەیلی تا چەند، جەفا و جەور تاکەی!
عومرم تەمام بیی، شەرت و سەور تاکەی!
شیرین تۆ تۆیلی، نەمامی نەومی
سەد حەیف، کە هامڕاز، یاران شۆمی
نە سەختی چون سەنگ، نە نەرم چون سۆمی
نە زەنگیی زەنگی، نەرۆمیی، رۆمی
هەر های نە مەزهەب، دینی گەور تاکەی!
عومرم تەمام بیی، شەرت و سەور تاکەی!
یا بەئاشکار، یا بەنیهانی
چون هەردە جاران، وێت نمەنمانیی



زامی سەی یاقو، تازەتەر تاکەی!
عومرم تەمام بیی، شەرت و سەور تاکەی!

(ل - ١١١٣ - مێژووی هەورامان)

- میرزا خانی هەرسین (عەلی خان) - (١٢٠٠ - ١٢٦٠):

عەلی خان کوڕی (نعمة الله) خانی هەرسینییە، ئەم شاعرە بەفارسیی و بەکوردیی شعری وتووە و دیوانی چاپکراوی نییە.

«شاعیر دەفەرمێ:

موفارەقەت سەخت،......
دەرد نییەن وێنەی موفارەقەت سەخت
هیجرانی ئەو یار، تازە بەربەست ڕەخت
مەخسووس پەی کەسێ، هەرچون من بەوبەخت
وە تەوفیقی هەقق، وە ڕەنجی گیانیی
وەدەست ئاوەردم، دۆستی ڕۆحانیی
ژ دیداری ئەو، مەودەتێ بیم شاد
ئاخر دەس تەقدیر، شادیم دان وەباد
هەی هاوار ژەی بەخت، دڵگیریمەوە
ژەی غەریب کەفتەی، ئەسیریمەوە
ئاتەش گیر بییەن دڵەی پەڕ دەردم
ڕوو بەر نمارۆ، ڕوخساری زەردم»

(ل - ١١٤٦ - مێژووی هەورامان)

- میرزا ئەحمەدی داواشیی:

میرزا ئەحمەدی داواشیی (١٣١٨ - ١٤٠١) کوڕی محەمەدی کوڕی (موراد)ی ڕوانسەرییە. دیوانی بەجێماوە و بەڵام هێشتا نەگەیشتووە، بەچاپ.

ئەمەش وێنەیەکە لە هۆنراوەکانی:

«قیبلەم ئیعدامم،.........
حەقەن، سادر کەی، حوکمی ئیعدامم

ئیعدام وەشتەرەن، هەی نەو نەمامم
نەک هەر ئان نمەک، بدەی وەزامم
با ڕەحمت نەبۆ، ئەرچی بێچارەم
بەوبەی سزای سەخت، بدەر قەنارەم
ئەمر بفەرموو، فەڕاشانی چاو
پەتم لە زوڵفت، هەڵمەدان وەتاو
لە حەڵقەی زوڵمت، حەڵق ئاوێزم کەن
دووچاری عەزاب، ڕەستاخێزم کەن
وەنێشی مۆژەت، بزمار ڕێزم کەن
لە داری بالآت، سەراوێزم کەن
ڕازییەن (ئەحمەد)، وا بەفیدات بۆ
وەشەرتێ قەبرش، نە سەرە ڕات بۆ
پا بنیە پێشدا، وەنا بویاری
نەقشی پات وەسەن، پەی یادگاری»

(ل - ١١٥٠ - مێژووی هەورامان)

- خورشید نمای داواشیی ١٢٣٠ - ١٢٨٥:

خورشید نمای داواشیی، کەنیشکی داواشیی محەمەد کوڕی (موراد)ە خەڵکی ڕوانسەرە. دیوانی چاپکراوی نییە.

ئەمەش وێنەیەکی هەڵبەستەکانییەتی:

یە خورشید واتەن، دایم غەمینەن
غەمینی دووریی، (صفاءالدین)ەن
یاخودا، مەرگی نەوینم وەچاو
نەیژنەفم وەگۆش، نەینوینم وەخاو
جاداری عەزیز، پیری ئیرشاد بۆ
وەکیلی زیندەی غەوسی بەغدا بۆ
نالەی مەستانەی، تەکیەش هەر بەرز بۆ



پەناگای دەروێش ئەبدالی مەرز بۆ
مەیخانەی مەغنیش، هەر بەرقەرار بۆ
با خەبەر جە ئەمر، لەیل و نەهار بۆ
..................................................

(مێژووی هەورامان، ل - ١١٥١)

- شارق (میرزا قولی شارق) بەختیاریی:

ئەم شاعیرە بەختیاریە و لە هەرسێن ژیاوە و بەشاعیری عیرفانی ناوبانگی هەیە و ئەمەش نموونەیەکی هۆنراوەکانییەتی:

«هەقش وەدەستەن،..............
یاران ئەو شەخسە، هەقش وەدەستەن
ژەقەیدی دنیا، تەمام وارستەن
ژەجامی بادەی، ویلایەت مەستەن
وێنەی شەشدەریش، تەمام بەسنەبۆ
وەتیری شەفەی، شەیتان خەستەبۆ
مەردی هەقی ئەوەن، تەرکی دنیاکەی
پەی دیاری هەقی، پیرێ پەیداکەی
دەس دەی وەدامان، پیری باکەماڵ
هەمنشین مەبۆ، چەنی ئەهلی حاڵ
ژە وەسواسەی نەفس، نەکەی ئەندێشە
نەخلی کیبر و حیرس، کە نۆت ژە ریشە»

(مێژووی هەورامان، ل - ١١٧٣)

- محەمەد (؟ - ١٢٢٨)ی شاعیری جوانڕۆیی:

محەمەد کوڕی فەیزوڵڵا بەگ کوڕی فەرجوڵڵا بەگ-ی جوانڕۆیە. لە ساڵی (١٢٣٠)دا، لەگەڵ دەستەجەمعێکدا، لە ئەسفەهان زیندانی کراوە و ئەمەش پارچەیەکە، لە موناجاتی دەروونی:

دەروو پەڕ دەردەن،.........
یاران ئارۆ دڵ، تەمام پەڕ دەردەن

مەملووء جە بوخار، هەناسەم سەردەن
غەرقی گێجی بەحر، زوخاو و دەردەن
سەبر و سەبووریی، جەلاش مەحاڵەن
برا و برادەر، هەر نە خەیاڵەن
جە تۆی حەپسی تار، جە رووی پەردەوە
یادی یارانم، جە یاو بەردەوە
سەفا و ئازادیی، سواریی و شکار
تەماشای بێ خەوف، دیارە و دیار
جەمعی فامیلان، جەوانانی نۆ
پایتەخت نشینان، قەلعەی جوانڕۆ
جەم مەبیان تەمام، هەر هەفتەی جارێ
هەر ڕۆ مەکەردان، هەوای دیارێ
گا سەیری سەرهەرد، شکاوی شاهۆ
نیگای نازاران، نەمامانی نۆ»

(مێژووی هەورامان، ل - ١١٦٨)

- محەمەد ئاغای زەنگەنە:

محەمەد ئاغای زەنگەنە هاوچەرخی ئەمیر (میر) ئەحمەدی زەنگەنە بووە و ماوەیەک لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا، بووەتە فەرماندەی سوارەکانی میر و پاشان ڕووی کردۆتە ئێران و لە کۆتایی چەرخی دوازدەهەمدا، کۆچی دوایی کردووە. ئەمەش وێنەیەکە، لە هۆنراوەکانی:

«میرزام سیاسەنگ،........
میرزام وەدەس تۆن، دڵ وەسیا سەنگ
میرزام ئاوەردی، سیاسەنگ سەد ڕەنگ
ئاخر ئاوەردی، سەنگی سەرد وەدەنگ
هەقم دای وەدەس، هەق دارانەوە
مینای دیدەم دای، وەخارانەوە
ئاخ بۆ زەڕین کۆهـ، قولله خۆرمادار
سەیری مەهڕوان، ویەرد عومەریار



زەبوونی وەیڕەنگ، دڵ هەراسانەن
ئازیز تەرکی زەید، جە تۆ ئاسانەن
ئازیز هامسەران، عومرم هەر زێدەن
زێدش وەبێ جوێش، هەر نائومێدەن
هەرچەند وێم مەدەم، زەویی قینەگا
نازم جۆش واردەن، دیی ناخوونە گا
غەمان گشت کۆ کۆ، جەم جەلام جەمەن
شینەن زارییەن، زایەڵەن تەحەن»

(مێژووی هەورامان، ل ١١٢٨)

- مەلا حامیدی ئالێجانی:

مەلا حامیدی ئالێجانی لە کۆتایی سەدەی (١٢ - تا سەرەتای - ١٤)ی کۆچیدا ژیاوە. ژیان و بەسەرهاتی توندە. دیوانی چاپکراوی نییە.

ئەمەی خوارەوە وێنەی هۆنراوەیەتی:

«بەتانە پەرسا، پیری مەیخانە
ئایا، مزانی مەعنای پەروانە؟
بواتم یانێ پەروانە دارۆ
سەد بسۆز وەناو ئەرواح بسپارۆ
واتش: ئافەرین مەعلوومەن مەسیی
لە ئەهلی مەستان، بادەی هەوەسی
وات: وادیار و کەم ئیخلاس بووگی
واتم: نەوەک تۆ، کەس نەشناس بووگی»

(مێژووی هەورامان، ل - ١١٢٦)

- مەجذووب (مجذوب)، ئەحمەد پریسی:

ئەحمەد پریسی، کوڕی خەسرەو چاوەشی میکایەلییە، مریدی شێخی (سراج الدین) بووە. دیوانی چاپکراوی نییە و لەگەڵ ئەوەش، لە چەند سەرچاوەیەکدا، باس و خواس، لەسەر ژیان و شیعرەکانی کراوە. نامەی هۆنراوەیی لە نێوان ئەم و مەولەویی و داخی و ئەحمەد بەگی کۆماسیدا هەیە.

ئەمەش، وێنەیەکە لە هۆنراوەکانی:

«ئەلعەجەب دیدەم، عەجەبتەر چێشەن
چند ساڵەن وەتیر، عیشقت دڵڕێشەن
قرچە و جۆقەی جەرگ، سەنگ نەبەر تاوان
هێمای پزیسکەش، وەتۆ نەیاوان»

(مێژووی هەورامان، ل – ١١٢٦)

– میرزا شوکرڵڵای دیناروەند (١١٦٤ – ١٢٥٩):

میرزا (شکرالله)ی دیناروەند، لە کوردە فەیلییەکانی ناوچەی پشتکۆی لوڕستانە و دیوانە شعری هەیە و بەڵام چاپ نەکراوە.

ئەمەش وێنە شعری میرزا شکروڵڵایە:

«دڵا هاگوزەشت........
خۆشیوو شادیو زەوق، ساڵان ها گوزەشت
ماجەرای پیریی دیت چە ڕەنگێ ڕەشت!!
کالام بی وەبەرگ خەزان کەردە نەشت
سپید پۆس بییەن، سەرتاپای بالام
ناپەسەند بییەن، قوماشی ئالام
ئەلقی قامەتم چوون دڵ وەردەن خەم
دیدەی دووربینم، پۆشاش پەردەی تەم
عەقڵ و هۆش و فام، لە لام بییەن کەم
کەللەم چون کەشتی ها لە حاڵی تەم»

(مێژووی هەورامان، ل – ١١٢٣)

– میرزا شەفیعی جامەرێزیی (١١٩٠ – ١٢٥٢):

میرزا شەفیعی جامەرێزیی، لە هۆزی (دەلۆ)ی ناوچەی گەرمیان (کەرکووک و دەورەبەری)ە. شیعری زۆری هەن و دیوانی چاپکراوی نییە. ئەمەش وێنەی هۆنراوەیەتی:

«هامسەران جارێ،........
رام کەفت وەگوزەر، درەختێک جارێ



درەخت چی درەخت، قامەت چنارێ
بەرزی بەهرەمەند، ساوای مەن دارێ
سەرجە کەشکەڵان، هەفتەمین ویەرد
ڕیشەی پا نە تەخت، زەمین مەحکەم کەرد
واتم پیرەدار، مەنەی هەزار ساڵ
شەرحێک جەی دەوران، باوەڕ وەخەیاڵ
خەیلێ زەمانەت، جەویر ئاوەردەن
شادیت وەزەمان، کام شاهان بەردەن؟»

(مێژووی هەورامان، ل – ١١٢١)

– غوڵام ڕەزای ئەرکەوازیی:

غوڵام ڕەزای ئەرکەوازیی دەمڕاستی حەسەن خانی والی پشتکۆ بووە. ماوەیە بەوەوە ژیان ئەباتە سەر، پاشا بەهۆی ڕووداوێکەوە، والی لێی ئەچێ بەقینا و دەیخاتە زیندانەوە. دیوانە شعری چاپنەکراوی هەیە.

ساڵەکانی (١٣٧٣) ئێرانی، ئەو کاتە، کە لە ئێراندا بووم، سەرەتای دەستپێکردنی، (دانشگا = زانکۆ، زانستگا)، (٢٣، ٢٤، ٢٥)ی مانگی شەهریوەری ئێرانی، لە شاری ئیلامدا، سیمینارێکی بۆ ساز درا و لەو سیمینارەدا، وتاری جۆراو لە بارەی غوڵام ڕەزا و ژیانی بڵاو کرایەوە.

منیش بەو بۆنەیە، کە بۆ ئەوێ گاز کرابووم، وتارێکم بەناوی (غوڵام ڕەزا و زمانەکەی و زمانی کوردیی)یەوە، نووسیی و بەڵگەی زۆرم هێنایەوە، کە زمانەکەی غوڵام ڕەزا (ناو هۆنراوەکانی) زمانی دینیی سەرانسەری کوردستان بووە و حاڵی حازریش ئەو شێوە زمانە، وەک قاڵبی زمانی ئەدەبی هەر ماوەتەوە و بەکار دێت.

ئەمە وێنەیەکی هۆنراوەی ئەوە:

«بینای لامەکان،........
قادری قودرەت، بینای لامەکان
ئیلتیجام بەتۆن، یازاتی سوبحان
نەجاتم بدەر، لەی بەندی زیندان

پەنام هەر تۆنی یەکتای بێ هەمتا
وەی بەندی زیندان، من ببۆم رەها»

(مێژووی هەورامان، ل- ١١٢٠)

– مەولانا خالید (١١٩٢ – ١٢٤٢):

مەولانا خالید کوڕی ئەحمەدی میکایەلییە و دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندییە لە کوردستاندا. زانایەکی پایەبەرز و خاوەن بەهرە و بەتوانایەکی کەم وێنە بووە.

ئەمەش وێنەیەکی هۆنراوەیەتی:

«قیبلەم فیراقت،.........
ئارامم سەندەن سەودای فیراقت
دڵ قەقنەس ئاسان، جە ئیشتیقاقت
تاقەت تاق بییەن، پەی ئەبرۆی تاقت
دوور جە قامەتت، قیامەت خێزان
هیجرت شەرارەی جەهەننەم مێزان
کارێ پێم کەردەن، مرحرومی ڕازت
نەکەردەن وەدڵ، نیم نیگای نازت
قەدری عافیەت وەسڵت نەزانام
شوکرانەی شەکەر، ڕازت نەواتام
ساغەم کۆی شادیم، باد وەباد و شانۆ
تەمام ئینتیقام وەسڵت جێم سانۆ
خاسخاس چە شیدەت، نایرەی دووری
وەکۆی نوورە کەرد، سەرتاپای (نووری)»

(مێژووی هەورامان، ل – ١١١٧)

– شێخ (شهاب الدین) کاکوزەکەریایی:

شێخ (شهاب الدین) کوڕی شێخ (رضی الدین) کوڕی شێخ (رضا معین الدین)ە و لە نێوان سالآنی (١٠٠٣ – ١٠٧٢)دا ژیاوە.

ئەمەش وێنەی هۆنراوەیەتی:



«پیریونس هانا ،.........
مەزڵوومان، دایم لای تۆشان هانا
نە بیرەی ئەکرەم شاهی مەردانی
فرزەندی دڵبەند، شێخ زەکەریانی
پەی وایەمەندان، عەجەب دەرمانی
چۆن شیری کەمین، حازر مەیدانی
ئینتیقام جاگەی بابی ئەکرەمت
بەشەپۆل قینی، قەلبی قولزەمت
بەستەن جە لەشکەر، دوژمن بێ ئەندێش
نمازی یەکێ، بشۆ وەجای وێش
(شەهاب) هەرچی هەن، نەسلی رەسوولەن
زرڕییەی تاهیر، عەلی و بەتوولەن»

(مێژووی هەورامان، ل – ١١١٤)

– مەلا عومەری ڕەنجووریی:

«بەخارانەوە، بەخارانەوە
قیبلەم وەس، سفتەم، بەخارانەوە
وەس جەرگم بدەن وەخارانەوە
باوەس دڵ خار بۆ، وەخارانەوە
عەرزەی وەفا و بەین وەپەیمانەوە
با هەر بمانۆ وەو پەیمانەوە
نەوا ناغافڵ، جەرگەی بەدواچان
جە ڕووی بێ بەینیت، حەرفی بەد واچان
لەیل ئاسای قەدیم، وەرجەوری جەفات
با عام بزانان، وەشەرت و وەفات
ڕەنجووریی ڕەنجش، وەڕەنجانەوە
هەنیی وەس دڵش، بڕەنجانەوە»

(مێژووی هەورامان، ل – ١١١٠)

## جوگرافیای ناوچەکانی هەورامان

بەشێوەیەکی گشتیی، جوگرافیای ئەمڕۆی ناوچەکانی هەورامان بریتییە، لە ڕووباری سیروان و ئەو جۆگەلە و جۆگانە و چەمانە کە لە چەم و دۆڵە جۆربەجۆرەکانی ناوچەکانی هەورامانەوە، دەڕژێتە ناو سیروانەوە. واتە، چەم و جۆگە و جۆگەلەکانی سەر بەسیروان نەبوونایە، ناوچەکانی هەورامان، بێ ئاو و بەروبووم دەمایەوە و ئەو کاتە، وەک یەک تاکە تاشە بەردی لێ دەهات و بێ ئاوەدانی دەمایەوە. ئاوە کەوسەریەکەی سیروان و لقەکانی، کە دەڕژێنە ناویەوە، سەرپاکی چەم و دۆڵەکانی هەورامانی گرتووەتە باوەش، کە وەک هەورامانی لهۆن و هەورامانی تەخت و هەورامانی شامیان و کەمەرە هەروەها هی ژاوەڕۆ و هەورامانی گاوەڕۆ.

دەوراندەورەکەی لە هەر چوارلاوە، بۆمان هەیە، بەشێوەیەکی زۆر نزیک بەم جۆرە ناویان بنێین:

– ڕێگای خورماڵ و هەڵەبجە و لەوێوە بەرەو کۆتایی سیروان (کە هەتا ئەوێ ناوی سیروانی هەڵگرتووە و ئا لەوێوە بەرەو ئاوی پاوڕ و، ڕێگا تا دەگاتە ملەپاڵنگانە و ئا لەوێوەوە بەرەو مەرزی کامیاران و ئەو ڕێگای سنەیە بەرەو مەریوان و تا دەگاتە سەرچاوەی زەڵم و دەڵێن.

سیروان، سەرچاوەیەکی لە (زرێبوارەوە) دێت و بەچەم و دۆڵەکانی شاخەکانی زاگرۆزدا (کە ئەم بەشانەی بەناوی شاخەکانی هەورامانەوەن) و شاخی هەورامان دادەبڕێ و دەیکات بەدوو بەشەوە و ئەوانیش، شاخی شاهۆ کە لە (بڵ)ەوە درێژ دەبێتەوە، تاوەکو دەگاتە لای کرماشان و شاخی هەورامانیش کە سەرەکەی دیکەی دەگاتە لای (ملەکەوە)وە.

بەپێی جوگرافیا، ناوچەکانی هەورامان دەکەونە، ناو کرۆکی کوردستانەوە و سەختترین ناوچەی شاخاویی کوردستانن و بێگانە، ئەگەر ویستی پەلاماری کوردستان بدات زۆر درەنگ دەگاتە ناوچەکانی هەورامان!

مرۆڤ، یان خوێنەری بەڕێز ئەگەر ویستی لە بارەی جوگرافیای هەورامانەوە بزانێ، باشترین ئەوەیە، بۆ (مێژووی هەورامان – هەورامانی، ل – ١١٨٨ – ١٢٢٠) بگەڕێتەوە.



## ئەنجامی هێنانەوەی ئەم وێنانە:

بەپێی هێنانەوەی ئەم وێنە هەڵبەست و هۆنراوانەی، کە لە سەرەوە خرانە بەردەست و تێبینی، وەهامان بەدەستەوە دەدرێ، کە خاوەنی هەریەکێ لەم هۆنەرانە، زمانی دایکیان، یان زمانی ئاخاوفتنی ڕۆژانەیان، زمانی کوردیی هەورامان نەبووە و جگە لەوەش، زمانی هەندێکیان، لە ڕاستیدا، هەر زۆر دوورە، لە زمانی کوردییەوە، یان هەر شێوەیەکی و واتە؛ هەندێکیان، بەزمانی تورکی گۆچ کراون و هەندێکیان فارسن و هەندێکیشیان کوردی جافن، کە لە جوگرافیای جۆراوجۆر و دوور و نزیکدا، ناویان هات و کە وەک (شیراز و قەزوین و تەورێز و ناوچەی گەرمیان و مایدەشت و لوڕستان و بەختیایی و... هتد) و تەمەنی درێژایی سالانی دوور و نزیکیان پتر لە هەزار ساڵێکە و ئەم کاریگەرییەش، بۆ هێزی چەلایەکی دیکە (نە فەرمانڕەوایی، نە ڕامیاریی، نە ئابووریی، نە... هتد) ناگەڕێتەوە، جگە لە کاریگەریەتی دین، کە ئەویش، کاریگەریی پاشماوەی دینی زەردەشتییە کە زمانی خەڵکەکەی هەورامان پاشماوەی (زمانی ئاڤێستایە) ئەوە بەپلەی یەکەم و پلەی دووەمی کاریگەریش، بۆ سەرلەبەری زمانی ناوچەکانی هەورامان، وەک زمانی ئەدەب، دینی یاریی (ئەهلی هەقق)، کە دوو لایەنی گەورە، یان کەلەبەری گەورەیان پڕ کردووەتەوە و ئەوانیش (کۆکردنەوەی کۆمەڵێکی زۆر زانا و دانا و سەرلەبەر لە دەوروبەری جەمخانەدا و ڕۆشنبیریدا و هەروەها پارێزگاریکردنی بەرهەمی ئەو زانایانە، لە ناو دەفتەرە جۆربەجۆرەکانیا، کە وەک دەفتەری دیوانە گەورە و عابدین چاوەش و سەرهەنگ و نەورۆز و، شنروێ و ڕمووزی یارسان و... هتد.

## بەشی دووەم:

### هەندێ زانیاریی پێویست

**بەرۆشنکردنەوە ناوی هەورامان و لە چییەوە و لە کوێوە و کەی هاتووەتە مەیدانەوە:**

### وشەی هەورامان لە چییەوە هاتووە!:

لە ڕووی لێکدانەوەی وشەی (هەورامان)ەوە، بیرورِا و بۆچوونی جۆراوجۆر و باوەڕ پێ نەکراو هەن و بەکورتی، لەوانەش:

هەندێ لایان وەهایە، کە وشەی هەورامان، لە وشەی عارەبی (رمان)ەوە هاتووە و ئەم بۆچوونە نادروست و نازانیاریانە، لە لایەن، (سێرراو لینۆن)ەوە دەرچووە.

هەندێکی دیکە لایان وەهایە، کە هەر لەبەر ڕەش و ڕووتی و شاخاویی و سەخت ڕەشی ناوچەکان، هەمیشە خەڵکەکەی بەبرسییەتی ماونەتەوە و بۆیە ناوی (هەورامان)ی وەرگرتووە، گوایا، بەواتای (ئاورامان) دێ، کە بەرامبەری وشەی (برسیمانە)ی سۆرانی دێت، لەمانە ئەمین زەکی بەگ و ئۆسکارمان و مینۆرسکی-ن.

هەندێکی دیکە لایان وەهایە، کە هەر لەبەر ئەوەی، ناوچەکانی هەورامان، سەخت و ناهەموار و کەم ڕێگاوبانە، خەڵکەکەی هەمیشە، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دوورەپەرێزن و براون. ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەوە، کە لە زۆر ڕووەوە لە خەڵکەکەی دیکەی کوردستان جوێ بوون و بۆیەشە، ئەم ناوەی (هەورامان)یەی لێ نراوە، چونکە ئەو واتا دوورەپەرێزییە بەدەستەوە دەدات.

بەشێکی دیکەش وەهای بۆچوون، کە گوایا ناوچەکان، خۆریان، لە هەر جێگایەکی دیکەی کوردستان زووتر و باشتر لێ دەکەوێ، بۆیە، ناو (هورئامان = هۆرامان)ی لێ نراوە چونکە (هۆر) بەواتای (خۆر) دێت و لاشم وەهایە (مردوخ) لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بێ.

منیش، بەش بەحاڵی خۆم، ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، دەخەمە لاوە و هەرگیزیش بۆچوونی وەها، لە مەیدانی بۆچوونی بیرما، ڕێگەی نابێتەوە، چونکە نەک من هیچ جۆرە پشکنینی ڕاستەقینە، بەم جۆرە بۆی نارِوا!!

ئەویش، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:



- تەنها هەر ناوچەکانی هەورامان، نین کە بەم جۆرە، ئەو بۆچووانە، بۆی چوون، بەڵکو چەندان ناوچەی دیکەی سەختتر و دوورەپەرێزترمان، لە کوردستاندا هەن و ئەگەریش خوێنەری بەڕێز خۆی شارەزای جوگرافیای کوردستان بکات، دان بەو ڕاستییەدا، دەنێ!!

بەڵام، ئەگەر لە ڕووی برسییەتییەوە، بۆی برِۆین، بێ گومان بۆچوونەکە زۆر دووری پێکاوە و بەو لایەدا هەر نەچووە، چونکە ئەو خەڵکەی ناوچەکانی هەورامان، بەرنامەی ژیانیان، (بەبۆنەی درێژی وەرزی زستان و پاییزەوە) هەیە و ئەویش، دەڵێ: (تەوەنە ڕەقێ هامنی هۆرگیرە پەی زمستانی) واتە: بەردی ڕەقی هاوین هەڵگرە بۆ زستان و سوودبەخشە.

ئەمەش، ئەوەمان بەدەستەوە دەدات، کە ئەوان خەرجی بێ سوود و باوی هەوا هەرگیز ناکەن و زۆر کەم برسیەتی بەخۆوە دەبینن. پتر لەوەش ئەو بەروبوومە دەیمیە، کە لەو ناوچانەدا، دەست دەکەون، سەروەتێکی بێ هاوتایە و لە جێگایانی دیکەی کورستان خەرجێکی زۆر لە پێناوی دەستکەوتنی ئەو جۆرە بەروبوومانە دەکرێت.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کە خەڵکەکەی ناوچەکانی هەورامان، زاڵ ببێ بەسەر ئەوەدا، کە سەرپاکی پێویستی ساڵانە و مانگانە و ڕۆژانەی خۆ بەخۆ چارەسەر بکات و لە کاتی و دەمی تێگیرانەدا، لارەمل نەبێ و دەست بۆ هیچ لایێ درێژ نەکات!! بەهەرحاڵ، ئەمانەش بۆچوونەکەی منە:

یەکەم؛ هەورامان، وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە، لە دوو بەش و ئەوانیش ئەمانەن (بەڕووالّەتی نوێیی):

هەورا + مان

وشەی (هەورا) لە وشەی (ئاهورا = ئەهورا)وە هاتووە و کە بەواتای خوای گەورە دێ و بەرە بەرەو سواندن چووە و تاوەکو شێوەی (هورمز)یشی وەرگرتووە.

وشەی (مان)یش، پاشبەندێکی زمانی مادی-یە و بەواتای جێگا، مەڵبەند، وڵات، نیشتمان، نیشتەجێ هاتووە و هەر لەم جۆر و بابەتەش، پاشبەندەکانی (-ان) و (-تان)یشمان کە بەواتای (-ستان)ی ئێستەش دێن و ئەمانیش هەر پاشبەندی (ماد)ین و بەهەمان واتا دێن.

بەم پێیە دەبێ واتای وشەی هەورامان، (مەڵبەندی هورمزیان) بگرێتەوە، یان (نیشتمانی ئەهرۆمەزدەیەکان) بگرێتەوە.

بیروڕایەکی دیکەش هەیە و باسکردنی لێرەدا، لەوانەیە، سوودی خۆی هەبێ و ئەویش ئەوەیە، کە گوایا، لە دێرین دەمەوە، (هۆریە)کان، لە ناوچەکانی هەورامانی دێریندا ژیاون و کە ئەو ناوچانەش زۆرتر ناوچەکانی هەورامانی لهۆن دەگرێتەوە و بەڵگەش بۆ ئەوە، ئەوەیە، کە ناوچەی (هۆڵی) پاوە، لە (هۆری)یەوە هاتووە و ئەگەرهاتوو زانیمان دەنگی (ل) و دەنگی (ر) جێگاگۆڕکێ دەکەن (تەماشای، ئاریان واچەکانی بکەرەوە، م. ه).

ئێمە، لەسەر ئەو بیروڕایەین، کە وشەی ناساکاری (هەورامان) لەو سەرچاوەیەوە هاتووە، کە (هورمزیەکان) بۆ ماوەیەکی زۆر درێژخان مەڵبەندیان هەورامان بووە و بۆیە، ئەو ناوەی پێوە نراوە و ئەویش لەبەر:

– باووبرەوی دینی زەردەشتی، لە ناوچەکانی هەوراماندا، بەپامان و زامانی تاوەکو دەمی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و مەلا گوشایشە کوێرەی هەورامان، هەر جێبەجێ کراون و تا ئەو دەمەش، ئیسلام نەیتوانیوە، ئا لەوێدا بنەڕەتی ئیسلامەتی دابمەزرێنێ.

– باووبرەوی دینی زەردەشتی، تا حاڵی حازریش، بەجەژنە تایبەتییەکەیانەوە هەر ماوە؛ جۆری دانیشتنی چینەکان، لە دیواخانی پیرشالیاردا و جۆری دابەشکردنی خەیر و خەیراتی ئەو جەژنە و کێ حەیوان سەر دەبڕی و کێ دابەشی دەکات و کێ مزوریی و خزمەت دەکات و کێ چێشت دەکات. وەک هەڵسوکەوتی چینەکانی زەردەشتییەکان هەر بەردەوامە و دیارە.

– سەردانی پارسیەکان (زەردەشتیەکان)ی هیندستان، بۆ هەورامان هەموو ساڵی جارێ، کە ڕووالەتی شێوە حەجی وەرگرتووە و ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەش تا پەنجا ساڵێ لەمەوبەرتر هەر بەردەوام بووە.

– بوونی هۆزی (هیندیان) لە هەوراماندا و کە ئەوانیش، سەرپاکی (جّراح)ەکانی هەورامان دەگرێتەوە و حاڵی حازریش نەوەیان چە لە هەورامانی تەخت و چە لە مەریوان هەر ماون و خۆیان بەهۆزی هیندیان دەناسرێن و دەناسن.

– پیرشالیارە (سیاوە)، کە یەکێکە لەو زەردەشتە هیندیانە، کە بۆ خزمەت پیرشالیاری زەردەشتی هاتووە و ئا لەوێدا، وەک خەلیفە ماوەتەوە، تاوەکو کۆچی دوایی کردووە.

– هەورامان، لە دەمی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا، نەگیراوە و ئەم وتە باوەی سەردەمی هەر هەورامییەک لە هەورامان تەخت کە تۆ بیگریی، دەیبیسی، کە دەڵێ:



«نە بەگی مامون، نە تەیموری لەنگ
هیچ کەس هەورامان، نەگرتەن بەجەنگ
غەیرەز خان ئەحمەد، بەگلەری خانان
ئەویچ بەحیلە، گرتەن هەورامان»

– کاری تەنگانە و دەورە و حەساردان و ڕێگا لێ قەدەغەکردن و سەختی ناوچەکانی هەورامان و درێژی وەرزەکانی پاییز و زستان، وەهای لێ کردوون، کە هەمیشە ئاگادار گەمارۆین و خۆیان بۆ بەربەرەکانی ئامادە بکەن، سا ئیتر ئەو گەمارۆیە سەختی ساڵەکە بێ، یان گەمارۆی دوژمنانیان بێ، یان داکەوتنی گرانیی!!

– مانەوەی پاشماوەی ئاتەشگاکانی ناوچەکانی هەورامان بەجۆری زۆرن و هەن، کە سەرپاکی دیکەی ناوچەکانی کوردستان، پاشماوەی ئاتەشگاکانیان ناگەنە ئەو ڕادەیە.

– پیرۆزیی ئاگر و بەپیرۆز زانینی لە لایەن ئەو خەڵکەی ئەوێوە، بەڕادەیەک کە زۆربەی کات سوێندی پێ دەخورێ، بەڵگەیەکی دیکەی پاڵپشتی بەهێزی ئەو بۆچوونەیە.

– لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، کە شێوەزمانەکەی ناوچەکانی هەورامان، کەفەسەرە بەکەرەسەزمانی ئاڤێستایی، کە بەخامی و بەبێ خاڵ و مێڵ ڕشتن ماونەتەوە، بەڕادەیەک، کە هیچ جۆرە زمانێکی دیکەی سەرپاکی ناوچەکانی ئێران، ناتوانێ بتوانێ ئەو ڕاژەیە هەبێ!!

– بەکارهێنانی ڕووالەتی دیکە (هەورامان) لە لایەن سەیدی هەورامییەکەمەوە بەشێوەی (ئۆرمۆن)، بەڕوونی ئەو بۆچوونەمان بەرەو ڕاستیی دەبات، هەروەک یەژێ:

«ئەز ئۆرمۆن، مەکانم بی ولاتم
(سەر و پیری) خوای گیرەن خەلاتم»

(ل – ١١٠٦ مێژووی هەورامان. هەورامان)

– ئێمە وەها بۆی دەڕۆین کە زمانی کوردیی ناوچەکانی هەورامان وەک زمانی دینی لە ئاڤێستاوە هاتووەتە خوارەوە و درێژەکێشانی ئەمەش بەرە بەرە، لەگەڵ بەرپابوون و بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلام لە کوردستاندا و ئەوجا، بەرە بەرە، لە ناوەڕۆکی دڵی کوردستاندا، ناوچەکانی هەورامان، پای (پێی) هێناوەتە کوردیی و خۆشاردنەوە.

بۆ ئەم وتەیەمان، وا چەند بەڵگەیەک دەهێنینەوە و لەوانەشە، کە بەڵگەی وەها، جێگای ڕەزامەندیی خوێنەران و پشکێنەرانی بەڕێز بێ.

## چی لە بارەی هەورامانەوە نووسراوە!:

دەربارەی هەورامان و ناوچە و شوێنەوارە دێرینییەکانی و خەڵکەکەی، مێژوویەک یان نووسراوێک، یان هەڵکەندراوێکی دێرینمان بەدەستەوە نییە، کە بەتەواویی و تێروتەسەلەیی و ڕێکوپێکی و بێ کەم و کورتی بتوانێ شارەزای سەرپاکی هەن و نییە و لایەنە شارراوە و نەزانراوەکانیمان بکات.

ئەوەی کە لە بەردەستدا بێ، یان دەست بکەوێ و زۆر نەبێ کەمێ سوودی لێ وەربگیرێ (چونکە؛ ئەوەی کە هەیە، جگە لەوەی کە هەرکەسێ، لەو نووسەرانە بێ گومان، بەلایەکدا و لەبەر هۆی لایەنگریی بۆ لایە سەنگی خۆی بەو لایەدا سەنگین کردووە و دایشکاندووەتەوە)، زۆر ساکارە و سوودێکی ئەوتۆی لێ وەرناگیرێ، کە شایانی دەست بۆ ڕاکێشان بێ!

لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ دەست بۆ هەندێ نووسین ڕابکێشین، چونکە ئەو دەست ڕاکێشانە، جۆرە بەسەرکردنەوەیەکی ئەو سەرچاوانەن، کە هەن و لەوانەشە نووسەری دیکە سوودی باشتریان لێ وەربگرێ.

## ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام:

خەستەی ئەوەی کە لەوێدا هاتووە، دەڵێ: لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، واتە لە دەوروبەری سالآنی (١٩١٥)ی زایینی هەندێ (قەباڵە)ی دەسخەتی ناوچەی هەورامان، کە بەنووسینی گریکی و پارثی نووسرابوون و لە ناو (کووپەلە)یەکی هەرزن (گاڵ)دا لە یەکێ لە ناوچەکانی هەورامانی تەختدا دۆزراوەتەوە.

ئەم قەبالآنە، بریتین لە سەنەدی کڕین و فرۆشتنی ڕەزە دەیمێ، لە نێوان خاوەن ڕەزە دەیم و کڕەر (ئەوەی کە کڕیوبەتی)دا و لەگەڵ ناو هێنانی چەند شاهدێک، کە لەو مامەڵەدا، ئامادەبوون و مێژووی نووسینی ئەو قەبالآنەش، یاخود کاتی تۆمارکردنیان بۆ دەمی (٨٨) و (١٢)ی پێش زایین دەگەڕێتەوە.

ئەگەرچی وشە و کەرەستەزمانی ناو ئەو قەباڵەیە (ئەو قەباڵەیەی، کە وەها لە قەڵەم دراوە، کە بەزمانی پالەویی نووسراوە!) زۆر کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا توانای ئەوەی هەیە، کە پەیوەندیی زۆر بەتین و کاریگەر لەگەڵ زمانی کوردییدا بەدەستەوە بدات، بەجۆرێ کە لەگەڵ زمانەکانی دیکەی ئێرانیدا، هەرگیز ئەو پەیوەندییە، بەدیی ناکرێت!!.



## ماریفەت و پیرشالیاری:

ئەم بەرهەمە یەکێک بووە لەو کتێبە دەستنووسە پیرۆزانەی کە لە دێرین دەمەوە تۆمارکراوە و چەرخاوچەرخ نوێ کراوەتەوە و بەپێی پەیڕەوی دینیی هەمیشە سەرلەبەر بووە.

زۆربەی زۆری ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دۆعا و لێ پاڕانەوە و سروودی دینی و پەندی پێشینیانیان بووە (وتەی ژیری مادی = ژیلێ مەرێ). لە بارەی جەنگی موسوڵمان و گەور، (زەڕدەشتی)، لە سەردەم خەلیفەی دووەمی ئیسلامدا، لە ناوچەکانی شارەزوور و بنارەکانی شاخەکانی هەوراماندا، هەندێ شتی بەنرخی دەستنیشانکراویان تێدایە، کە ئەویش، پاڵەوانی خەڵکی ناوچەکانی هەورامان پیشان ئەدات، لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە زوڵم و زۆری عارەب و دینی ئیسلام پیشان دەدات، لەو ناوچانەدا.

لە نێوان هەندێ باووبرەوی دینی زەڕدەشتیدا، وەها لە قەڵەم دراوە کە ئەم بەرهەمە، بۆ دەمی ئەشکانیان بگەڕێتەوە و لە لایەن خەلیفەی یەکەمی زەڕدەشتەوە پیرشالیاری زەڕدەشتی، نووسراوە، یان داڕێژراوە. هەندێکی دیکەش وەهای بۆ دەچن، کە لە دەمی ساسانیدا، ئەم کتێبە لە لایەن پیرشالیاری زەڕدەشتی خەلیفەی زەڕدەشت تۆمار کراوە!

بەهەرحاڵ، لایەکان لەوەدا، یەکیان گرتووە، کە ئەو بەرهەمە لە لایەن پیاوێکی دینی زەڕدەشتییەوە تۆمار کراوە، کە ئەویش پیرشالیاری زەڕدەشتییە.

ئەگەر وەها بێ، دەبێ ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە بۆ چەند جاری نوێ کرابێتەوە و هەر جارەش، بەلای کەمییەوە، دەستکارییەکی زمانەکەش کراوە، کە لەگەڵ وەخت و دەمدا، بگونجێ. بەرچاوکەوتنی پاشماوەی ئەو ناوەڕۆکە کە لەملا و لەولاوە وەک (پەند) بەسەر زارانەوە دەوترێتەوە، ئەو ئاڵوگۆڕە بەرچاو دەخات. لە سەردەمی باووبرەوی سۆفیگەریەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا، مەلا مستەفا کوێر، کە ناوی خۆی بەفێڵ و فەرەز ناوە پیرشالیار، (ماریفەت و پیرشالیاری) کەفەسەر کردووە، بەباووبرەوی دینی ئیسلامی، بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانێ بەو ناوە و، دینی ئیسلامی لە ناوچەکانی هەوراماندا، بلآو بکاتەوە، کە تا ئەو دەمە، خەڵکەکەی ناوچەکانی هەورامان، هەر گەور = زەڕدەشتی، بوون و ئەم دەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (٨٤٢)ی کۆچی و ئیتر لەم سالآنەوە بەملاوە، دینی ئیسلام لەوێدا بلآوبوویەوە، لەگەڵ مانەوەی هەندێ هەڵسوکەوتی دینی زەڕدەشتیدا، کە تێکەڵاوی خوێنیان بووە و بۆیە ئاوێتەی ناوەڕۆکی زۆخی دینی ئیسلام لەوێدا کرا و تا ئەمڕۆیش هەر بەردەوامە!!

شایانی باسە لەملا و لەولاوە، ناوی هەندێ سەرچاوەی دیکە هاتووە، بۆ وێنە وەک (مێژووی هەورامان)، (تاریخ جدید آورامان)ی مەلا عەبدوڵڵای هەورامی، (جاماسبنامە)ی پیرجاماسبی ئاورامی و... هتد بەڵام لەو ڕووە، بەشێوەی بەیازە دڕاوی بێ ناوونیشان لە دەرەوەی و بەڕووداوی مێژوویی لە ناوەڕۆکەوەی، لەملا و لەولاوە، وەک پەڕە دڕاوی پرژ و بڵاو(*) بەرچاو دەکەوت و هەرچەندە هەوڵم دا، کە شوێنەواری تەواویان هەڵکەم، بەڵام بەداخەوە، لەو ڕووەوە زۆر بێ شانس بووم و نەگەیشتمە ئاوات. شایانی ناوی ئەم سەرچاوانە کە لێرەدا ناویان هات، لە لایەن نووسەری بەناوبانگ، مامۆستا مەردوخ-ەوە ناویان هاتووە (تەماشا، مێژووی کرد کردستان - مردوخ) بکە.

**- بەرهەمی (نور الانوار):**

کتێبی دەستنووسی (نور الانوار)ی (شێخ عبدالصمد)ی تووداریی، (ناوچەی توودار، کەوتووەتە ناوچەی ئاڕێزەوە بەرەو ڕێگای سەوڵاوا، کە ناوچەیەکی زۆر نزیکە لە شاری سنەوە، لەسەر ڕێگای سنە و مەریوان) کە زۆربەی ناوەڕۆکەکەی بۆ درەختنامە (شجرة)ی خانەوادەکە خۆیان و خزمانی تەرخان کردووە، پاڕانەوەیەک و هانا و پەناهاوردنێکی دڵتەزێن و هەست جووڵێنەری ئەوتۆی تێدایە، کە خوێنەر دەخاتە گرژبوونەوە دڵپڕیی و ئەم پاڕانەوە و هانایەش، بەشێوەزمانی کوردیی هەورامان نووسراوە.

شایانی یاد نەچوونەوەیە، کە ماوەی ساڵەکانی تۆمارکردنی ئەم بەرهەمە پتر لە چوار سەد ساڵ لەمەوبەرترە و زمانەکەی و کەرەستە زمانەکەی (هەڵبەستەکان) پڕ و کەفەسەر بەکەرەسە زمانی دێرین و کۆن و پتر لەوەش، ئەوەمان، بۆ دەردەکەوێت، کە زمانی کوردیی هەورامان، وەک زمانی دینی تا ئەو دەمەش هەر سەرلەبەر بووە و هەر شێوەزمانی کوردیی ناوچەکانی هەورامان شایانی هەڵسووڕاندنی باوبرەوی دینی بووە، هەروەک چۆن مەولەوی تاوەگۆزیی شێوە جافییەکەی خۆی (لە هۆنراوەدا، بەبۆنەی سۆفیگەریەتییەکەی و دەستگرتنی بەشێخی بەهادینی هەورامانەوە) بەجێ دەهێڵێ و شێوەی کوردیی هەورامان بەشێوەزمانی ئەدەبیی خۆی، دەکات!!

---

(*) خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلادین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا؛ هەندێ پەندی زانیاریی پیرشالیاری زەردەشتیی و هەندێ هۆنراوە، لە سەردەمی خەلیفەی دووەمدا، دەربارەی جەنگەکانی بنارەکانی شارەزوور و هەورامان و نێوان عارەبی داگیرکەری ئیسلامدا، لە ناو خەڵکەکەی هەوراماندا، بڵاوکردووەتەوە.



خوێنەری بەڕێز، بۆ پتر زانین لەم ڕووەوە، بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ نامیلکەکەی بەڕێز کاک محەمەدی مەلا کەریم، کە بەو ناوەی سەرەوە بڵاوی کردەوە.

پێش ئەوەی ئەم خاڵە بەجێ بهێڵین، بەپێویست دەزانرێ ئەوە بخرێتەوە یاد، کە لە ساڵەکانی ١٩٩٥دا، بەڕێز ستوودە، کە لەوەوپێش خۆی بەکورد دەزانی لە نەوەی تووداریییەکانە و ئەو ساڵە، بەهۆی یارمەتی دەوڵەتی ئێران و هەندێ کوردیی دیکەی دەوڵەمەندی پاسدار، کۆڕێکیان لە سنە و لە (توودار) گرت و ئا لەوێدا، وەهایان بەرچاوخست، کە تووداریەکان لە بنەڕەتدا سەیدن (فارسن) خەڵکی ناوچەی سەوزەوارن و بۆیە مافیان هەیە، کە هەمیشە لە لایەن خەڵکی دیکەوە خزمەت بکرێن و زەکاتیان بدرێتێ، بەو مەبەستەی کە ئەوان سەیدن و مافی گەورەیی و فەرمانڕەواییان هەیە، بەو جۆرە وەها سازدرا و خرایە بەرچاوەوە، کە (ستوودە)ش فارسە و سەیدیشە.

**- دەفتەرە دەستنووسەکانی ئەهلی هەقق:**

دەفتەرەکانی ئەهلی هەقق، بەشێوەیەکی سێ جۆرن و ئەوانیش:

**سەرەنجام و ڕمووزی یارسان و دیوانە گەورە.**

سەرەنجام، دەفتەری دینی ئەهلی هەققە و لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی خوا لە ڕواڵەتی (مەولا)دا، کە لە ناو خەڵکدا دەگەڕا و خەڵکی دەخستە سەر ڕێی هەقق بەشێوەزمانی هەورامی دێرین (ئەو وتانەی مەولا) داڕێژران و تا ماوەیەکی دوورودرێژیش، تاوەکو زمانەکەیان، وەک زمانی ڕەوا و سەرلەبەر وەها بوو، بەکارهێنران، تاوەکو بەسەرچوونی برەوی کەرەسەی کۆنی زمانەکە.

بەردەوامی ئەو کەرەسە زمانە، کە سەرئەنجامی پێ داڕێژرا، تاوەکو دەرکەوتنی شاە مویارەک ڕێڕەوی کرد و ئەوجا، لەم سەردەمەدا، هەست بەوە کرا، کە کەرەستە زمانەکەی، زۆر نەبێ کەم دەبێ نوێ بکرێتەوە و بەم پێیە و لەبەر پێویستی ڕۆژانەی ئەهلی هەقق، سەرەنجام لە هەموو ڕوویەکەوە نوێ کرایەوە، لەگەڵ خستنە سەری پێویستیی دینیدا.

لە سەردەمی دەرکەوتنی شاە سەهاکدا، شێوەی سەرەنجام قاڵبی دەفتەری دیوانە گەورەی وەرگرت و شێوەزمانەکەی زۆرتر بەلای نوێدا، هەنگاوی نا.

دەفتەری ڕمووزی یارسان-یش، زمان و تێگەیشتنی دینی یارە دینییەکان ئەهلی هەققن، کە سەرپاکی چینەکانی ئەهلی هەقق، ئەوانەی کە خوێندەوار بوون، یان هەستی دینییان،

بووە بەهۆی ئەوەوە، کە کەف و کوڵی دینییان بەشێوەی هەڵبەستی دینی، بەشێوەزمانی دینی یان (شێوەی کوردیی هەورامان) دابڕێژن.

بەشێوەیەکی زۆر ڕۆشنتر وتەی (مەولا) و (شاە خۆشێن) (١٠١٥ - ١٠٧٤ز) و (شاە سەهاک) بەسەرەنجام و دیوانە گەورە ناو دەبرێ و وتەکانی (حەوتەوانە و حەوت تەن)یش بەدەفتەری رمووزی یارسان لە قەڵەم دەدرێن.

گومانی تێدا نییە، کە شێوەزمانی سەرەنجام و دیوانە گەورە، بەکوردییەکی زۆر پەتیی و دێرینی هەورامانە و رمووزەکانیش، بەشێوەی جۆراوجۆر هەورامان وتراون.

لە سەرەنجام و دیوانە گەورەدا، وەها هاتووە، کە زمانیان دەبێ بەزمانی کوردیی هەورامان بێ (کوردی آورامانی) و نەک جافیی، کە مەبەستی لە جافیی کوردیی شارەزوورە و سۆرانییە!

**- ڕۆژهەڵاتناس و گەڕۆک:**

ڕۆژهەڵاتناس و گەڕۆک، لە بێگانەکان، لە ناو دوێ نوێیی بەرهەمەکانیاندا لەملا و لەولاوە، ناوی (هەورامان)یان، وەک ناوچە بەکارهێناوە و لەو ڕووەوە، بۆ ناوهێنانەکە لاسایی فارسەکانیان کردووەتەوە (آورامان، آورامن، اورامان،...).

**- ڕەزا قولیخان:**

لە فەرهەنگی ئەنجومەنی ئاریانی، ناشری تاراندا، کە لە ساڵانی (١٢٨٨)ی کۆچیدا، کە (١٨٧١) زایینی دەکات. ناوی (هەورامان)ی بەناوی (ئاورامین)، یان (آورامین)ەوە هێناوە.

**- لیکلاما نیجوت** = Lycklama Nijchot:

ناوبراو لە یادداشتەکانیدا (یادداشتەکانی گەشتەکەیدا)، کە بەناوونیشانی، گەشتی (Voyage. IV. 1875.557)ەوەیە، نووسیویەتی (هەورامان = هۆرامان = Haura-man)، بەڵام ئۆسکارمان نارەزایی خۆی لەم ڕووەوە دەرخستووە.

**- عموم ممالک محروسە شاهانە:**

لە (عموم ممالک محروسە شاهانە مطبعسی) ساڵی (١٣١٢)ی کۆچی لە ئەستامبول



(مکتب حربیە شاهانە مطبعسی) دەرچووە و ئا لەوێدا، ناوی (شهر آورامان = شەهری ئاورامان)ی هێناوە.

شایانی باسە، لە (شهر آورامان) مەبەستی لەسەرپاکی ناوچەکانی هەورامانە و کە ئەو کاتە، دابەش نەکراوە!!

**- بەرهەمی شەرەفنامە:**

شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣ - ١٦٠٣)، لە شەرەفخانەدا، وەهای لە قەڵەم داوە، کە هەورامان پێکهاتووە، لە ناوچەکانی (زەڵم و نەفسوود و شەمێران و هاوار و گولعومەر). ئەمەش، وەها هاتووە، کە کاتێ مەئموون بەگی ئەردەڵانی لە ژیانی خۆی وڵاتەکەی بەسەر کوڕەکانیدا، دابەش دەکات، هەورامان دەکەوێتە بەر (بێگەبەکی) کوڕییەوە.(*)

**- بەرهەمی (کورد و تورک و عەرەب)** = (Kurds, Turks & Arabs):

کە ڕۆژهەڵاتناس ئەدمۆندس نووسیویەتی، بۆ چەند جارێ باسی هەورامان و ناوی ناوچەکانی هەورامانی هێناوە.

نووسراوی ڕۆژهەڵاتناس و گەڕۆکەکان، ئەوانەی کە نرخی تایبەتی خۆیان هەیانبێ و شایانی ناوهێنان بن، تەنها نووسینەکانی (ئەدمۆندس و ئۆسکارمان و مینۆرسکی)ن.

**- بەرهەمی دراسات کوردیە:**

لە بەرهەمی (دراسات کوردیە - فارسیە - لهجات گۆران)ی (ئۆسکارمان) و پێداچوونەوەی (کارڵ هەدنگ)ە، کە لە لاپەڕە (٣٧٠ - ٣٧١)یدا، بۆ ڕۆشنکردنەوەی واتای هەورامان و چۆنیەتی نووسینی و گۆکردنی و چەند وێنەیەکی هێناوەتەوە، کە بۆ ئێرە سوودی خۆیان بەدەستەوە دەدەن و ئەوانیش، ئەمانەن:

+ (ژەنەڕاڵ ڕۆسۆ) کۆنسۆڵی فەرەنساویی، لە ساڵەکانی (١٨٠٧ز)یدا سەفەری کوردستانی کردووە و لە یادداشتەکانیدا (یادداشتی سەفەرەکەی) کە بەناوی:

(Eundgruben des Drient, 111, Bd. Cwien 1813 - s. & b)ەوەیە و تیایدا نووسیویەتی (ئاورامان = آورامان) عەشرەتێکی کوردە و لە دەوروپشتی کرماشان دەژین.

---

(*) مەبەستی لە گولعومەر (ناوچەکانی خورماڵ و دەوروبەریەتی) و مەبەستیشی لە شەمیران، ناوچەکانی دەوروبەری هەڵەبجەیە. (ه.).

+ (ولیەم ئێڤ ئینسۆرت = William E. Ainsworth) لە کتێبی:

(Researches in Assyria - 838 - s - 248)دا، وشـەی (ئەڤـرۆمـان = Avro-man)ی بەکارهێناوە.

+ (سیر هەنری راولینسۆن = S. H. Rawilinsan)، لە گۆڤاری:

(J. R. G. S. Vol. lx London, 1839, s, 28)دا، وشـەی (ئەڤـرومـان = Avro-man)ی بەکـارهێناوە و وەهای لێکداوەتەوە، کـە وشــەی (ئاڤـرۆمـان) لە وشـەیەکی عارەبییەوە وەرگیراوە و ئەویش (رمان)ی عارەبییە.(*)

شایانی باسە، کارڵ هەدنگ لەم لێکدانەوەیە، لووتەلایە.

- **راپۆرتی دەرویش پاشا:**

لە راپۆرتی دەرویش پاشادا، کـە سـەرۆکی لیژنەی ڕێکخـسـتنی سنوور و مـەرزی نێـوان دەوڵەتی عوسـمانی و ئێران بووە و لە سـاڵەکانی (١٨٥٢)دا، ناوی هەورامـانی هێناوە، کە بریتی بوون، لە هەورامانی (تەخت و لهۆن و دزڵی).

- **بەرهەمەکانی مینۆرسکی:**

مینۆرسکی چەند وتارێکی لە بارەی (گۆران)ەوە بڵاو کردووەتەوە و لەو ناوەرۆکەدا ناوی هەورامان و ناوی شێوە و وەچەکانی گۆرانی هێناوەتەوە و وەهای لە قەڵەم داوە کە زمانی گۆران، کە گـوایا، شـێوەی کـوردیی هەورامـانیش، وەچەیەکە لەو، پەیوەندییـان بەزمـانی کوردییەوە نییە و بەڵکو وەچەی زمانی (گێڵەکی)ن.

- **بەرهەمی (مێژووی کورد و کوردستان = خلاصة تاريخ كرد وكردستان):**

لەو بەرهەمەدا، بەڕێز ئەمین زەکی بەگ، ئەوەی مـینۆرسکی دووپات دەکـاتەوە بەڵام وەک ناو، ناوی هەورامی و هەورامانی بەشێوەی (هاورامی) و (هاورامانی لهۆن و هاورامانی تەخت)ی هێناوە.

---

(*) دیارە ئەگەر راولینسۆن، توانی نووسینەکانی بیستوونی ڕوونووس بکاتەوە و تا ڕادەیەک بیروڕای لە لێکدانەوەی ڕواڵەتی کـشـتـیـیـەکـانیـان، سـەرلەبەر بێ، بەڵام لەم لێکدانەوەیەی ئێـرەیدا، زەردەخەنەی لووتەلایی، بەرامبەری بەرپا دەکات!.



- **بەرهەمی (كرد كردستان وتوابع):**

بەڕێز مامۆستا مەردۆخ، لەم بەرهەمەیدا (کرد کردستان وتوابع)، لە لاپەڕە (٩٤) بەرگی دووەمەکەیدا، ناوی مامون بەگی ئەردەڵانی هاتووە، کە لە ساڵی (٩٠٠)ک، کۆچی دوایی کردووە و شـێوەی دابەشکردنی وڵاتەکەی بەسەر کوڕەکانیدا، دیاریکردووە و ئا لەوێش، بەشی بێگەیەگی کوڕی هەورامانی گوڵعومەر و شەمێران و هاوار و نەفسوود، دەگرێتەوە.

- **مێژووی ئەدەبی کوردیی:**

ئا لـەوێدا، بەڕێز مـامـۆسـتـا عـەلادین سـەجـادی، وەهای لە قـەڵەم داوە کـە ناوچەکـانی هەورامان، هەر لە دێری دێرینەوە، نیشتەجێ بوون و بەپێچەوانەی جافەکانەوە، کە تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەمیش هەر کۆچەر بوون، واتە شارەستانیەت، لە هەورامان، زووتر دەستی پێ کردووە، تا هەر لایەکی دیکەی کوردستان.

- **سروودی یارسان:**

مـاشـاڵڵا سـوری، ئا لەوێدا، وەهای بۆ چووە، کـە هەورامـان مـەڵبـەندی دینیـیـە و زمانەکەشی، بەناوی (کوردی اورامانی) ناو دەبات.

- **بەرهەمی گۆران:**

ئۆسکارمان، لەم بەرهەمەیدا، کە بەناوونیشـانی: Kurdish Persich For Schungen besonders Kandulai, Avramani und Oskar Man (Mundart Guran Badshalani).

ئا لێـرەدا، زۆرتر لە شـێـوەزمـان دەدوێت و ئەوەیە، کـە ناوی هەورامـان و شـێـوەی هەورامـانی دەهێنێ و شـێـوەزمـانی هەورامـانی و کـەندوولەیی و باجـەڵڵانی بەزمـانی گۆرانیان لە قەڵەم دەدات.

- **بەرهەمی کوردەکان:**

مینۆرسکی لەم بەرهەمەیدا، وەهای لە قـەڵەم داوە، کە (گۆران) زمانێکی سـەربەخۆیە و چەند شێوەیەکیش دەچنە ناوەڕۆکییەوە، کە وەک شێوەکانی هەورامانی و کەندوولەیی و گـاهوارەیی و کـەڵهـوڕیی و لەکـیی ڕێژاویی و بێـوەنجی و...). شـایانی باسـە ئەمـەی مینۆرسکی و ئەوەی ئۆسکارمان، لە ناوەڕۆکدا، چە جیاوازییەک بەرچاو ناخەن.

**- بەرهەمی دایلێکتی ئەڤرۆمانی لهۆن:**

مەکەنزیی، بەیاریدەی تەحسین حەمەمین سان، لە بارەی هەورامان و زمانەکەیەوە، نووسیویەتی و پتر شێوەی ڕیشەشناسی گرتووەتە بەر و ئا لەوێدا وەها بۆی چووە، کە زمانی ناوچەکانی هەورامان کوردیی نییە و ئەو بۆچوونەی مینۆرسکی و ئۆسکارمان دووپات دەکاتەوە، ئەگەرچی لە ڕووی ڕیشەشناسییەوە کەرەستەی ڕێزمانی چاکی دەستنیشان کردووە.

**- بەرهەمی بەڕێز د. کەمال:**

بڕوانامە دوکتۆراکەی بەڕێز د. کەمال فوئاد، لە بارەی ماریفەتی پیرشالیار و شێوەزمانەکەی ناوچەکانی هەورامانەوەیە. بەڕێز د. کەمالیش بۆچوونەکەی ئۆسکارمان دووپات دەکاتەوە.

**- بەرهەمەکانی م. هەورامانی:**

هەورامانی، لە زۆربەی زۆری بەرهەمەکانیدا، دژی بۆچوونەکەی ئۆسکارمان و مینۆرسکی و مەکەنزیی و د. کەمال وەستاوە و لەو ڕووەشەوە بەڵگەی تێروتەسەلی خستووەتە بەرچاو. بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی (زارەکانی زمانی کوردی لە ترازووی بەراووردا) و (کاکەیی) و (فەرهەنگی ئێریان ڤاچ) و (وشەی گۆران لە چییەوە هاتووە) و (مێژووی ڕێبازی زمانی کوردیی) و (مێژووی هەورامان)دا.

**- بەرهەمە فارسییەکان:**

زۆربەی بەرهەمە فارسییەکان، ئەوانەی دەربارەی جوگرافیاوە دەدوێن، هەورامان بەناوی (آورمان، آورومان، آورامان) ناوی دەبەن و یەکێکیش لەوانە بەرهەمی (تحفەی ناصری)یە، کە لە لایەن (میرزا شکرالله سنندجی - فخر الکتاب)ەوە نووسراوە. باسی ناوچەکانی هەورامان دەکات و لەوانەش (هەورامانی لهۆن و تەخت و شامیان و دزڵی)ن.

**- بەرهەمی (حدیقەء ناصریە):**

ئەم بەرهەمە، لە لایەن (علی اکبر وقایع نگار کردستانی)یەوە نووسراوە و ئەگەرچی نووسەر خەڵکی سنەیە و لە بنەڕەتدا، خەڵکی (پایگەلان) بوون، بەزمانی فارسیی



دەربارەی هەورامانەوە و بەگزادەکانییەوە نووسراوە، لە کات و دەمێکدا نووسیویەتی، کە پێشکەشی (ناصرالدین شاه)ی، (شاهی سەردەم)ی بکات و لە ڕاستیشدا، ئەم کتێبە بەناوی (تاریخ الاکراد)ەوەیە، کە خۆی (کاتب = منشی)ی حکومەتی ئەردەلانییەکان بووە، کە لە سنەدا، حوکمیان کردووە، بەو نیازەی بەم نووسینەی بگاتە پایەیەکی بەرزتر.

**- دەسخەتی (نژاد طائفەی اورامان):**

سەرپاکی ئەم دەسخەتە، باسی زنجیرە و فەرمانڕەوایانی هەورامان دەکات، کە وەک شێوە درەختنامەیەکی وەرگرتووە. هەر لەم شێوەیە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، چەند دەسخەتێکی دیکە، دەستکەوتن و هەمان سوودی هاوبەشیان هەیە.

## بەشی سێیەم:

### ولاتی
### (ئاریانڤاچ) و (ماد) و (خڤەنیرەیت) و (کوردستان) و
### پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا:

### ولاتی ئاریان ڤاچ:

بۆ زانین و ناسینی ئەم فرەیزە، دەبێ بەلای کەمیەوە، بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و مێژوو دینی بۆ مێژووی زمان و ڕێڕەوی و بەراوردکردنی هەر کەرەسەیەک، لەو ڕەنگامانە، لەگەڵ بەرامبەرریاندا، کە ئەمڕۆ تا ڕادەیەک (سۆراخ) دەکرێن.

ئەوجا، ئەگەر ئەم بۆچوونە بەڕاست بزانرێت، دەبێ، بۆ هەر سەرچاوەی دێرین بگەڕێینەوە، کە ئەویش پەڕتووکی دینی باوباپیری دێرینمانە، کە (ئاڤێستا)یە.

لە ئاڤێستادا، ئەم جۆرە وشانەمان، بۆ دەستەوەدانی (ولات، خاک، زەویی، زەمین، کیشوەر، (اقلیم)، ناوچە) هەن و بەم جۆرەش، (لە ئاڤێستادا) دەردەکەون:

– (بومی = bumi).

ئەم وشەیە، لە ئاڤێستادا (گاتەکان) وەک (ناو)ی (مێ = مێینە) هاتووە، چونکە کۆتاییەکەی بەنیشانەی (مێ) کۆتایی هاتووە. شایانی باسە، لە ئاڤێستادا ناوی (مێ) نیشانەی مێیەتی وەردەگرێ و ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، هەر ناوێ لە ئاڤێستادا، یا نێرە، یا مێیە، یا بێ لایەنە، ئەمە وەک یاسای ڕێزمانی زمانی ئاڤێستایە و ئەمڕۆیش، لە شێوەزمانی ناوچەکانی هەورامانـدا، ئەوە هەر ماوە و هەروەهاش لە شێوەی کرمانجی ژووروودا (شێوەزمانی ئێزیدیایی).

بەهەرحاڵ، وشەی (بوم = bum)، لە زاراوی کوردیی ئەمڕۆدا هەیە و لەسەرپاکی شێوەکانی کوردییدا، بۆ وێنە دەوترێ؛ (بومەلەرزە) کە لە دووبەش، لە ڕووی فرەیزسازییەوە پێکهاتووە و ئەوانیش (بوم + ە + لەرز + ە) لەگەڵ ئامرازی بەندسازیدا. کە بەواتای (لەرزینەوەی زەویی) دێت.

هەروەها، لە زاراوی (بەروبووم)دا، وشەی (بوم) هاتووە و بەشدارە لە پێکهێنانی ئەم زاراوە ناساکارەدا، کە پێکهاتووە، لە: (بەر + و + بوم) و بەواتای (بەری زەویی) دێت



(کە دەکرێت بەکشتوکاڵ و مەبەست جۆری بەرهەمەکانی زەمینە،...) یان بەواتای (زەویی و بەری زەویی) دێت.

لە ئاڤێستادا (ڤیسپەرەت)، وشەی ناساکاری (هەپتۆ کەرشڤەر = Hapto - Kars-var) هاتووە، کە بەواتای (حەوت کیشوەر) دێت.

دیارە وشەکە (فرەیزەکە) کە ناساکارە و شێوەی لێکدراوی وەرگرتووە و بۆ مەبەستی ناوی ناساکار دروستکراوە، پێکهاتووە.

– وشەی (کەرش)، کە قەدی (کەرشڤەر)ە، بەواتای، هەڵکەندن، کێلان، نەخشکردن، زامدارکردن، دیاریکردن، هێڵ هەڵکەندن، هێڵ هەڵدان،... دێ. ئەم وشەیە، لە ئاڤێستادا، بۆ مەبەستی کێلان زۆر هاتووە (ڤیسپەرەد، پورداود، ل ١١٠).

لە پالەوییدا، ئەم وشە ساکارە، بووە بەوشەیەکی ناساکار و لەگەڵ نەختێ جیاوازیی لە ڕووی دەنگسازییەوە و ئەویش (کیش ڤیچار = Kish Vicár)ە، کە ئەمڕۆ، لە فارسییدا بووە بە(گشتزار) و لە کوردیش بووە بە(کێڵگەجاڕ).

بۆ وێنە، لە ئاڤێستادا (یەو کەرش = Yao Karsh) هاتووە، کە بەواتای (جۆجاڕ = یەوجاڕ = ھ) کە بەواتای (کێڵگەی جۆ = یەو) دێت.

بەهەرحاڵ، وشەی (کەرشە = Karsha) هاتووە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە (نێرە). هەروەها وشەی (کەرشو = Karshu) و (کەرشیڤەنت = Karshivant)یشی لێ دروستکراوە، هەروەک لە (یەسنا – پارەی دووەم) هاتووە. (هەمان لاپەڕە).

وتمان، لە ئاڤێستادا، ناوی (حەوت کیشوەر) هاتووە و یەکێکیان، کە گەورەترە و پانوپۆڕترە، لە شەشەکەی دیکە و کەوتووەتە نێوەڕاستی ئەو شەش کیشوەرەوە، بەناوی (خڤەنیرەت = Xvaniratha)وە، هاتووە.

**ئەم کیشوەرە و لە ئاڤێستادا وەک ناوونیشان بەوشەی ئاوەڵناوی (بامیە = bámya)، کە بەواتان (ڕۆشن = ڕووناک و گەرم و سازگار) هاتووە و هەروەها، کەوتووەتە ناوەڕاستی تەواوی هەر شەش کیشوەرەکەی دیکەوە.**

لە پێش ئەوەی کە ئێرە بەجێ بهێڵێن، پێویست بەوە دەکات، کە ناوی (زام = zám)ی ئاڤێستایی بخەینە بەرچاو، کە بەواتای (زەوی، زەمین) هاتووە و ئەمە لە گاتەکاندا و بەڵام لە بەشەکانی دیکەدا، کە لە دەمی ساسانییەکاندا، کۆکراونەتەوە، بەناوی (زەم)ەوە هاتووە.

**لێکدانەوەی وشەی (خڤانیرەتە):**

ئێمە نەمانتوانی لێکدانەوەی وشەی (خڤانیرەتە = Xvaniratha) لەو بەشە ئاڤێستایانەی، کە لە لامانە بدۆزینەوە و ئەمە لەوەش دەکات، کە لێک نەدرابێتەوە (لە ڕووی زمانناسییەوە، شیی نەکرابێتەوە)، ئەوەی کە دەربارەی واتایەوە وترابێ، (کیشوەری ناوەڕاستە = کەوتووەتە نێوان شەش کیشوەرەوە).

وا ئێمە لێرەدا، هەوڵی لێکدانەوەی لە ڕووی وشەسازییەوە لێک ئەدەینەوە و ئەویش بەم جۆرە:

– (خڤەن + یی + رەیتە = Xvan - i - raitha).

**– قەدی (خڤان = Xván) بەواتای (خوان، سینی، سفرە) دێت. ئێمە ئەگەر لە کێشەی (خوان، سینی، سفرە) ورد ببینەوە، دەبینین، کە دەبێ لە ناوەڕاستدا، دابنرێ و تاوەکو خۆراک خۆرەکان دەورەی بدەن، ئەمە بۆ سینیش و بۆ سفرەیش دەگونجێ.**

– بەندیی (–یی = i –) پاشبەندی مێیەتییە.

(رەیتە = raitha)ش، وەک قەدێ، لە ڕیشەی (رەت = rat)ەوە دروستکراوە و بۆ مەبەستی (پاکی و بێ عەیبی و بێ هاوتایی) دێ و ئەم ڕووالەتانەش هەر تەنیا، هی پەیخامبەر بووە (سەروەری دینییە).

**وشە ساکارەکە، کە بۆ ناوی کیشوەری ناوەڕاست هاتووە، بۆ ناوی تەختێ وڵاتێ هاتووە، کە خوای گەورە پیرۆزی کردووە و ڕابەری ڕاستی خۆی ئا لەوێدا نیشتەجێ دەکرێت و دەبێت (یاخود مەڵبەندی سەرۆکایەتی ڕابەری ئاهورامەزدایە) و ئەویش لەودەمە دێرینە ئاڤێستادا (زەڕەدەشت)ە.**

شایانی باسە، هەردوو قەدەکە، لە کوردیی ئەمڕۆیشدا بەکار دەهێنرێن، چە (خوان) بێ و چە (ڕاست) بێ.

بەڵێ وشەی (خڤەنی رەیتە) لە ئاڤێستادا هاتووە، بەڵام لەوە دەکات، کە بەکارهێنانی بگەڕێنەوە بۆ زۆر دێری دێرین و زۆرتر بۆ بنەڕەتی وشەی (ئاریانی) کۆن.

**بابڕۆین بەلای لێکدانەوەی واتای (مادستان = میدیا، مەدەی)ەوە:**

پێشەکی، لەم ڕووەوە؛ «پورداود لە پەراوێزی (ل – ٢١٦)ی (یەشت) بەشی دووەمدا، وەهای لە قەڵەم داوە، کە ناوی (ماد) لە گاتەکان (زمانی زەڕەدەشت خۆیەتی)دا بەرچاو



ناکەوێ و ئەمیش ناوی (ماد = Mád)، کە لە لایەن یۆنانییەکانەوە هاتووە بەڕاستی نازانێ (وەک – مێد = Méd) و وەهاش هەواڵمان دەداتێ کە ناوی (ماد) بۆ چەند جارێ لە نووسینە دێرینەکانی هەخامەنشی (بێستوون)دا، هاتووە و لە (کتێبی پالەویی)دا (کارنامک اردشیر باپکان) ئەم وشەیە وەک تەرکیبی هەخامەنشییە کە (مادیک = ماد)ە و لە پاشتریش دەورەی زبانی پالەویی تەواو بووە بە(ماه)، زۆرتریش ناوی (ماه = ماد) لە لایەن نووسەرانی عارەبەوە بەکارهێنراوە.

ئەوجا، دەڵێ، وشەی (ماد) یاخود وشەی (لە نێوان) کە لە ئاڤێستادا، بەو واتایە بێ، وشەی (مەیدیە = Maidhya)یە، کە بەو جۆرە و لە لایەن نەتەوە هیند و ئەوروپاییەکانەوە بەکار دێت (لە سانسکریتیدا = مەیدیە = mádhya)یە و لە لاتینیدا (مەیدوس = medius)ە.

ئەوەی، کە بوو بەهۆی ئەوە، کە ئێمە ئەم وەرگرتەیە بهێنینەوە، ئەوەیە کە ئەم لێکدانەوەیەی ئەم (پورداود) و ئەم ئاوەڵناوانەی ئەوروپاییەکان، کە بەواتای ناوەڕاست دێ، ئەم خاڵانەمان، بەدەستەوە دەدەن:

١– ناوەکە بەوجۆرە گۆکردنەی ئەوروپاییەکان، ناوەڕاست بەدەستەوە دەدات.

٢– ناوی ئامۆزاکەی زەڕەدەشت کە یەکەم کەس بووە ئیمانی پێ هاوردووە، هەر بەو ناوەوەیە و هەر هەمان واتاشی هەیە (واتە: مێدیۆماه = ).

٣– هەروەک لە (یەشت)دا، (ل – ٨٠) هاتووە، میدیوماه یەکێکە لە یارانی زەڕەدەشت و وڵاتی (ئاریان ڤاچ = ئاریان ویچ) کاتێ کە زەڕەدەشت دینی هاورد و باووبرەوی جابەجا کرد و شوکرانەی خوای کرد، یەکەم کەس بوو کە ئیمانی پێ هێنا و زۆرتر لەو ڕووەوە دەکاتە، لێکدانەوەی واتای (میدیوماه) کە بەواتای؛ (لە پانزەی مانگدا، لە نیوەی مانگدا) لە دایک بووە.

٤– دڵنیاییێکە، کە بۆ یەکەمجار زەڕەدەشت، دینەکەی لە وڵاتی (ئاریان ڤاچ)دا بووە (گات، یەسنا ٥١، پارچەی ١٩، لە باسی نەمەیی زەڕەدەشت دایە) بڵاوی کردووەتەوە.

٥– نەبوونی ناوی (ماد) لە ناو (گاتەکان)دا، جۆرە وێستێک بەرپا دەکات، کە ئەو کاتەی ئاڤێستا (گات) لە دایکبوون، ناوی (ماد) نەبووە؟.

٦– بەم پێیە و ئەگەر وەهاش بێ، دەبێ ناوی ئامۆزاکەی زەڕەدەشت (میدیوماه) ناوی

ڕاستەقینە نەبێ، یان ئەگەر ناوی ڕاستەقینە بێ، ناوی (میدیا) هەبووە، بەڵام بەواتای فراوان نەبووە. یان ناونانی وڵاتێ بەناوی (میدیا)وە دەبێ بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کە وەک ئاوەڵناو، بۆ جێگای جوگرافی وڵاتەکە کە دەبێ (ناوەڕاستە کیشوەر = کیشوەری ناوەڕاست) بێ، کە ئەویش (خڤەنیرەتە) هەروەک لە ئاڤێستادا، وەهاتووە.

هەر لەم ڕووەوە، هەندێ وشە، کە لە (قەدی)، (میدیا)وە دروستکراون بخەینە بەرچاو:

– (میدیا = media) کە بەواتای (چینی ناوەڕاست) و (هۆی ڕاگەیاندن) هاتووە.

– (میدیەسی = mediacy)، کە بەواتای (جێگای ناوەڕاست) دێ.

– (میدیاڵ = medial)، کە بەواتای (ناوەڕاستی، ناوەندی) دێ.

– (میدیان = میدیەن = median) کە بەواتای (ناوەند، ناوەڕاست) دێ.

ئاریان ڤیچ لە ڕووی ڕێزمان و زماناسییەوە:

(ئاریان ویچ) لە ڕووی ڕواڵەتی وشەسازییەوە، ناساکارە و پێکهاتووە لە وشەکانی (ئاریان + ویچ).

بەڵام بەو پێیەی کە نووسەرە فارسەکان، ئەم وشە ناساکارەیان، لە نووسەرانی ئەورووپاییەوە وەرگرتووە، لەسەر دەقی فارسی خوێندنەوە، گۆیان کردووە و – (یان، با بڵێین، لەوانەیە بەمەبەست بەو جۆرە بیخوێننەوە لەوانەیشە خوێنەری بەڕێز، لەم وتەیەی من نەختێ سەری سوڕ بمێنێ، بەڵام من زۆر بەدڵسۆزییەوە دەڵێم کە کردەوەی وەهام زۆر پێوە دیون و بۆ وێنە، وەرگێڕەرە فارسەکان کاتێ کە کتێبێ بۆ زمانی فارسی وەردەگێڕن، تەنها ئەوەی بەدڵیانە وەردەگێڕن و ئەوەشی بەدڵیان نییە وازی لێ دەهێنن و بەو جۆرە کتێبەکە نیوەچڵ دەکەن؛ لەم ڕووەوە تەماشای – ایران در سپیده دم تأریخ، جورج کامرون و تەماشای وەرگێڕانەکەی بکە – ترجمەء حسن أنوشە)– چونکە بەپێی ڕێنووسی دەنگسازیەکەی کە بەم جۆرە نووسراوە:

(Airyana - Vaejanh) دەبێ بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە (ئەیریەنە – ڤەیچەن)، چونکە ئاڤێستاناسانی ئەورووپا بەو جۆرە و بەو ڕوواڵەتە لاتینیەکەیان چەسپاندووە.

بەم پێیە دەبێ شیکردنەوەکەی بەم جۆرە بگرێتەوە.

– (ئەیریەنە + ڤەیچە) = (Airyana + Vaejanh) وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە لەم دوو پارچە (وشە) سەرەکییە.



– وشەی (ئەیریەنە = Airyana)، لە ئاڤێستادا، بەواتای فریشتەی خودایی یان پیاوی (مەزدایەسنا = ئەهورەمەزدە = ئەهورامەزدا) هاتووە و ئەوجا بۆ پیاوی نەجیب و ڕەسەنیش، هەر هەمان وشە، بەکار دەهێنرێ و بەرە بەرە بەرەو (ئیریەمەن = Airyman) هاتووە.

– وشەی (ڤەیچەن = Vaejanh)یش، لە دوو پارچە و یەکێکیان قەدی سەرەیە و کە ئەویش (ڤەیچ = vaej) و ئەوی دیکەشیان پاشبەندی (–ن = anh)ە و بۆ بەدەستەوەدانی ناوی کارا (فاعل)یە و کە بەواتای (گۆکەر = ئاخافنەر = وێژەر = وێژکەر...) هاتووە.

**لە ئاڤێستادا، هەروەها لە فەرهەنگی پالەویشدا، زۆرجار ئەم قەدە** لە وشەی دروستکراو بۆ مەبەستی نوێ و واتای، بەرچاو دەکەوێ و بۆ وێنە:

– (ڤەچ = va´c) وەک چاوگ بەکارهاتووە.

– (ڤەک = vak) وەک (دەنگ، ئاواز (صَدا) بەکارهاتووە.

– (ڤەچەس + تەشتی = vachas - tashti) بەواتای (پارچە هۆنراوە) هاتووە.

لە فەرهەنگی پالەویشدا، بەم جۆرە بەرچاو دەکەوێ:

– (ڤاچ = vá´j) = (ڤاچ = vách) بەواتای (وشە، پیت، گۆ) هاتووە (ل ٥٦٩).

– (ڤەچەست = vachast) بەواتای (هەڵبەست) هاتووە.

– (ڤاچیک = váchik) بەواتای (ئاواز، ئاهەنگ، لحن) هاتووە.

– (ڤیچار = vichár) بەواتای (لێکدانەوە، ڕۆشنکردنەوە) هاتووە.

– (ڤیچیر = vichír) بەواتای (فەرمان، ئاگاداریی، فتوا، دادگەریی، چارەسەر) هاتووە.

– (ڤیچرگەر = vichirgar) بەواتای (قاضی = دادگەر) هاتووە.

– (ڤیچیتەن = vihéche´nítan) بەواتای (پێگەیاندن، تەربیەدادان، ڕاستکردنەوە، جموجووڵ پێکردن، گەورەکردن، پەروەردەکردن) هاتووە (ل ٦٠٤).

**شایانی باسە، وشەی ناساکار، لەسەر بنەڕەتی چاوگی (ڤەچ، ڤاچ، ڤاژ) دروستکراین، هەر ئێجگار زۆرن و هەر زمانێکیش بە (قەد = ڕیشە = چاوگ)ی (ڤاچە ڤاچ)ەوە ڕازابێتەوە، شایانی ناوی زمانی ڤاچەڤاچە!**

لێرەدا، ئەنجامەکەی ئەم لێکدانەوەی سەرەوەمان بەم جۆرە دەگرێتەوە:

– وشەی ناسـاکـاری (ئێـریەنە ڤـەیـچـەن = Airyena Vaejanh) بەواتای (خـەڵکی خواپەرست، خەڵکی باش و ڕاست، خواناس)ێ دێ کە بەزمانی (ڤاچەڤاچ) = (ڤەچەڤەچ = واچەواچ = ڤەژڤەژ) دەئاخەفن.

بۆچی ئەم ناوەی پێوەیە؟ چونکە ئاهورەمەزدە = خوای مەزن، لە پێش هەموو پارچەیەکی دیکەی زەوییـەوە (حەوت پارچەن = کـیشـوەرن) دروستی کـرد و زەڕەدەشتی سـیپـتـام ئا لەوێ هاتە دنیاوە و ئا لەوێدا دینەکەی ئاشکرا کرد و ئا لەوێدا بۆ یەکەمجار دۆستی خوا و خـواپەرستی پەیدا کرد و یەکێ لەوانەش ئامـۆزاکەی کـە بەناوی (مـیـدیومـاه)ەوە بوو، لەسەر دەستی زەڕەدەشتی ئامۆزایدا ئیمانی بەدینی زەڕەدەشت هێنا و بوو بەکەم پاڵپشتی زەڕەدەشت لە بڵاوکردنەوەی دینەکەیدا.

لێـرەدا، دەبێ ئەوە، لە یاد بمێنێ، کە (مـیـدیومـاه) و کـیـشـوەری (خـڤـەنیـرەتە)، کە کەوتووەتە ناوەڕاستی کیشـوەرەکانی دیکەوە، لە ڕووی واتاوە هەریەک بەدەستەوە دەدەن و ناوی وڵاتی (ئەریەنە ڤـەیـچـەن) هەر ناوێکی دیکەیە، بۆ ناوی وڵاتی (خـڤـەنیـرەتە) و هەمـان ناوە، بـۆ ناوی (مـیـدیا) ئەوجا، ئەم ناوانە، بۆچی وەها و لەبەرچی پێـویسـتـیـان بەزۆر پشکنین هەیە!!

ئەوەی کە من لەم ڕووەوە بۆی دەچم، بەم جۆرە:

**١– زەڕەدەشت خـۆی،** هەروەک لە (گـاتە)کـان هاتووە، لە وڵاتی (ئاریانڤـاچ) هاتووەتە دنیاوە و ئا لەوێدا، بۆ یەکەمجار دەستی بەبڵاوکردنەوەی دینی کردووە.

**٢– وڵات (کیشوەر)**ی، (خڤەنرەیتە) بەواتای (ناوەڕاست) هاتووە و بۆیە ئەمە ناو نییە، بەڵکو ناوونیشانە، هەروەک لە ئاڤێستاش وەهای وتووە.

**٣– میدیا،** لە ڕووی وشەسازیی و واتاییەوە وەها دەردەکەوێ، کە بەواتای ناوەڕاست دێ و ئەمـیـش هەر ناو نیـیـە، بەڵکو ناوونیـشـانە و ئەم (ناوە = ئاوەڵناوە) لە ناو ئاڤێستادا دیار نییە!!.

**٤– ناوی ئامۆزاکەی،** یەکەم یاریدەر و پاڵپشتی (میدیوماه) بووە و ئەمیش هەر (ناو) نەبووە، بەڵکو وەک ئاوەڵناوی ئاوەڵکردار وەهایە و زۆر نزیکیشە کە ئەگەر ناو بێ، ناوی (مـاد)یش هەبووبێ و ئەگـەر ناویش نەبێ، دەبێ بەو بۆنەیەوە ئەو ناوەی لێ نرابێ، کە لە پانزەی مانگ لە دایک بووبێ لە ڕووی دینییەوە!



**٥– بەمەی سەرەوە،** ئەوە دەچەسپێنێ کە وڵاتی (ئاریان ڤاچ) و کیشوەری (خڤەنیرەتە) و وڵاتی (مـاد) هەریەکـە، چە لە ڕووی واتاوە، چە لە ڕووی ئەوەوە کـە یەکـەمـجـار زەڕەدەشت لە کوێ لە دایکبووە و بۆ یەکەمجار لە کوێ دینی بڵاو کردووەتەوە.

## **شوێنەواری ئاریایەکان (ئاریان ڤاچەکان) لە کوردستاندا:**

لە ڕووی ناوەوە:

– **پشکنین، لە ڕووی ناوەوە،** کە ئەمڕۆ، ئەگەر تەواوی ناوەکە نەبێ، قەدێکی هەر تیادا بێ، ناوی زۆرمان، لە کوردستان بەرچاو و بەرگوێ دەکەوێ. بەشێوەیەکی ڕۆشنتر ئەوەیە، کە ئەو ناوانەی (ناوی دێ، شاخ، ڕووبار، زەمینوزار،...) کە دەستی گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتبێ، بەلای کەمییەوە، ڕیشەیەکی ئاریانی هەیە لە ناوەکەدا، بۆ وێنە، هەر بەسەر پێوە، لە ناوچەکانی هەوراماندا و ئا لەوێوە، تاوەکو دەگاتە ئۆرمیە (ئۆرامییە) بەدەیان، دێ، تا ئێستەش هەر هەن بەناوی (ئاڵیاوا)وە کە گومانی تیادا نییە، کە بەشی یەکەمی ئەم وشەیە ئاڵیاوا (ئاڵ + ی + ئاوا) بریتییە لە قەدی (ئار = ئاریی)، ئەمەش وەهایە، چونکە دەنگی (ڵ) و دەنگی (ر) ئاڵوگۆڕی جێگا دەگرن، یان لە بنەڕەتدا دەنگی (ڵ) بەزۆر جێگای دەنگی (ر)ی گرتووە. ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕە، لە نێوان ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و خۆشناوەتی و گەرمیاندا، بەدیی دەکرێ.

دیارە هەروەک وتمان وشە (ئاڵ) لە بنەڕەت (ئار) بووە و وشەی (ئاوا)، یان (ئاوایی) بەواتای (دێ) دێ، هەروەهاش، بەواتای خەڵکەکەی ئەو ئاواییە دێت. بەم پێیە دەگەینە ئەوەی، کە بڵێین وشەی ناساکاری (ئالیاوا) لە وشەی (ئاریاوا)وەیە و ئەمیش بەواتای (ئاوایی ئاریان) دێ.

(ئارننان) ناوی دێیەکی گەورەیە و ناوی ناوچەیەکیشە، لە هەورامانی بەشی ئێران و کە بریتییە لە وشەیەکی لێکدراو (ئارن + ان) کە بەواتای نیشتەجێی ئاریی دەردەخات وشەکەش پاشبەندی مادیی (–ان) وەرگرتووە، کە لەبریی (مەڵبەند) هاتووە.

– **ناوچەکانی ئاریز** لە ڕۆژئاوای سنەوە (ڕێگای سنە بەرەو مەریوان و سەختترین و ساردترین جێگا دەژمێرێ لە ناوچەی سنەدا، بەوەی، کە بەزووترین کات، ئا لەوێ ئەو کەلی (ئاریز)ە بەفر دەیگرێ ئەمەش دەبێ (ناوبەناو) بەهۆی بڕینی ڕێگای ئۆتۆمبیل بەرەو مەریوان. ئەمانە، بەناوچەی ئاریزانت لە قەڵەم دەدرێ، کە بەواتای (زەیدی ئاریی = نیشتمانی ئاریی) دێ.

– **بوونی (ناو) لە چەند جێگایەک** (لە هەورامان و لە ناوچە تیکابدا) بەناوی قەڵای ئاریزانت، ئەمیش هەر پاشماوەی ناوی ئاریان واچەکانە.



ئا لێرەدا، (ناوچەکانی ئاریزانت) هەر بەواتای (ناوچەکانی ئاریان ڤاچ) دێت و لەگەڵ جیاوازییەک، کە ئەویش ئەوەیە کە (زەید) لەگەڵ (ئاخاوتن)دا، واتە؛ وڵاتی ئەو خەڵکەی کە بەواچەڤاچ دەدوێ و وڵاتی هەمان خەڵک کە لەوێ لە دایکبوون.

ئەنجامی ئەم لێکدانەوە و پشکنینە زمانناسییە ئەمەیە:

١- کیشوەری (خڤەنیرەتە) و وڵاتی (ئاریان ڤاچ) و وڵاتی (میدیا) هەریەکێکن.

٢- هاتنی دوو ناوی یەکەم و دووەم لە ئاڤێستادا و نەبوونی ناوی سێیەم ئەوە بەدەستەوە دەدات، کە زەڕەدەشت و دینەکەی زۆر زۆر لە پێشترەوە لە دایکبوونی ناوی (ماد = میدیا)یە.

٣- ئەو کیشوەرەش (خڤەنیرەتە) کوردستانی ئەمڕۆیە، کە لە کورەکەکەیدا شێوەزمانەکەی (زمانی ماچۆیە) و پاڵپشتی بەهێزی ئەوەیە.

٤- بوونی ناوی ئەو کێو و شاخانە و ئەو چەم و دۆڵانەی کە لە ئاڤێستادا هاتوون زۆربەی زۆریان بەهەمان ناوەوە لە کوردستاندا هەر هەن (تەماشای هەندێ لە وەرگرتە، لە (زامیاد یەشت)دا، بکە).

٥- لە ڕووی مێژووییەوە، لەم بارەیەوە، تەماشای (ئاریان واچەکان – م. ه، ل ٤٧ – ٥٨) بکە.

**ناوی ئەو شاخ و ڕووبارانەی کە لە وڵاتی زەڕەدەشتدا (ئاریان ڤاچ، خڤەنیرەیتە) ناویان هاتووە!:**

لە بەشی (زامیاد یەشت)دا، کە بەشێکە لە ئاڤێستا، ناوی چەند (شاخ و کێو و ڕووبارێ) هاتوون و لە لایەن، ئاڤێستاناسەکانی ئەورووپاوە و هەروەها لە لایەن شوێنکەوتووەکانیان لە فارس، کە بەبێ زیاد و کەم، کەوتوونەتە لاساییکردنەوەیان و ئەوەیان نەخستووەتە بەرچاو کە فارسەکان لە نزیک و لە ناوەوەی ئەو شاخ و ڕووبارانەی کە لە وڵاتی زەڕەدەشتدا ناویان هاتووە و توانای ئەوەیان هەیە، ئەگەر دڵسۆزیی لەو ڕووەوە هەبێ و واز لەسەر مێز و بیرکردنەوە لەسەریەوە لە بارەی جوگرافیاوە، پشتگوێ بخرێ و کەشکۆڵی پشکنینی مەیدانی (مەیدان، وشەیەکی دێرینی ڕەسەنە و گۆڕەپان-یش دروستکراوێکی ناشیانەیە) بکەنە شانیان، بەتەواوی، جێگا و شوێنیان ڕۆشن بکەنەوە و واز لەوە بهێنن (ڕەنگ بێ لە فلان جێگادا بێ!!)، ئەگەرچی ئەم جۆرە پشکنینە بەزیانی خۆیان دەشکێتەوە. چونکە وڵاتی ڕاستەقینەی زەڕەدەشت ڕۆشن دەکەنەوە و ئەو کاتەش نووسراوەکانی پێشوویان، جێگایان دەکەوێتە، سەبەتەی فڕێدانەوە.(*)

ئا لێرەدا، دەبێ ئەوە بخەینەوە یاد، کە هەروەک لە (گات)ەکان، بەشی (٥١) و پارە (١٩)یدا، هاتووە، لە وڵاتی (ئاریان ڤاچ)دا، زەڕەدەشت دینی یەکتاپەرستی هێنا و بۆ یەکەمجار لە لای نزیکترین کەسانێ (زۆر کەم بوون) کە ئیمانیان بەدینی زەڕەدەشتی هاوردبوو بەئاشکرایی جەژنیان بەو بۆنەیەوە کرد و یەکێکیش لەوانە ئامۆزاکەی خۆی (مدیوماه = میدیوئی مانگهە) بوو، کە واتای لێکدانەوەی وشەکان ئەوە دەگەیەنێ، کە ناوی تەواو نییە، بەڵکو ئاوەڵناوە و بەواتای (لە نیوەی مانگدا لە دایک بوو) دێ. (لەم ڕووەوە، تەماشای بەشی - ٢ - ل - ٨٠) و گات، لاپەڕە (٢٠٦)ی پورداود بکە).

---

(*) ئێمە لێرەدا، ئەم وتەیە دەخەینە، بەر خوێنەری بەڕێز، چونکە، بەچاو و بەکردەوە، کاتێ کە لە ئێراندا بووم (ساڵەکانی - ٩١ - ٩٦)، دیومە و داومە بەر بەراوردکردن لە ڕووی وەرگێڕانەوە و بەکورتی، کتێبی ئەورووپایی، کە دەربارەی ئێرانەوە، دەکەوێتە بازاڕەوە یەکسەرە، لە لایەن وەرگێڕەرانی فارسەوە، بۆ زمانی فارسی وەردەگێڕدرێ و ئەوەش کە جێگای سەرسوڕمانە، ئەوەیە، کە وەرگێڕەرە فارسەکانی ئێران ئەوەیان بەدڵ بێ، وەریدەگێڕن و ئەوەیشیان، بەدڵیان نەبێ، پشتگوێی دەخەن. خوێنەری بەڕێز بۆی هەیە، بڕواتەوە، بەو بەرهەمانەی کە لە لایەن (حسن کنوشه) و (کەریم کشاورز) و هی دیکەوە... (ه).



بەهەرحاڵ، ئێمە لێرەدا، تەنها بەدوای شوێنەواری ناوی ئەو شاخ و کێو و ڕووبارانەدا دەگەڕێین، کە ئەورووپاییەکان و لاساییکەرەوانیان، لە فارسەکان (بەلەوانەیە) جێگایان دەستنیشان کردبێ!.

**هاموون:**

لە ئاڤێستادا، بۆ چەند جارێ ناوی دەریاچەی هاموون هاتووە کە ڕووباری (هێلمەند) دەڕژێتە ناویەوە. بەڵام، ئەوەی ناو ئاڤێستا، هەروەک چۆن لە بارەی شاخ و کێو و ڕووبارەکانی دیکەوە، ڕۆشن نییە، کە کەوتوونەتە چە ناوچەیەکەوە، جگە لەوەی کە ئەمانە وان لە ناوچەکانی وڵاتی (ئاریانڤاچ = خڤەنیرەیتە = وڵاتی کرۆک و ناوەند)دا. حاڵی حازر ئەم ناوە جوگرافیایانەی کە ئەمڕۆ لەسەر لاپەڕەکانی جوگرافیا هەن، بێ گومان لەوانەی دێرینەوە دروست هەڵنەچنراونەتەوە، چونکە جگە لەوەی کە ماوەکان زۆر درێژخایەنن و نەبڕاوە بوون، باری ئابووریی و ڕامیاریی و دینی لە ڕووی ئاڵوگۆڕکردنی ئەو ناوە جوگرافیایانەوە دەورێکی یەگجار کاریگەریان هەبووە و لەمەش بەم لاوە، هەندێ لەو ناوانە، لەبەر پەناواکی هەشارگرییەوە، ئەو دەستە ئاڵوگۆڕکەرەوەیان پێ نەگەیشتووە، بۆیە دەتوانین، شوێنەوارەکانی زۆربەی زۆریان دیاریی بکەین.

ئێمە لە باسی وڵاتی (ئاریانڤاچ)دا، پاڵپشتی زۆرمان هێنایەوە، کە وڵاتی (ماد) دوو هەزار ساڵێ لەمەوبەرتر بووە و کوردستانی هەزار ساڵێکیشە و لە ڕووی ناوی دایکزادیشەوە، بەتایبەتی لە لایەن گریکەکانەوە، بەناوچەکانی زاگرۆز، ناوبانگی هەیە و دەناسرێ.

هەر لەبەر ئەوەی، کە جێگای دایکزادی زەڕەدەشت، ناوچەی (ئۆرمیە = ئۆرامیە)ی ئەمڕۆیە، گومانی ئەوەش ناکرێ، کە دەبێ (هاموون)یش، وەک (دەریاچە) هەر لە یەکێ لە ناوچەکانی زاگرۆزدا بێ، ئەگەر هاتوو زانیمان، کە ناوی زۆربەی شاخەکانی ناو ئاڤێستا لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا، هەر بەهەمان ناوەوە ماونەتەوە و بۆ ئەم بۆچوونەش وا لێرەدا، خەریکی خستنە ڕووی ئەوە دەبین.

بەهەرحاڵ، جێگا و شوێنەواری (هاموون)، ئێمە، بەگێژاوی دەربەندیخانی دەزانین و لەبەر ئەم هۆیانە:

**یەکەم:** لە دەفتەری (شنندرویٚ)دا، وەها هاتووە، کە شاهـ موبارەک قەباڵەکەی لە گێجاوی هامـوون ژێر تاشی دەربەندا، دەریهـێنا (شـایانی باسـە، دەفـتـەری شنندرویٚ دەفـتـەری دینی ئەهلی هەقـە و بەسـەرچاوەیەکی دینی زۆر پیرۆز ڕاست لە قـەڵەم دەدریٚ) و لە لای دیکەشـەوە، ئەبیٚ ئەوە بخـەینەوە یاد، لە لایەن خـەڵکانی دەوروبەری دەربەندیخان ئەو گێژاو (گێجاو)ە، بەناوی (توونی هاموون)ەوەیە.

**دووەم:** لە بەرهەمی (کوههای ناشناخته غرب ایران) کە بەڕێز دەوڵەتشاهی، یەکێکە لە کوردە ڕۆشنبیرەکانی کرماشان و چەند ساڵێک لەمەوبەرتر کۆچی دوایی کرد، لە کتێبـێکدا بەو ناوەوەی سەرەوە، ڕەخنەی لە ئاڤێستاناسەکانی فارس گرتبوو و زۆرتریشی دەربارەی ئەو ناوە جوگرافیایانەوەیە کە لە ئاڤێستا ناویان هاتووە و ئەمیش لەوێدا وەهای لە قەڵەم داوە، کە ئامۆشوکردنی زەڕەدەشت، لە ئۆرامیەوە (بەواتەی ئەو) بەرەو لوڕسـتـان، بەقـەراخ ڕووباری سـیـروانەوە، وەک ڕێگای هاتوچۆی، بووە و زرێبـاریش، بەدەریاچەیەکی پیـرۆزی دنیـای زیندووبوونەوە، چاوەڕوان دەکریٚ.

**سێیەم:** لەوە دەکات، کە سیـروان، لە دێرین دەمەوە، بەناوی ڕووباری (نەهرومەزدە = هورمـزدە)وە بووبیٚ و بۆیە زۆر نزیکە، کـە ناوی (هیلمـەند) لە (هیـرمـەندو) لە (هورمزد)ەوە هاتبیٚ.

**چوارەم:** ناوی (هەرەهەرەت = هەرەهەرات) کـە ناوی شـاخـێکی زۆر پیـرۆزی ناو ئاڤێستایە، لە هەورامانی (تەخت)دایە و ئا لەوێوە کانیاوێکی پاک و خاوێن لەوێوە هەڵدەقوڵیٚ و سەرپاکی باخەکانی (کەمالا)ی هەورامانی تەخت ئاو دەدات.

**پێنجەم:** وڵاتەکە، وڵاتی (ئاریانڤاچ)ەکانە، چونکە خەڵکەکەی دەوروبەری سیروان تا دەگاتە (هاموون) و تاوەکو سەرچاوەی (زرێبار) تا ئەمڕۆیش، بە(ڤاچەڤاچ) وتوویٚژ دەکـەن و لەوەش بەولاوە مـانەوەی ناوی (ئارێز)ە، کـە ناوچەی ئاریزانتەکانە. بەڵام فارسەکان، ئەم دەریاچەیە (بەلام وایە) دەبەنەوە،(*) بۆ (سیستان) و هەروەک لە ناوی دەریاچەی (قازانچیە = کیانسبیە)شدا،(**)

(*) تەماشای (یشتها ج ٢ - پورداود، ل - ٢٩٠).

(**) ئەم ناوە لە پالەویدا، بەم جۆرەی سەرەوە هاتووە، بەڵام لە ئاڤێستادا، بەشێوەی (کەنسەویە) هاتووە.



وەهایان کردووە و بردوویانەتەوە سیستان، بەوەی کە ناوەکە نەختیٚ لە پیتەکانی سیستانی تێدایە، ئەگەرهاتوو زانیمان ئەم ناوچەیە (قازانچیە = کیانسییە) وا لە ناوچەکانی (دەینەوەر) کە کەوتووەتە نێوان شاری ڕوانسەر و کرمانشان، لەسەر ڕێگای ماشینەوە (بەدەریاچە و ئاو و بەناوچەوە).

شایانی باسە، ئەم ئاوە، کە بەپیرۆز دەزانریٚ و بەتایبەتی بۆ دەمی ژیانەوە، بەناوی (زەڕڕیە)وە، هاتووە، کە ئەمەش بیٚ گومان (واتا و قەوارە)ی (زیٚ)ی پێوەیە، کە لە (زرێبار)دا، هەر ماوەتەوە.

لەمەولا، وا هەندیٚ ناوی ئەو شاخانە لە ڕووی جوگرافیاوە دیاریی دەکەین، کە لە ئاڤێستادا هاتوون و فارسەکان (بەلام وایە) دەیانبەنەوە ناوچەکانی سیستان و پارس.

## کۆی (هەرایتی = Haraity):

ناوی ئەم شاخە (کۆ)یە، لە ئاڤێستا بۆ چەند باریٚ هاتووە. ئەم شاخە بەکۆیەکی پیرۆز دەزانریٚ و بەپیرۆزترین شاخ سەرژمێر کراوە. لە (بەندەهشن)دا، وەها هاتووە، کە سەرێکی پردی (جینڤەت = سیرات) کەوتووەتە سەر ئەم شاخە هەرە بەرزەوە.

هەر لەبەر ئەوەی، کە ئەم جۆرە ناوونیشانانە، کە دەخرێنە ئەستۆی شاخی (هەرایتی)یەوە و چونکە، پیرۆزە و سەرێکی پردی (سراط = سیرات = جینڤەت)ی ها بەسەرەوە، بۆیە، ناوونیشانەکانی بەهەموو واتایەکەوە، ناوەڕۆکی دینییان هەیە و دەبیٚ بەو جۆرە ڕەویە و ڕەوشتیان لەگەڵدا بکریٚ.

شایانی باسە، ئەمڕۆ لە پشتی تارانەوە، یان با بڵێین تاران، پاڵی بەشاخێکەوە داوە کە پێی دەوتریٚ (البرز) - (دیارە ئەم وشەیەش، لە بنەڕەتدا (کوردی)یە نەک فارسیی، چونکە لای فارس لەبری (بەرز)، (بڵند) بەکار دەهێنیٚ) - وەهایان لە قەڵەم داوە، کە کەژی (هەرایتی) هەمان کێوی (البرز)ی پشتەوەی تارانە. بەڵام ئەم لێکدانەوە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە شاخی (البرز)ی تاران، بەرزترین شاخ نییە، بەڵکو شاخی (دەماوەند)ی نزیک بە(تاران) بەرزترین شاخی ئەو ناوچانایە.

ئەوجا، ئەگەر ئێمە، بمانەویٚ بەدوای ڕاستیدا بگەڕێین، دەبیٚ ئاگاداری جوگرافیای ناوچەکانی زاگرۆز و زنجیرەکانی شارەزا بین و هەروەها خۆمان شارەزای جوگرافیای ناوچەکانی ئێرانیش، بکەن.

ناوی شــاخی (هەرەهەرایتی = هەرەهەرات)، هەر بەهەمــان ناوەوە، لە هەورامــانی تەختدا هەر هەیە و هەر ماوە و قەلاّی هەورامان بەسەریەوە وەک شوێنەوار، هەر ماوە و کانییەکی زۆر ئاو فراوان، ئا لەوێدا، سەرچاوەی هەیە و بەئاوی ئەو کانییە باخەکانی (دێ)ی (کەمالاّ) و هەورامانی تەخت ئاو دەدرێن.

**شاخی (زەرێ دەزە = Zeredhaza):**

ئەم کێویشە، ناوی بەپیرۆزیی هاتووە و ئەو شاخە بەرزەیە (بەپێی ناوونیشانی لە زامیاد یەشتدا) سەرەکەی دیکەی پردی سیراتی کەوتووەتە سەر و بۆیە دەبێ لە بەرزیدا و لە پیرۆزییدا و بەرامبەری (هەرایتی) بێ.

ئەم ناوە، بەتەواوی ئاوەڵناوە و ئەو زنجیرە شاخەیە کە ناوچەکانی قەرەداخی لە ناوچەکانی سلێمانی جوێ کردووەتەوە و زۆر نەبێ بەلای کەمییەوە، هەمان ناوی هەڵگرتووە، کە (زەردەڵە = زەردەزە)یە.

لە (زامیاد یەشت)دا، ناوی شاخ و ڕووباری زۆر هاتووە و سەرپاکیان کەوتوونەتە ناوچەکانی زاگرۆزەوە و بۆیە ئا لێرەدا، بەهەنگاوێکی دیکە دەرگای دادەخەین و چونکە لەمە مەبەستمان دیاریکردنی (ئاریانڤاچ)ە.

**کۆی (ئەورڤەند = Aurvant):**

ئەم ناوە، وەک ئاوەڵناو دروست بووە و بەواتای (توندڕەو و تیژڕەو و تووش) هاتووە و لە کتێبی پالەوییدا، بەوشەی (اروند) لێکدراوە، یان پێی دەوترێ و ناودەبرێ. ئەم ناوە ئەمڕۆ بووە بە(ئەڵوەند) کە ناوی ناوچەیە و ناوی شاخە و ناوی ڕووبارێکە لە ناوچەی (ئەڵوەند) لە هەمەدانەوە، تا دەگاتە خانەقین و لەوێوە دەڕژێتە دیجلەوە.

**شاخی (ئەسنەوەند = Asnavant):**

ئەم شاخە، حاڵی حازریش هەمان ناوی پێوەیە و کە وەک زنجیرە شاخێک، شاخەکانی (سەبەلان)ی لای (تاران) – درێژ دەبێتەوە و تا دەگاتە تەورێز و ئا لەوێدا، بەتەواوی ناوەکەی هەڵگرتووە.



**کۆی مانۆش: دزاوەر.**

**کۆ و دێهاتی خاکستەر (کاشتەر):**

**شاخی (هوکەیریە = Hukairya):**

لە ئاڤێستادا (یەسنا، (٦٥) فەقەرە (٣) هاتووە و کە لووتکەیەکی زۆر بەرزە و ئا لەوێوە ڕووباری (اردویسور) کە بۆ خوارەوە بەبەرزاییی قەدی هەزار کەس هەیە، دەڕژێتە خوارەوە بۆ ناوی دەریای (فراخکرت).

پورداود، بەرزاییی ئەم لووتکەیە، بەبەرزی شاخی (البرز)ی پشتی تارانی لێک دەداتەوە و ئەمەش بوو بەماخولیانی ناو سەری من، کاتێ لە (تاران)دا بووم و بۆ چەند جار، بەمەبەستی سەیران بەرەو (البرز) و ناوچەکانی چووم و هەرچیم کرد، سۆراخی لووتکەی (هوکەریە) نەبوو، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، ئا لەو ناوچانەی تاراندا، بەرزترین لووتکە، لووتکەی (دەماوەند)ە، نەک لووتکەی (البرز)!

ئەوەی کە دەبێ بوترێ، ئەم ناوە، ئەگەر بە(لووتکە)، ئەگەر بە(شاخ و کێو) و ئەگەر بەناوچە کەوتووەتە ناوچەی (هەکاری)یەوە کوردستانی ژووروو ئەم بۆچوونەش، زۆرتری پێ دەوێ، تاوەکو بەتەواوی ڕوون بکرێتەوە (رام یەشت، ل (١٤٨)، فەقەرەی (١٥).

**شاخی خڤاترە:**

(کۆ = شاخ)ی (خڤاترە = Xváthra)، لە ئاڤێستادا زۆر جار هاتووە و بەشێوەیەک کە زۆر بەپیرۆزیی ناودەبرێ و هەمیشە بەڕێزەو ناوبراوە (یەشتەها، ل – ٢٠٨).

وەها، بەبیرەوە دەچێ (کە هەروەک لە ڤەندیداتدا هاتووە؛ کە زەڕەدەشت، چووەتە سەر کێوێکی پیرۆز و ئا لەوێ لەگەڵ خوادا گفتوگۆی کردووە) کە ئەم شاخە ئەوە بێ کە بەسەریەوە زەرەدەشت وتووێژی لەگەڵ ئەهرۆمەزدادا کردبێ، بۆیە، زۆر بەپیرۆز لە ئاڤێستا ناوبراوە.

بەم بۆنەیەوە، پێویست بەوە دەکات، کە هەندێ وێنەی هۆنراوەی یەکێ لە ئەندامانی چلتەنەی شاه سەهاک بخەینە بەرچاو بەو مەبەستەی کە هەمان ناو لە دێڕە هۆنراوەکەیدا هەیە، کە هەروەک ناوەکە، ناوی شاخ (جێگا) بێ، وەها بەدەستەوە دەدات.

بەهەرحاڵ (شەمام) کە یەکێکە کە دووەم کەسە، لە زنجیرەی چلتەنی شاه سەهاکدا

ساڵی (٦٦٣-٧٥٨) ژیاوە و مردووە. ئەم هۆنەرە لە ژێردەستی شاه سەهاکدا پێگەیشتووە و چووەتە ژێر ئالاّی دینیی ئەهلی هەققەوە و بەو بۆنەوە دەڵێ:

شاعیرمان دەڵێ:

نامێم بێ میزان،........
نە قوللەی دەمام، نامێم بێ میزان
دوویەم حەلقە بیم، نە دیجلەی نیهان
دایرەی زنجیر پەیوەندم جە کان
چاگا نە **خواستەر** ئەزیچ بیم پاسبان
چەوگا وار نامان، قەدەم پەی دوکان
جە مەودای ئەنگوشت، ئازیزی کیانان
گرد ئامایین نەچین، چل نەیەک دیوان
حاڵ نە پردیوەر، مەدەریم بەیان
جە بالاّی سەنگێ، مەکەریم جەولان
گرتەنمان نەی فەرش، دزاوەر مەکان
جە ئی مەکانە مەدەریم پەیغام

## شاخی مانۆش:

لە فەرهەنگەکانی فارسیدا، وەها هاتووە، کە ناوی شاخێکە و بەسەر پۆپەی ئەوەوە (مەنوچەر)ی پێشدادی لە دایکبووە و گوایا مێژوونووسان، هۆی ئەو لە دایکبوونەی مەنوچەر دەبەنەوە بۆ ئەوە، گوایا ژنەکەی (ئێرەج) لەترسی ئەوەی کە بگیرێ و بەئەسیر ببرێ لە بالاّ و پۆپەی ئەو شاخەوە خۆی شاردووەتەوە و ئا لەوێ لە دایکبووە و بۆیە (مەنوچەر) بەو ناوەوە ناونراوە!

لە فەسلّی دوانزەی (بەندەهشەن)دا، وەها هاتووە کە شاخی (زەردەز) و (مانۆش) وەک زنجیرە شاخی گەورە و بەرز بەدوای یەکتریەوەن ئەمەش وەها دەردەکەوێ کە نزیکی یەکتریی بن، ئەوجا ئەو نزیکبوونە، هەر جۆرێ ببێ!!

بەپێی ناوەڕۆکی هۆنراوەی ئەهلی هەقق، یەکێ لە چلتەنی دەمی شێخ سەهاک وەهامان بۆ دەردەخات، کە (مەنۆش = مانۆش) ناوی شاخێکە، کەوتووەتە ناوچەی دززاوەرەوە



(هەورامانی لهۆن) و ئەمەش چەند دێڕە هۆنراوەن **(هەورام کوڕی مەردان، بەنازناوی (قەندیل) دەڵێ:**

نامێما مەنۆش،...
نە قوللەی هەرە بەرز، نامێما مەنۆش
نۆزدەم حەلقەم، نە دیجلەی چوار گۆش
بەندی زەنجیر بیم، نەیانە شیدۆش
ئەرێ مایەنان، پەرێ گردین شێر
ئیسامەسۆچم، وێنەی شەم و هێر
ئەز کلیلەنان، نە جامی جەزیر
جەی سەنگ نیامان، بەزمی بێ نەزیر
کۆگای سیڕەنان، پەرێ گردین پیر
حالاّنەی دەورە، نامێما قەندیر
دزاوەرمانەن، مایەی شادی و سویر
پەرێ کەشفی زێڵ، شام بی وەدەستگیر
ئاومان واردەن، مایەی گرد هەمیر
چەمەش شادیەن، وەشەن چون عەبیر
نەنۆشان ئەو کەس، خامی دین فەتیر.

(مێژووی وێژەی کوردی - بۆرەکەیی، ل - ٣٥٤).

## بەشی چوارەم:

### بەسەرکردنەوەی هەنگاوەکانی ئەدەبی کوردیی شێوەی هەورامان:

پاش ئەوەی کە چەند هۆیەکی سەرەکیمان خستە بەردەست، کە هۆی مانەوە و درێژەکێشانی شێوەزمانی کوردیی ناوچەکانی هەورامانن (وەک زمانی هۆنراوە و هەڵبەست) تاوەکو ئەم نزیکانەش، کە وەک پیرۆزیی شێوەزمانەکە، لەسەر ئەو پەیڕەوەی کە ئەم شێوەزمانە، هەر لە دێری دێرینەوە، زمانی دینیی هۆزەکانی (ماد) و دەوڵەتی (ماد) و ئەو نەتەوە ئێرانییانەی کە لە چوارچێوەی فەرمانڕەوایی (ماد)دا بوون.

لەبەر ئەوە، وەک هەنگاوی یەکەم – (بەسەرکردنەوەکە) – بەپێویست دەزانرێ، کە لەم بوارەدا، وەک وێنە و نموونەی هەنگاوی سەرەتایی، دوو پارچە هۆنراوە و هەڵبەستی (گات)ەکان، کە زمانی زەڕەدەشت خۆینی، بخەینە بەردەمی دەمەتەقێو و لەم گۆڕەپانەدا، تێبکۆشین لە پێناوی بەسەرکردنەوەی کەرەستە زمانەکەی ناو دوو پارچە هۆنراوەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ هاوشانی (هاوشانیاندا) لە ناو شێوەزمانی کوردییدا (بەسەرپاکی تەواوی شێوەزارەکانیەوە)، بەمەبەستی گەیشتنە ئاواتی هێنانەدیی ئاواتی ناسین و زانینی وێکچوون و جیاوازیی و پێوانەی ماوەی مێژوویی بەسەرهاتی ئەو کەرەسە زمانە و توانای بەرگەگرتنی هەندێکی دیکەی هەر لەو کەرەسەزمانەی ناو ئەو زمانە دێرینە.

بەبیروڕای ئێمە؛ ئەم جۆرە ناسینە، ئەم جۆرە پشکنینە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بتوانین، شناسنامەی زمان و ئەدەب و بەسەرهاتی مێژوویی خۆمان ڕۆشن بکەینەوە.

لەم وێنەیە (پشکنین و بەسەرکردنەوەی هەڵبەستەکانی ناو ئاڤێستا) مامۆستای نەمر (علاءالدین سجادی)، بەرهەمی (دەقەکانی ئەدەبی کوردی) نووسینی و بێ گومان ئەو بۆچوونەی مامۆستای نەمرە، جێگای ڕێز و نەمرییە و ئەگەرچی ئەم کارەی لە لایەن ئەو کەسانەی کە لەسەر مێزەوە دەیاننەویست، کە ڕێزمانی زمانی، عارەبی، یان فارسیی، بەزۆر بەسەر ڕێزمان و ڕێڕەوی کوردییدا. بسەپێنن، جێگای لۆمە بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە هەنگاوێکی ئازایانە و چاونەترسانە و زیرەکانە بوو و هەروەهاش هاندان بوو، بۆ دەرگا خستنە سەرپشت بۆ پشکێنەر و بۆ پشکنین لەو گۆڕەپانەدا.

ئەوەی کە بەڕێزی ئا لەوێدا (دەقەکانی ئەدەبی کوردیی) خستبوویە بەردەمی خوێنەران، بریتی بوو لە دەقەکانی ناو ئاڤێستا، کە زۆربەی زۆریان هەڵبەستەی دەمی ساسانییەکانن



و ئەم دوو پارچەیەی، کە ئێمە ئەمڕۆ دەمی باسمان لەسەریەتی زمانی (ناو گات) زەڕەدەشت خوێنی!

دەبێ ئەوە لە بەرچاو بێ، کە هەنگاوی، زۆر تاریک بەرچاو دەکەوێ، چونکە بەدوادا گەڕان و ڕۆشنکردنەوەی لە تەتەڵەدانی و بەراوردکردنی لەگەڵ هاوشانیدا، لە کوردیی ئەمڕۆدا، پێویستی، بەدڵسۆزیی و بەپشکێنەر و زانا و دڵسۆزی کورد و ڕاستەرە و بەپێویستی بەزماناناس و پێویستی بەپارەیەکی زۆر هەیە. بەشێوەیەکی ڕۆشنتر ئەو پارەیە و ئەو خەرجە، کە بۆ (ئەکادیمی کۆڕی زانیاری کوردستان) کراوە و (کوڕ و ناوی زانا و دانا و کارنەکەر و گۆڤاری زەرد و بێ پێز و بێ ناوەڕۆک) توانای ئەوەی هەیە، کە بەرهەمە ئەدەبییەکان و هۆنەرییەکان دەمی فەرمانڕەوایی (ماد)ەکان، کە لە لایەن پزیشکی دەمی(*) (داریوش)ی هەخامەنشی – کە نزیکەی شانزدە کتێبی دەربارەی هونەر و ئەدەبیاتی دەمی (ماد)ەوە نووسیوە، وەربگێڕنە سەر زمانی کوردیی و زمان و ئەدەب و هونەری کوردیی ڕەسەن، ڕۆشن بکەنەوە و دەوڵەمەندی بکەنەوە.

بەهەرحاڵ، ئەم هەنگاوە، هەنگاوی یەکەم هەروەک وتمان، زۆر تاریکە و درێژخایەنە و بەلای کەمییەوە درێژی تەمەنی، تاوەکو سەردەمی هاتنی ئیسلام دوو هەزار ساڵێ (بەلای کەمییەوە) دەگرێتەوە و ئەم بۆچوونەی ئێمەیش، (گوتە فڕێدان) نییە، بەڵکو پڕ بەپڕی هۆ و پاڵپشت بەدەستەوە دەدەن!

وێنەی هۆنراوەی سەرەتای هاتنی ئیسلامیش، زۆر بەدەستەوە نین و بەڵام ئەو کەمانەش، کە هەن، توانای ڕۆشنکردنەوەی ڕێزمانیان هەیە و شناسنامەی زمان دیاریی دەکەن. لەبەر ئەمەی سەرەوە هەنگاوی دووەم، لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە تاوەکو دەورەی (شاە موبارەک) دەگرێتەوە لەم جۆرە وێنە و نموونانە کە زادەی ئەم هەنگاوی دووەمە بگەڕێتەوە هەندێکیان جێگای باوەڕن، چونکە بەرگ و پۆشاکی ڕێزمانیان پێوەیە و هەندێکی کەیشیان هەروەک لە دەست هەڵبەست بکەن، وەها خۆیان پیشان دەدەن.

(*) بەڕێز (کتسیاس)، پزیشکی دەمی داریۆش هەخامەنشی بووە و لە کاخی ئەودا، پزیشکی تایبەتی ئەو خانەوادە و دەست و پێی بووە و ئا لەوێدا، شان بەشانی پزیشکییەکەی مێژووی (ماد) و نووسیوە و نزیکەی شانزدە کتێبێکیشی دەربارەی هونەر و ئەدەبیاتی (ما)ەوە نووسیوە و تا ئێستەش نە بۆ فارسی وەرگێڕدراوە و نە بۆ زمانی کوردیی! فارسەکان، بۆیە نایانەوێ بیکەن بەفارسی، چونکە مێژووی دێرینیان هەڵدەوەشێنێتەوە.

(ه.)

بەپێچەوانەی هەنگاوەکانی پێشوو، ئەم هەنگاوە، کە وەک سێیەم لە قەڵەم دەدرێ، واتە لە (شاه موبارەک)ەوە دەستپێدەکات و تاوەکو دەگاتە دەورەی شاه سەهاک، تا بڵێیت وێنەی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگی زۆرمان بەدەستەوە هەیە کە سەرپاکی ناوچەکانی کوردستانیان گرتووەتەوە.

**هەنگاوی یەکەم:**

**لێکدانەوەی دوو پارچە هۆنراوەی ئاڤێستا (گاتەکان)**

**پارچە شیعرێکی (گات)، کە (٨) بە(٧) بڕگەییە و دێڕێکی تەواو دەکاتە پانزە بڕگە:**

| | |
|---|---|
| THR´AYAH HATHYAM RTAVANAH | ثرایە هەثیەم رتەڤەنە |
| ´AFR´I - VACHAHAH ZAVAN TI | ئافریڤەچەهە زەڤەنتی |
| G´AU´S - ´CA ASPAS - ´CA HAUMAS - ´CA | گاوشچە ئەسپەسچە هەومەسچە |
| G´AU´S ZAUTARAM ZAVATI | گاوش زەوتەرەم زەڤەتی |
| UTA BUY´AH AFRAZANTI´S | ئوتە بویا ئەفرەزەنتیش |
| UTA DAU´S - SRAV´AH HA´CAMNA | ئوتە دەوش ـ سرەڤاه هەچەمنە |
| YAH M´AM HV´ASTAM NA - IT BAX´SAHAI | یە مام هڤاستەم نەیت بەخششەی |
| ´AT M´AM TUVAM F´SAUNAYAHAI | ئات مام توڤەم فشەونەیەی |
| NARY´AH V´A PUTHRAHYA V´A | نەریا ڤا پوثرەیە ڤا |
| HUVAY´AH V´A MAR´SUY´AH | هوڤەیاه ڤا مەرشویاه |
| ASPAH BART´ARAM ZAVATI | ئەسپەه بەرتارەم زەڤەتی |
| M´A BUY´AH ARVAT´AM YUXT´A | ما بویاه ئەرڤەتام یوختا |
| M´A ARVAT´AM ABI´SAST´A | ما ئەرڤەتام ئەبیشەستا |
| M´A ARVAT´AM NITHAXT´A | ما ئەرڤەتام نیثەختا |
| YAH M´AM Z´AVAR NA - IT ´JADYAHI | یە مام زاڤەر نەیت جەدیەی |
| PARUMATI HANJAMANAI | پەرومەتی هەنجە مەنەی |
| PARU - NARAY´AH KAR´SUY´AH | پەرو نەرەیاه کەرشویاه |



**تێبینی:**

لە لاپەڕە (110)ی (زمانی ئاڤێستای سۆکۆلۆڤ) وەرگیراوە و ئەمیش لەو ئاڤێستا دەستنووسە دێرینەی (میهرەبان کەیخەسرەو) وەریگرتووە، کە حاڵی حازر وا لە کۆپنهاگن و بەپارچەی (78) ناسراوە و ناوونیشانەکەی بەم جۆرەیە:

“K-5 of the Library of the Copenhagen University”

لێکدانەوەی هەندێ وشەی ناو ئەم هۆنراوەیە:

– **(ثرایە) = (**THRAYAH**):** ئەم وشەیە، بەم جۆرەش دەخوێنرێتەوە (ترایە = tr´ayah). ئەم وشەیە لە ئینگلیزیدا بەواتای (three) دێ و لە ئەڵمانیادا (drei = درای). لە کوردیدا بەواتای (یەرێ، هێرێ، سێ، سێیە) دێت.

– **(هەثیەم) = (**HATHYAM**):** لە ئینگلیزیدا، بۆ هاوواتای ئەم وشەیە (تروولی = truly)یە و لە ئەڵمانیدا دەبێ بە(وار = wahr) و لە کوردیدا بەواتای (ڕاستیی، هەس، ڕاستەقینە، نەشارراوەیە، لە بەرچاوە، دێتە بەرەوە، وا لەبەردا، وەستاوە، ڕاستەقینەن، نەشارراوەن، لە بەرچاون، دێنە بەرەوە، وان لەبەردا، وەستاون، هەسن، هەستن، هەن،... هتد).

ئەم وشەیە و ئەوەی سەرەوە، دەبێ بە(سیان هەستن)، (سیان هەن)، (سیانی وا لە بەردەمدا)، (سیان ڕاستی)، (سیانی ئاشکران)...

– **(رتە – ڤەن – ه) = (**RTA - VAN - AS**):** تەماشای ئەم وشەیە، کە سێ بڕگەیە، لە ڕووی واتاوە، هەروەها لە ڕووی ئاوازیشەوە و لە ڕووی واتاوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

– (رتە = RTA) بەواتای ڕاستیی، دادیی، ڕاستەقینە (وەک ناو) و پاشبەندەکانی دیکە، کە بەستراون، بەپاشکۆیەوە، وشە ناوەکە بۆ ئاوەڵناو دەگۆڕن و ئەم جۆرە ئاوەڵناوە، زۆرتر لێرەدا بەلای دینییدا، ڕادەکێشێ. کەوا بوو وشەکە بەهەموویەوە، بەواتای (ڕاست، ڕەوان، لە بەرچاو، ئاشکرا، هەست، هەستاو،...) دێ.

– **(ئافریڤە چە) = (**´A - FR´I - VACH AS - AS**):** ئەم وشە ناساکارە، لە ئینگلیزییدا، بەواتای: (to experience gratification) دێ. کە بەرامبەری لە کوردییدا (ئافەرین، دەسخۆش) و شایەنی باسە، (دەسخۆش و ئافەرین) بۆ کاری باش و بۆ هی خراپیش بەکار دێت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا، (هاندانە).

– **(ڤەچە = VACH - AS):** ئەم وشەیە، بەواتای (گوتن، وتن، ڤاچەڤاچ، ڤاچ، واچ، ڤەچ، وەچ، واتەی، ڤاتەی، وشە، وێژە، گۆتە، ئاخافاتن، ئاخاوتن، ئاخافتن،...) دێت و لە ئینگلیزیدا دەکاتە (سپیچ = speech) و لە ئەڵمانیدا (شپراخە = Sprache)یە.

ئەم وشەیە، بنەڕەتی زمانی ئاڤێستایە و زمانی ڕەسەنی ئاریان ڤاچەکان و چاوگی (ڤەچ) و ئەمەش لە (ڤەک = ڤک = VK)ەوە وەک ڕیشە دروست بووە.

– **(زەڤەنتی = ZAV - A - NTI):** ڕیشەی ئەم وشەیە (زڤ = ZV)ە و ڕانەبوردووەکەی (زەڤە = ZAVA)یە و ناوەڕۆکی واتایی ئەم وشەیە (چڕینی) تیادایە، یان بەواتای؛ (دەئاخەفێ، بانگ دەکات، گاز دەکات، دەدوێ، بەسەر زاریەوەتی، دەڤ، دەمەدەم، ژاوەژاو،...). لێرەدا (زەڤەنتی) بۆ کەسی سێیەمی (کۆیە).

– **(گاوش = G´AU - S):** (گاو) بەواتای (گا، گاو) وەک جینس دێ هەروەها بەواتای (چیل)یش دێ و لە ئینگلیزیدا دەکاتە (بوڵ = bull) و لە ئەڵمانیدا دەبێ بە(بوڵێ = Bulle) و لە ئینگلیزیی و لە ئەڵمانیشدا، وشەی کاوو (cow) و (کوهـ = Kuh) هەن.

بۆ بەرامبەری ئەم وشەیە، لە فارسی نوێدا (گاڤ = gáv)ە و لە هیندی کۆنیشدا (گاوس = gáus)ە.

– **پاشبەندی (– چە = cha):** ئامرازی لکاوی (عطف = پێوەنووسان) ڕیزەکییە (وەک بڵێیت؛ (شل و نەرم **و** گەرم) یاخود بڵێیت (نەرمو گەرمو شل) = ئامرازی لکاوی پەیوەند (پەیوەست).

لە کوردیی ئەمڕۆدا پاشبەندی (–یش) و – یچ) هەن وەک هەمان پاشبەندی لکاوی پەیوەست و بۆ وێنە دەوترێ:

(ئەمیش و ئەویش با هەردوو بڕۆن)، یان (با هەردوێ ئیدیچ و ئادیچ بابەیا). یان: (ئیدیچە و ئادیچە، با هەرمانە بکەرانێ!).

– **(ئەسپە = ASPA):** بەواتای (ئەسپ) دێ کە لە ئینگلیزیدا دەکاتە (ستید = steed)، یاخود (هۆرس = horse) و لە ئەڵمانیدا دەبێ بە(پفێرد = Peferd).

شایانی باسە، (ئەسپە = aspa) بەواتای (ئەسپ = نێر) دێ و بۆ (مایین) وەک (مێ) (ئەسپا = aspá)یە، واتە نیشانەی (مێ)ی چووە سەر، یان پاشبەندیەوە.



– **(هەومە = هۆمە = HAUMA):** ئەمە ناوی گیایەکی پیرۆزە لە لای زەڕەدەشتیان و حاڵی حازر لە هەورامانداا، هەیە و ئەمڕۆ، هەورامییەکان ناوی بە(هەرەبەنگ) ناو دەبەن، لە هیندی کۆندا (سۆمە = soma)ی پێ دەوترێ.

قەدی وشەکە (هومە) بریتییە لە (هو = -HU)، کە بەواتای (گوشین، فشارای). ئەم گیایە، لە لایەن ئاریان ڤاچەکانەوە، بەگیاییێکی پیرۆز دەناسرێ و لەبەر ئەوە لە دینی زەڕەدەشتیدا، وەک (مەی) خوایی تەماشا دەکرێ، بۆیە لە هاوەندا دەکوترێ و دەگوشرێ و ئاوەکەی شەرابی خواردنەوەی ئەو زەڕەدەشتیانەیە، کە لە کاتی سروود خوێندنەوەدا، دەچنە حاڵەوە. ئەمڕۆ لە هەورامان دا، بەو گیایە (هەرەبەنگ) دەوترێ.

**(زەوتەر = ZAUTAR):** ئەم وشەیە، لە قەدی (زەڤ = ZAV)ەوە دروست بووە، واتە بەم جۆرە؛ (زەڤ + تەر = ZAV + TAR) و ئەم پاشبەندیشە، تایبەتییە لێرەدا، بەناوی (کارا)وە لە هیندی کۆندا (هۆتەر = hotar)ە، کە لە ئینگلیزیدا بەواتای (کۆڵینگ = calling) دێ و لە کوردییدا، دەبێ بە(چڕەو = بانگکەر). ئەمە تایبەتییە بەڕابەری دینیی زەڕەدەشتییەوە (ماگ) و ئەمڕۆیش من وەهای بۆ دەڕۆم کە وشەی (مەلا) هەر سواوی وشەی (ماگ)ە.

(فرمان)ی کەسی سێیەمی تاکی ئەم قەدەی سەرەوە دەبێ بە(زەڤەتی = ZAVATI)، کە بەواتای (دەچڕێ، بانگ دەکات، گاز دەکات،...).

**(ئوتە = UTA):** ئەم وشەیە (ئامرازە) ئامرازی (پەیوەست = پەیوەندە). ئەمە لە ئینگلیزیدا بەرامبەری (ئەند = and)ە و لە کوردیدا (و).

تەماشای ئەم ئامرازی پەیوەستە (ئوتە = Uta) کە چۆن بەکار هاتووە:

“uta nmanam uta visam uta zantum”

واتاکەی بەم جۆرەیە: (**و** خێزان **و** هۆز **و** قەبیلە). یان (**وە** خێزان **وە** هۆز **وە** نەڤە).

**(بوویا = BUY´A):** ڕیشەی ئەم وشەیە (بوە = Bua)یە، ئەمە، کاری (ڤێرب توبی = to be)یە، ئا لێرەدا، ئەم وشەیەی سەرەوە، بەواتای (دەبێ) دێت و لە ئینگلیزیدا دەبێ بە (to become) = (تو بیکەم)، لە کوردییدا، هەروەک خۆی ماوەتەوە.

**(ئە – فرەزەنتی = A - FRA - ZAN - TI):** قەدی وشەکە، بریتییە لە (زن = zn) یان (زنە = zna). وشەکەی سەرەوە، پێشبەند و پاشبەندی بەجارێک وەرگرتووە.

پێشبەندی پێشەوەی کە (ئـ = A)یە، ئامرازی نەرێیە (نەفی).

بەشە سەرەکییەکەی ئەم وشەیە، (فرە زەنتی = FRA - ZAN - TI)یە، کە پاشبەندەکانیشی پێوەیە (یان لێکدراوە وەک (ئاوەڵناو و قەدی کار) ئەنجامی واتاکەشی دەبێ بە(فرزەند) یان (بەچە، منداڵ، زارۆ، زایند،...).

ئەمە و لەگەڵ پێشبەندەکەیدا، بەهەموو بەشەکانەوە بەواتای (ئۆچاخکوێر، بێ مناڵ، بێ فرزەند، بێ بەچە،...) دێت.

**(دەوەش سرەڤەه = DAU´S - SRAVAH):** وشەکە ناساکارە (لێکدراوە لە دوو وشەی سەرە). ڕیشەی بەشی دووەمی (سرو = SRU)ە. وشەی (سرەڤە = SRA-VAH)، بەواتای (سروە)ی کوردیی دێ، هەروەها بەواتای (دەنگ، وشە، گۆ، شۆرەت) دێ. بەشی یەکەمی وشە لێکدراوەکە، کە وەک (قەد)ەکەی (دوش = DU´S)ە، بەواتای (ناجۆر، نارەوا، نائاسایی، نارەوا، نابرەو، ناسانا،...) دێ.

بەم پێیە، دەبێ بڵێین، واتای وشە ناساکارەکە، دەبێ بە(ناووچاوی خراپ، ناوبانگ خراپ، ناوبانگ نانەڕەوا. ناووچاوی ترش، ناووچاوی تاڵ). لە کوردییدا.

**(هەچەمنە = HACH - A - MNA):** ئەم وشە ناساکارە، بەواتای (شوێن دەکەوێ، دەکەوێتە دوا، بەدوادا دەڕوا، گوێڕایەڵە، گوێگرە،...) دێ. قەدی ڕانەبوردووی (هەچە = HACHA)یە، کە بەواتای (دۆستایەتی دەکات، هاوڕێیەتی دەکات، بەگوێ دەکات،...) دێ.

(مام = M´AM):

(مام) ڕاناوی نەلکاوە و بەواتای (من) دێ.

ڕاناوی نەلکاوی دیکەشمان هەن، وەک (ئەزەم = AZAM) کە بەواتای (ئەز) دێ و هەروەها ڕاناوی نەلکاوی (توڤەم = TUVAM)، کە بەواتای (تۆ) دێ.

**(هڤاستەم = HV´ASTAM):** بەواتای ڕووالەتی، (هەوەس؛ هەست؛ حەز (دەجووڵێنێ)، یان (دەم ئاو دەکات)، یان: بەدەم دەستەوە دەخورێ، شەهییەکەرەوەیە)، یان؛ چێشتێ، یان؛ گۆشتێ، بەهارات بکرێ و یەکێکیش بۆنی هەڵمی چێشتەکە دێ بەسەریدا، کە زۆر بۆنەکەی خۆشە، دەڵێت، شەهییەکەرەوەیە). کە بەئینگلیزیی



(سپایست = spiced) دەگرێتەوە و دیسان لە کوردیشدا (باش کوڵاوە) دەگرێتە خۆی.

شایانی باسە، لێرەدا، پارچەکە دینییە و وتەکەش توێکڵدارە.

لە (ڤەندیدات)دا، ئەم وێنەیە هەیە و بەلایەنی کەمەوە، وەک ئەم وێنەیەی سەرەوەیە و دەڵێ:

“gam´ca // xvástam anápam, yaom´ca a´sam anápam, madu´ca anápam”

واتاکەی بەکورتیی:

- (گەم + چە // حڤاستەم ئەن - ئاپەم = گۆشت باش دەکوڵێنرێ بەبێ ئاو)
- (یەوم + چە // ئەشەم ئەن - ئاپەم = جارەجۆ (یەو) بەبێ ئاوە)
- (مەذو + چە // ئەن - ئاپەم = شەرابیش بەبێ ئاو)

(ئەمە لە پەراوێزی - سۆکۆلۆڤ؛ vd. 5.52)

**(نە - یتی = NA - TI):** ئامرازی (نەرێ = نەفی)یە.

ئەمەی خوارەوە ڕستەیەکە، بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازی (نەرێ)یە.

“NA - IT // aotam ´AHA, NA - IT // garmam NA - IT zaurva ´AHA, NA - IT marayus” (Y. 9, 5)

ئاوازەکەی و واتاکەی بەم جۆرەیە:

(نەیت ئەوتەم ئاهە = نە ساردە)

(نەیت گەرمەم = نە گەرمە)یشە

(نەیت زەورڤە ئاهە = نە جەور خواردووە (پیر)

(نەیت مەریوش = نە مردوو)یش.

**(بەخشەیی = BAX´SAHAI):** قەدی (ڕیشە) ئەم وشەیە (بەگە = BAGA)یە، کە بەواتای (بەش) دێ، بەشی ئاسایی نییە. بەڵکو بەشێکە، کە خوا دەیدا، وەک بڵێیت؛ (بەخششی خودا)، بەشی خوا، خوداداو یان خواپێداو).

**(ئات = AT´):** ئەمیش ئامرازی پەیوەندە و ڕستەی نوێ پێشکەش دەکات، وەک بڵێیت: (وە، لێرەدا، لەوێدا، ئالێرە، ئالەوێ، ئەوجا،...).

(توڤەم = TUVAM): ئەمە ڕاناوی نەلکاوییە، بۆ کەسی دووەم، کە لە کوردییدا، بەرامبەری (تو، تۆ)یە.

لە گاتەکانەوە، بەرەو ئاڤێستای ساسانی ئەم ڕاناوە هەنگاوی بەم جۆرە ناوە:

(توڤەم = tuvam) ـــــ (تووم = túm) ـــــ (تو = tu). واتە؛ بەرە بەرە پاشبەندەکانی بەرەو سوان چوون.

**(فشەونەیەهەی = F´SAUNAYAHAI):** قەدی وشەکە (پەزو = PASU)یە، کە بەواتای(کاتڵ)ی ئینگلیزیی دێ و لە کوردیشدا، دەبێ بە(مەڕومالاّت=گەلەمەڕومالاّت = ڕانەمەڕوولاّخ)=(ڕانەپەز). بەپێی جۆری بەکارهێنان، شێوەی قەدەکە دەگۆڕدرێ، بۆ وێنە:

- (پەزو = pasu) بەواتای (ڕان، گەلە) دێ.
- (فشویە = F´SU - YA) بەواتای (چوونەڕان، کردنەڕانەوە) دێ.
- (فشەونی = F´SAU - NI) بەواتای (قەڵەو، چاخ) دێ.
- (فشەونەیە = F´SAUNAYA) بەواتای (بەخێوکردنی مەڕومالاّت) دێ.

**(ناریا = N´ARY´AS):** قەدی ئەم وشەیە (نەر = NAR)ە و بەواتای (نێر = پیاو = مەرد) دێ لەم قەدەوە، وشەی (ناریی = N´AR´I) دروستکراوە، کە بەواتای (ژن) دێ.

ئالێرەدا، نیشانەی (نێر و مێ)مان بۆ دەردەکەوێ و ئەویش بەپێی جۆری ناوەکە کەوتووە و ناوی وەها هەیە (نێرە) بەڵام مێی نییە و هی وەهاش هەیە نە نێرە و نە مێیە و هی وەهاش (هەن) کە بەهۆی پاشبەندەوە، لە نێرەوە دەبێ بە(مێ).

پاشبەندی (ئا = A´) بۆ مێیە، بۆ وێنە، وشەی (ئەسپە = aspa) بۆ نێرە و واتە بۆ وشەی (ئەسپ) لە کوردییدا و بەڵام بۆ وشەی (ماین = مێ) وشەکە پاشبەندەکەی بەرزتر دەبێتەوە وشەکە دەکات بە(ئەسپا = aspá).

هەروەها و لە لایەکی دیکەوە وشەی (بومی = bumí) خۆی (مێیە) و بەڵام نێری نییە و ئالێرەشدا، پاشبەندێکی دیکەی مێیینەیان بۆ دەرکەوت و کە ئەویش (یی = í)یە.

ئالێرەشدا، وشەی (نەر = nar)مان بۆ (نێر) = (پیاو) = (مەرد) هەیە و (نارِیی = nárí) بەو نیشانانەی کە هەیەتی(ئا = á، یی = í) بووە بە(مێ)یان بەواتای (ژن) دێ.

**(ڤا = V´A):** ئەم وشەیە، ئامرازی پەیوەستە و بەواتای (یا، یان، یاخود، یام،...) دێ. لە کوردیدا و بەواتای (or)ی ئینگلیزیی دێ.



هەروەک لە سەرەوە وتمان، لە زمانی ئاڤێستادا، چەند ئامرازێ هەن، کاریان پەیوەستکردنە، یان پەیوەندکردنە و ئەوانەش، وەک (چە = cha) کە بەواتای (و) هاتووە و ئەم ئامرازەش، شێوەی پاشبەند وەردەگرێ و هەروەها، وەک ئەم ئامرازەی سەرەوە (ڤا = vá) کە بەواتای (یان، یاخود،...) دێ.

یان ئامرازی پەیوەستی وەک (ئوتە = uta)، کە ئەمیش هەر بەواتای (و) دێ لە کوردیی ئەمڕۆدا، لەگەڵ جیاوازیی ڕستەسازیی.

(پوثرە = PUTHRA): ئەم وشەیە، بەواتای (کوڕ) دێ و بەرامبەری لە ئینگلیزیدا دەکاتە (سۆن = son).

وشەی (پور) بۆ بەدەستەوەدانی واتای کوڕ، لە شیعری کوردیدا بەکارهاتووە و لە لایەن خەڵکی لوڕستانەوە و سەرانسەری هەمان وشە بۆ هەمان واتا بەکار دێت.

**(هەڤە = HAVA):** ئەمە ڕاناوی ئاماژەیە و بۆ نزیک بەکار دەهێنرێت و ئەم جۆرە ڕووالەتە پەیوەندیی بە(کارا)، یان بۆ (مبتدأ)وە هەیە. ئەمانە هەندێ لەوانەن:

- (- ئە = A -) بۆ ناو، تاک، نێر، کارا (ئەیەم = A - YAM).
- (ئا = A´ -) و (- یی = I´) بۆ (مێ)ی تاک، ناو، کارا(ئییام = I´ - Y´AM).

بۆ هەمان دۆخەکانی سەرەوە:

- (هە = HA) بۆ نێر، (تە = TA) بۆ نێر.
- (ها = H´A) بۆ مێ، (تا = T´A) بۆ مێ.
- (ئەیتە = AITA)، (ئەیشە = AI´SA) بۆ نێر.
- (ئەیتا = AIT´A)، (ئەیشا = AI´S´A) بۆ مێ.
- (ئیمە = IMA) بۆ نێر.
- (ئیما = IM´A) بۆ مێ.

هەروەها ئەمانەش کە پەیوەندیی بەوەی سەرەوەی ئێمەوە هەیە (ئەنە = ANA) و (هەڤە = HAVA) بۆ نێرن و کەسەکەش وەک ئەوەی سەرەوەیە.

**(مەرشویا = MAR´SUY´A):** قەدی ئەم وشەیە (مەرشو = MAR´SU) یان (مەرشڤی = MAR´SV´I)یە، کە بەواتای (ڕەحم)، یان (ئاسمانەی دەم) مەلاّشو دێت، یان (منالّدان) دێت.

بەهۆی لکاندنی پاشبەندی جۆراو، بەپێی جۆر و جێگای بەکار هاوردنی ئەو ناوە تا ڕادەیەک ئاڵۆزییەکی تێدایە و بەڵام هەڵسوکەوت لەگەڵ زماندا و شیکردنەوەی ڕێگای ڕێزمانی، دەبێ هەروەها ئاڵۆز بێ و لەگەڵ ئەوەشدا، وا وشەی (تەنوش = TANU´S) وەردەگرین و لە حاڵەت و دۆخەکانی بەکارهێنانیدا، هەندێ پاشبەندی جیاواز دەردەکەون و ئەمانەش وەک:

- (تەنوش = TANU´S)، بۆ کەسی یەکەمی تاک لە دۆخی (کارا)دا (بەواتای، لاشە، تەن) دێ.
- (تەنوڤەم = TANUVAM): بۆ کەسی یەکەمی تاک لە دۆخی (بەرکار)دا.
- (تەنوڤە = TANUVA): بۆ کەسی یەکەمی تاک لە دۆخی (جڕدا، مضاف الیه)دا.

واتای هۆنراوەکە دێڕ بەدێڕ:

سێ ڕاستیی هەن؛
یەکێ دەهێننەوە دەنگ
گا و ئەسپ و هەوم
گا نەعلەت دەکات،
لەوانەیە ئۆجاخکوێر بێت،
لەوانەیە ناوبانگی خراپ بێت،
من لەو باشکولاوە (بەخشیشی خوایە) نەبوو بەشم
ئا لێرەدا، من تۆ ئەلەوەڕێنین بۆ
پیاوان و کوڕان و
خۆراکی سکی خۆتان،
ئەسپ سواری نەعلەت دەکات
ناکەیت، لەوانەیە، ئاوەزەنگی توندکردنەوە
نەبێت، سواریی
نەبێت، تەنگی غار بهێنی
بەڵام، بۆ زۆرم نەتکردووە پرس
پێش کۆبوونەوەی ئەو خەڵکەوە
کە لە وڵاتی زۆر قەرەباڵغەوەن.



تێبینی: خوێنەری بەڕێز، بۆی هەیە بەپێی ڕستەسازیی کوردیی، ڕستەکان سەرلەنوێ بڕازێنێتەوە.

**(زاڤەر =** Z´AVAR**):** ئەم وشەیە وەک ناو بەواتای (زۆر) دێت، کە بەرامبەری (سترێنگث = strength)ی ئینگلیزیی دێت.

**(ژەدیە =** JADYA´**):** چاوگی ئەم وشەیە (گد = GD)ە و کە بەواتای (پرسین، پەرسای، گەدایی، سواڵ) دێ و بەرامبەری (توئەسک = to ask)ی زمانی ئینگلیزییە.

**(پەرو =** PARU**):** بەواتای (ژمارەی زۆر، پڕ، پەڕانپەڕ، کەفەسەر) لە کوردیدا و (نیومرەز = numerous) لە ئینگلیزیدا و ئەم وشەیە (پەرو = paru)، پاشبەندی (مەت = mat) وەردەگرێ، بۆ ئەوەی ژمارەی ژمارە زۆرەکە زۆرتر بکات و پاشبەندی (مەنت =mant)یش وەردەگرێ، بۆ بەدەستەوەدانی زۆرترین ژمارە.

**(هەن جەمەنە =** HAN - ´JAM - ANA**):** ڕیشەی ئەم وشەیە (گم = GM)ە قەدەکەی (جەسە = ژەسە = JASA´)یە و بەواتای (هات، ئامای، هاتن،...) دێ. وشەی (هەن = HAN) پێشئاوەڵکارە و پاشبەندی (ئەنە = ANA)ش، بەواتای (کۆبوونەوە) دێت.

**(پەرونەر =** PARU - NAR**):** هەروەک لە سەرەوە وتمان، کە وشەی (پەرو = PARU) بەواتای (زۆر) دێ و وشەی (نەر = NAR)یش، بەواتای(پیاو) دێ و بەهەردووکیانەوە، بەواتای (پیاوی زۆر) دێن.

ئەتوانین وشەکە بەم جۆرە لێ بکەین و (پەرو نەریی = PARU - NAR´I) کە بەواتای (ژنی زۆر) دێت.

**(کەرشڤیی =** KAR´SV´I**):** قەدی ئەم وشەیە (کرش = KR´S)ە، کە بەواتای (کێڵان، کاڵای) دێ و وشەی (کەشتەن)یش لە هەندێ ناوچەدا بەکار دێت وشەی ناساکاری (کشتوکار)یش بۆ کێڵگەی سەوزەوات، بەکار دێت. هەر لە قەدی ئەم وشەیە (کەرشڤەر = KAR´S - VAR) دروست کراوە، کە بەواتای (کیشوەر، وڵات، نیشتمان) دێ.

**(بەرتارەم =** BARTAR - AM**):** ڕیشەی ئەم وشەیە (بر = BR)ە و قەدیشی (بەرامیی = BR´AM´I) کە بەواتای (هەڵدەگرم، من هەڵدەگرم).

**(ما =** M´A**):** ئامرازی (نەرێ)ی فەرمانە.

(ئەرڤەتام = ARVAT - ´AM): ڕیشەکەی بریتییە لە (ر = R)، کە بەواتای (ڕۆیشتن، ڕوییِن، چوون)ی تیادایە وەک چاوگی کار و واتا تەواوەکەی ئێرەی (دەگات، دەڕوات و قەدەکەشی (ئەرڤەت = AR - VAT)یش، (ئەڕوات)ی کوردییە (کە چاوگەکەی ڕۆیشتن)ە.

**(یوختە = YUX - TA):** ئەم وشەیە، بەواتای (پەیوەندیی دەکەم، یەخسیری دەکەم، دەیهێنمە ژێر بار، سایسی دەکەم)، یان (من پەیوەند دەبم)، ئەمە بەشێوەی قەرزکردنە و بۆ لغاوی ئەسپ دێ. لە دۆخی ڕاکێشانا و ئەزیەتدانیا!! وشەی (یوژیەتی = YU´JYATI)یش هەر هەمان وشەیە و بەواتای (لغاو، ڕاکێشان، توندکردنەوە) دێت. (یۆژە)ش دەکرێتە نێڵەی جووت و بۆ ئەوەی گای جووتەکە ملەجیرێ نەکات!!.

**(ئەبی سەتر = ABI - SAD - TR):** ڕیشە و سەرەو ئەم وشەیە (سەد = SAD)ە و کە بەواتای (دانیشتن، نیشتن، نیشتەی، نیشتەرەی، نیشستەر، ساتیەرە) هاتووە. بەشی پێشەوەی (ئەبی = ABI)یە و لە زمانناسیدا، (بەپێشئاوەڵکار) دەناسرێ.

**(نیتەغستا = NITHAXST´A):** قەدی ئەم وشەیە (ثنگ = THNG) و قەدی ڕانەبوردوویشی (ئەنژەیە = THAN´JAYA)یە، کە بەواتای ئاوزەنگی لێ توند کردووە، لێ دەخوڕێ، زۆری بۆ هێناوە کە زوو بڕوا، کە باش بڕوا، کە گورج بێ، تەنگی پێ دەهێنێ ئاوەزەنگی لێ دەژەنێ) دێ و پێشبەندی (- نی = NI -) پێشئاوەڵکارە.

1- AT FRAVAX´SY´A, NU G´U´SADVAM, N´U SRAUTA, YAI - ´CA ASN´AT YAI = ´CA D´UR´AT I´SATHA.

2- AT FRAVAX´SY´A AHAU´S MANY´U PARVYAI, YAY´AH SPANY´AH UTI MRAVAT YAM AHRAM: NA - IT NAH MANAH, NA - IT SANHAH, NA - IT XRATAVAH NAI - DA VARAN´A, NA - IT UGD´A NAI - DA ´SYAUTHN´A NA - IT DAIN´AH, NA - IT RV´ANAH HA´CANTAI.

3- AT FRAVAX´SY´A AHAU´S AHYA PARVYAM, Y´AM MAI VIDV´AH MAZD´AH VAU´CAT AHURAH, YAI ´IM VAH NA - IT ITH´A MANTHRAM VA´SANTI, YATH´A ´IM MAN´AI - ´CA VAVA´C´A - ´CA, AIBYAH AHU´S AV´AI AHAT APAMAM.

**تێبینی:**

**ئەم وەرگرتەیەی سەرەوە، هەروەک (S. N. Soklov) دەڵێ، لە ئاڤێستای گێڵدنەرەوە (گاتەکان) وەریگرتووە و ئەمیش، هەروەک وتمان هەر لەمەوە وەرگێڕاوە و بەڵام، لە**



**زۆربەی بۆچوونەکەی هەردووکیاندا نیم و ئەوەی کە شایەنی زۆر ڕێز بێ، ئەوەی (پورداوده) کە لە گاتەکاندا (ل – ١٥٠) لێکی داوەتەوە.**

**شایانی باسە، ئەم هۆنراوەیە، لە چوارچێوەی (هۆنراوە پەخش) دایە و لە ئینگلیزیدا پێی دەوترێ (پێیان دەوترێ)، (بلانگڤێرس = blank Verse).**

**زەڕەدەشت بەو خەڵکە چی گوت؟:**

گەوهەر شتەکە (ئامۆژگاریەکە) ئەوەیە، کە لە ڕۆژی دروستبوونی ڕەوانەوە، خراپ و باش دەستنیشانە و ئەو دووانەش، هەرگیز ڕێک ناکەوێ کە یەکبگرن.

**واتای هۆنراوەکە، دێڕ بەدێڕ:**

١- ئالێرەدا ڤاچەم هەیە: ئێستا گوێ بگرن، ئێستا بژنەون، ئەی ئەوانەی کە لە نزیکەوە و لە دوورەوە بەمەبەستی فێربوون هاتوون.[1]

٢- ئالێرەدا گۆتەم لە بارەی دوو (ڕەوان)ەوەیە، کە لە سەرەتای زیندەگییەوە و پاکەکەیان بە(بەد)ەکەی گوت: نە بۆچوونمان، نە گوتەمان، نە عەقڵمان، نە باوەڕمان، نە وشەمان، نە کردەوەمان، نە دینمان، نە ڕەوانمان، لەگەڵ یەکتریدا یەک ناگرنەوە.

٣- ئالێرەدا دەمەوێ بێژم، کە ئەهورای دانا، لە سەرەتای زیندەگیدا چی بەمن گوت: ئەوانەی کە لە نێوان ئێوەدا، ئایین و دین باش ناگرن بەباوەڕەوە یەژم کۆتایی زیندەگییان ئەفسووناویی (هەرەس) دەبێ.

**(فرە – ڤەخ – شیە) = (FRA - VAK - SYA):** ئەم وشەیە، ناساکارە هەروەک پارچەکانی لە بەرچاون و بەواتای؛ (پێشەکیی، ئالێرەدا، ئەمجا، وا ئێستە، ئیتر،...) دێ پارچەی پێشەکی وشەکە، کە (فرە = FRA)یە، ئامرازی دەستپێکردنە و بنەوای ڕستەی ئایندە دادەنێت و قەدی (ڤەک = ڤەچ = VAK)یش، بەواتای (ئاخاوتن، گوتن، واتەن، وتە،...) دێ.

**(نوو = N´U):** ئەم وشەیە ئاوەڵکارە و بەواتای (ئێستا، نووکە) دێت و بەوشەکەی سەرەوە و بەمەوە، بەواتای (ئالێرەدا گۆتەم هەیە، ئالێرەدا ئاخاوتنم هەیە، ئێستا ڤاچەم هەیە) دێ.

(١) بەشی یەکەم، بەتەواویی نەیگوێزاوەتەوە بەپێی ئەو دەقەی کە لە (گات)ەکانی (پورداود)دا هەیە.

**(گووشە = G´U´SA):** ئەمە ناوە و بەواتای (گوێ) مەبەست بیستنە، یان ئامادەبوونە.

**(سرو = SRU)**: قەدی ئەم وشەیە (سرەڤ = SRAV)ە و بەواتای (گوێگرتن، بیستن) دێ وشەکە شێوەیەکی (فەرمان)ی تێدایە.

تێکڕایی ئەم ڕستەیەی سەرەوە، بەم واتایە دێ: **ئەمجا ئاخافتنم هەیە، ئێستا گوێ بگرن.**

**(یەی = YAI):** ئەمە، پاشبەندێکە، بۆ کۆ و نێر و لە دۆخی (ناوی کارادا) کە دەلکێ بەڕاناوەوە و ئەم هەموو درێژەیەی سەرەوە دەکاتە (ئێوە، ئەی ئێوە...).

(ئەسنە = ASNA)، ئاوەڵناوە و بەواتای (نزیک) دێ. هەروەها، وەک ئاوەڵکردار بە واتای (لە نزیکەوە) دێ.

**(دوورە = D´URA):** ئەم وشەیەش، هەر ئاوەڵناوە و بەواتای (دوور) دێت.

**(ئیشە = I´SA)**: قەدی کارە و بەواتای (ویستن، خواستن، حەزلێکردن،...) دێت. بەکارهێنانی لێرەدا، کۆیە، کەسی دووەم، ڕانەبوردوویە.

**(ئەهو = AHU):** واتای (دنیا) بەدەستەوە دەدات، هەروەها واتای (بوون)ی تێدایە، کە لە بنەڕەتدا (ڤێرب تو بی = V. to be)یە.

**(پەرڤیە = PARVYA):** ئەم وشەیە، بەواتای (یەکەم، ئێستا، بەر لە هەر شتێ) دێت.

**(مەنیو = MANYU)**: ئەم وشەیە، بەواتای (ڕەوان، ڕۆح، گیان،...) دێ، قەدی ئەم وشەیە بریتییە لە (MN) و لەمەوە وشەی (mainyate) = (مەینیەت) دروست دەبێ کە بەواتای (ئەو بیر دەکاتەوە) یان (بیر دەکاتەوە).

**(یەیاش = YAY´A´S):** ڕەگەکەی (یە = YA)یە و ڕاناوە.

**(سپەنیاش = SPANY´AS):** ئەم وشەیە، ئاوەڵناوە و لە دەوری بەراوردکردن دایە و قەدەکەی (سپەنتە = SPANTA)یە کە بەواتای (پیرۆز) دێت.

**(ئوتی = UTI):** ئامرازی پەیوەستە و بەواتای (هەروەها، لەبەر ئەوە، بۆیە، بەو جۆرە،...) دێ.

**(مرڤ = MRV):** چاوگە و بەواتای (ئاخاوتن، گوتن، وتن، ڤاچای، واتەی) دێ. بەڵام



بۆ یەکێکی (گەورە و مەزن) بەکارهاتووە و ئەو کاتەش، لە کوردییدا (مەرم، فەرموودە) و دەوترێ؛ (ئەو مەرەمۆ = دەفەرمێ). هەر لەم چاوگەوە، قەدی (مرو = MRU) و (مرەڤ = MRAV)یش دروست دەبن.

وشەی (مرەوت = mraut)یش، ڕابوردووی هەمان چاوگەی سەرەوەیە، کە بەواتای (فەرمووی) دێت.

**(ئەهرە = AHRA):** ئەم وشەیە سەرەیە و بەواتای (خراپ، درۆزن، شەڕڕانی، بەد) دێ. شایانی باسە، ئەم وشەیە و وشەی (مەنیو = manyu)دا، بەیەکتریدا جۆش دەخۆن وشەی ناساکاری (ئەهریمەن = Ahriman) دروست دەکەن و کە بەواتای (شەیتان، بەد، خراپ) دێ.

**(نەس = NAS):** ڕاناوی لکاوی هەبوونە (تملک).

**(مەنەهـ = MANAH):** ئەم وشەیە ناوە و بەواتای (بیر) هاتووە. ئەم وشەیە و وشەی سەرەوە کە (مەنیو = MANYU) بوو، لە قەدی (من = MN)ەوە دروست بوون.

**(سەنهە = یان (سەنە = SANHA):** ئەم وشەیە، بەواتای (وشە، وێژە، گۆتە، واتە، ڤاچە، واژە،...) دێ. وشەی (سەنەتی = SANHATI)یش و ئەوەی سەرەوەش، لە قەدی (SH) دروست بوون. وشەی (سەنەتی = SANHATI) بەواتای؛ (دەئاخەفێ، دەبێژێ، دەڵێ، ماچۆ، مڤاچۆ، دەبێژێتن، یەژێ) دێ.

هەر لەو قەدە:

- (سەنە = SANHA) ناوە.
- (سەنەس = SANHAS) ناوە بۆ (تاک).
- (سەنهاس = SANH´AS) ناوە بۆ (کۆ).

**(خرەتو = XRATU):** بەواتای، (زانا، دانا) وەک (ناو) نەک وەک ئاوەڵناو.

**(نەیدە = NAI - DA):** ئامرازی (نەرێ)یە و بەواتای (ناء، نا، نەء، نە، نەخێر، نەخەیر،...) دێ.

**(دەینا = DAIN´A):** ئەم وشەیە ناوە و لە بنەڕەتدا بە(مێ) هاتووە و نێریشی نییە و بەواتای (دین) دێ. قەدەکەی (دەین = DAIN) و ئەو پاشبەندی مێیەتییەی (A´=

ئا)ی پێوە نووساوە. ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی (مێ)، لە ئاڤێستادا.

**(رڤەن = RVAN):** ئەم وشەیە لە قەدی (رون = RUN)ەوە دروستبووە و وشەکەش بەواتای (ڕەوان، ڕۆح، گیان) دێ.

**(هەچە = HA´CA):** بەواتای (دواکەوتن، شوێنکەوتن، بەگوێکردن، بەئارەزووکردن،...) دێ.

**(ئەهیە = AHYA):** ئەمە ڕاناوی ئاماژەیە و بەواتای (ئەمە، ئەم) دێ.

**(یام = Y´AM):** (یام) و (یا = Y´A) هەر یەکێکن و ئەمەش لە ئەرکی بەرکارە و کۆیە و بێ لایەنە و بەواتای زۆر بەپێی جێگا و جۆری ڕستە و ئەرکەکەی دێت.

**(مەی = MAI):** ئەمە شێوەی ناوبەندە (واتە: ناواخن) و ڕاناوە و دۆخی (ڕاکێشان و ڕاکێشراو = جار و مجرور)، یان (پاڵ دەرەوە و پاڵپێوەدراو = مضاف الیە و مضاف) وەردەگرێ.

**(ڤیدڤاس = VID - V´AS):** ئەمە کارە و لە دۆخی ڕانەبوردووی تەواودایە و بەواتای (زانین) دێ.

**(ڤەڤەچەت = VA - VA´CA - T):** واتای ڕابوردووی تیایە و بەواتای (وتی، گوتی، ئاخاوت، بێژای و ڤاچش، واتش) دێ.

**(هورە = یان، ئەهورە = AHURA):** هەمیشە ئاریایەکان، وەک ناوی (یەزدان، خوا) ناوی (ئەهورە)یان هێناوە و لایان هەمیشە جێگای ستایش بووە.

ئەم وشەیە (ئەهور) لەگەڵ (مەزدا = MAZD´AS)دا، یەکدەگرن و بەواتای خوای زانا و دانا و گەورە دێ. چونکە وشەی (مەزدا) خۆی بەواتان (مەزن) یان (زانا و دانا) دێ.

لە ئاڤێستادا، دژژاوەری وشەی (ئەهورە) وشەی (دەیڤە = DAIVA)یە و کە بەواتای (شەیتان، شەڕڕ، بەد، خراپ،...) دێ.

**(ئیم = IM):** ئەمە وەک ڕاناو لە ناواخندا بەرچاو دەکەوێ، تاکە و لە دۆخی بەرکاردایە.

**(ئیثا = ITH´A):** وەک پێشکاری ئاوەڵکار بەکار دێت و بەواتای (لەبەر ئەوە، بۆیە، بەو جۆرە، بەو پێیە، چونکە، ئیسە، ئیساتێ) دێ.



**(مەنثرە = MANTHRA):** وشەیەکی دینییە و بەواتای (باوەڕ، بڕوا) دێ و زۆرتریش لە کاری دینیدا وشەکە بەکار دەهێنرێ.

**(ڤەس = VAS):** ڕاناوی ناواخنە، بۆ کەسی دووەمی کۆیە.

**(ڤەرش = VAR´S):** ئەم وشەیە و وشەی (ڤەرز = VARZ - S)یش لە قەدی (ڤرز = VRZ)ەوە دروستکراون و کە بەواتای (قەدەکە) کردن دێت و وشەکەی سەرەوەش بەواتای (کرا) هاتووە. بەڵام (ڤەرشە) = (VAR´SA) کە لە هەمان قەدەوە دروستکراوە بەواتای، یان بەکردەوەی قەدی بەستنەوە دێت.

**(یەثا = YATHA):** ئامرازی پرسە و بەواتای (چۆن) دێ.

**(مەنای = MAN´AY):** هەروەک لە سەرەوە وتمان، بەواتای (بیرکردنەوە) دێ. کاتێ کە لەگەڵ (ڤەڤەچ = VAVA´C)دا دەبیینین و بەهەردووکیانەوە بۆ دروستکردن و بەدەستەوەدانی (ڕانەبوردووی تەواو = perfect) پێکەوە بەم جۆرە، فرەیز پێک دەهێنن: (مەنای ڤەڤەچا = MANAY - VAVA´C´A).

**(ئەیبیەس = - AIBYAS):** ئەمە ڕاناوە و لە دۆخی دایەتیڤ دایە و بۆ کۆیە و وەک بڵێیت (بۆ لای من هاتووە).

**(ئەڤای = AV´AI):** وەک بڵێیت (ئەفسووس) وەک وشەیەک بۆ سەرسوڕهێنان، یان بۆ ئاگاداریی.

**(ئەهەت = AHAT):** ئەم وشەیە، دوارۆژی تێدایە و نزیکە بەواتای (ئەگەر ڕووبدات، ئەگەر ببێت).

## هەنگاوی دووەم:

### هەندێ ئەدەبیاتی ناوچەکانی هەورامان، لە چەرخی ئیسلامدا:

هەر لەو ڕۆژەوە، کە ئیسلام هاتە شارەزوورەوە و بنارەکانی شاخەکانی هەورامانیان گرت، هەروەک نەخشەی ئیسلام وەها بوو، کە جگە لە زەویوزار بۆ دەوڵەتی ئیسلام دەبێ بمێنێتەوە، چیدیکە (ماڵ، ژن، ئافرەت،... هتد) کە وەک سەروەت و سامان بێ، وەک ژن و پیاو و منداڵ بێ، سەرپاکی بەمولکی سوپا لە قەڵەم دەدرێ و لە بارەی نووسراو و کەلەپوور و فەرهەنگیشەوە، ئەوەی کە دەربارەی ئیسلامەوە نەبێ، چارەنووسی سووتاندن و لەناوچوون بوو، بەتایبەتی لە دەمی خەلیفەی دووەمی ئیسلامدا. لەم بابەتەوە، بەسەدەها نووسراو و یادگاریی بەجێماوە و هەیە!!

مامۆستا عەلادین سەجادی خوالێخۆشبوو، لە مێژووی ئەدەبی کوردییەکەیدا، چەند دێڕە هۆنراوەیەکی سەردەمی هێرشەکانی ئیسلام بۆ بناری شاخەکانی هەورامانی تۆمار کردووە کە ئەویش (هورمزگان رمان......)یە و ئەو دێڕە هۆنراوانەش بەتەواوی وێنەیەکی دوڕندانەی ئەودەمانەی هێرشی ئیسلامە بۆ ئەوێ و هەندێ سەرگوزشتەی ئەودەمەش، وەها بەدەستەوە دەدەن، کە بەرد لە شارەزووردا، نەماوە، کە بەخوێنی شەهیدانی کوردی ناوچەکانی شارەزوور و هەورامان، سوور نەبووبێ، ئەمەش ئەگەرچی جۆرێکی زیادە وتنە، بەڵام بەلای کەمییەوە، بۆ ڕاستی هەڵسوکەوتەکە و ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە.

بەیت و باڵۆرەکانی، ناو کوردەواریی، هۆنراوە تاکانە و جووتانە و چوارینەکان و سەرگوزشتە و چیرۆکە هۆنراوە جۆربەجۆرەکانی ناوچەکانی هەورامان (دینی، سۆفیگەریەتی، دڵداریی، پاڵەوانیەتی، ڕامیاریی، ئابووریی، نیشتمانی، ڕەمزیی،... هتد) بەتەواویی لە هەموو ڕوویەکەوە، ڕووی ڕۆشنی ئەدەبی و ڕۆشنی کوردەواریی خەڵکەکەی ناوچەکانی هەورامان، بەدەستەوە دەدەن و پتر لەمەش، بەدەیان ڕاز و سەرگوزشتەی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگی ئەدەبی، تۆمار نەکراو تا ئێستەش، لە مەیدانی زارەکیدا ماونەتەوە و چاوەڕوانی تۆمار کردنن.

بەهەرحاڵ، بۆ ئاسانکردنی مێژووی ڕێبازەکە، ئەم ماوەی دەمی ئیسلامە، تاوەکو ئەمڕۆ، بەپێی (دەم) بەسەری دەکەینەوە وەک:



بەرهەمی ئەدەبیی لە ماوەی نزیکەی چوار سەدەیەکدا:

ئەم هەنگاوە، بەلایەنی کەمەوە دەبێ بکرێ، یان ناو بنرێ (بەپێی ڕوواڵەتی بەرهەمەکە لە دەم و کاتێکدا) (تاکە) و (دووانە) و (چوارینە) و... هتد.

مەبەستمان، لە (تاکە)، تاکە هۆنراوەیەکە و باسێکمان بەدەستەوە دەدات و پێویستیمان بەپرسی زۆرتر دەربارەیەوە نییە. ئەم تاکانە، زۆر لە (گەبرانی = گۆرانی)دا، دیارە و لە لای گۆرانیبێژەکان، بەم تاکە (کەلیمە) دەوترێ. لێکدانەوەی ئەم تاکانە، بەپێی لێکدەرەوە، لە یەکێکی دیکە بۆ ئەویتر دەگۆڕدرێ، ئەمانەش، سەرپاکی تاکەکان ناگرنەوە، چونکە هەندێ تاکە هەن، بەتەنیا مەبەستێکەوە داڕێژراون. ئەم تاکانە، کەرەستەی خاوی نێو گۆرانییەکانن، کە تایبەتێن بەشایی و خەتەنەسووران و گەلەبێرە (بیرەڤانی) و گەل کردن بۆ کۆکردنەوەی بەروبوومی باخ و باخات، ئاڵف کەندن، خەلەکوتان، ناو باخ پاککردنەوە و هتد!!

شایانی باسە، ئەم تاکانە (کەلیمە)یان پێ دەوترێ و چوارچێوەی فۆلکلۆرییان وەرگرتووە و گۆرانیبێژ، خۆی ئەتوانێ، ئەم جۆرانە، بەپێی کات و دەم و جۆر، دابڕێژێ. لە ناو کوردەواریدا ئەم جۆرە کەلیمانە، باون و پتر لەوەش، گەشە پێدەرن، بەدڵ و دەروون، ئەگەر بەئاواز بوترێن. بۆ ڕواڵەت و ناوەڕۆکی (تاکە = کەلیمە) لە ناوچەکانی هەوراماندا؛ لە ناوچەیەکەوە، بۆ یەکێکی دیکە چە جیاوازییەک نانوێنن، چە لە ڕووی بەکارهێنانیان، لە ئاوازەی جۆراوجۆردا، چە لە ڕووی ئاوازی داڕشتنەوە، کە ناوبانگیان بەکەلیمەی فۆلکلۆریی دەرکردووە.

من لەو باوەڕەدام، هەر لاوێک، یان هەر کەسێک، لە پیر و جوان، لە ژن و پیاو کوڕ و کەنیشک کۆمەڵێ، لەو کەلیمانەی لەبەرە و ناوی بەزمە ئاوازەکانیش دەزانن و زۆربەی زۆریشیان گۆرانی دەئاوازنەوە.

بەهەرحاڵ، ئێمە لەم ڕووەوە نامانەوێ زۆر خەریکی بین، چونکە ئێمە لامان وەهایە کە سەرپاکی کەسانی ئاسایی کوردەواریی، ئاگاداری ئەم کەلیمانەن و بۆیەشە، ئێمە وا تەنها چەند وێنەیەک دەهێنینەوە.

– ئەم یەکانە (کەلیمە)، تایبەتی بەیاری بێ بارەوەیە، کە دەڵێ:

«سەر و سینەکەیت چون لۆکە نەرما
هەر ڕوێ مەزاتت، چەنی یۆی گەرما»

– ئەم یەکانەیەش تایبەتییە بەدڵداری نەگۆڕاو ڕاستەوەیە، کە دەڵێ:

«هەزارێ بەپا، گـــەردەن چـون مـــینا
دڵەی کـۆسکەوتەم، هەر تۆش پەسینا»

لە ڕووی بڕگەوە، دەبینین. ئەم کەلیمانە دە بڕگەیین و ئەمەش پێوەرێکە تایبەتییە، بەکەلیمە و دووانە و چوارینەوە.

ئەمەی ئێرەش وێنەیەکی نیشتمانپەروەرییە و جۆرە خۆپیشاندانێ دەردەخات و مێژووی ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ سەرەتای هێرشی ئیسلام بۆ ناوچەکانی قەزوین:

«نە موسوڵمان بیم، نە گزیەت مەدەیم
بشین وەمەککە، ئێمە وەر هەین»

(بەرهەمی گزیدە، حمزە المستوفی، ل – ٧٧٦)

ئەم تاکەیە (دوو نیوە دێڕە)، ناڕەزایی خەڵکی ناوچەکانی قەزوین پیشان دەدات و ناپەسەندی هێرشبەرەکان دەردەخات و بۆیە، ئەو خەڵکەی ئەوێ، وەک خۆپیشاندەر هەموویان پێکەوە، ئەو دروشمە (ئەو تاکە)یان هەڵگرتووە و دەیڵێنەوە و ئەویش بەم جۆرە:

«نە موسوڵمان ئەبین و نە سەرانەشتان دەدەینێ
بڕۆنەوە بۆ شاری مەککە و ئێمەیش لێرە هەین و وڵاتی خۆمانە».

– ئاوازە دێڕەکە، دە بڕگەییە، لێرەدا، مەبەستمان بڕگەی ئاوازە، نەک بڕگە زمان (مۆرفیمی واتادار)!!
– دێڕەکە، وشەیەکی عارەبی تێدایە و ئەویش (گزیە = جزیە)یە.
– خاوەنی هۆنراوەکە نییە (نەناسرێ).
– وشەکانی کوردیی پەتی دێرین.
– ڕازێکی تەواوی پڕ کردووەتەوە.
– مێژوومان، بەدەستەوە دەدات (سەردەمی هێرشەکانی ئیسلام بۆ ناوچەکانی قەزوین).
– خۆپیشاندان و دروشمی ناڕەزایی پیشان دەدات.

ئا لەم ڕووەوە دوو نیوە دێڕیش هەن، کە بڕگەکانیان، بەرەو بڕگەی پتر لە (دە) هەنگاویان ناوە و بەڵام ئەمانە زۆربە نین و هەنیشن، بۆ وێنە وەک:



«سەحەرگاهان، کە دێڵم تاوە گێرێ
جە ئاهم هەفت چەرخ ئالاوە گێرێ!»

«تاریخ آذربایجان، د. جواد مشکور»

واتە:

«دەمی بەیانیان، کە دڵم گەرم (تاو) دەبێ
بەهەڵمی هەناسەم، حەوت تەبەقەی ئاسمان، تەم دەگرێ»

– کوردییەکی پەتی دێرینە.
– لایەنی، ناوەڕۆکی شێوەی سۆفیگەریەتی پۆشیووە.
– زیادەڕەوی، تێدایە و کە کاری وەهاش، هەر تەنیا، لە توانای (یەزدان)دایە.
– بڕگەکانی هۆنراوەکە، لە ئاوازی فۆلکلۆریی چووەتە دەرەوە.
– واتایەکی سۆفیگەریەتی زۆر بەهێز و توانا، وێنە دەگرێ.
– ئەمە زمانی ئەودەمەی ناوچەکانی ئازەربایجان بووە و پتریش، زمانی سۆفیەکانیەتی.

ئەوەی کە لێرەدا، دەبێ بەجێ نەهێڵرێ ئەوەیە، کە ئەم دوو نیوە دێڕە، بەچەند جۆرێ (ڕامیاریی، ئابووریی، زۆرداریەتی، فەرمانڕەوایی، دینیی) لێک دەدرێتەوە.

لەم جۆرە، وێنانە و لەوانەی سەریشەوە، لە دوێ توێ بەرهەمە فارسییەکان و تورکەکاندا دەست دەکەون و تەنها کە شتێ لەم ڕووەوە، کە پێویست بێ زۆر شکاندنە، بەسەر ڕێنووسی فارسیدا و ناسینی زمانی ناوچەکانی هەورامانە و شارەزا بوونیەتی.

من وەهای بۆ دەڕۆم، کە تاکە و دووانە، بەرهەمی هۆنراوەیی ئەدەبی زمانی ناوچەکانی هەورامان بووە و بەتایبەتی لە سەرەتای سەر دەرهێنانی ئیسلامەوە، تاوەکو سەدەی چوارەمی کۆچی، چونکە، خەڵکەکە، زۆرتر لەبەر ترس و هێرش و زوڵم و زۆر لە ژێر پەردەدا، ئەو جۆرە هۆنراوانە، بۆ سەیرانی ڕۆژانەی دڵ (با نەختێ هەناسەیێ بدا) هۆنراونەتەوە.

## هەندێ دووانە هۆنراوەی چەرخی دووەم و سێیەمی کۆچی

یارەکانی دینی یاریی لە دەفتەری جۆراوجۆردا وەک (دیوانە گەورە، شندروێ، باوەخۆشێن، سەرئەنجام و نەورۆز و رمووزی یارسان، گەلی دەفتەری دیکەی ئەهلی هەقق) بەناوی دەورە دەورەکانەوە، ناوی کۆمەڵێ، گرووپێ زۆر، لە یارانی دینی یاریی لەگەڵ جووتە هۆنراوەکانیاندا، تۆمار کراون، کە دەمیان دەگەڕێتەوە، هەروەک لەو سەرچاوانەدا، وەها هاتووە، بۆ سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی.

بەڕاستیی ئەوانە، هەروەک خزمەت دینەکەیان و زمانی دینەکەی خۆیان کردووە و پاراستووە، هەروەها خزمەتگوزارن بەخۆیان و بەناوی نەمریان و بەزمانە ڕەسەنەکەی ناوچەکانی هەورامان، کە یەکسەرە، لە زمانی ئاڤێستاوە و قەڕانپوویەوە ماوەتەوە، کە ئەمەش هۆیەکی زۆر سەرەکییە بۆ کورد و بۆ زمانەکەی، کە ئەم شێوە زمانە ڕەسەنییەتی بنەڕەتی دینی دەگەیەنێ و پاراویی و ڕەوانیی و پیرۆزیی بەدەستەوە دەدات، کە هەمیشە و سەرانسەری نائامەدی کوردستان و دەوروبەری ناهەمواری، ئەم زمانە، پارێزەری و شاررەوەی هەزاران جۆرە بەرهەمی کەلەپووریی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی بێ.

بۆ ئەم مەبەستەش، وا هەندێ دووانەی (باڵوولی) دانا و چوار تەنەکەی دەخەینە بەرچاو:

باڵوولی دانا، یەژێ:

«ئەز بەهلوونەنان، جە رووی زەمینێ
چار فریشتانم، چاکەر کەرێنێ
نجوومم سالح، رەجەبم بێنێ
چەنی لۆرە بیم جە ماو هەفتینێ»

(مێژووی وێژەی کوردیی – بۆرەکەیی، ل – ٥٠)

واتاکەی دێڕ بەدێڕ:

ئەز بەهلوولم، لە رووی زەویدا
چوار فریشتەم چاک کردوون (دامناون، دروستم کردوون)، پێم گەیاندوون؛
نجووم و سالح و ڕەجەب بوون
لەگەڵ لورە–دا (لەسەر مانگ و لەگەڵ حەوتەوانەدا) ڕاوێژمان کرد



خەستەیەکی ئەم دووانە، کە چی دەگەیەنێ:

ئەم چوار نیوە دێڕەی باڵوولە شێتە (باڵوولی دانا) ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو جێگەدار یادگار (پەروەردگار، مەولا ئەلی) بێ و حەوتەوانە بێ و چوار کەسەکەش پەری (مەلائیکە) ئەو بن و بەدەستی ئەو دروستکرا بن! ئەم جۆرە کارەش، هەر بەتەنیا (خوا) دەکرێ، یان یەکێ لەو حەوتەوانانە. ئەوەی شایانی باسە، ئەم ناوانە (نجووم و سالح و ڕەجەب و لۆرە) خاوەنی هۆنراوەی دووانەی ڕازاوە و پەرۆش هاوەرن.

هەندێ تێبینی لە بارەی زمان و ناوەڕۆک و ڕووالەتی ئەم دووانەوە:

زمانەکەی کوردیی پەتی ڕەسەنە و جگە لە ناوەکان (نجووم، سالح، رەجەب) کە لە عارەبییەوە وەرگیراون، کەرەسەی زمانی بێگانەیان تیادا نییە. دە بڕگەیین و دەشێن. بۆ هەموو جۆرە ئاوازەیەک. لەگەڵ هۆنراوەی ناوچەکانی هەوراماندا، هۆنراوەی بیر و هونەری هەورامی زمان، چە جیاوازییەک بەدەستەوە نادەن و ئەمەش جێگای سەرسوڕمانە، ئەگەر هاتوو زانیمان، کە ئەم هۆنەرە، بەشێوەزمانی ناوچەکانی هەورامان (گۆچ) نەکراوە!!

هەندێ زانیاریی دەربارەی ژیانی باڵوولی دانا–وە:

ناوی ڕاستەقینەی باڵوول (عەمر کوڕی لەهەب)ە و بەباڵوولی دانا، بەباڵوولە شێت، بەباڵوولی دێوانە، ناوبانگی لەملا و لەولاوە هەیە و لە ناوەڕۆکی هەندێ ڕازی دەمی ناو خەڵکی ئاسایی ناوچەکانی هەورامان، بەبرای هاروونە ڕەشیدی دەزانن؟!

باڵوول، لە ناوەڕاستی ساڵەکانی سەدەی دووهەمی کۆچی، لە لوڕستان لە دایکبووە و لە ساڵی (٢١٩ک) کۆچی دوایی کردووە (بۆرەکەیی، وێژە، ل – ٤٨) و هەر لە نزیک شاری (ئیسلام ئاباد)ەوە، لە دەوروبەری (تەنگەگۆل – چەشمەسفید)دا نێژراوە.

لە بارەی (باڵوول)ەوە، کاکە ڕەزایی، کە یەکێکە لە یارییە هۆنەرەکانی سەدەی نۆیەمی کۆچی. نووسیویەتی و دەڵێ:

«باڵوول زاتێوەن، زاتی یەکدانە
عامیان ماچان، باڵوول دێوانە
کێ دیی دێوانە، وەیتەور دانا بۆ
مەرکەو نە مەیدان گەردوون ڕانا بۆ»

«دەفتەری نەورۆز»

واتای جووتە (دووانە)کە، دێڕ بەدێڕ:

بالـوولّ زاتێکە، زاتی بێ وێنە (بێ هاوتا)
نەخوێندەواران (نەزانان) دەلّێن بالـوولّ دێوانەیە
کێ دیویەتی دێوانە بەو جۆرە دانا بێ (زانا بێ)
چوار چەرخە (بفڕێ) لە هەوادا لێ بخوڕێ

لە ڕووی زمانەوە:

وشەکانی (زات) و (عام) و (مەرکەب = مەرکەو = مرکب) لە عارەبییەوە وەرگیراون و پۆشاکی کوردییان پیادا پۆشراوە. لە ناوەڕۆکدا، هۆنەر دەیەوێ بلّێ، کە بالـوولّ، دێوانە نییە و ژیر و دانا و زانایە و لە زاتی خوایە.

جیاوازیی نێوان، ئەم هۆنراوە دووانەیە و ئەوەی بالـوولّ خۆیدا، ئەوەیە کە ئەم وشەی قەرزکراوی عارەبی زۆری تێدایە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە تا تەمەنی داگیرکردنی عارەب درێژتر بێ لە کوردستاندا، کەرەسەی زمانی عارەبی لە زمانی کوردییدا زۆرتر بەکار دەهێنرێت.

## بابا لوڕەی لوڕستانی

(سەدەی دووهەم و سێیەمی کۆچی)

بابە لوڕەی لوڕستانی، یەکێکە لە لایەنگرانی بالـوولّی ماهی (ل - **٥٣** - وێژەی ئەدەبی کوردیی، بۆرەکەیی).

لە بابە لوڕەی لوڕستانی هەندێ دووانە بەجێماون کە لە (دەورەی بالـوولّ)دا نووسراون (هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە).

ئەم وێنەیەی خوارەوە دووانەی ئەوە:

«ساقی ناکام،.........
جامێ بدەر پێم، ساقی ناکامم
جەو مەیەی کۆنە، بڕێز نە جامم
هانا سابەلّکە سارێش بۆ زامم»

(هەمان سەرچاوەی سەرەوە)



مەیگێڕ ناتەواوم (نەگەیشتوومەتە ئاوات)،...........
جامێ بدە پێم، مەیگێڕ ناکامم
لەو مەیە کۆنە، بکەرە جامەکەمەوە
هانا (پەنا، دەخیل، تکایە) بەلّکو سارێش بێ زامەکانم

لە ناوەڕۆکەوە:

جۆرە پاڕانەوەیەکە و وەک خۆی دەلّێت هێشتا، بەئاوات نەگەیشتووە و دەیەوێ تکای ئەوە بکات، کە بگاتە مەبەستی خۆی!!

## بابە ڕەجەبی لوڕستانی

بابە ڕەجەب، یەکێکە لە یارانی بالـوولّی دانا و هەروەک دەوترێ (بۆرەکەیی، ل - ٥٥) لە ناوەڕاستی سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا ژیاوە و لە لوڕستان لە دایکبووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە (هەمان سەرچاوە). ئەمەش دووانەیەکیەتی:

«ڕەجەبم نەی جا،............
شەمالّ بیانێ، ڕەجەبم نەی جا
چەنی فەرەیدوون، بیانێ هامتا
بەهلـوولّ دێوانەی، زام دانای سەما»

(مێژووی وێژەی کوردیی، بۆرەکەیی، ل - ٥٦)

واتای دووانەکە، دێڕ بەدێڕ:

«ڕەجەبم لێرەدا،............
شەمالّ بووم، ڕەجەبم لێرەدا
لەگەلّ فەرەیدووندا، بووم بەهاوتا
بەهلـوولّ دێوانەی زەویە و دانای ئاسمانە»

لە ڕووی کەرەسەی زمانەوە:

**فەرەیدوون:** ناوێکی ئێرانی دێرینە، کە لە ئاڤێستادا بەوێنەی (ترێتۆنە = Thraé-taona) هاتووە و ئەم لە زنجیرەی پێشدادیانە و باوکی ئا لەوێدا، بەناو (ئاتویا = ath-wya)یە، (فەرهەنگی پالەوی، فرەوشی، ل - ٢٠٥).

**زام = زەم:** ناوێکی ئاڤێستاییە و بەواتای (زەمین، زەوی) هاتووە.

لە ڕووی ڕواڵەتەوە:

دووانەکە، دە بڕگەیین و کەرەسە زمانی دێرینی بەکارهێناوە و کەرەسە زمانەکەی دیکەی سادەن.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

ڕێڕەوی دینی پێشان دەدا و مێژوو و ئاگاداریی کەرەسەی دێرینی زمانیشمان بۆ دیاریی دەکات، کە کەرەستەی ئاڤێستایی بەکار دەهێنێت.

## بابە حاتەمی لوڕستانی

یەکێکە لە یارانی بەهلوولی دانا و هاوچەرخی بووە، هەروەک لە دووانەکەی بالوول خۆیدا وەها دەردەکەوێ. مێژووی ژیانی ناڕۆشنە (هەروەک یارەکانی دیکەی بالوولی دانا).

دووانەیەکی بابە حاتەم دەڵێ:

«ساقی جامێ مەی،.........
پەرێم باوەرە، ساقی جامێ مەی
جەو مەیە کۆنە، پەی ڕێشیم سادەی
بدەر پێم جامێ، جە جامەکەی کەی»

(وێژە – بۆرەکەیی، ل – ٥٩)

واتای دووانەکە، دێڕ بەدێڕ:

مەیگێڕ جامێ مەی،............
بۆم بهێنە، مەیگێڕ جامێ مەی
لەو مەیە کۆنە، بۆ ساریشکردنی زامانم، بڕێژە (بڕێشە) ناو جامەکەم
پێم بدەر جامێ، لە جامەکەی (کەی)

واتای ڕوواڵەتی:

کەی: ناوی پێشینی (بەرینی) کەیانیەکانە و لە ڕیشەی ئاڤێستایی (کەڤی = kavi)یەوە هاتووە (ڕوواڵەتی مێژووییە).



ساقی: وشەی عارەبییە و بۆ مەیگێڕ لە هەمە دەم و زەمانێکدا، بەکارهاتووە.

وشەکانی دیکەی دووانەکە، ساکار و پەتین و هۆنراوەکە دە بڕگەییە.

واتای ناوەڕۆکی دووانەکە:

کەی، سەر ڕەچەڵەکی پادشایانی کەیانی (کە لە (کوباد = قوباد)ەوە دەستی پێ کردووە و بەهۆی مەی خواییەوە بووە) ئەمیش مەبەستی ئەو جامە مەیەی ئەوە، گوایا بۆ ئەوەی زامە دەروونییەکانی سارێش ببنەوە.

**تێبینی:**

پاش ئەوەی، ئەو چوار یارەی بالوولی دانامان، لە ڕووی چۆنیەتی هۆنراوەکانیانەوە، بەسەرکردەوە، بیروڕامان دەربارەیانەوە بەم جۆرەیە:

– بەپێی مێژووی ماوەی ژیانیان، کە لە ناوەڕاستی سەدەی دووەم و سێیەمدا، ژیابن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە تەمەنیان تا ئەمڕۆ لە هەزار ساڵێ پترە!.

– ئەو زمانەی کە ئەوان ئەم دووانانەیان پێ هۆنیوەتەوە، زۆر ساکار و سادەیە و کەرەسەیەکی ئەوتۆی تیادا نییە کە ئەمڕۆ بەکار نەیەت.

– زمانی هۆنراوەکانی سەیدی یەکەم کە لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەهەمدا ژیاوە، جیاوازیی زۆری هەیە، لەگەڵ ئەوەی سەیدی هەورامی دووەم و لەگەڵ ئەوەشدا، هەردووکیان خەڵکی ناوچەی هەورامانن و ئەوەش خۆی زمانی دایکی هەورامی نەبێ و خوێندەواری باش نەبێ، ناتوانێ لەوانەی سەیدی یەکەم تێ بگات!!.

– من خۆم دەفتەری زۆرم هەن، بەڵام، بەڕاستی ئەم ناوانەم نەدیی و تیایانا نین!.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، من گومان دەکەم، کە ئەو هۆنراوانە ئەوەندە تەمەنیان نەبێ (چوار یارەکەی بالوولی دانا)!!.

## بابا سەرهەنگی دەودانی

(٣٢٤ –...؟... کۆچی)

بابا سەرهەنگی دەودانی، لە (دێ)ی (دەودان)، کە کەوتووەتە سەر قەراخی سیروان، نزیک بەنەوسوود و ناوچەی هاوارەوە و بەنزیکی نیو سەعاتێ ڕێڕەو لە پەردیوەرەوە، کە قەرانپووی تەنی شاه سەهاکی لێیە و جێگا حەجی ئەهلی هەققە.

بەو پێیەی، کە لە دەفتەری کاکە ڕەزادا هاتووە، باوا سەرهەنگی دەودانی لە دەوروبەری

دەستپێکردنی بیستەکانی سەدەی چوارەمی کۆچیدا هاتووەتە دنیاوە و بەپێی ئەو دێڕەی، کە بۆرەکەیی، لە لاپەڕەی (٦٢)ی بەرهەمەکەیدا (مێژووی وێژەی کوردیی) لە ساڵی (٣٢٤)ی کۆچی لە دایکبووە. دێڕەکەش، هەروەک وەها هاتووە لە دەفتەری (کاکاردایی)دا (بۆرەکەیی، ل – ٦٢)، ئەو دێڕەی دیوە و دەڵێ:

«وەسەنەی سیصەد، بیست و چوار هجری
هاتف نام ئەو، جە شاهۆ چری»(*)

«مێژووی ئەدەبی کوردی – بۆرەکەیی، ل – ٦٢»

من دێڕەکەی مامۆستا بۆرەکەیی، هەروەک ڕێنووسەکەی خۆی، لێرەدا روونووسم کردەوە. کاکە ڕەزا (رەدا)، کە یەکێکە لە یارەکانی باوا خۆشێن، بەباوەڕەوە، نووسراوەکانی جێگای باوەڕن و ئەمەش دان بەوەدا دەنێ کە ڕۆژی لە دایکبوونەکەی ڕاستە و ئەگەرچی ڕۆژی کۆچی دیار نییە و پتریش یارێکی باوەڕپێکراو بووە. لەولاشەوە، لای خەڵکی تەوێڵە – ناوچەی هەورامانی لهۆن، ناوی بابا سەرهەنگ و مەزاری. ڕۆشنە و ناسراوە و هەیە.

دووانەیەکی بابا سەرهەنگی دەودانی:

«ها یاگەم چۆڵەن،.........
وەوێنەی فەرهاد، ها یاگەم چۆڵەن
لاڵم نەباڵەن، پۆستم نەکۆڵەن
هامدەمم کۆنەن، یاران نە هۆڵەن»

«دەفتەری شندروێ»

لێکدانەوەی واتای ئەم دووانەیە:

ها، جێگام چۆڵە
وەک فەرهاد، چۆڵم کردووەم بەماوام
لاڵ (بازن)م، لە باڵدایە

(*) بەبیروڕای من دەبێ نیوە دێڕی دووەم بەم جۆرە بنووسرێ:
«هاتف نامی ئەو، جە شاهۆ چڕیی»
بۆ ئەوەی کێشانە و پێوانەکەی تەواو بێ و لەنگ نەنوێنێ و ئاوازی دەنگدانەوەکەش تام و بۆی ئاوازی هەورامی بدات.



پۆست (پێست) = کەڵپۆسم گرتووەتە کۆڵ
لە ئەشکەوتام و جگە لە ئەشکەوت کە هاودەمە، کەسی دیکە
یار (دۆست، ڕەفیق، هامراز)م بەدواما عەودالن، خەفەتبارن و نازانن لە کوێم.

ئەم دووانەیە، سێ ڕازی گرنگی گرتووەتە خۆی و ئەگەر یەکێک شارەزایان نەبێ، ناتوانێ بەدروستی واتای لێک بدەنەوە، یان لێی تێ بگەن و ئەوانیش:

– ڕازی ڕۆستەم و زۆراب؛ ئەوەیە، کە لە شاهنامەی فارسیی و هەروەها شاهنامەی هەورامیدا هاتووە و دەڵێ: ڕۆستەم کە چووە خاکی توورانیانەوە، بەدزییەوە چووە لای کچی شاو و ئەوجا، هەر ئەوشەوە کاتی بەجێ هێشتنی و گەڕانەوەی بازیبەندی تلا (زێڕ)ی دا بەتەهمینا (ناوی ژنەکەیە) و پێی وت، ئەگەر کوڕ بوو ئەم بازیبەندە بکەرە باڵیی و ئەگەریش کەنیشک (کیژ، کناچێ، دوێت) بوو بیکە بەخەرجی.

– ڕازی دووەمی ئەوەیە، کە فەرهاد چۆڵەوانی کرد بەماوای خۆی بۆ ئەوەی جۆگەی ئاو بۆ تاقەوسان بەرێتەوە، ئەمیش لەبەر خاتری (شیرین)ی ژنی کەیخسرەو.

– ڕازی سێیەم–یش (باسی اصحاب الکهف) تێدایە.

هۆنراوەکانی باوا سەرهەنگی دەودانی هەورامی ڕەسەنن و لە چوارچێوەی دە بڕگەیی فۆلکلۆریدا دەرنەچوون و دوو نیوە دێڕی یەکەمی دووبارەی یەکترین، یان ناوونیشانی هۆنراوەکەن.

دووانەیەکی دیکەی باوا سەرهەنگی دەودانی:

«سەرهەنگی دەودان،.........
ئەز کە ناممەن، سەرهەنگی دەودان
چەنی ئێرمانان، مەگێڵم هەردان
مەکۆشم پەرێ، ئایینی کوردان!»(*)

(دەفتەری شندروێ)

(*) شایانی باسە، کە لە پەرتووکی (مژدەها ڕوژ)ی (الشیخ حسن الداسنی، المستوفی ٧٧٤هـ – ١٢٤٦م) وەها هاتووە، کە دینی ئێزەدی دینی کوردە و بەکوردیش نووسراوە و زمانەکەشی زمانی کوردییە (کرمانجی). بەڵام بابا سەرهەنگی دەودانی دینی ئەهلی هەقق بەدینی کوردیی دەزانێ.

لێکدانەوەی واتای دووانەکە:

چەنی: لەتەک، لەل، لەگەڵ.

ئێرمان: بەم واتایانە دێت (یەکگرتوو، دۆست، بەندە، ناوی فریشتەی ئارامش و ئاشنایی و دۆستییە. لە ئاڤێستادا، بەشێوەی (ئەیریەمەن = airyaman) هاتووە و ئەمەش لە گاتەکاندا، بەواتای گرووپی پێشەوای دینی بەکارهاتووە.

بەم پێیە، دەبێ یان بەواتای (دۆستان) بێ و یان بەواتای ڕێبەرانی دینی بێت.

مەگێڵم: دەگەڕێین.

هەردان: چەم و دۆڵ.

مەکۆشم: تێدەکۆشین، تێدەکۆشم.

پەری ئاینی کوردان: بۆ مەزهەبی کوردان (بێ گومان ئەگەر مەبەستی دین بووایە، دینی بەکار دەهێنا، نەک ئایین (دینزا).(*)

## خاتوو جەلالێی لوڕستانی

(٣٨٧ -...؟... ک)

ئەم ئافرەتە مامای شاه موبارەکە و کچی میرزا ئامانای لوڕستانە و لە ساڵی ٣٨٧ی کۆچی لە لوڕستان لە دایکبووە (دەفتەری شندروێ). ڕازی بەسەرهاتی خاتوو جەلالێ و شاه خۆشێن، کانیاوی ڕەنگین و چەمی شندروێ، لە ناو هاواردا، دەماودەمی زۆر دەربارەیەوە دەزانن.

لە ئاواز و تەنبوور ژەندنا، ناوبانگی هەیە و بەئوستادی تەنبوور ژەندن دەژمێردرێ. سەرپاکی دووانەکان (هۆنراوەی دووانە) لەگەڵ ئاوازی تەنبوورەدا، لە جەمخانەدا، دەمی جەم، بەکارهێناون، یان بەئاوازەوە چڕیونی.

(*) من بۆیە دەڵێم (بێ گومان ئەگەر مەبەستی دین بووایە، دینی بەکار دەهێنا!!) بەو نیازەی کە ئەهلی هەقق بە(دین) هەر (دین) یەژن و ئایینیش بۆ (دین) زۆر کەم بەکارهێنراوە، بەڵکو بۆ (وەچەی دین = مەزهەب) بەکارهاتووە، ئەگەرچی لە فارسی دەریدا، بۆ بەدەستەوەدانی مەبەستی (دین) زۆر بەکارهاتووە. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە وشەی (ئێرمان)ی بەکار هێناوە کە وشەیەکی ئاڤێستاییە و کەچی لەملاشەوە وشەی (دین)ی ئاڤێستایی بەکار نەهێناوە و چووە وشەی (ئاین)ی بەکار هێناوە، کە واتای (دین) بەتەواویی بەدەستەوە نادات!!.



خاتوو جەلالێ، یەکێ بووە لە فریشتەکانی دەورەی شاه خۆشێن، واتە هەزار و یەک ساڵەی زیندووبوونەوەی بەخۆیەوە دیوە و ئەوجا چووەتە قاڵبی ئەستێرەی نەمریی ئاگرەوە، یەکێ لەو پێنج تەنەی دەمی خۆی.

هەندێ وێنەی دووانەکانی:

«ئەی کاکە ڕەدا، سوار و دانا
ئەی فەرمان ئاما جە هەفت ئاسمانا
خەلقی لوڕستان وە زۆش مەزانا
پاکەن جەلالەی میرزا - ئامانا»

«دەفتەری شندروێ»

ئەم دووانەیە، نەختێ لە ڕازەکەی خاتوونی جەلالێ و شاه موبارەک ڕۆشن دەکاتەوە باسی داوێن پاکی جەلالێ دەکات و باسی نەزانی خەڵکی لوڕستان و ناهەقق بێژیان دەکات.

کاکە ڕەدا، یەکێکە لە فریشتەکانی دەمی شاه خۆشێن و ئەو هەواڵی دا بەماما جەلالێ، کە پەروەردگار فەرمانی داوە، کە تۆ جەلالێ خاتوون دایکی شاه موبارەک بیی و ئەمەش فەرمانی پەروەردگارە. بەڵام منالبوون لە ئافرەت بەبێ باوک ناچێتە عەقڵی خەڵکی لوڕستانەوە و هی لایەکی دیکەشەوە!!

دووانەیەکی دیکەی خاتوو جەلالێ:

«نە بەرەی شایی،........
ئاورۆ نیشتەبیم نە بەرەی شایی
مێردان و ژەنان، مەشین وەشایی
پەرێ شاه خۆشێن، مەدان گەواهیی»

(دەفتەری شندروێ)

واتای دووانەکە:

بەرە: دەرگا، قاپی، دەروازە.

نە بەرەی شایی: لە بەردەرگای شاهدا (مەبەستی شاه خۆشێن-ە).

ئاورۆ: ئەمڕۆ.

نیشتەبیم: دانیشتبووم.
مێردان: پیاوان.
ژەنان: ژنان.
مەشین: دەڕۆیشتن، دەچوون.
پەرێ: بۆ.
مەدان: ئەدەن، دەدەن.
گەواهی: شاهیدی (باوەڕپێکردن، سەرسپاردن، بەشاە زانین).

واتە:

ئەمڕۆ لە بەردەرگای تەختی شاە خۆشێنا دانیشتبووم، دەسە دەسە، پیاوان و ژنان دەچوونە ژوورەوە و سەریان بەشاە خۆشێن دەسپارد.

دووانەیەکی دیکە:

«یاران پەرێ بۆ،............
زاریکەن چەنی، بولبول پەرێ بۆ
ئەز ئەو ولەنان، ئامام وەلای تۆ
ئا نە نەپەتمان، وێم وستم جە نۆ»

(دەفتەری شندروێ)

واتای دووانەکە:
یاران: دۆستانی ڕێی دین.
پەرێ: بۆ، لە پێناو، لەبەر خاتری.
بۆ: بۆن.
زاریی: گریان، چریکاندن، خوێندن، سروودانذن.
چەنی: لەگەڵ، لەتەک، لەل، دەگەڵ.
ول: گوڵ (گوڵی گولاویی).
ئەو ولەنان: ئەو گوڵەم.
ئامام: هاتم.
پەت: پەچ، کردن، ئەمە؛ بۆ نانکردن بەکاردێت، بۆ وێنە دەوترێ: (نانش پەت)، (واتە؛ نانی کرد).



نانەپەچ: نانکەر.
وستم: خستم، دووبارە دەستم پێ کردەوە، دیسان لەسەری ئەڕۆمەوە، دووپاتی ئەکەمەوە، پاتی ئەکەمەوە.

دەیەوێ بڵێ:

یاران بۆ بۆن، لەگەڵ بولبولدا بچرێن و من ئەو گوڵەم کە هاتمە لای تۆ (مەبەستی شاە موبارەکە) ئەوەتە کە دروستمان کردووە، دیسان، خۆم نوێی دەکەمەوە! پاتی دەکەمەوە (مەبەستەکە، سەرسوپاردنی دینییە، نوێکردنەوەیە).

دووانەیەکی دیکە (چوارینە ڕەنگ):

«مەستم جە بادەی، ڕۆی ئەلەستی تۆ
وەسەن یەک جامێ، مەی جەدەستی تۆ
ئاینەی زێڵم، ڕۆشنەن چون مەی
چەو بۆن بیەنم، مەی پەرستی تۆ»

(مێژووی ئەدەبی کوردیی بۆرەکەیی، ل – ٩٧)

من ئەم چوارینەم لە دەفتەری شندرویدا، نەدیی، بۆیە پەنام بردە بەر ئێرە چونکە ناوەڕۆکی چوارینەکە تا بڵێیت پڕ بەئاوازە و شیرینە و ڕازاوەیە و خاوەن وێنەیە.

مەستم: سەرخۆشم.
بادە: شەراب (شەرابی خودایی).
ئەلەست: (أَلَسْتُ) کۆتایی دنیا (وشەکە عارەبییە و واتاکەی لێرەدا، پڕ بەپڕیەتی).
وەسەن: بەسە، کافییە.
جام: پەرداخ، گلاس، کاس.
جە دەست: لە دەست.
ئاینە: ئاوێنە.
زێڵ: دڵ (ئاینەی زێڵ: ئاوێنەی دڵ. وێنەیەکی جوان و ڕازاوەیە).
چەو بۆن: بەو بۆنەیەوە، بەو هۆیەوە.
بیەنم: بووم.

**تێبینی:** لام وایە، واتاکەی ڕۆشنە و خوێنەری بەرێزیش، با نەختێ خۆی پێوە ماندوو بکات، تاوەکو لێی تێ بگات و لە بیریشی نەچێتەوە!.

## بابا تایری هەمەدانیی

(٣٢٦ - ٤٠١ک = ٩٣٧ - ١٠١٠ز)

زۆربەی نووسەرانی کورد لە بارەی (باوا تایر)ەوە نووسیویانە و تەنها لە شتێکدا یەکیان گرتووەتەوە، کە هۆنەرێکی بەرزی کوردە و لە سەرەبەرزەکانی ئەهلی هەقق دەژمێررێت. بەڵام لە مێژووی ژیانیدا، ڕێچکەیەکی ڕۆشن نییە لە بەردەستدا و تەنانەت دەربارەی ساڵی لە دایکبوونی و ساڵی کۆچیشی، زۆر کەم لەو نووسەرانە یەکیان گرتووەتەوە. لەوەوە بەولاتریش لە لێکدانەوەی چوارینەکانیشیا، کە بابا تایر پێیانەوە بەناوبانگە، زۆر کەم بەلایدا چوون، چونکە شارەزاییان لە بارەی دینی ئەهلی هەقق-ەوە، سەرپێیییە (ساکارە)!!. لە بارەی هەندێ لەو نووسەرانە، کە دەربارەی (بابا تایر)ەوە، نووسیویانە، لە لایەن (د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی)، (ل ١٨٥ - ١٨٦) دووپات کراونەتەوە، هەروەها لە لایەن (سدیق بۆرەکەیی)شەوە، (ل ٨٦ - ٨٩) دیسان بڵاوکراونەتەوە و بۆیە ئێمە لێرەدا، بەپێویستمان نەزانی ئەو شتانە دیسان کاوێژ بکرێنەوە. ئێمە، ئەم چوارینەیەی خوارەوە ئەکەین بەکەرەسەی لێکدانەوەی (ژیانی - لە دایکبوونی) و لێکدانەوەی جێگا و پایەی لە ناو ئەهلی هەققدا.

چوارینەکە، لە لایەن، د. مارف خەزنەدار و لە لایەن سدیق بۆرەکەییشەوە، وەک یەک نووسراون و وەک یەک لێک دراونەتەوە و لێکدانەوەکەش، لە لای ئەوان، ڕواڵەتی دەماودەمی (بەدەم - نووسەری دیکەوە) وەرگرتووە.

چوارینەکە بەم جۆرەیە:

«مۆ ئان بەحرۆم کە دەر زەرف ئامەدەستۆم
مۆ ئان نوقتە کە دەر حەرف ئامەدەستۆم
بەهەر ئەلفی ئەلف قەدی بەر ئایۆ
ئەلف قەدۆم کە دەر ئەلف ئامەدەستۆم»

واتە و لێکدانەوەکەی (میرزا مەهدیخان) بەپێی ئەژماری (ئەبجەدی)، بەم جۆرەیە:

وشەی (ئەلف قەد) و (بەحر) هەریەکەیان بەپێی ژمارەی ئەبجەدی دەکاتە (٢١٥) و لەگەڵ ژمارەی (ئەلف)دا، کە (١١١)یە، بخرێنە سەر یەکتریی و (دەکەنە = دەکاتە)، (٣٢٦)، کە ئەمەش ساڵی لە دایکبوونیەتی. ئەمە ڕوواڵەتی ئەژمارياریی، ئەو هۆنراوەیە (چوارینە)، لە ڕووی دنیاییییەوە.



لە ڕووی بۆچوونی دینییەوە، ئەم چوارینەیە، لایەکی دووناودوون ڕۆشن دەکاتەوە، بەوەی کە گوایا هەر کەسێ بۆ ماوەی هەزار ساڵێ مردوو زیندەبوویەوە، بەتەنی (پیاو = مەرد = بەشەر) لە هەزار و یەکدا، ئیتر نامرێ و لە ئاگرە و ئاگر نایسووتێنێ و هەر نەمرە و ئەو کاتەش ڕیزی (تەنی) پێ دەدرێ؛ ئەوجا، بابا تایر لێرەدا مەبەستی ئەوەیە، کە ئیتر ئەو نەمرە و یەکێکیشە لە تەنە (فریشتە)کانی (شاە موبارەک = شاە خۆشێن) (شاە خۆشێن = مەولا ئەلی = خوا) خۆی ئەوە ئەزانێ و ئاگادارە.

ئەوجا، هەر لەبەر ئەوەی لەم ڕاز و لەو سەرگوزەشتەدا، باسی لێهاتن و هەژاریی و ڕووتوقووتی بابا تایر و لە لایەکی دیکەوە دەنگوباسی خانەقای و کار و کردەوەی نائاسایی سەرسوورهێنەر و لە لای سێیەمیشەوە، ڕاسترەویی، دەبێ ئەوە بخرێتە ڕوو، کە یەکێ لە پاش هەزار جارەی مردن و زیندووبوونەوە بەڕواڵەت و دوونی (مەشیە) توانای ئەوەی هەیە کە هەموو شتێ، هەرچی کە بیەوێ، زیانی نەبێ بۆ ڕێڕەوەکەی بیهێنێتە دی، جگە لەوەی کە ببێ، بە(خوا = مەولا ئەلی = شاە خۆشێن = شاە سەهاک)!!.

پێش ئەوەی ئێرە بەجێ بهێڵین دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە پەرتووکی سەرەنجام کە داڕێژەری (شاە موبارەک)ی سەرپاکی ناوەڕۆکی ڕێڕەوە نهێنییەکان و ئاشکراکانی، تۆمار کردووە و نوێکردنەوەی ئەمەیشە، لە لایەن (شاە سەهاک) لە دەفتەری دیوانە گەورەدا، شی کراوەتەوە. بەڵام (پەرتووکی یارسان) بریتییە لە لێکدانەوەی (سەرەنجام) و (دەفتەری دیوانە گەورە) لە لایەن ئەوانەوە، کە دوونەکەیان پاکژ و ڕێڕەو ڕاست و (مەشیانە) پەروەردەن، لە پێناوی سەرلەبەریی دینەکەیاندا.

شایانی باسە، سەرچاوەی داڕشتنی سەرەنجام و شیی کردنەوەی و ڕۆشنکردنەوەی بۆ تێگەیاندنی ئەهلی هەقق (قەباڵە نهێنییەکەی مەولایە) کە بۆ ئەمان، لە جێگای تایبەتیدا شارراوەتەوە.

لە کۆتایی ئێرەدا، من وەها بۆی دەڕۆم، ئەگەر هاتوو ویستت لە بارەی ژیانی بابا تایرەوە زۆر بزانی، ئاوێنەی ڕاستەقینە بۆ وێنەگرتنی ئەو ژیانەی هۆنراوەکانی خۆیەتین و لەمەولاش، نەختێ لەو بارەیەوە ڕۆشن دەکەینەوە.

## لێکدانەوەی هەندێ لە چوارینەکانی بابا تایری هەمەدانی

زۆر کــەس، چوارینەکــانی بابا تایری (بەپێی بۆچوونی خــۆی) لێکداوەتەوە و لەو لێکدانەوانەشدا کەم ڕێک کەوتووە، کە دووانیان، یەکتربیان گرتێبتەوە و تەنانەت، لە چۆنیەتی ڕوونووس و گۆکردنی زۆربەی وشەکانیشدا، جیاوازی بەدی دەکرێ.

منیش ئالێرەدا، ئەم تێکۆشـانەم لە پێناوی ئەوە دایە، کە بتـوانم بەهۆی لێکدانەوەی ناوەڕۆک و ڕوونووسکردنەوەی ڕەسەنەوە، بگەمە ئەوەی نەختێ لە ژیانی ڕۆشن بکەمەوە و کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا، ڕەخنەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ لووتەلابوون لەو جۆرە ڕازانەی، کـە لەوە دەکەن دەست هەڵبەست بن و یاخود دروستکردنی جۆرە پیاداهەڵدانێکی بێ سەروشوێن و بێ بەڵگە بێ، کە دەرخستنی جۆرە هەستێکی بەوش پیشان بدات، یاخود هەست نەکردن بێ بەئەرکی ئەدەبناسیی!!.

چوارینەیەک:

«مـۆ ئان پیـرۆم کـە خـانەندۆم قـەلەندەر
نە خـانم بیی، نە مـانم بیی، نە لەنگەر
ڕۆ، هەر ڕۆ مـۆ وەڕایەم گـەردی گـێتی
دەر ئایە شەو وە ئەو سەنگی نە هۆم سەر»

ئەم چوارینە، لە لایەن بەڕێز بۆرەکەییەوە (ل – ٩٠) و لە لایەن (د. مارف)ەوە (ل – ١٩٩) هەیە و هیچ کـامیـان، لە ڕووی ڕێنووسەوە، وەک یەک نین و منیش هەر لەگەڵ هەردووکیاندا، لە هەندێ شتدا، وەک یەکین و لە هەندێ شتی دیکەشدا جیاوازین.

لە ڕووی واتاوە، هەردوو لایان، بەشێوەیەکی گشتیی یەکیان گرتووەتەوە، بەڵام ئەوەیان لە یاد نەماوە، کە ئەم ناوەڕۆکە، ناوەڕۆکی ئەو (ڕازە) دەباتەوە دواوە، کە باوا تایر گوایا خاوەنی (خانەقا) بووە و چاوەڕوانی شاە خۆشێن بووە، کـە بچێ بۆ ماڵی، یان شاە خۆشێن جلەوی ئەسپی شل کردووە و کەوتووەتە دوای جلەوی ئەسپی! ئەم ڕازە دەست هەڵبەستە و لە ناوەڕۆکی سەرەنجامدا، شتی وەها نییە و ئەویش بەهۆی ئەم هۆیانە.

بابا تایر (بەپێی پەیرەوی دینی ئەهلی هەقق)، پاش هەزار ساڵەی دووناودوونە و گەیشتووەتە ئەوەی کە ئیتر نەمر بێ و ئاگرە و توانای هەموو شتێکی هەیە و لەگەڵ شاە خۆشێنیشا بەشێوەیەکی دوور لەوەی کە مرۆڤی ئاسایی هەستی پێ بکات یەکتریی باش



دەناسن و ئاگاداری یەکترین وەک (خوداوەند و پەریی). پتر لەوەش دوورن لەوەی کە خۆیان دەرخەن، بەوەی کە توانای هەموو شتێکیان هەیە!! بەڵام لە ڕووالەتدا، دەروێشی بێ لانەیە!.

زمانەکەی بابا تایر لەم چوارینەدا:

بەپەیڕەوی دینی کاکەیی (ئەهلی هەقق) کە دەبێ زمانی دینییان، (کوردیی هەورامی) بێ، بابا تایر هەوڵیداوە بەپێی توانا شێوەی کوردیی هەورامان بەکار بهێنێ، بەڵام متوربەی بەکەرەسەی لوڕیی و بەدەگمەنیش بەپارسی دەریکردووە.

وشەی ئاڤێستایی لە زمانەکەیدا، لە بەرچاوە، بۆ وێنە وشەی (ئایەم) کە کارە، لە گاتەکاندا بەکارهاتووە و وشەکەش (کارێکی تێنەپەڕە) و ڕیشەکەش، یا قەدەکەش لە کاری (دێم)دا هەیە و بەکار دێت.

ڕاناوەکانی دێرینی ڕەسەنن و واتاکانی وشەکانیشی ساکارن، لە ڕووی ڕواڵەتەوە، بەڵام لە باری ناوەڕۆکەوە کەرەسەی دینین!

فەرەیزی (خان و مان)یش، بەواتای (دێرینی دووریان)، ژن و ماڵ دێت و ئەمەش لە ڕووالەتی دینییەوە ئەوەی کە هەزارەی تەواو کردبێ لە زیندووبوونەوەدا، ئیتر پێویستی بەژن و ماڵ نییە، چونکە لە ڕیزی مەلائیکانە (پەرییانە) یان مەلائیکەیە.

لە وشەی (لەنگەر)یش، بەواتای پاڵپشت دێ، بەڵام لێرەدا، بەواتای کۆڵەکە، یان ستوون دێت، کاتێ کە ئەم لە گەڕان دایە، ئەگەر ماوەیەکی دوورودرێژی لە تروکەی چاوێکدا بڕیی، پێویستی بەکۆڵەکە یان لەنگەر نییە و مەبەستیشی لە وشەی (پیر) پیری تەمەن نییە، بەڵکو مەبەستی ڕابەریەتییە، یان (باوە)تییە کە تایبەتییە بەچینێکی ئەهلی هەققەوە و ئەرکیشیان تایبەتییە، لە جەمخانەدا.

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، ئەوانەی دەوری پێنج تەنی دەبینن، باوە، کاکە،... یان پێ دەوترێ و بۆیان هەیە، لە تروکەی چاوێکدا دنیا بگەڕێن، بەبێ هیچ جۆرە لەنگەرێ، جگە لە لەنگەری (شاە = سان = مەولا = خوا) نەبێ. چوارینەکە لە ڕووی بڕگەکارییەوە، دە بڕگەیییە.

چوارینەیەکی دیکە:

«ئەز ئان ئەسپێدە بازۆم، هەمەدانیی
بەتەنهایی کەرۆم، نەچیرەوانیی

ھەمە بە منە و دیرەند، چەرغ و شاهێن
بەنامی من کەرەند، نەچیرەوانیی»

ئەم چوارینە، لە بەرهەمەکەی بۆرەکەییدا (ل – ٩٣) و لەوەی د. مارفدا (٢٠٠٢) بڵاوکراوەتەوە و لەگەڵ کەمێ وێکچوون و لە وێکنەچووندا، چە لە ڕووی ڕوونووسەوە، چە لە ڕووی لێکدانەوەوە. هەروەها منیش هەر جیاوازیم تیایدا، لەگەڵ ئەوانەی ئەواندا، بەدیی کردووە و خوێنەری بەڕێزیش، بەتایبەتی خوێنەواری ئەهلی هەقق، مافی ڕەوایان هەیە کە لەم ڕووەوە بیروڕا دەربڕن لەسەر بنچینەی ئەوە کە ئەوان لە ڕووی لێکدانەوەی دینییەوە زۆرتر شارەزان.

واتەیەکی کورتی ئەم چوارینە (واتا سادەکەی):

من ئەو بازە سپییەم؛ هەمەدانیم
بەتەنیایی نەچیر دەکەم
بەڵام هەموو بەبۆنەی منەوە (چەرخ) و (شاهێن)یان هەیە
بەناوی منەوە، ڕاو دەکەن!

واتای هەندێ وشەی ئەم چوارینە:

(باز) خۆی لە خۆیدا، باڵندەیەکی گۆشتخۆرە و لە هەر لایەک خەڵک باز بناسێ، بۆ ڕاویش بەکاری دەهێنن.

(بازی سپی)یش باڵندەیەکی دەسەڵاتداری بێ زیانە و هەرگیز بێ زیانی ناگۆڕێتەوە بەزیانەخرۆیی و ئەمەش ڕێگەیەکە، هەر کەسێکی زۆردار و دەسەڵاتدار ناتوانێ بیگرێتە بەر جگە لەو کەسانە (وەک ڕێڕەوی دینی ئەهلی هەقق)، کە چوونەتە قاڵبی ئاگرەوە و دەورەی یەکێ لە تەنە بوزرگەکان دەبینێ. بەپێی لێکدانەوەی چوارینەکەی پێشوو، بابا تایر یەکێکە لەوانە و لە بنەڕەتیش (ئیزرائیلە)، یان (نەسیر)ی دەورەی مەولایە.

ئەوجا، نەچیرەوانییەکەی (بابا تایر) پێگەیاندنی دەروێشەکانییەتی بەرەو ڕێڕەوی دینی ئەهلی هەقق (لێرەشدا، نە لاسایی دەکاتەوە و نە ماساوکردنە، بەڵکو ڕاستییەتی و ئەرکە دینییەکەی خۆی جابەجا دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا، لە بەشی دووەمیدا، جۆرە ناڕازییەک لە سۆفی و دەروێشەکانیەوە، وەک دەرکەوتبێ وەهایە، گوایا، وەک بلێییت لەبریی ڕێڕەوەکە بەرەو لادان هەنگاویان ناوە، ئەمەش وەک لە ژێر پەردەدا بێ و لایان وەهایە، کە شاراوەیەوە، بەڵام لای من ئاشکران (بابا تایر) و ڕۆشنن!.



شایانی باسە، ئەم لە هەمەدان و ناوچەکانی هەمەداندا، (تەنیا)یە و هەروەک خۆی وەها دەڵێ و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە وەک ڕابەری دین لەوێ هەر ئەوە و ئەوانەش بەناوی ئەوەوە دەبزوێنەوە، ئەم ناڕازیە و پێیان دەزانێ و هەمیشە هەر لەسەر ڕێڕەوی (بازی سپی) بەڕێوە دەڕوا!!.

چوارینەکە لە ڕووی زمان و ڕواڵەتەوە:

زمانەکەی تێکەڵاوە بەکەڵهوڕیی و هەورامانییەوە و ڕواڵەتی هەورامانی زۆرتر پێوە دیارە و زمانێکی کوردیی پەتییە و لە ڕووی وشەسازییەوە، وشەکانی ساکارن و ڕەوانن و لە ڕووی بڕگەسازیی هونەرییەوە (نەک زمانناسی)، چوارده بڕگەیین.

چوارینەکە، بەشێوەیەکی گشتی، بۆ ئاوازی زەمزەمە، زۆر دەست دەدات، بەتایبەتی (بۆچوونە حاڵەوە)، لەسەر کانی (قەسلان) و هانەی (تا) و هانەی تەشار و... هتد.

پێش ئەوەی بڕۆینە دەم چوارینەیەکی دیکەوە، پێویستە ئەوە بخەینە بەرچاو کە بابا تایر، خۆی بەدەمی خۆی دەڵێ (هەمەدانیم) و (تەنیام) و (بازی سپیم).

چوارینەیەکی دیکە:

«پاکە ئەژ میهری تۆم دەم میزەد، ئەی یار
خویش و بیگانەکان سەنگوم زەد، ئەی یار
جورمم ئینە کە ئەژ تە دوستدارۆم
نە خوونم کەردۆ، نە راهی زەد، ئەی یار»

لە بەرهەمەکانی (د. مارف) و (بۆرەکەیی)دا (ل – ٩٣) و (ل – ١٩٩)دا ئەم چوارینە هەروەک ئەوانی دیکە، بەڕواڵەتی وێکچوو و جیاوازیی لە یەکترییەوە، هاتوون و چە لە ڕووی ڕێنووس و چە لە ڕووی لێکدانەوەوە و هەروەها لەگەڵ ئەمەی ئێمەیشدا.

واتەی چوارینەکە بەکورتی:

لە هەر جێگایەک کە باسی مەزنی تۆ دەکەم، خزم و بێگانە سەنگبارانم دەکەن و تاوانیشم هەر ئەوەیە کە من تۆم خۆش دەوێ، جگە لەوە، نە خوێنم کردووە و نە ڕێگام بەکەس گرتووە. ئەم واتایەی سەرەوە، واتایەکی ساکاری ڕواڵەتییە، بەڵام واتای دیکەی هەیە و ئەویش ناوەڕۆکی دینییە و بەم جۆرە:

چەند جارێ (ئەی یار) پات بووەتەوە و کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە یەکێکە لە

یارەکانی ئەهلی هەقق و کاتێ کە ئەم، ئەم دەنگوباسی یارەیەتییەی، لە خزمان و کەسوکار و بێگانەکانی هەمەدان، ئاشکرا دەکات، ئەوان پێیان ناخۆش دەبێ و لێی لووتەلا دەبن و حەزیان لەوە نییـە. ئەو وتنەوەیە، وەک جۆرە وڕێنەیەکـە، لە ژێر باری مـەی و شـەرابی دینییدا، هاتووەتەوە دەنگ و لە بەرچاویدا (یار) دێت و دەڕوات و ئەمیش، دۆگە دۆگە، باسی ئەم بەسەرهاتەی دەکات و بۆشی ڕۆشن دەکاتەوە، کە جگە لەوە، چیدیکەی کە وەک خوێنڕژتن بێ، یان جەردەی ڕێ بێ، نەکردووە!.

دیارە ئەوەی کـە هەر ڕێگایەکی گـرتە بەر و ئەگـەر ئەو ڕێگایەی بەڕاست زانی، لەو پێناوەشدا، ئەگەر بەردباران بکرێ، دەبێ هەر کۆڵ نەدا، تا دەگاتە ئاوات!! پیاوە دینییە گەورەکان، هەموویان بەردەبارانیان، بەخۆیانەوە دیوە و کۆڵیشیان نەداوە!!.

بەهەرحاڵ، بابا تایر دەیەوێ بڵێ: هەر لەبەر ئەوەی دینی (یاری) گرتووەتە بەر و بەشان و باڵی (یار)دا، دەڵێ، خەڵکەکە ئەزیەتی دەدات!.

زمانی چوارینەکە:

زمانەکەی بەکوردیی پەتییەوە پاراوە و تەنیا وشەیەکی عارەبی بەکارهێناوە و ئەویش وشەی (جرم)ی عارەبییە، کە بەواتای (تاوان) دێت، لە ڕووی برگەسازیی ئاوازییەوە، دە برگەیییە.

چوارینەیەکی دیکە:

«پەنج ڕۆیێ هەنی خورەم گیـهان بی
زەمین خـەندان بەرمـان ئاسـمـان بی
پەنج ڕۆیێ هەنی ها زێد و سـامـان
نە چێنان نام و نە ژانان نشـان بی»

دووبارە، دەبێ ئەوە پات بکەینەوە جیاوازیی و وێکچوون لە نێوان ئەوەی بەرهەمەکەی ناو (د. مـارف، ل – ۲۰۰)دا و ئەوەی ناو بەرهەمـەکـەی (بۆرەکـەیی، ل – ۹۲)دا و هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئێرەشدا و هەڵبەتە؛ ئەمـەش دەگەڕێتەوە، بۆ ڕادەی شارەزایی لە زمانەکەی باوا تایر!!.

واتای چوارینەکە بەکورتی (ساکار):

پێنج ڕۆژێ کە هەیە، دنیا خۆشە، زەمین دەخەنێ، پۆشاکمان ئاسمانە پێنج ڕۆژێ دیکە، لە بارەی ئەم زەید و ئاسمانەوە، نە لێرە ناوی هەیە، نە لەوێ!



بابا تایر، مەبەستی دوو دنیاکەیە و دەیەوێ بڵێ، جوانی ئەم دنیایە و خۆشییەکانی زۆر کورتن و زوو دەبڕێنەوە و لە بەرچاو و لە بەربیر و، خۆیان هەشار دەدەن، یان دەتوێنەوە، بۆیە دەبێ مرۆ کار بۆ دنیای دووەم–ی بکات و ڕێڕەوی یادگار بگرێتە بەر. ئەم هۆنراوەیە بەزەمزەمەوە تایبەتییە.

**تێبینی:**

لە کاتی مردوو بردن، بۆ گۆڕکردنی، چوارینەی وەها بەئاوازەوە دەوترێتەوە.

چوارینەکە لە ڕووی زمانەوە:

زمانەکـەی کوردیی پەتی سـاکـارە و زۆر بەلای هەورامـانییەکـەدا، دایتاشیـوە و وشەی بێگانەشی بەکار نەهێناوە. لە ڕووی برگەسازیشەوە (ئاوازی دە برگەیییە).

چوارینەیەکی دیکە:

«ئەگـەر دل دلبـەرۆ دلبـەر کدۆمـە
وەگـەر دلبـەر دلۆ، دلرا چە نۆمـە!
دل و دلبــەر وەهەم ئاویـتـە وینۆم
نە زۆنۆم دل کـەو دلبـەر کـدۆمـە»

ئەم چوارینە کـەوتوەتە (ل – ۹۰) بۆرەکـەیییـەوە و (ل – ۲۱۱)ی دوکـتـۆر مـارفـەوە، بەداخەوە، مێژووی ئەدەبی کوردی، مامۆستا سجادی خوالێخۆشبوومان لا نییە، کە ئەو دانەری ئەلف و بێی (مێژووی ئەدەبی کوردییە)، لێرەشدا لە ڕێنووس و لە لێکدانەوە و لە بۆچووندا، لەگـەڵ یەکـتـریدا جیـاوازیی دیارە و ڕوونە و بێ گـومـان ئەمەش دەگـەڕێتەوە بۆ ڕادەی پلەی شارەزایی زمانەکەی بابا تایر. ئالێرەدا، دەبێ ئەوە بڵێم، کە بابا تایر ئەگەر لە ژیاندا بووایە، هەموومانی دەبردینە دادگای ئەدەب.

واتای ئەم چوارینە لە ڕووی ڕووالەتەوە:

واتە، ئەگە دڵ دڵبـەر (دوڵبـەر)ە، دوڵبەر کامـەیە! وە ئەگـەر دوڵبـەر دڵە، دوڵبـەر چە ناوێکە (بۆ چییە)! دڵ و دوڵبەر هەردووکیان لە بەرچاوم چوونەتە ناو یەکتربییەوە (لە ناو یەکتریدا تواونەتەوە) و لێم تێکچووە و کە دوڵبەر کامە و دڵ کامە؟

لێرەدا، مـەبەستی بابا تـایر، ئەوەیە کە پەیڕەوی دینی ئەهلی هەقق دەکـات و بەوەی کە هەریەکێ دینی یاریی قبـووڵ کرد، (مەولا ئەلی) دەبێتە دڵی و پێکەوە لە ناو یەکـتـریدا

دەتوێننەوە، بەجۆرێ، کە جوێکردنەوەیان، سەرناگرێ و ناکرێ! ئەمە، لە جەمخانەی تایبەتیدا، بەئاوازەوە، وەک سروود دەخوێنرێ!!.

ئەم چوارینە لە ڕووی زمانەوە:

زمانەکەی کوردیی پەتی پاراوە، ڕووالەتی شێوەی هەورامانی پۆشیوبەتی و وشەی بێگانەی بەکار نەهێناوە و وشەکان ساکار و واتا ڕۆشنن، لە ڕووی ڕووالەتەوە و لە ڕووی ناوەڕۆکی گیانییەوە، یەکێ باشتر لێکیان دەداتەوە، کە شارەزای دینی ئەهلی هەقق بێ.

لە ڕووی برگەسازییەوە، (دە برگەیی ئاوازەیین).

بەهەرحاڵ، ئەنجامی لێکدانەوەی ئەم چوارینانە، وەهامان بەدەستەوە دەدەن کە ساڵی لە دایکبوونی بابا تایر (٣٢٦)ی کۆچی لە دایکبووە و خەڵکی هەمەدانە و تەنیایە و دەروێشە و هەزار و یەک ساڵەی زیندووبوونەوەی تەواو کردووە و وەک ئەستێرەیەکی ئاگرین، بەبێ لەنگەر، گەرد و خولیەتی و شابازێکی سپی سوودبەخشە و یەکێکە لە یارە پێنج تەنەکەی (شاه موبارەک)ە و پێویستە زمانی دینیی ئەهلی هەقق کە شێوەی کوردیی هەورامانە بزانێ!.

**موبارەک شاه (شاه موبارەک):**

موبارەک شاه، کوڕی خاتوو جەلالێ-ی لوڕستانییە. بەهەر جۆرێک و بەهۆی هەر هۆیەکەوە بووبێ، شاه موبارەک لە ناوچەکانی شندروێ دۆڵەکانی خۆشێندا پەروەردە بووە و ساڵی لە دایکبوونی بەپێی دەفتەری شندروێ سەرەتای پێنجەمی کۆچی (٤٠٦) دەکات.

شاه موبارەک، ناوی شاه خۆشێنیش-ی هەڵگرتووە، چونکە ئالەوێ ڕێگای دینی ئەهلی هەققی دارشتووە و پەرەی بەدینی داوە و (سەرەنجام) لە دەمی ئەمدا بەتەواویی تۆمار کراوە و سەرپاکی خورپەی دڵی ئەمن و یارەکانیشی (پێنج یارە) پەل و باڵی بوون، لەو کارانەدا، کەوا بوو بۆیە پێی دەوترێ (شاه خۆشێن) چونکە ماوای شاخی خۆشێن و چەم و دۆڵەکانی - ناوچەی هاوار بووە.

ئەوەی کە دەبێ لەم ڕووەوە بوترێ، ناوی چەم و دۆڵەکانی خۆشێن جۆرە قەزوانێکی تێدایە، کە لە زۆر ڕووەوە هاوتایان، لە جێگای دیکەدا، بەرچاو نەکەوتووە، کە وەک بەری تەواوی شین، هەروەک بڵێین (شینیان کردووە = شین پۆشن) بەو جۆرەن و سەرسوڕهێنەرن.



ئەم دووانەیە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە (شاه خۆشێن) لە خۆشێندا، گەورە بووە و ئالەوێدا نیشتەجێ بووە و ئالەوێ کاری دینی جێبەجێ کردووە!!

ئەمەش دووانەکەیە:

مامام جەلالێ، کاکام ڕەنگینە
دون و دون، ئامام چینە وەچینە
ها ئیسا یورت و نامم خۆشێنە
هەر کەس پشناسوم پاکش مەو کینە

واتای ڕووالەتی:

(دایکم جەلالێیە و باوکم ڕەنگین
دوناودون هاتووم، پلە بەپلە
وا ئیستە جێگا و ناوم خۆشێنە
هەر کەسێ بمناسێ، دڵی لە (هەموو کینە = ڕق و پیسی)یەک لە هەموو شتێ پاک ئەبێتەوە).

واتای ناوەڕۆکی ئەم دووانەیە:

وشەی (ماما)، لە شێوە کوردیی هەوراماندا، بەواتای (دایکی دایک) یان (دایکی باوک) یان دایکەگەورە (ئەداگەورێ)، یان بەواتای (مامان) کە ئافرەتەو کاری بەخێوکردن و پێگەیاندنی منداڵە، تا دەگاتە لاویی.

وشەی (کاک)یش، بەواتای برای گەورە دێ، بەواتای باوکێ دێ، کە وەک برادەر و دۆست بێ لەگەڵ کوڕەکەیا، یان لەگەڵ کەنیشکەکەیدا.

وشەی (ڕەنگین) بەواتای بێ هاوتایی دێ، لە شیرینی و جوانی و ڕاستگۆیی و خزمەتگوزاریدا، کە ئەمەش تەنیا (یادگار)، (پەروەردگار) دەگرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە (کانی ڕەنگین) لە چەمی شنرویدا، بەناوبانگە، بۆ پیرۆزیی لە ڕووی دینییەوە، جگە لەم کانییەش، کانییەکی دیکە هەر بەناوی (ڕەنگین)ەوە کەوتووەتە پشتی سەرچاوەی (زەڵم)ەوە. پاشان، لە (دوون) مەبەسی (گیان، ڕۆح، ڕەوان)ە و دوون نامرێ و (تەن = بەدەن) دەبێ بمرێ و نوێ بکرێتەوە. مەبەستیشی لە (چین) دەورەکانە، واتە، ئەو لە دەورەی پەروەردگارەوە بەرەو دەورەی (مەولا) و بەرەو دەورەی خۆی (خۆشێن) هاتووە.

ئیتر لە چ تەنێکدایە، ئەوە ڕووالّەتی ئاشکراییبیە، هی نهێنی نییە!

پاش ئەوەی ئەم خالّانەمان ڕۆشن کردنەوە، بۆمان هەیە، بەم جۆرە واتای دووانەکە دابڕێژین:

«دایکە گەورەم جەلالێ-یە، پەروەردگارم (ڕەنگین)ە
دونا و دون هاتووم، دەورە بەدەورە
ئەوا ئێستا جێگا و ناوم (خۆشێن)ن
هەر کەسێ منی ناسی، خۆی پاک دەکاتەوە»

لە ڕووی زمانەوە:

زمانەکەی تا بلّێیت کوردییەکی پاراو و ئاسان و پەتییە و وشەی بێگانەی بەکار نەهێناوە و دێڕەکانیش دە بڕگەیی ئاوازەیین.

لە ڕووی داڕشتنی واتاییەوە:

دەستپێکردنی وەک دەرگا و داخستنیشی وەک کۆتایی و واتای تەواویشی بەدەستەوە داوە. (بۆ پیاوە دینییەکانی ئەهلی هەقق بەرزترین (گۆی) واتاداری دینی نهێنییە).

دووانەیەکی دیکەی شاه خۆشێن:

«یاری ســـــان وەڕا،...........
رای هەقق ڕاسییەن، بڕانان وە ڕا
پاکیی و ڕاستی و نیکی وە ڕا
قـەدەم وەقـەدەم تاوە مـەنزلّگا»

«دەفتەری شندروێ»

ئەم دووانە، لە لایەن بەرهەمەکەی (بۆرەکەیی)ەوە، لە لاپەڕە (٨٢)دا، هاتووە و ئەوەی ئەو و ئەوەی من، یەک وشە هاتووە، کە لەگەلّ یەکتریدا یەک نەگرنەوە، کە ئەویش لای ئەو (ردا)یە و لای منیش (وەڕا)یە.

واتا ڕووالّەتییەکەی:

ئەی ئەوانەی کە یاری دینی یارین، وەڕی بکەون
ڕێگەی هەقق ڕاستە و بکەونە ڕێ



پاکی و ڕاستی و نیکی بکەن وەتۆشە
هەنگاو بەهەنگاو، تا دەگەنە ئاوات

واتا شارراوەکەی:

شاه خۆشێن، هەستی بەوە کردووە، کە هەندێ لە (یاران)ی دینی ئەهلی هەقق، دوودلّن و ئەمیش تێیان دەگەیەنێ و هانیان دەدا، کە بکەونە ڕێ بەرەو ئەم ڕێڕەوە و تووشەی ڕێیان بکەن (بەپاکی و ڕاستیی و نێکی) و سەبری زۆر و بەرگەکردن، تا بگەنە ئاواتی گەورەیان (ئەمانەش، ڕێگاکەی زەڕدەشتە!).

ڕووالّەتی ئەم دووانەیە لە ڕووی زمانەوە:

دووانەکە، دوو وشەی عارەبی تیادا بەکارهاتووە و ئەوانیش (حق) و (قدم)ن و وشەیەکی دیکەی عارەبیش، پاشبەندێکی کوردیی وەرگرتووە و ئەویش وشەی ناساکاری (مەنزلّگا)یە. وشەکانی دیکەی ناو ئەم دووانەیە، کوردیی پەتین و واتا ڕۆشنن.

لە ڕووی بڕگەسازیی ئاوازەوە، دە بڕگەییبیە. وەک هۆنراوە، دەرگای هەیە و داخستنیشی هەیە و واتای تەواو بەدەستەوە دەدات و لە ئاوازی جەمخانەدا بەکار دەهێنرێت.

ئەوەی کە پتر سەرنج ڕادەکێشێ، هەروەک لە پێشتریشەوە وتمان ئەوەیە کە شاه خۆشێن، سێکوچکە ڕێڕەوە مرۆڤایەتییەکەی زەڕەدەشت دووپات دەکاتەوە گوایا گەیشتن بەئاوات و ئامانج بەکردەوەی (پاک و ڕاست و نیک) جێبەجێ دەبێ.

دووانەیەکی دیکەی دەستهەلّبەست؟؟:

ئەم دووانەیەی خوارەوە، بەدەستهەلّبەست، یان بەنەزان، بەهی شاه مبارەک لە قەلّەم دراوە و بەلّام ئێمە ئەمە بەلامانەوە یان لە نەزانین دەکات، یان لە کاری دەستهەلّبەستن دەکات و ئەویش ئەمەیە:

«غـــــولّامــــــان داو،......................
پەرێ قـــەبالّە، مـــەکـــەن داوای داو
قــەبالّەم نیـــیـــان، نە ئی تاشی کـــاو
هەر کەس بەر ئاوەرد، ئانە خوەشێن باو»

(بۆرەکەیی، مێژووی وێژە، ل ٨٤ - ٨٥)

بۆ لێکدانەوەی ئەم دووانەیە، مامۆستا بۆرەکەیی یەژێ: «ئەی پەیڕەوان و لایەنگرانی من، بۆ بن چاخ و قەباڵەی ڕازی یاری لە نێوان خۆتانا قڕە و هاوار مەکەن. قەباڵەکەم ناوەتە نێوانی ئەم کێوە، هەر کەسێک ئەو قەباڵە دەربێنێ ئەوا ئەو خۆشەویستی خوەشێنە. «ل ٨٤ – ٨٥».

ئەم دووانە، هەروەک وتمان بەناوی (شاە موبارەک)ەوەن، بەڵام هی ئەو نین و چونکە:

**١- بەڵێ،** بەپێی ڕەویە و ڕەوشتی دینی ئەهلی هەقق، دەستووری دینی ئەهلی هەقق وا لە (قاڵەیەک)دا، کە بە(قەواڵەی نهێنی) ناودەبرێ و نابێ هیچ کەسێ جێگای ئەو (قەواڵە)یە بزانێ، جگە لە ڕابەری دینی کە وەک (مەولا = شاە موبارەک = شاە سەهاک = ؟...؟...؟...؟)!!.

**٢- کاتی خۆی** بۆ یەکەمجار، (مەولا) ئەو قەباڵەیەی لە ژێر بنەڕەتی کوڵەکەی مزگەوتی (کوفە)دا، دانا و شاە موبارەکیش کە دەورەی هاتە بەرەوە، ئالەوێدا دەرهێنایەوە و نوێکاریی تیادا کرد و ئەوجا، ئەمیش ئەو قەواڵەیە خستە ژێر (تاش = مای = کەژی بەرداوی ڕەقوتەق = تلی گەورە) دەربەندیخانەوە لە نزیک کێژاوی (هاموون)ەوە و تاوەکو (شاە سەهاک) هات و قەواڵەکەی دەرهێنایەوە.

**٣- ئەوجا، بۆ جاری چوارەم**، کێ توانای ئەوەی دەبێ، کە ئەو قەباڵەیەی کە لە لایەن شێخ سەهاکەوە شارراوەتەوە، بدۆزرێتەوە و دەری بهێنێ، جارێ یان دەرنەکەوتووە یان ماوەی دەرکەوتنی ماوە!.

**٤- بەم پێیەی سەرەوە** (کە ڕێڕەوی دینی تا ئەوێ، وەها ڕۆیشتووە) ئەگەر شاە موبارەک خۆی قەواڵە بشارێتەوە، چۆن دەڵێ: (نە ئی تاشی کاو!) کە ئیشارەیە و دەست ڕاکێشانە بۆ جێگای قەواڵەکە!.

ئەم دووانەیە، ئەگەر ڕاست بێ و بەو جۆرە هۆنرابێتەوە، دەبێ یان لە ناوەڕۆکی قەواڵەکە هەنگاوی بۆ دەرتر نەنابێ، یان لە دەمی شێخ سەهاکدا دەستهەڵبەست کرابێ! یان هی شێخ سەهاک بێ و بەو مەبەستەی کە ڕوونکردنەوەیەک بێ بۆ ئەوەی کە ئەم (شێخ سەهاک) و (شاە موبارەک) هەردوولا وەک مرۆڤ و لە بەرگی مرۆڤدا، خۆشەویستی یەکترین و لەولاشەوە، ئەمان هەردووکیان هەریەکێکە و هەریەکێکن!!.

من زۆرتر بیرم بۆ ئەوە دەچێ، کە هۆنراوەکە، هی شێخ سەهاک بێ و چونکە:

یەکەم؛ لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، کە (مەولا = شاە موبارەک = شاە سەهاک...).



دووەم؛ کەرەسە زمانەکە بێ گومان هی دەمی شاە سەهاکە و بەتایبەتی، وشەی (غوڵامان) و (دەمەقاڵە) و (داوا) و (تاشی کاو).

دووانەیەکی دیکەی شاە خۆشێن:

یاران ئەو بەسـۆو،.....................
یاران چەنی هەم، بەیان ئەو بەسۆو
وەتیژی شمشێر، وبادیکی سۆو
هیچ کەس مەویەرۆ، وەرتەر جە هیندۆو

(دەفتەری شندروێ)

لێکدانەوەی واتای ڕواڵەتی:

مەبەستی لە (یاران) ئەوانەن، کە پەیڕەویی دینی ئەهلی هەقق ئەکەن و وشەی (سۆ) مەبەستی لەتەپی (گرد) سەفایە، لە شارەزووردا و شارەزووریش بەپێی دەستوور و ڕێڕەوی دینی ئەهلی هەقق (دەشتی مەحشەرە)وە چوونە مەحشەریشەوە بەهۆی پردێکەوە کە سەرێکی کەوتووەتە سەر شاخی (هەرەهەرات)ەوە و ئەو کەسەی کە باش بێ دەتوانێ بەسەر ئەو پردەدا، بۆ شارەزوور (دەشتی مەحشەر) بڕوات و ئەوەشی باش نەبێ، پردەکە وەک شمشێر (شیر)ی لێ دێ و دەبیڕێ و دەکەوێتە خوارەوە، هەروەها وەهاش دەردەکەوێ کە لە هەر دەورەیەکدا حەشرێکی بۆ ساز دەدرێ.

ئەوجا، پاش ئەم نەختە و ڕۆشنکردنەوەیەی پێشەوە بۆمان هەیە، بەم جۆرە بۆ واتای واتایە فەلسەفییەکەی بڕۆین:

شاە خۆشێن فەرمان بەسەر یارانی یاریسانیەکاندا، دەدات کە هەموویان پێکەوە بەرەو تەپی سەفا (گردی سەفا) لە شارەزوور، کە حاڵی حازریش هەر بەو ناوەوەیە، بکەونە ڕێ (بەرەو برینی پردی جینڤەت (سیرات = صراط).

ئالەوێشدا، وەهای دەردەخات، کە (هیندو) دەبێ لە پێشی پێشەوە بێ و ئەمەش لەوە دەکات، کە هیندو سەرکردەی پێنج تەن بێ!

لە مێژووی هەوراماندا، هەروەها لە مێژووی ئێران، سەردەمی بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلامی پیرۆز لەوێدا، وەها هاتووە، کە لەناوبردنی دینی زەڕەدەشتی و بەخۆیان و مەلایانی و کتێبیانەوە، یەکێکە لە ئاواتە گرنگەکانیان و دەبێ بەزووترین کات و بۆ

جاگیرکردنی دینی ئیسلام لەوێدا، لەناوبرێن و شوێنبزر بکرێن و ئەوجا بەم بۆنەیەوە زۆربەی زانایانی زەردەشتی بەرەو هیندستان چوون و ئالەوێدا، توانیان بەسەربەرزیی و سەرفرازیی، بەخاوەنی دینی ئاشکرای خۆیان ناسران و رێز لێگیران.

ئالەوانە، ناوبەناو وەک بۆ (حەجکردن) بۆ هەورامان هاتوون و یەکێکیش لەوانە، کە بەناوبانگە (شالیارە سیاوە = شالیاری هیندو)یە.

هۆزی (جرّاح) = برینپێچەکانی هەورامان، کە بەناو هۆزی (مەحموود شێخ غیاث)ەوەن بە(هۆزی هیندیان) ناوبانگیان تا ئێستەش هەر هەیە و لە نەوەی ئەوانیش، کە (ناوی شێخ ئەمین)ە و وا لە مەریوان، دوکاندارە، هەر بەو ناوەوە، ناوی هۆزی خۆیان دەدات (من خۆم چوومەتە لای و دیومە و لەم ڕووەوە، گفتوگۆمان کردووە).

لە ڕووی فەلسەفەی دینییەوە، ڕووالّەتی دینی زەردەشتی زۆری پێوەیە.



## هەنگاوی سێیەم

### بەسەرکردنەوەی هەندێ بەرهەمی ئەدەبی، لە سەدەی چوارەم بەملاوە:

ئەم هەنگاوە، وەک زێڕین وایە، چونکە (چوارینە) دەورێکی باڵا دەبینێ لە دەمی تایبەتی و لە دەوری ڕووالّەتی تەواوی هۆنراوەی ئەدەبیدا. ئەمە لە ڕووی ڕووالّەتەوە و لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، لایەنی زۆری ژیانیشی گرتووەتەوە، چە دینی و چە دنیایی.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە، قەسیدە سەری دەرهێنا و بڕگە ناوبەناو بەرەو زۆر بوون، بەپێی خواستی باس و هەناسە و تێگەیشتنی هۆنەر و هەنگاونانی بەرەو زیاتر پەرەسەندنی شارستانیەتی و سەرفرازیی خەڵک، یا هەستکردن، بەپتر ئازادیی بیرکردنەوە و بیر بڵاوکردنەوە، جۆراوجۆری ڕازی هۆنراوە، هاتنە گۆڕەپانی ئەدەبەوە چە بەوتنەوەی زارەکیی و چە بەشێوەی تۆمارکردنیش. بەشێوەیەکی ڕۆنتر، هەنگاوی ئەدەبیی لە ناوچەکانی هەوراماندا و بەو شێوە زمانە، پەرەیەکی فراوانی سەند و بەدەیان چیرۆکی پەخشان ڕەنگ و سەدان چیرۆکە هۆنراوەیی پێویست بەسەرپاکی گۆشەکانی ژیان، کەوتنە گوێ و کەوتنە بەرچاوی تۆمار و نووسینەوە، بەجۆرێ، کە لاسایی، یان شان بەشانی ئەدەبی فارسی کەوتنە ڕێ، بۆ وێنە؛ وێنەشمان، لەو ڕووەوە، بوونی شاهنامەی بەشێوەی زمانی ناوچەکانی هەورامان، کە ڕازەکانی ناوەوەی لە زۆر ڕووەوە، نەچوون بەلای ئەوەی فردەوسیدا و لە هەندێ ڕوویشەوە، لەو دەکەن و ئەمەش باوەڕ بۆ ئەوە دەبات، کە کاری کاریگەریی ئەدەبی فارسیی، سەر ئەدەبی کوردیی ناوچەکانی هەورامان، شوێنەواری دیارە و ناشبێ لەوە لووتەلا بین!

پەخشانە ڕازە چیرۆکی زۆر بەناوی هەیاسی ژیر و سوڵتانی خەزنەویەوە، بەزارەکی، بەدەم ئەم و ئەوەوە هەن و دەیان ڕازی دیکە، داخەکەم کە تۆمار نەکراون، جگە لە ڕازە پەخشانی (ئەیرئەرسەلانی ڕوومی) نەبێ.

بەهەرحاڵ، ئێمە لێرەدا و بۆ درێژایی ئەم ماوەیە، پەنا دەبێ ببەینە بەر ئەدەبیاتی سەرەنجام و یاراسان و بۆیە دەبێ وەک پێشەکییەک شتێ دەربارەی ئەم دینەوە کە خاوەنی ئەم بەرهەمانەن (سەرەنجام و یارسان) بزانین.

ئەدەبی سەرئەنجام و یارسان، بریتییە لە دروستکردن و داڕشتن و نوێکردنەوەی ڕێڕەوی دینی ئەهلی هەقق (کە لە کوردستانی خوارووەدا بەکاکەیی ناوبانگی هەیە و لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بەناوی ئەهلی هەقق-ەوەن و لە باکووری کوردستاندا، بەناوی عەلەویی و

سارلی و قزلّباش ناوبانگیان هەیە و لە سوریادا بە(نصیری) و لە لبناندا بە(درزی) دەناسرێن شێوەزمانی ناوچەکانی هەورامان (کوردیی هەورامان) لە ناوەڕۆکی پەڕتووکی دینییاندا وەک زمانی دینی بەکارهێنراوە.

بنەڕەتی ئەهلی هەقق، لەگەڵ بنەڕەتی دنیادا (بەپێی ناوەڕۆک سەرەنجام و یارسان) مەولا ئەلی دایمەزراندووە و لەوەش دەکات، کە جگە لە تەگبیر و ڕاوێژی کە لە (قەباڵەی نهێنی) کە لە ژێر کۆڵەکەی مزگەوتی کووفەدا، دایناوە، چیدیکە کە وەک نووسراو بێ هێشتا شوێنەواری نییە و بەجێی نەهێشتووە! یان نەدۆزراوەتەوە!.

ئەوجا، (شاه موبارەک = شاه خۆشێن)یش، ئەو قەباڵەیە دەرهێناوە و چە نهێنییێکی دینی تیادا بووە، ئەو دایڕشتووەتەوە و بەزمانی ئەو دەمەی خەڵک کە زمانی دینیی ناوچەکانی هەورامان بووە و ئەوجا ئەویش قەباڵەی نهێنی بۆ دواینی خۆی کە شاه سەهاک، لە ژێر تاشی دەربەندیخان، گێژاوی ئەوێ (هاموون) ئەو قەباڵەیە دەرهێناوە و ئەویش سەرلەنوێ دینەکەی نوێ کردووەتەوە بەپێی پێویستی ئەو دەمەی و تا ئەمڕۆ!

لە ڕووی دینییەوە و گرووپی پێکهاتنی بریتییە لە (خوا) کە لەو دەمەوە دنیای دروست کردووە، لە ناوەڕۆکی تەکمەی (مەولا ئەلی)دا، هاتووەتە خوارەوە و دنیای داڕشتووە و دینی کاکەیی (ئەهلی هەقق) بەشێک بووە لەو دنیایە، واتە: خوا (مەولا ئەلی)یە و (شاه موبارەک)یش مەولا ئەلی-یە و (شاه سەهاک)یش شاه (موبارەک)ە. بەڵام چوارەکەی دوایی (بەپێی یاسای حەوتەوانە) هێشتا دەرنەکەوتوون.

گرووپی پێنج تەنیش، ئەو کەسانەن، کە هەریەکە لەوانە هەزار جار دوونەکەی بەتەنی بنیادەمدا چووەتەوە و ئەمەش واتای چاکی ئەو تەنە پیشان دەدات و بۆیە بەرەو هەزار و یەک، ئیتر نامرێ و دەبێ بەئاگر و ئەوانەش، لە هەر چەرخێکدا جۆرە ناوێکیان ڕووالەتێکیان هەیە، بەڵام دوونەکە هەر هەمان دوونە و نەگۆڕراوە!!

ئەو پێنج تەنیشە، هەر لە سێ دەورەکەدا، دەرکەوتوون و تا سەرۆکی دینی دەوری چوارەم دەرنەکەوێ، پێنج تەنەکەیشی دەرناکەون و ئەوانەیش کە لە هەندێ نووسراودا ناویان هاتووە، بەدەست هەڵبەست لە قەڵەم دەدرێ!

لە ڕووی هەڵسوکەوتی دینییەوە، لە (جەم)دا پێکەوە دادەنیشن و بەڵام بەچەند چینێکەوە دابەشن و هەر چینێ لەوانە کارێکی دینی پێ سپێرراوە و ژن و ژنخوازیش بەپێی دەستووری چینەکانە، کە کێ لە چە چینێکە و ئایا دەتوانێ فلانە کیژکە لەو چینەیە بیخوازێ، بێ گومان، کۆمەڵگای ئەهلی هەقق خۆیان شارەزای ئەوەن و لە



دەفتەری دیوانە گەورەدا، ئەو دەستوورانە و دەستووری دیکەی پێویست بەژیانی ڕۆژانەی ئەهلی هەقق تیایاندا دیاریی کراوە.

**هەندێ وێنەی ئەو دەمانە:**

## بابە ناوسی جاف

(٤٧٧ ک -...؟...)

بابا ناوس، ناوی (برایم) و بە(بلە) بانگ کراوە و ناوبانگی بووە و کوڕی (ئەحمەد)ە و خۆیشی لە دووانەیەکیدا، ئەمە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:

«نامەمەن بلە و شۆرەتم ناوس
بابۆم ئەحمەدەن ساحیب جاو کوس
پێکانم وەسەر **جۆقەی پەڕ تاوس**
زاتی سوارەنان، چەنی **کەیکاوس**»(*)

(*) ئەگەرچی لێرەدا، واتە لەم هۆنراوەیەدا، وەها دەردەکەوێ کە ناوی خۆی و ناتۆرەی خۆی و باوکی دەخاتە ڕوو، پتر مەبەستی ئەوەیە کە تێمان بگەیەنێ، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کە ئەم (بابا ناوس)ە، لە دەمی (کەیکاوس) شای کەیانیشدا هەبووبێ و ئەو کاتەش، وەک سوار (زاتی سوارەی مەولا)، سوار بووە و پەڕی تاوسی ڕەنگامەش بەکڵاوی جەنگەکەیدا کرابێ و ئەوا ئێستەش، بەناوی (بلە)وە هەیە! بەشێوەیەکی ڕوونتر مەبەستی ئەوەیە کە دەریخات بۆ خوێنەر یان گوێگری کە بەهۆی دووناودوونەوە، پتر لە هەزار ساڵێ لەم قەوارەوە بۆ ئەو ڕووالەت و بۆ ئەو تەنە، لە خولاندایە و ئیتر ئەستێرەیەکی ئاگرینی زیندوو و نەمرە!!
لە بارەی ڕازی کەیکاوسی کەیانی و سیاوەشی کوڕی کەیخەسرەوی کوڕی و ڕۆستەم و دوژمنانیان توورانیان، لە شاهنامەدا هاتووە و هەروەها لە پێشتری ئەوەوە لە یەشتەکاندا (یەشتی یەکەم و یەشتی دووەم، لێکدانەوەی پورداود) بەدرێژیی لەگەڵ جیاوازیی لە نێوانیاندا هەیە.
لێرەدا، بۆنەکە، ئەو ناوەیە (کەیکاوس)، کە باوا ناوس، لە چوارینە هۆنراوەکەیدا دەمی باسی بۆ کردووەتەوە.
شایانی باسە، چەرخی کەیانییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زایین، یان پتر و ئەگەرهاتوو زانیمان دەوری (باوا ناوس) و دەرکەوتنی وەک باوا ناوس دەگەڕێتەوە بەپێی هەندێ لە دەفتەرەکانی ئەهلی هەقق بۆ حەفتاکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی و ئەمەش ئەوەمان، بەدەستەوە دەدات، کە لە نێوان دەمی کەیکاوس و دەمی ژیانی باوا ناوسدا بەلای (٢٥٠٠) ساڵێ دەکات!!
ئەم وێنەیەی کە باوا ناوس بەخۆی داوە و خۆی پێوە دەنازێ، دەگەڕێتەوە بۆ هۆی ئەوە کە ڕازەکەی =

دووانەیەکی بابا ناوس:

«ئەز ناوسەنان، جەی بەرزە ماوا
ئاسیاوم نیاوە، جەی تاشی کاوا
هەر کەس نەهارۆ، بەڵا نیاوا
فەردا مەوینی، رووشان سیاوا»

(دەفتەری بابا ناوس)

ئەم دووانەیە، لەوەی بۆرەکەییدا هاتووە (١٢٧) و لەگەڵ ئەمەی ئێرەدا، لە رووی

---

= لە شاهنامەی فردەوسیدا بەباشی خوێندۆتەوە و بێ گومان ئەمە جێگەی بڕوایە!
ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە (ئەو سوارە) کە ئەو خۆی دەخاتە جێگەی و کڵاوی سەرکردەیی سوارە لەسەر دەکات و پەڕی سووری تاوسی پیادا دەکات، دەبێ کێ بێ!؟
لە رووی دینی ئەهلی هەقەوە، تەنیا سواری بەناوبانگ هەر (مەولا ئەلی)یە و لە ڕازەکەشا (ڕۆستەم)ی زاڵە و لە ئاڤێستادا (سیاوەش)ە.
لە ئاڤێستای دەمی ساسانیدا، وێنەیەکی باش و ڕاست و نێک بەسیاوەش دراوە و تەنانەت دۆعا بۆ گوشتاسپ لە لایەن زەڕەدەشتەوە، وەها دەگەیەنێ، کە پایەیەکی زۆر بەرزی هەبێ بەوەی کە دەڵێ: (خوای گەورە، ڕێزت وەک سیاوەش لێ بگرێ - ئافرینی زەڕەدەشت) لە ئاڤێستادا باسی کەیانیەکان و ڕەچەڵەکیان و دەوڵەتیان هاتووە (یشت ها، ل ٢٨٨، پورداود).

(دەفتەری باوا ناوس)

بابا ناوس، لە دێی سەرگەت (سەرخەت = مەرزی خان ئەحمەد خان) هاتووەتە دنیاوە کە ڕێککەوتی سالآنی (٤٧٧)ی کۆچی دەکات و ساڵی کۆچکردنەکەشی دیار نییە و بەڵام وەک لەملا و لەولاوە دەوترێ لە سەرەتای چەرخی شەشەمدا بووە کە کۆچی دوایی کردووە.
دیارە بابا ناوس، ئالەوێ چووەتە لای مەلا و حوجرە بۆ خوێندن و پتر لەوەش بەدوای خوێندندا گەڕاوە، هەروەک لەو ناوچانەدا باوە.
بەرامبەری ماڵەکانی ئەفراسیاو بەگی ڕۆستەم سان کە حاکمی هانەگەرمەڵە بوو لە (سەرگەت)دا دارێکی (دار بەڕوو) زۆر گەورە و لق و پۆپدار هەیە و ئەو ناوانەی بەسێبەری خۆی ئاوەدان کردووەتەوە، گوایا پێی دەوترێ (شەخسی بابا ناوس) چونکە گۆڕەکەی ها لەوێدا و خەڵکەکەی ئەوێش زۆر ڕێز لە مەزارەکەی دەگرن.
وەک شاعیر ناوبانگی هەیە و لای شێخەکانی سەرگەت، چەند دەفتەرێک هەبوون و یەکێ لەوانە دەفتەری بابا ناوس بوو، بەهەرحاڵ لە بارەی هۆنراوەکانی بابا ناوسەوە لەو ناوچانەدا، ناوچەکانی سەرگەت و زەڵم و گوڵپ، زۆر دەوترا و دەوترانەوە.



ڕوونووسەوە و لە ڕووی لێکدانەوەوە، جیاوازیی بەدیی دەکرێ.

واتای دووانەکە:

ئەز ناوسەنان: من ناوس-م.

جەی: لەم.

بەرزە: بەرزایە.

ماوا: وشەکە عارەبییە (مأوی) بەواتای (جێگا) دێ.

ئاسیاو: ئاش (ئاساو)، ئاشیاو.

نیاوە: ناوەتەوە.

جەی: لەم.

تاشی کاوا: سەختی شاخەدا (کاو = شاخێکە بەرز و قووچ و سەوزایی پێوە ناڕوێ).

نەهارۆ: نەهارێ (ئەوسا، گەنم، جۆ) بەئاشی ئاو هارڕاوە و کراوە بەنان.

بەڵا: دەرد، ناخۆشی، هەرەس، نارەحەتیی.

نیاوە: دەنێتەوە، بەرپا دەکات، دەهێنێ.

فەردا: دوارۆژ، پاشەرۆژ.

مەوینی: دەبینێ، رووبەرووی دەبێتەوە.

رووشان: ڕوویان.

سیاو: ڕەش.

مەبەستی ناوەرۆکەکە ئەمەیە:

من کە ناوم (ناوس)ە، لە قەدپاڵی ئەو شاخە سەختەدا، نیشتەجێم و هەرکەسێ نەیەت سەری خۆی بسپارێ (بێتە سەر ڕێڕەوی دین)، ڕۆژی دوایی بەڵای بۆ خۆی بەرپا کردووە و رووڕەش و خەجاڵەتبار دەبێ. شێوەی هەڕەشە گۆنەی وەرگرتووە، هەروەک ڕێڕەوی هەر دینێکی دیکە.

دووانەیەکی دیکە:

«جە وێم پەنهانا،..............
تیرێ وەم کەفتەن، جە وێم پەنهانا

تیر جه گەوهەرا، گەوهەر جه کانا
تا نەخی میـردان، بدۆ بێسـتـانا»

(دەفتەری باوا ناوس)

واتەکەی ئەم دووانەیە:

جه وێم: لە خۆم.

پەنهـانـا: پەنایە، پێم نەزانی، ئاگـاداریی نیم، ئاگـادار نەبووم، بێ ئاگا بـووم، نەزانراو بوو لام، کتوپڕیی پێم زانی.

تیـرێ: تیـرێک، یەک تیـر، یەک تروسکە، یەک ئاگـاداریکردنەوە، خـورپاندن، بەئاگا هێنانەوە، هەواڵی خوایی، فەرمانی خوایی.

وەم کـەفـتـەن: ڕووبەڕووم بوویەوە، بۆم هات، ڕووبەڕووم نێـردرا، ئاراسـتـەم کـرا، لێم کەوت، لێم درا.

جه گەوهەر: لە گەوهەر (دڵ = دوون = ڕوح = دوڕ = یادگار = مەولا = مبارەک).

گەوهەر جه کانا: گەوهەر (ڕۆشنایی، ئاگاداریی) لە کان-ەوە هاتووە.

نەخ: دەزوو، ڕیز، ڕێچکە، سەرە.

نەخی میردان: ڕێچکەی مێردان (خەڵک).

بێستان: باخ، سەوزایی، کێڵگە (مەبەستی سەوزایی جەمخانە و دینی ئەهلی هەققە). مەبەستی پەری دینە و ڕاستی دینە و دوارۆژی دینە.

دەیەوێ بڵێ:

فەرمـانێکم لە یادگارەوە بۆ هات (کە کـتـوپڕیی بوو، بێ ئاگا بووم لێی) کە یاران دەبێ دەستە دەستە ڕووبکەنە جەمخانە، بۆ جەم بوونەوە.

## سان سەهاک

(٦٧١ - ٧٩١ک = ١٢٧٢ - ١٣٨٨ز):

سان سەهاک هەروەک لە فـەرهەنگ و (المنجد)دا، هاتووە ناوی (سوڵـتان ئیسحاق)ە و کوڕی شێخ عیسای بەرزنجییە. هەروەها زانیاری لە بارەی باوک و باپیریەوە، وەها هاتووە کە لە بنەڕەتدا، لە هەمەدانەوە بەرەو بەرزنجە هاتوون و ناوبانگی شێخ عیسای بەرزنجیش وەک ڕابەر و زانایانی دەمی خـۆی، لەمـلا و لەولاوە تۆمـار کـراوە. ئالەم ڕووەشـەوە، بۆ



سەلماندنی خەڵک کە گوایا ئەم شێخانە (شێخ عیـسا و شێخ مووسا) خۆشەویستی خوا بوون، ڕازی ئەفسووناویی لە بارەی کردەوەیانەوە، تۆمار کراوە، کە وەک دیتنی پێغەمەری ئیسلام لە خەودا و مزگەوت دروستکردنیان و درێژکردنی شادارێکی کورت، بۆ سەرگرتنی مزگەوتەکە و...هتد.

هەروەک گومـانێک کەوتبێتە ناو خەڵکەوە، کە گوایا سان سەهاک لەوانەیە کە کوڕی شێخ عیسا نەبێ، چونکە شێخ عیسا ئەوەندە بەساڵاچووە، جێگای باوەڕی ئەوە نابێ، کە منداڵ سەوز بکات و ئەمیش (سان سەهاک) بەو بۆنەیەوە، داودی ڕەهبەر بانگ دەکات و ئەم دووانەیە، هەروەک شاهید و هەروەک ڕۆشنکردنەوە دەڵێ:

«عـیـسـا باوەمـا،............
داود تۆ بزان، عـیـسـا باوەمـا
شێخ و بەرزنجەی، حاجی و کاوەما
چێگا ئاخر مۆڕ، فەرزەن لاوەما»

(دەفتەری دیوانە گەورە)

سان سەهاک هەر لە منداڵییەوە عاشقی خوێندەواریی بووە و بۆیە بەدواییدا عەوداڵ بووە و لە زۆربەی جێگایەکانی خوێندەواریی لە کوردستاندا، کە وەک مزگەوت و مەدرەسەی دینی بن خوێندوویەتی و تەنانەت وەک دڵداری خوێندن بۆ قوتابخانەی (النظامیە)ی بەغدا چووە و ئالەوێ پایەی بەرزی زانینی پێ دراوە و ئەوجا چووە بۆ شام و ئالەوێشەوە بۆ مەککە بۆ (حەج)کردن چووە و ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، لە ناوچەی شێخان (پردیوەر)، کە لە نزیک نەوسوودەوەیە و کەوتووەتە قەراخ سیروانەوە، نیشتەجێ بووە و ئالەوێدا، وەک ڕابەری دینی، دینی ئەهلی هەققی بەرێڕەو و بەدەستوورەوە، نوێ کردووەتەوە، بەجۆرێ لەگەڵ چەرخی نوێیی ئەو دەمەدا و ئەمڕۆدا بلوێ!

لە دەفتەرەکانی (یارسانییەکان)دا، گەلێ زانیاری جۆراوجۆر، گەلێ ڕازی دینی، باسی شەڕی یارسانیان و شەڕی جیجکە، گەلێ زانیاریی تر هەن.

لە بارەی دەرکەوتنی شاە سەهاکەوە، ئالەو دەفتەرانەدا، هاتووە و دەڵێ:

کاتێ، کە سان سەهاک دەرکەوت، شێخ عیسا، بەتەواوی لەبەر پیریی لە کەل کەوتبوو ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، سان سەهاک، سانی ئەهلی هەققە و ئەم شاە مویارەک و مەولا ئەلی هەریەکێکن و بەپێی ڕێڕەوی دینی کاکەیی، هەریەکێ لەمانە ئەوی

دیکەیە و وەک ڕۆحی ئاگر کورەکی دڵی یارسانیانن و نەمرن و ئەم ناوە جۆراوجۆرانە لەم پۆشاکە جۆراوجۆرانەدا دیمەنێکی ڕوواڵەتییە، کە لە بەرچاوە!! شێخ سەهاک ناوی سێیەمە لە حەوتەوانەدا و ئەوانی دیکە تا ئێستە دەرنەکەوتوون!

دەفتەری دیوانە گەورە، ئەو دەفتەرە گەورەیە، کە لە دەمی (سان سەهاک)ەوە تۆمار کراوە و ناوەڕۆکەکەی وتەکانی شێخ سەهاکن لەگەڵ پێنج تەن و هەندێ لە چل تەناندا!! نوێکردنەوە و داڕشتنەوەی وتەکانی دەمی شاه موبارەک و قەباڵەی نهێنی (کە کاتی خۆی مەولا لە ژێر کۆڵەکەی مزگەوتی کووفەدا، شاردیەوە و شاه خۆشێن، کە دەرکەوت قەباڵەکەی لەوێ دەرهێنا و ئەوجا ئەمیش لە ژێر تاشی گێژاوی (هاموون) دەربەندیخاندا، داینا و کاتێ کە سان سەهاک دەرکەوت قەباڵەکەی لەوێ دەرهێنا و ئەوجا ئەمیش، ئەو قەباڵەیە، لە کوێ شاردووەتەوە، ئەوە نازانرێ، چونکە چوارەم حەوتەوانە، هێشتا دەرنەکەوتووە!!) وتەکانی خۆی (سەرەنجام) پێک دەهێنن بەشێوەیەکی ڕۆشنتر سەرەنجام بریتییە لەم زانیاریانە کە سەرپاکیان لە لایەن سان سەهاکەوە لێکدراونەتەوە و نوێ کراونەتەوە واتە:

١- ئامۆژگارییەکانی مەولا، کە وەک دەستوورە. هەر لە چۆنیەتی دروستبوونی دنیاوە تاوەکو دروستبوونی مرۆڤ و گیانەوەرێکی دیکە، هەروەها، پەیڕەوییەکانی دینی ئەهلی هەقق و نهێنییەکانی و... هتد.

٢- ئامۆژگارییەکانی شاه موبارەک و گۆتەکانی لەگەڵ یارەکانی لەو دەمەدا.

٣- ئامۆژگارییەکانی شاه سەهاک خۆی نوێکردنەوەی ئەو پەیڕەوانەی پێشوو.

٤- هاندانی شاه سەهاک بۆ سەرلەنوێ بەکاری هێنانی زمانی دینیی (زمانی ناوچەکانی هەورامان، وەک ئەرکی دینیی...) ئەمانەی ئەم سەرپاکیان لە دەفتەری دیوانە گەورەدا، تۆمار کراون.

سان سەهاک، هەروەک دەفتەری دیوانە گەورەی بەچوارینە و هۆنراوەی دینییەوە ڕازاندووەتەوە، هەروەها ئەدەبی کوردیشی پەرە پێداوە و بەجۆراوجۆری وێنە و بۆچوونی ئەدەبی ڕازاندووەتەوە و زاناخانەی ئەدەبی نوێی بنەڕەت بڕیوە، بەرەو ڕێڕەوی نوێی ئەدەبی، کە سەرپاکی بەشەکانی ژیان بگرێتەوە، بەتایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی تاکە کەرەسە زمانێ بۆ چەند وێنەیەک و چەند واتایەک و چەند ڕوواڵەتێک، کە بەتەواوی لە بەرگی وێنەی نوێکاری هاوچەرخ دایە!!



ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە هاندەرێک بۆ ئەوەی، کە سەرلەنوێ پەیمانی دینی لەگەڵ زمانی کوردیی دینیدا (هەورامی) ببەستێتەوە و بەم جۆرەش، ئەم بەرە ئەدەبییە، لە سەرپاکی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و خوارووودا، تا ئەم دەمانەش هەر سەرلەبەر بووە! سان سەهاک خۆی دەستێکی باڵای هەبووە، لە وشەسازیی و یاریکردن، بەوشە و هەروەک بنێشت، هەمەجۆر وێنەی لێ دروستکردووە و بەچەند واتایەک، وەک قەرز لە جێگایەکەوە، بۆ جێگایەکی دیکە بەکاری هێناون و نرخێکی ڕێزمانی باڵایشی بەڕستەسازیی داوە.

- بۆ وێنە: (ڕابەر)ی: بە(گاوان) بەکارهێناوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا، وەک ڕوواڵەت، ساکاریە و وەک ڕستەسازیش زۆر باوە و وەک واتاش، زۆرتر واتاکەی بەرەو ڕۆشنی دەڕوات، بەتایبەتی لە ناو کۆمای نەخوێندەواردا.

- (گاوان)ی - (کە کۆی «گا = جینسی هەردوولا» گایە، ئەگەر کاوانیان نەبێ هەمیشە بڵاون و ئەوە نازانن، ئەگەر ئاگاداریان نەکرێت، کە دەبێ پێکەوە بن، بۆ ئەوەی ڕێگا ون نەکەن و باش بلەوەڕێن و بەساغ و سەلامەتی بەرەو ماڵەوە بگەڕێنەوە) - بەو خەڵکە نەخوێندەوارە چواندووە، یان بەپێچەوانەوە، کە دەبێ سەرپەرشتیکەریان و ڕێگا پیشاندەریان هەبێ ئەگینا هەریەکە بەلایەکدا دەچێ و جگە لە زیان، ناتوانن قازانج و سوودیان نە بۆ خۆیان و کەسوکاریان و نە بۆ خەڵکی دیکەش هەبێ!.

بەهەرحاڵ، ئەم پارچە هۆنراوەیەی، دەستووری دینی نهێنی دەمی خۆیەتی و ناوی ئەو تەنانەی تێدایە، لە ژێر فەرمانی ڕۆژانەی خۆی کاروباری دینی ڕۆژانە بەڕێوە دەبەن و کار و فرمانی هەریەکێ لەوانە دیاریی کراوە و خاڵێکی دیکەی زۆر گرینگ کە دەستی بۆ ڕاکێشاوە، ئەویش ئەوەیە کە ناوی (یار) یاریسانییەکان دەبێ تۆمار بکرێن و ئەمیش بەپێی ڕەویە و ڕەوشت.

بەهەرحاڵ ئەمەی خوارەوە، ئەو دەستوورە دینییەیە:

سەهاک مەرەمۆ:

١- بێ گاوان گاوێ،..........
٢- گاوێ بێ گاوان، بێ گاوان گاوێ
٣- تا سەر نەسپاران، کەردەن وەڵاوێ
٤- تا هەقق نەشناسان، دوور نە گشت باوێ

٥- هەر سەرێ نەلۆ، وەحوزووری جەم
٦- نە سەنجۆ وەدەست، خەلیفە و خادەم
٧- بێ شک ئەوسەرە، وەتۆمار نییەن
٨- نە ڕۆژی حەساو، وەشمار نییەن
٩- تۆمار پیرمووسێ، قەڵەم باقییەن
١٠- جەمی چلانە، بنیام ساقییەن
١١- ڕەهبەر داودەن، دەسی دامانگیر
١٢- تەگبیرچی باتین، بنیامین پیر
١٣- جۆز نەگژنیژەن، عەرەق وەبنیام
١٤- ئاوەردەن وەجەم، پەرێ سەرئەنجام
١٥- جام نە دڵی جۆز، جۆز نە دڵی جام
١٦- نیازم زات بێ، **چوار کەس** وەدەرهام
١٧- شەرت دام **وە بنیام،** هەقق دام **وەرەزبار**
١٨- **دەفتەر پیرمووسێ**، ناز وە یادگار
١٩- **ڕەهبەرەن داود**، چل تەنش وەشۆن
٢٠- پەرچینش ئەڵماس، هەقق وە دووناودوون
٢١- نەوا هاوڕازێ، ببۆ بەهامتام
٢٢- بنیام مەغزی جام، جام مەغزی بنیام
٢٣- زیکرکەران نە جەم، غوڵامان تەمام
٢٤- نە ڕای مەغزی دوڕ، مەولای خاس و عام
٢٥- نە وام عەتری جەوز، جەوز عەتری نەوام
٢٦- غوڵامان گردەن، قەوام وەقەوام
٢٧- جۆزم شکەنا، سەریچم سپەرد
٢٨- پۆسم پاچنا، مەغزم بەر ئاوەرد»

«ئەم پارچە هۆنراوەیە، لە دەفتەری دیوانە گەورە وەرگیراوە»

شایانی باسە، ئەم هۆنراوەیە، لە (مێژووی ئەدەبی کوردی - خەزنەدار)دا هەیە، لاپەڕە



(٢٤٩ - ٢٥٠، ٢٥١). هەروەها لە بەرهەمی (مێژووی وێژەی کوردی - بۆرەکەیی)دا هەیە (تەماشای لاپەڕە «١٦٠ - ١٦١» بکە) و لە هەردووکیاندا، هەڵەی ڕێنووسی تیایاندا بەدیی دەکرێ و هەندێ لەو نیوە دێڕانە یا بڕگەیەکی کەمە، یان دووان، بەتایبەتی لە نیوە دێڕی شانزەهەمدا، کە هەردووکیان وەک یەک بەم جۆرەن:

**(نیازم زات بی، چوار کەس دەرهام)** کە ئەمەش بڕگەکانی تەواو نین، چونکە وشەیەکیان پەڕاندووە و ئەمەش لەوە دەکات، کە هەریەکەیان لەوی دیکەوە وەریگرتووە و ئالێرەشدا دەبێ بڵێین، کە (خەزنەدار) لە بۆرەکەییەوە وەرگرتووە، چونکە بۆرەکەیی زووتر بەرهەمەکەی خۆی لە چاپ داوە!

کە دەبێ نیوە دێڕەکە بەم جۆرە بێ:

**«نییازم زات بێ، چوار کەس وەدەرهام»**

یا نیوە دێڕی (١٣)هەم کە لە لای ئەوان دەڵێ:

**«جۆز نەگژنیژ، عەرەق بنیام»** (بۆرەکەیی، ل ١٦١)

لای خەزنەداریش، ل (٢٥٠) بەم جۆرەیە:

**«جۆز نەگژنیژە، نە عەرەق بنیام»**

ئەوەی بۆرەکەیی، بڕگەیەکی کەمە و ئەوەی خەزنەداریش، بەسەلیقەی خۆی لەسەر ڕێڕەوی سۆرانی ئەمڕۆ بڕگەیەکی دەستهەڵبەستی بۆ دروست کردووە چە بۆ (گژنیژ)، کردوویەتی بە(گژنیژە) و وشەی (عەرەق)یشی کردووە بە(نە عەرەق) ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەوە، کە واتاکە تێک بچێت و ڕیزی ڕێزمانی دێرەکە تێک بچێت چونکە لە دەفتەری دیوانە گەورەدا، بەم جۆرەیە:

«جۆز نە کژنیژەن، عەرەق وەبنیام»

لە ڕووی لێکدانەوەکەوە، مامۆستا بۆرەکەیی باشتری بۆ چووە تاوەکو مامۆستا خەزنەدار و بەرهەحاڵ، من لێرەدا، بۆیە دەمی ڕەخنەم لێرەدا، گەڕدا، چونکە هۆنراوەکە دینییە و لێکدانەوەی ناڕەوای دەبێ بەهۆی لووتەلابوونی خاوەنانی دین و پەیڕەویکەرانی!

ئێمە لێرەدا، وای بەباش دەزانین، کە دەسپێشخەری بۆ لێکدانەوەی واتای هەندێ کەرەسە زمانی ناوی هۆنراوەکە بێ و ئەوجا، هەنگاوی لێکدانەوەی ڕواڵەتی و ناواخنی بنێین!

- سەنجاندن؛ ڕێک کەوتن، ئازمایش کردن، هەڵسەنگاندن، تاقیکردنەوە.

– ڕۆژی حەساو؛ ڕۆژی کێشانە و پێوانە، ڕۆژی دیاریکردنی باشی و خراپی، ڕۆژی لە سەنگی ناسین دان، دواڕۆژی جوێکردنەوەی باش و خراپ.
– وەشمار نییەن: لە ژمارەدا نییە، ناچێتە ناو ڕیزەوە، سەرژمێر ناکرێ.
– قەڵەم باقییەن: تۆرمارگەکە نەمرە، هەر دەمێنێتەوە، لەناو ناچێت، ون نابێ.
– جەمی چلانە: کۆبوونەوەی چل تەن – (چل کەس «یار») لە زنجیرەیەک دان.
– بنیام ساقییەن: بنیامین لە جەمخانەدا، مەیگێڕی بەهەشتە (کەوسەر).
– جۆز: گوێز؛ (توێکڵ + ناو = مەژگە = کاکڵە).
– کژنیژ: کونجی؛ (پێست و ناوەڕۆکی چەور).
– عەرەق: مەی بەهەشت (ئاوی کەوسەر).
– سەرەنجام: نەتیجە، ئاوات، ئاکام، گۆڵ.
– جام: ئاوێنە، شووشە، جامی ئاوخواردنەوە، گڵاس، لێوان.
– دڵی: لە ناو.
– وەدەرهام: پێکەوە، لە ژێر فەرماندان و فرمانبەرن (پەڕین).
– مەغز: مێشک، ناوەڕۆکی کەللەسەر.
– هامتا: هاوکار، شەریک.
– نەوا: نەوەکوو.
– غوڵامان: یارانی یاریی.
– مەولا: گەورە، خوا، یەزدان.
– وام: بادەم (ئەمیش؛ توێکڵ، ناوک).
– پۆس: پێست، توێکڵ.
– پۆسم پاچنا: پەتم، پەچم، تۆمارم کرد، شکاندم، ئامادەم کرد.

لێکدانەوەی واتای ڕوواڵەتی نیوە دێڕ بەنیوە دێڕی هۆنراوەکە:

١– بەبێ شوان، گاگەل، ڕەشەوڵاخ
٢– گاگەلی بێ شوان، بەبێ شوان گاگەل
٣– تاوەکو نەدرێنە دەس، بەڵاوە دەکەن
٤– تا هەقق نەناسن، بەدەر لە هەر شتێکی دیکە
٥– هەر سەرێ نەڕواتە جەمەوە



٦– تاقی نەکرێتەوە (نەناسرێ) لە لایەن خەلیفە و دەستوپێوەندەوە
٧– بێ گومان ئەو کەسە ناوی تۆمار نەکراوە
٨– لە ڕۆژی سەر حەسابکردندا، ناژمێرێت (سەرژمێر ناکرێ)
٩– ناونووسین لە لای پیرمووسایە، نووسینەکەی نەمرە
١٠– لە جەمبوونەوەی چل تەندا، بنیامین شەرابی کەوسەر دەگێڕێ
١١– ڕابەر داودە و دەستگیری ئەوەیە دامانی دەگرێ
١٢– ناوەڕۆک پەروەردەکردن، لە لای بنیامین–ی پیرە
١٣– گوێز لە کونجییە و عەرەقی بەهەشت (مەی بەهەشت) بەبنیامین–ە
١٤– ئەمانەی بەبەهەشت (جەم) هێناوە، کە جەمی ئەنجام (نەتیجە)ە
١٥– جامی مەی وا لە ناو گوێزدا، گوێز وا لە ناو جامدا
١٦– مەبەستم (نیازم) زاتی چوار تەنە و پێکەوە
١٧– مەرجم بەبنیام داوە، هەقم بەڕەزبار داوە
١٨– دەفتەری سەر تۆمارکردن، لای پیرمووسێیە و نازیش بەیادگار
١٩– ڕەهبەریش داودە و چل تەنی وا بەشوێنەوە (بەدواوە)
٢٠– پەرچینی (پەرژینی) ئەڵماسە و هەققیش بەدووناودوون–ە
٢١– نەوەکو یەکێ لە هاوڕازێ ببێ بەهاوتام
٢٢– بنیامین مەغز (مێشک = پوختەی مێشک) جامە و جامیش مەغزی بنیامینە
٢٣– زیکر بکەن لە جەمدا، تەواوی یاران
٢٤– لە ڕێگای (لە پێناوی) مەغزی دوڕی مەولا، کە گەورەی هەموو لایەکە
٢٥– لە بادەما عەتر (چەور)ی گوێزە، گوێزیش چەوری بادەمە
٢٦– یاران کۆمەڵن، چەرخ بەچەرخ، دەور بەدەور
٢٧– گوێزم شکاند، سەرم تۆمار کرد
٢٨– پێستم لێ کردەوە، کاکڵەم دەرهێنا

واتای فەلسەفەی دینی ئەم هۆنراوەیە:

پێش ئەوەی بڕۆینە سەر واتا ڕۆحییەکە، دەبێ ئەوە تێ بگەین، کە (عەتر) بەواتای (چەوریی) دێ و لێرەدا (گوێز و بادەم و گژنیژ) هەن، کە هەریەکە لەمانە توێکڵی هەیە و ناوەڕۆکەکەشی پڕە لە چەوری (مەغز). ئەمانەش، وێنەیەکن لە چینەکانی ئەهلی هەقق و

پتر لەوەش، (جام، عەرەق، جەم، دوڕ) هەن و ئەمانەش ڕەمزن (بۆ جامی جەم و بۆ مەی جەم و بۆ بەهەشت و بۆ ناوی کەوسەر). (مەولا)ش پەروەردگارە، یەزدانە، خوایە، ئەهرۆمەزدایە، دوونەکەی دوڕە و ئەمیش شاه مویارەکە و ئەمیش شاه سەهاک-ە.

جەمخانەش، ئەوەیە لە دنیادا، کە جەمی تیادا دەبێ (یاران ئالەوێدا، کۆ دەبنەوە و باووبرەوی دینی خۆیان لەوێدا جێبەجێ دەکەن).

شایانی پاس گرتنی سێ ڕۆژ ڕۆژوو کە سەرپاکی ئەهلی هەقق ساڵی جارێ سێ ڕۆژ ئەو ڕۆژووە دەگرن و ئێوارەی سێیەم هەریەکێ لەو یارانە، دەبێ کەڵەشێرێکی ساغ و تەواو و مەنێ برنج و مووچەیەک نان، بۆ ئەو کۆبوونەوەیە کە (جەم)ی پێ دەوترێ بەرن و ئەوجا ئەو شتانە کە لە لایەن هەموانەوە بۆ ئەوێ هێنراوە، دەکرێ بەچێشت و کەڵەشێرەکانیش سەرپاکیان ئامادە کولاندن دەکرێن و دەکولێنرێن و بەجۆرێ کە لە ناو مەنجەڵی کولاندنەکەدا گۆشت لە ئێسکەکان جوێ دەبێتەوە و ئەوجا یەکێکی تایبەتی بەو کارە، گۆشت و نان و چێشت بەپێی سەرە دابەش دەکات. ئەو خۆراکە بەخۆراکی بەهەشت سەرژمێر دەکرێ و خواردنەوەیشی بە(مەی = ئاوی کەوسەر) لە قەڵەم دەدرێ و کۆبوونەوەکەش بەکۆبوونەوەی بەهەشت لە قەڵەم دەدرێ و جەمخانەکەش بەبەهەشت سەرژمێر دەکرێ.

ئەوجا، ڕۆشنایی و پاکی دوڕی (مەولا) بەرەو گوێز و گژنیژ و بادام بەهۆی (مەی)یەوە (بۆنیان) بەسەرپاکی ڕۆحی یاراندا، ڕەنگی ڕۆشنایی و دنیایی پەخشان دەبێ.

کورتەی ئەم ناوەڕۆکە، ئەوەی کە دەیەوێ ببێ بەیاری یاریسانیان، دەبێ کاتی جەمبوونە لە جەمخانەدا، بڕوا بۆ ئەوێ، لەگەڵ هەندێ خۆراکی وشکدا، هەروەک لە سەرەوە وتمان و ئەو کەڵەشێرە ساغ و سەلامەتە و ئەوجا، لە جەمدا، پێشەکی پەنا دەبرێتە بەر پیرمووسێ، بۆ ئەوەی ناوی تۆمار بکات و ڕەویە و ڕەوشتێ کە ئەو وەک ئامۆژگاریی دەیکات، گوێڕایەڵی بکرێت و ئەوجا دەبێ داودی ڕەهبەر، وەک ڕابەر تەماشای بکات و گوێڕایەڵی بێت و ئەوجا، سەری دەروونی تەسلیمی بنیامین بکات و لای ئەو و بەپێی ئامۆژگاریی ئەو پەروەردەی دەروونی خۆی بکات و هەموو مەرجێ بەم دراوە و مافی ناسینی هەقق و ناهەقیش بەڕەزبار سپێراوە و پێوانە و کێشانە لەگەڵ (دوون)دا، دەکرێ و لە پاش ئەوانە، بەپیرۆزی تەماشای ڕەویە و ڕەوشتی یاریسانیان بکرێ.

هەروەک لەم هۆنراوەیەی سان سەهاکدا، ناویان هاتووە ئەمانە یارەکانی فرمانبەری



فەرمانەکانی دینی (هەرکەسە بەپێی ڕاسپاردەی سان) شێخ سەهاکن.

١- داودی ڕەهبەر.

٢- بنیامین-ی پیر.

٣- ڕەزباری هەقناس.

٤- پیرمووسێ قەڵەمدار.

٥- یادگاری نازدار (واتە: خاوەنی نیاز، یان نیاز پێ سپێراو).

هەندێ هۆنراوەی دینی دەورەی شاه سەهاک:

دیارە، بەپێی ڕەویە و ڕەوشتی دینی (ئەهلی هەقق)، هەر شایەک لەو شایانەی حەوت کە هەریەکێکیان بەناوێکەوە و بەڕوواڵەتێکەوە و بەبەرگێکەوە دێتە مەیدانەوە، هەر حەوتیان، هەریەکێکە و ئەویش پەروەردگارە و ئەم ناوەش، لە هەر جۆرە دینێکدا و هەر جۆرە زمانێک، ناوی تایبەتی ئەو دینە و ئەو زمانەی پێوەیە.

بەپێی هەڵسوکەوتی دینی ئەهلی هەقق، هەر شایەک لەو شایانە (چل کەسی دەست هەڵبژاردەی خۆی) وا لە دەوروبەردا و لە ژێر فەرمانیدا، بۆ جابەجاکردنی (جێبەجێکردن) کاروباری دینی و هەریەکەش، لەو چل کەس (چل تە = چلتەن)ە، کارێکی دینیی تایبەتی پێ سپێراوە! لەم چلتەنەش (پێنج) کەسیان هەمیشە بەدەوری (شاه)دان بۆ کار و فەرمانی و هەریەکەش لەو پێنج تەنە (پێنج کەسە) چاوەڕوانە، کەی کارەکە بێتە پێشەوە یان کەی وەختەکەی بێتە بەرەوە بۆ ئەوەی جێبەجێی بکات و لە فەرمانی شاه دووانەکەوێ!!

ئێمە، لێرەدا نامانەوێ کاری هونەریی هەریەکێ لەوانە بخەینە ڕوو، بەڵام وا هەندێ بەرهەمە هۆنراوەی هەریەکێ لەوانە (ناڵێین هەر چل تەنەکە، بەڵکو پێنجیان) دەخەینە بەردەم خوێنەری بەڕێز و ئەویش ئەگەر بەچاوی پشکنینەوە بیانخوێنێتەوە، دەتوانێ کار و فەرمانی دینی هەریەکێ لەوانە تێ بگات! پتر لەوەش، توانای ئەوە دەڕەخسێ، کە تا چە ئەندازەیە، ئەو هۆنەرە خاوەنی بیر و زانیارییە!.

## دەمام

(٦٧٤ - ٧٥٧):

لەم بارەیەوە، بۆرەکـەیی دەڵێ: بەپێی یادداشـتی (ئەعـلادینی دینەوەری) ئەم هۆنەرە ناوی (ساڵح)ە و کوڕی (ئەسعەد) و ساڵی (٦٧٤)ی کۆچی، لە (دینەوەر) لە دایکبووە تا هەژدە ساڵان لەوێدا بووە. لە دەورەی منداڵییەوە خەریکی خوێندنی قورئانی پیرۆز و ڕێزمانی عارەبی بووە، پاشان بەرەو شێخان کەوتووەتە ڕێ، لای شێخ سەهاک ماوەتەوە، تا خەرقەی لێ وەرگرتووە. ساڵی (٧٥٧)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە. (مێژووی وێژەی کوردیی، ل - ٣٥٤).

دەمام، بەیەکێ لەو چل تەنە سەرژمێر دەکرێ و بەم بۆنەیەوە دەڵێ:

نـامـــــێم بێ قـــــەیتــــــەر،................(A)
نە قوللەی ئەلەست، نامێم بێ قەیتەر................(A)
**ئەوەڵ حەلقە** بیم، نە دیجلەی بێ دەر................(A)
دایرەی زەنجـیــر، پیــوەند بیم نەوەر................(A)
نەو ڕۆ نە زەنجـیــر، پاسـەبان بیــیام................(B)
چەوگـاوار نامـان، قـەدەم پەی وەردام................(B)
ئامـــانم نە چین، چل نە یەک زمـــام................(B)
نەمـەودای ئەنگوشت، ئازیزی مـەولام................(B)
هەر چل زیانمێ، نە یەک **شەست** و **کام**................(B)
حـــاڵ نە پردیوەر، نامــێــما دەمـــام................(B)
چەی فـەرشی سـەنگە، گـرتەنما مـەقـام................(B)
دزاوەرمـــــانەن، ئەو ڕیشـــــە و دەوام................(B)
پەی ئەو کلیل و، ئەو ئاسـمـان و جـام................(B)
قـوفـڵی باتینی، مـیـفـتـاحی مینام................(B)
مـایەی **کـەوسـەری** ئەزمـەدەریش تام................(B)
مـەنۆشـام ئەو نۆش، دایرەی خـواجـام................(B)
ها دزاوەرەن، هام لفـــفی مــــەولام................(B)
کـۆکی پەنجـمـانەن، ئاوشـەن بنیـام................(B)



بنیـام خـانیــیـان، ئاوش ئەزنۆشـام................(B)
ئاوش نەوێ لیێڵ، نە هیچ تۆز و تام................(B)

ئەو دیاردانەی کە لەم بەرهەمە هۆنراوەیەی (دەمام)دا، بەرچاو دەکەون، بەم جۆرەن:

**یەکەم:** نیوە دێڕەکان، سەرپاکیان دە بڕگەیین.

**دووەم:** سەرواکانیان، وەها دەگرێتەوە، کە چوار نیوە دێڕی یەکەمیان سەروایان یەکێکە و، ئێمە پیتی (A)یمان پێ داون و شانزە نیوە دێڕی دووەمی بەسەروای (B) هاتوون. ئەمەش، نەختێ خۆی دیاریی کردووە.

**سێـیـەم:** لە ڕووی ناوەڕۆکـەوە، وەک خـەوێـکی نەخـەوتوو (خـەونی خـەیاڵ) وەها بەرچاو دەکەوێ، ئەگەرچی ئەمە بڕوایەکی تەواوە بەو ڕێڕەوی دینەوە بەستراوە و لە ناویەوە هەڵقوڵاوە، لە ڕووی جۆرەکەوە، هۆنراوەکە، بەهەست و نەستی ڕۆمانسیی لە قەڵەم دەدرێ و بۆیە ناتوانین ناوی هەڵبەستی پیادا (لەبریی ناو) بنووسێنین.

**چوارەم:** لە ڕووی واتای دینییەوە، دەمام، خۆی وەها دەردەخات، کە پەری یەکەمی یەزدان بێ، یان خەلیفەی یەکەمی شاه سەهاک بێ!.

**پێنجەم:** دەمـام، وەها خۆی پیشـان دەدات، کـە سـەر هەڵقەی ئەو پێنج خـەلیفـەی شێخ سـەهاکـە کـە لە دینی ئەهلی هەقـقـدا بەپێنج تەن (پەری) ناودەبرێن و ئەو پێنج کەسەش، لە (دزاوەر)دا(*) نیشتەجێن و دزاوەریش جێگایەکی ئاسایی نییە!.

**شـەشـەم:** کـەرەسـەی کـوردیی دێرین، کـە بۆ فـەرهەنگی کـوردیی و ئەدەبی کـوردیی زۆر سـوودبەخـشـن ئەگـەر بـخـرێنە بەرچاوی سـوودبەخـشـینەوە. بۆ وێنە: (وار = خـوار)، (پاسـەبان = پاسەوان)، (چەوگا = لەولا)، (شـەست = جار = یەکسـەرە)، (کام = ئاوات)، (خانی = کانی)... هتد.

---

(*) دززاوەر دێیەکە و ناوچەیەکە، کەوتووەتە سەرووی چەمی تەوێڵەوە و مەرزی نێوان تەوێڵە و دززاوەر جۆگـەئاوێکە (بەشی لهـۆنی ئێـران) لەگـەڵ بەشی لهـۆنی عـیـراقـدا و ئالەوێدا ئەو ناوچەیە و ئەو دێیەیە.

## شەمام

(٦٦٣ – ٧٥٨):

(شەمام) نازناوە و ناوی ڕاستەقینەی (عەبدولقادری کوڕی شەمسەددین)ە. ساڵی شەش سەد و شەشت و سێی کۆچی لە ناوچەی هەورامان، یەکێ لە دێهاتەکانیدا، هاتووەتە دنیاوە و لە لای مەلا خوێندوویەتی و ئەوجا چووە بۆ شێخان لای شێخ سەهاک و لای ئەو پێگەیشتووە و بەپێی وتەی خۆی دووەمین (تەنە = کەس) لە (چل تەن = چل کەس)ەکان و ساڵی (٧٥٨)ی کۆچی لە هەورامان کۆچی دوایی کردووە و ئالەوێ (دزاوەر) نێژراوە.

شەمام لە بارەی خۆیەوە و دەوری لە چل تەندا، دەڵێ:

نامێم بێ میزان............(A)
نە قوللەی (دەمام)، نامێم بێ میزان............(A)
**دوویەم حەلقە** بیم، نە دیجلەی نیهان............(A)
دایرەی زەنجیر، پێوەندم جەکان............(A)
چاگا **نەخواستەر**، ئەزیچ بیم پاسبان............(A)
چەوگا وار نامان، قەدەم پەی دوکان............(A)
جە مەودای ئەنگوشت، ئازیزی گیانان............(A)
گرد ئامایین نە چین، چل نە یەک دیوان............(A)
حاڵ نە پردیوەر، مەدەریم بەیان............(A)
جە باڵای سەنگێ، مەکەریم جەولان............(A)
گرتەنمان نەی فەرش، **دزاوەر مەکان**............(A)
جە ئی مەکانە، مەدەریم پەیغام............(B)
دوویەمین کلیل، ستاران مەقام............(B)
میفتاحی فەرەج، بلووری مینام............(B)
**نەی جامەی بەشەر، نامیمەن شەمام**............(B)
جەی سەنگ و بەرە، گرتەنمان ئارام............(B)
شیشەی خەمەنان، نە هورەخش زام............(B)



هام لفضی میردان، ئازیزمەن بنیام............(B)
دزاوەرمانەن، ڕیشەی گرد غولام............(B)
بنیامین ئانە، ڕۆژش کەردەن لام............(B)
چەمەی زولاڵەن، مەی کەردەن نە جام............(B)
ئاوەرد داپێمان، نەی بوخار و دام............(B)
ئێمە نۆشامان بەشەوقی خواجام............(B)

لەم هۆنراوەی (شەمام)دا، ئەم دیاردانە دەردەکەون:

**یەکەم:** هۆنراوە، دە بڕگەییە، کە ئەمە ڕێڕەوێکی گشتییە و کە هۆنراوەی شێوەی هەورامی گرتوویەتە بەر.

**دووەم:** دە نیوە دێڕی یەکەم، هەردوو سەری هۆنراوەکە، بەترازووی بڕگە و سەرواش سەرناکەون و بەڵام لە دێڕی یانزەهەمەوە، نیوە دێڕی یەکەم، بەڵێ هەر لەسەر دە بڕگەیی بەردەوامن، لەگەڵ مانەوەی سەروای هامشانی ئەوانەی سەرەوە (A) و نیوە دێڕی دووەمی هەمان دێڕ، لەسەر ڕێڕەوی دە بڕگەییە، بەڵام سەرواکەی گۆڕدراوە و بووە بەئاوازی (B) بەپێی ناونانی خۆمان بۆ ئێرە، هەروەک بەرامبەری نیوە دێڕەکان بەرچاوت دەکەوێ.

**سێیەم:** لەمە بەولاوە، یانزە نیوە دێڕی دیکە دێن و هەر لەسەر دە بڕگەیی بەرێوە دەڕۆن و سەروای ئاوازیان، ئاوازی (B) دەگرنە بەر.

**چوارەم:** لە هۆنراوەکەدا، شەمام وەهامان تێدەگەیەنێ، کە ناوی دینی (میزان) – (واتە: ترازوو = ڕاستەڕەو)-ە و ناوی دنیاییشی لە (کراسی شەمامدا) دایە و لە (دززاوەر) دێیەکی هەورامانی لهۆنە بەشی ڕۆژهەڵات و کەوتووتە لای سەرووی تەوێڵەوە (بەماوەی نیو سەعات پیادە ڕێ) نیشتەجێیە، کە کورەکی بەستنی کۆڕی چل تەنە، هەروەها لەگەڵ بنیامیندا، نزیکترین تەنە لێیەوە.

شایانی باسە، پێنج تەنەکەی دەمی شێخ سەهاک، لە (ڕمووزی یارستان)دا، هەروەها لە هۆنراوەکەی سان سەهاکدا بەم جۆرە هاتوون: (بنیامین، داود، پیر موسی، یادگار، ڕەزبار).

**پێنجەم:** لە ڕووی زمانەوە کوردییەکی ناوچەکانی هەورامانە و پاک و پوختەیە و ناوبەناو وشەی عارەبی بەکارهێناوە. زۆربەی زۆری وشەکان، واتای نهێنییان هەیە و یەکێک شارەزای دینی ئەهلی هەقق نەبێ، توانای تێگەیشتنیانی نییە!.

**شەشەم:** ناوی جێگایەک هاتووە کە (خواستەر)ە و کانییەکی ئاو دوورراوییی، لێیەوە دەردێت و ئەو باخەی دەوروبەری ئاو ئەدات و حاڵی حازر بەناوی (کاشتەر)ەوەیە و کەوتووە دۆڵێ لە دۆڵەکانی شاخە ملەپاڵنگانە، کە پشتەوەی ئەودیوی ڕوو بە(پاڵنگان) دەکەوێ. ئەم ناوە (خواستەر) بەدەست ئاڤێستاناسانی فارسەوە گیری خواردووە و هەریەکێ لەوانە دەیبەنەوە جێگایێ لە ناوچەکانی سیستان (بەلام وایە) یان دەوروبەری (جەیحوون) کە لە خۆیانەوە ناوی (هاموون)یان، لێ ناوە!.

## قامووس

(٦٨٣ - ٧٦١):

ئەم هۆنەرە، بەناوی (عەبدولڕەحمان کوڕی عەلی)یەوەیە و نازناوی هۆنەریەتی (قامووس)ە و لە ساڵی (٦٨٣)ی کۆچی لە یەکێ لە دێهاتەکانی هەوراماندا، هاتووەتە دنیاوە و ئەوجا هەر لەوێش لە ڕووی خوێندەواریەوە، خۆی پێگەیاندووە و ئەوجا، چووەتە ژێر بەیداخی شێخ سەهاکەوە و ئالەوێدا هەنگاوی دینی زۆر گەورە دەنێ و هەر لە لای ئەو دەمێنێتەوە، تاوەکو ساڵی (٧٦١)ی کۆچی، کۆچی دوایی دەکات و هەر ئالەوێ شارراوەتەوە. (مێژووی وێژەی کوردیی - بۆرەکەیی، لاپەڕ «٣٠٨»).

لە یەکێ لە پارچە هۆنراوە دینییەکاندا دەڵێ:

نامــێــمــا ئەڵمــاس،..............(A)
نە قوللەی ئەلەست، نامێما **ئەڵماس**..............(A)
**سێیەم** حەلقەنان، نە ڕۆی دیجلەی خاس........(A)
دایرەی زەنجیـر، پێـوەندم نەتاس.................(A)
نە قەهری وەیراز، جەولان دایم وە راس............(A)
چەوگا ئامایێ، پەی وەر و ئەساس................(A)
شیایێ نە شێوەی، **مەریتەی** قەسساس...........(A)
ئامیمێ نە چین، نە ژێر یەک کەرواس............(A)
نە مەودای ئەنگوشت، **خواجای مەردوومناس**...(A)
سازشت یەک زاتی، نووری بێ ئەخماس........(A)
زاتی ئەو زاتەن، ئاگان جەگرد باس.................(A)
دانا و توانا و، زیندەن بەبێ هاس.................(A)



ڕەحیم و جەببار، ئازیزەن پەی ناس.................(A)
**نە پردیوەردا،** پێمـان دا لیبـاس..............(A)
**ئێگا جەی قەتار، نامێما قامووس**.................(B)
جە ڕای لەقانان، نە پەردەی فانوس..................(B)
ئەو **دزاوەرمان**، دیبەن جای ناموس.................(B)
ئاومان نۆشا، نە **سەرچەمەی دۆس**.................(C)
لێلاویش نییەن، نە هیچ تەم و تۆس...............(C)
هەرکەس نەنۆشا، جە یار بیی مایۆس..............(C)

ئەوەی کە بەرچاو دەکەوێ:

ئەم هۆنەرمان قامووس سێیەمین کەسی زنجیرەی چل تەنە، هەروەک خۆی وەهامان پێ دەڵێ و کاتی یەکەم دروستبوونی بەناوی (ئەڵماس)ەوە بووە و ئەوجا پەیوەندی بەزنجیرەوە بووە و ئا لەوێدا خراوەتە شێوەی (مەردی قەساس)ەوە و ئەوە سەرپاکی چل تەن، چوونەتە ناو کراسی خواجەی مەردمناسەوە (خوا) و ئەوجا هەروەک خۆی دەڵێ: لە پردیوەردا، پۆشاکیان داینێ و (دزاوەر) کرا، بەجێگەمان و ئالەوێ، لە سەرچاوە (دۆس)دا، ئاومان خواردەوە!

ئەمانە (ئەم وشە، سەیرانە) سەرپاکیان (استعارە) واتایەکی دینی دیکە بەدەستەوە ئەدەن و هەروەک دەردەکەوێ (دزاوەر) بەهەشتە و (سەرچاوەی دۆس)، ئاوی کەوسەرە و (خواجەی مەردمناس)، خوایە و (مەریتە = مەرد) بەواتای بەشەر دێت و (کراس) واتای (سایە = ماڵ = چادر = ڕێڕەوی دینی،...) دەدات، (وەیراز)یش بەواتای (شەیتان) دێت.

هۆنراوەکە، ئەم دیاردانەی تیادا بەدیی دەکرێن:

**یەکەم:** سەرپاکی نیوە دێڕەکان دە بڕگەیین.

**دووەم:** زمانەکەی ئاسانە، لە ڕووی واتای ساکاریی وشەکانەوە و لە ڕووی دینیشەوە مەگەر یەکێ لە بارە ڕێبازی دینەکەوە بزانێ و ئەوجا توانای تێگەیشتنیان دەبێ.

**سێیەم:** سەرواکانی بەم جۆرەن: چواردەیان، یەک جۆرە ئاوازن و سیانیان جۆرە ئاوازێکی دیکەن و سیانی کۆتاییش دیسان ئاوازێکی دیکەن.

## ئەژدەر

(٦٧٦ - ٧٣٩):

لە بارەی ئەم هۆنەرەوە، لە (مـێـژووی وێژەی کـوردی)دا، بەم جـۆرە هاتووە بەپێی یادداشتی ئەعلادین (مەحموود کوڕی سادق) کە نازناوی (ئەژدەر)ە، لە ساڵی (٦٧٦)ی کۆچی، لە یەکێ لە ناوچەکانی هەورامـاندا، لە دایکبـووە و هەر لەوێ پێگەیشـتـووە و لە رووی خوێندنیشەوە، بەدوای خوێندندا چووەتە بەغدا و لەوێ خوێندنەکەی تەواو کردووە و پاشان بۆ هەورامان گەڕاوەتەوە و چووەتە لای شێخ سەهاک و لەوێ ڕێڕەوی دینی ئەهلی هەقـقی وەرگرتووە و بەپێی ئەو ڕێڕەوە خـەریکی ڕێنوێنی خەڵک بووە و تاوەکو لە سـاڵی (٧٣٩)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە.

ئەمەش پارچە هۆنراوەیەکی ئەوە و دەڵێ:

نامـێـمـا بەرقی.........................
**نە قـوللەی ئەلەست، نامـێـمـا بەرقی**
**چوارەم حەلقە** بیم، نە **دیجلەی شەرقی**
دوور کەردم جە **کەوک**، **سونقور** و **قەرقی**
هەتا نـەمـــــانۆ، تـەزویر و زەرقی
نە جامـەی **هۆوە**، کـە بیـمـان غـەرقی
تا قـەدەم نیـام، پەی سـەنگ و کـەمـەر
حەقحەق مەواتەن، **موورۆوان** سەراسەر
مـەحەکی مێـردان، سـولـتـانی سـەروەر
زامــایمێ **جـە لەوح**، سـەنگی دزاوەر
ئامــــانم نە چین، چل نـەیەک ئـەنوەر
جە مەودای ئەنگوشت، شای بینا بەسەر
مــەدەیم گـــەواهی، بڕەنگۆ بەشــەر
برووز دەیمێ سـرڕ، خـالقی ئەکـبـەر
دیوانمان گـــرتەن، **حـــاڵ نە پردیوەر**
**ڤـاپی مـیـهـرم ئەز،** نامـێـمـا ئەژدەر



**پیـــاڵە و جـــامم**، جـــامی مـــونەووەر
حـەلقـەی پاڵوی شـام، دایم نە کـەمـەر
میـفتـاحی **حەججام**، **شجامی** جەوهەر
کـلیـلی چـوارەم، **هائومی** ئـەخـــزەر
ئیسا **نەی پەردە**، جەمان بەست یەکسەر
هەریەک وەیەک ڕەنگ، مـەدەریم خـەوەر
ڕۆژمــان وەســـەر برد، گـــرد **نە دزاوەر**
ئاومـان نۆشـا، چون شـەهد و شـەکـەر
هەرکـەس نەنۆشا، جە بار بیی بێوەر!

ئەم هۆنەرە (ئەژدەر)، شـارەزای هەندێ ڕەمـزی زەرەدەشـتـیـیـەکـانە و، بۆ وێنە، وەک هێنانەوەی (هائۆم) یان (هائۆمی ئەخزەر) کە نـاوی گـیـایەکە لای زەرەدەشتـیـیـەکان زۆر پیرۆزە و لە دەمی سروود خوێندن و پاڕانەوە لە خوادا، دەیخۆنەوە (مەبەستی ئاوەکەیەتی، یان، دۆشاوەکەیەتی) و ئـەمـەش دەبێتـە هۆی ئەوەی، کە زووتر بچنە ناو پەردەی خـەیاڵی خواڵوویییەوە.

هەروەها (جامـەی هۆوە)ی هێناوەتەوە، بۆ بەدەستەوەدانی کورتەی (ئەهوو = یاهوو = هوو هوو = ئەهرۆمـەزدە = خـوا)یە. وشـەی (جـامـە)ش، بەواتـای بەرگ دێ، بەواتای پۆشاک دێ. ئەم لێرەدا، مەبەستی ئەوەیە، کە پێمان ڕابگەیەنێ کە لە بەرگی خواپەرستیدا (غەرق) بووە.

ئەوەی کە لەم هۆنراوەدا بەدیی دەکرێ بەم جۆرەیە:

**یەکەم**: سەرپاکی نیوە دێڕەکان، دە بڕگەیین.

**دووەم**: زمانەکەیان، وشەی عارەبی لەوانەی پێشوو زۆرترن و وشەکانیشی بەدەنگی (ق)، (قەرەباڵغی و قرەقڕ) بەهۆنراوەکە دەبەخشێ، هەروەک بڵێت لە سەرەتاوە بەدەنگی بەرز و تووڕەیی خـۆی دەردەخـات و ئـەوجـا هەنگاو بەرەو نەرمـونیـانی دەنێت. چونکە، ئەم لە (دیجلەی شەرقی) مەبەستی (سیروان)ە و سیروانیش (شێخان) و (پەردیوەر) وان بەسـەریەوە و دەوروبەری سیـروانیش، بەناوبانگن بەڕاوە (کـەو) ئەگـەرچی ئەم لە ناوەڕۆکـدا مـەبەسـتی دینی بەدەسـتـەوە دەدات کـە بەواتای دانیشتوانی دێهاتەکانی دەوروبەری (سیروان) دێت.

ناوی (**سونقور و قەرقی**)، وەک دوو ناو، بەزمانی بێگانە دێنە بەر لێکدانەوە، بەتایبەتی ئەو خەڵکە بێگانەیە، کە بەزمانی (قاف) دەئاخەفن و بێ گومان (بە«عارەب» دەڵێت کە بەزۆری چەک خەڵک دەبەنە ناو دینەوە) بەڕووالەتی، مەبەستی داڵی گۆشتخۆرە کە ڕاوی کەو دەکات.

**سێیەم:** ئاوازەی سەروای (سێ) دێری یەکەم، جیاوازە لە (دە) دێری دووەم واتە؛ ئەوانەی یەکەم، یەک جۆرە سەروایان هەیە و دە دێڕی دووەمیش جۆرێکی دیکە.

## ئەنوەر

(٦٦٨ - ٧٣٣):

ئەم هۆنەرە، خەڵکی ناوچەی کرماشانە و حەزی لە خوێندن کردووە و لە کرماشان لای مەلا خوێندوویەتی و ئەوجا، بەلاوی چووەتە لای شێخ سەهاک و لای ئەو پێگەیشتووە و لە پاشا بۆ کرماشان گەڕاوەتەوە و ئالەوێ دەستی کردووە بەبڵاوکردنەوەی دینی ئەهلی هەقق، تاوەکو لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە (رمووزی یارستان).

ئەم پارچە هۆنراوەیەی باسی خۆی دەکات، کە پێنجەم کەسە، لە زنجیرەی چل تەندا و بەم بۆنەیەوە دەڵێ:

نامـێــمـا **جــەوهەر**،.............................(A)
**نە قوللە ئەژدەر**، نامێما جەوهەر................(A)
**پەنجەم حەلقەنان، نە دیجلە و حەجەر**..............(A)
دامبەندی **زەنجیر**، پەیوەندی **ئەژدەر**.................(A)
ئەژدەرەن قەههار، نە جیلوەی دەیجوور............(B)
وەقەهر و مۆیەت، جەولان دایم، بلوور...........(B)
وارنامان قەدەم، پەی یانەی مەستوور..............(B)
**نە چوار عەناسیر**، ها بیمان پەیجوور..............(B)
نەی بەرگ وەپەنج حیس، ئامایم نە حوزوور......(B)
ئامانیم **نە چین، چل نە یەک** دەستوور...........(B)
جەنازی مەولام، ئەو ساحیب سەبوور..............(B)
مەقتوول بیم ئانە، نە جامەی فتوور...............(B)
هەر نە رۆی **ئەزەل**، **زیام وەشعوور**................(B)



ئیسـا دیوانمان، گرتەن بەزەروور.................(B)
تا ئاشکار بۆ فەرق، زوڵمەت و وەنوور...........(B)
جە حەلقەی **دیوان، نامێما ئەنوەر**.................(A)
دزاوەرمانەن، پیر و دەستاوەر.................(A)
ئاومان وەردەن، ئاوی موعەتتەر.................(A)
هەرکەس نە نۆشا، وێش وست نە خەتەر........(A)

ئەوەی کە لەم پارچە هۆنراوەیەدا، وەک دیاردە بۆمان دەردەکەوێ بەم جۆرە دەگرێتەوە:

١- هۆنراوەکە دە برگەییە لە هەر نیوە دێڕێکدا.

٢- ئاوازەی سەروای دوو بەزمن، هەروەک دیاریی کراون.

٣- ڕیزی بەزمی سەرواکان بەم جۆرەن:

چوار نیوە دێڕی یەکەم یەک جۆرە بەزمیان هەیە و ڕەمزی (A)مان بۆ داناون و چوار نیوە دێڕی کۆتاییش، هەر هەمان بەزمیان هەیە و هەر هەمان ڕەمزیشمان داونەتێ، بەڵام یانزە نیوە دێڕی ناوەڕاست، ئاوازەکەیان لەمان جیاوازە و ڕەمزی (B)مان بۆ داناون.

٤- شاعیرمان وەها لە قەڵەمی دەدات، کە لە بنەڕەتدا، بەناوی (جەوهەر)ەوە دروست بووە و حاڵی حازریش لە دیوانی چل تەن (لە ڕیزی چل تەن)دا، ناوی (ئەنوەر)ە.

٥- دزاوەر جێگا و شوێنی دەستگرتنە و ئاوی کەوسەری تێدایە و ئەو لەوێ ئاوی کانی عەتراوی بۆن خۆش خواردووەتەوە و هەرکەسێکیش لێی نەخوا، بۆی ناهەموارە.

پاش ئەوەی، وێنەی هۆنراوەی پێنج تەن، لە یەکێ لە (چل تەنان)ی دەورەی شێخ سەهاکمان خستە بەرچاو دەگەینە ئەم ئامانجە:

**یەکەم:** سەرپاکی هۆنراوەکان، (خەونی خەواڵوویی نەخەوتوو) هۆنراوەی دینێن و دینەکەی بەجۆرێ لە دڵیدا جێگیر بووە، کلیلی خەیاڵی توانای ئەوەی هەیە کە هەموو دەرگایەکی خەونی خەواڵوویی بخاتە سەرپشت و بەپێی توانای خۆی ئەو دیمەنانە، کە دێنە بەرچاوی خەیاڵی بیانخاتە سەر ڤیدیۆتێپی مێشکی ئەوجا بەرەو تۆمارکردن هەنگاویان پێ بنرێ.

**دووەم:** جۆرێکە لە دەروێشگەریەتی و تام و بۆ و ڕەنگی بوودایییان تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە.

**سێیەم:** زمانەکەیان کوردیی پەتی ناوچەکانی هەورامانە و ناوبەناو کەرەسەی قەرزکراوی زمانی عارەبییان تێدایە.

**چوارەم:** ناوبەناو زاراوی دینی ناو ئاڤێستا بەکار دێنن، بەتایبەتی ناوی جوگرافیایی کە وەک ناوەکانی **ئەروەند (ئەلوەند)** و (دیجلەی شەرقی = سیروان) و **(مانۆش)** کە یەکێکە لە شاخەکانی لای دزاوەر و (خواستەر)یش کە ناوی (کاشتەر)ی سەر سیروانە، لە نزیکی پەردیوەردا.

**پێنجەم:** وشەی فارسییان بەکار نەهێناوە، وا دیارە، تا ئەو دەمەش، فارسی هەر باوی نەبووە.

**شەشەم:** زمانەکەیان (وشەکان، وەک زاراو) خاوەنی واتای زۆرن و لەبەر ئەوە لێکدانەوەیان، لە لایەن ئەو کەسانە کە شارەزای دینی ئەهلی هەقق نین زۆر نارەحەتە و تێگەیشتنیشیان هەر زۆر زەحمەتە.

سەرچاوەکانی ئەم پێنج تەنەی یەکێ لە چل تەنەکان:

- مێژووی وێژەی کوردیی - بۆرەکەیی.
- دەفتەری شندروێ (دەستنووس).
- دەفتەری ڕموزی یارستان (دەستنووس).
- دەفتەری دیوانە گەورە (دەستنووس).
- ڕموزهای یارستان (سید قاسم افضلی).
- یشتها (پورداود).
- کاکەیی (محەمەدئەمین هەورامانی).
- دەفتەری نەورۆز (دەستنووس).

با لە پارچە هۆنراوەیەکی دیکەی شاه سەهاک ورد ببینەوە:

«سیم نەجای تەلا،..........(١)
سەڕرافی نەگرتەن، سیم نەجای تەلا........(٢)
تەلا نەجای سیم، نەدانمان سەلا..........(٣)
دوڕ نەجای سەدەف، نە مێرۆ هەلا.........(٤)



شۆر نەجای بلوور، نەدانش جەلا..........(٥)
سەنگێش نمەوۆ، وەقولوو قەلا.........(٦)
هەرکە نە جای وێش، سەلاش هەن جەلا ...(٧)
هەنگام زیایی، ماوەرۆ بەلا..........(٨)

لە ڕووی واتای ئاسایی کەرەسە زمانەکەوە:

- (سیم): واتە، زیو.
- (نەجای): لەبریی، لەجیاتی.
- (تەلا): زێڕ، ئاڵتوون.
- (سەڕراف): وشەکە عارەبییە (صراف)، ئەوەی کە کاری گۆڕینەوەی پارەیە.
- (سەلا): بێ زیاد و کەم، سلاوی بدەرەوە (سلامش دۆ) واتە، باقورستر بێ، نەختێ ڕێزی لێ بگرە.

(سەلا) لە (سلام)ی عارەبییەوەیە.

- (نەدانمان): نەمانداوە (واتە، تەلا بەزیو ناگۆڕینەوە! تەلا، تەلایە و (سیم)یش سیمە و هەر شتێ لە جێگای خۆی و بەپێی نرخی خۆی (واتایەکان بەشێوەیەکی قەرزکراویی واتە - استعارە - بەکارهێنراون).

نەمێرۆ: ناڕوات، ناچێت.

هەلا: هێشتا.

مەبەسی لەوەیە، کە (دوڕ) ئەگەرچی گرانترە، بەلام لە لای ئێمە لەبریی (سەدەف) وەریناگرین و هەرچی شتێ لە جێگای خۆی و لەبریی خۆی بەپێی کردەوەی خۆی.

شۆر: خوێ.

بلوور: شووشە، کریستاڵ.

جەلا: ڕووناکی، بریقە، درەوشانەوە، ڕۆشنایی، زەلاڵ، پۆشاک، ڕووکەش.

- سەنگ: بەرد.
- سەنگیش: بەردیش.

ئالێرەدا، پاشبەندی (-یش) لە سۆرانی و جافیدا بەکاردێت، بەلام لە شێوەی هەورامیدا، دەبێ (سەنگیچ) و ئەمەش لەوە دەکات، کە سان سەهاک دەیەوێ زمانی دینی بە ڕەگ متوربەکراویی بڕوا و لەوانەشە دلّی بۆ یەکگرتنی زمانی کوردیی بسووتێ!!.

- نەوۆ: نابێ، ناکرێ، جێبەجێ نابێ.
- قوڵوو: قوڵف (شێوەیەکی جافییە).
- هەنگام: هەنگاو.
- زیایێ: زیادە.
- وەڵا: بەڵاو.
- ماوەرۆ: دەهێنێ.
- بەڵا: هەرەس، خراپیی، ناخۆشی.

هۆنراوەکە لە ڕووی واتای فەلسەفییەوە:

لەم هۆنراوەیەدا، کە بۆ سەنگاندنی (هەڵسەنگاندن = نرخ پێدان) یارەکانی یاریسانییەکانە - (کە هەرکەسێ بەپێی هەنگاوی دینی خۆی و بەپێی توانای خۆی و بەپێی ڕادەی دڵسۆزیی لە پێناوی ئەو ڕێڕەوە دینییەدا) - هەریەکە لەو یارانەیە، یاخود پێوەرە و لەو پێوەرە هەرگیز لانادرێ و ڕووالەتیش ناتوانێ پێوانەکەر و کێشانەکەر بخەڵەتێنێ، هەنگاوانی زیادەش خاوەنەکەی تووشی بەڵا دەکات و هیچ شتێکیش ناتوانێ لەو بەڵایە ڕزگاری بکات!!

بەکورتی مەبەستی ئەوەیە، بڵێ: کار و کردەوەی خۆت، کێشانە و پێوانە دەکرێ و بەو پێیە دادگای دینی فەرمانی خۆی دەردەکات!.

بەبیروڕای من، ئەم هۆنراوەیە، وەک نامەیەکی تایبەتی وەهایە و شاه سەهاک ڕووبەڕووی چوار کەسی دەکات، لەو پێنج تەنەی، واتە: (داود و پیرمووسی و بنیامین و ڕەزبار). بەڵام بەبیروڕای من، ئەمە (یادگار) ناکرێتەوە، چونکە (یادگار) ناز (نیاز)ی پێ سپێرراوە، بەپێی هۆنراوە سەرەکییەکە!.

واتای دێڕ بەدێڕ (ڕووالەتی وشە)ی هۆنراوەکە:

١- زیو لەبریی زێڕ (تەڵا)،...............
٢- سەڕاف (پارە گۆڕەرەوە) زیو لەبریی (تەڵا) ناگرێ
٣- تەڵا (زێڕ) لەبریی (زیو) بەبێ زیاد و کەم (سەڵا) وەرگرتووە، زیادەمان نەداوە.
٤- دوڕ، لەبریی سەدەف، هێشتا ناڕوا.
٥- خوێ لەبریی بلوور خۆی وەها لێ نەکردووە! (ڕووکەش خۆی نەکردووە)



٦- بەرد (سەنگ)یش ناتوانێ ببێ بەقوڵف، ببێ بەقەڵا
٧- هەرکەسێ لە جێگەی خۆیدا، نرخ-ی لای خۆیەتی.
٨- هەنگاونانی زیادە لە سنووری خۆی بەڵای بۆ دەهێنێ

ئەمەش دیسان هۆنراوەیەکی دیکەی هەڕەشەگۆنە (ئاگادارپێدەر)یە:

داود نەجای وێش،............
هەرکەس بلەخشۆ، بێ هەقق نەجای وێش
غافڵ جە ئەزیی، نەکەرۆ ئەندێش
پەی وێش بسازۆ، میزان و کەم کێش
ئادەم مەزرنۆ، دەستەگای نە ژێش
چە عەتە و گیرەن، چێشش ماچان پێش
تۆمان دەلیل کەرد، پیریت یانێ چێش
پەی دەلیلی وێت، پا بنیەر وەپێش!!

(دەفتەری دیوانە گەورە)

**پێنج تەنە (پەری)یەکانی سان سەهاک:**

بەپێی ڕەویە و ڕەوشتی دینی ئەهلی هەقق، (خوای گەورە) حەوت جار لە قەوارە و پۆشاکی بەشەردا، دێتە خوارەوە و بۆ ئەوەی کە خەڵکی سەر زەوی بخاتە سەر ڕێ و ڕەوشتێکی بەسوود بۆ بەشەر لە هەموو لایەک و بۆ ئەم مەبەستەش شێوەی پێکهاتنی ئەم دینە بەندە لەسەر گیانی دووناودوون، لەسەر بنەڕەتی زنجیرە و کە هەریەکە لەو زنجیرە کارێکی دینی پێ سپێرراوە و لەسەر ئەو بنەڕەتە، لە ڕووی دینەوە، کێشانە و پێوانەی لەگەڵدا دەکرێ و بۆ وێنە، **حەوتەوانە ئەمانەن:**

١- مەولا
٢- شاه سەهاک
٣- سان سەهاک
٤- ؟
٥- ؟
٦- ؟
٧- ؟

١- هەریەکێ لەم حەوتەوانەیە لە دەم و چەرخێکی تایبەتی پێویست دێتە خوارەوە و هەریەکێ لەمانە، لە قەوارەی تایبەتی خۆیدا. خۆی پیشان دەدات و هەروەک ڕێڕەوی دینەکە وەهای دەردەخات، پتر لەوەش هەر حەوتیان، هەر یەکێکن لە بنەڕەتدا.

٢- هەریەکێ لەم حەوتەوانەیە، پێنج تەنی تایبەتی ژێر فەرمانی خۆی هەن و هەریەکە لەم تەنانەش کار و فەرمانی تایبەتی دینی بەسەردا دراوە و بێ زیاد و کەم سەرژمێری لەگەڵدا دەکرێ.

٣- بەم پێنج تەنەوە، بەدەیان چل تەنیان پێوە بەستراوە و ئەم چل تەنەش هەمیشە چاوەڕوانی فەرمانن، کە لە لایەن هەریەکێ لەو پێنج تەنەوە بەسەریاندا بدرێ هەریەکە بەپێی ئەرکی دینی تایبەتی خۆی.

بۆ پتر ڕۆشنکردنەوە، بۆمان هەیە بەم جۆرەی خوارەوە نەخشەیان بخەینە بەرچاو:

ئەمانە پێنج تەنەکەی دەورەی سان سەهاکن:

١- داودی ڕەهبەر(*)
٢- بنیامینی مەرجدار
٣- پیرمووسیی قەڵەمدار
٤- ڕەزباری هەقشناس
٥- یادگاری نیازدار




(*) ئەم ناوانە، کە ناوی پێنج تەنە (پەریی)ی دەورەی شاه سەهاکە بەپێی ناو هۆنراوەکە (سان سەهاک)ە، کە بەناوی (بێ گاوان گاوێ،...)وەیە و پتر لەوەش هەر لەوێشدا، کار و ئەرکی لەوانە دیاریی کردووە.



بەڵێ، کار و ئەرکی هەریەکێ لەم پێنج تەنە، هەروەک لە هۆنراوەکەدا، دیاری کردووە، دەستنیشان کراوە و هەریەکێ لەم پێنجە ناتوانێ جگە لە کار و ئەرکی دینی خۆی کارێکی یەکێکی دیکە بکات.

داودی ڕەهبەر، ڕابەری چل تەنەکان دەکات و هەریەکێ لە پێنج تەنەکەی (چوارەکەی دیکە) کار و فەرمانی خۆی لەو چل تەنەدا، جێبەجێ دەکات و ئەوجا، چەند چل تەنیان هەیە، ئەوە نازانرێ.

شایانی باسە، هەریەکێ لەم پێنج تەنەش (هەروەک دینەکە وەها دەڵێ) نەمرن و چوونەتە چوارچێوەی نوورەوە و بەڵام هەریەکە لە هەر دەورەیەک لە پۆشاک و ڕووالەتی مرۆڤێکدا دەردەکەوێ کە جیاوازە لە بەرگ و ڕووالەتەوە، لە جاری پێشووی، یان پێشووتری.

ئێمە هەوڵ ئەدەین، کە بۆ هەریەکێ لەم پێنج تەنە وێنەی هۆنراوەی دینی، کە کەفەسەر بێ، بەو فەرمانە دینییانەی کە بەسەریاندا، دراوە، بەرچاو بخەین.

## داودی ڕەهبەر

ئەم ناوی خۆی ئەرکی دینیەتی. کە (سان سەهاک) لە پارچە هۆنراوەی (بێ گاوان گاوی،.........)دا بەم جۆرەی وتووە:

(ڕەهبەر داودەن، دەسی دامانگیر،...)

لە ڕاستیدا، لە ناو خەڵکدا، بەناوی (داودی دەودانی)یەوەیە و ڕۆژی لە دایکبوونی دیاریی نەکراوە و بەڵام هەروەک لە دەفتەرەکانی ئەهلی هەقدا هاتووە ساڵی (٧٩٨)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە و بەپێی وەسیەتی خۆی لە (کەلی داود) لەسەر ڕێگای (سەرپێڵ زەهاو)ە نێژراوە.

داود ڕەهبەری چل تەنەکان، وەک فەرمان، لە لایەن (سان سەهاک)ەوە پێی سپێرراوە، یان بۆ هەر ئەرکێکی دیکە ڕەهبەری سان سەهاک بووە.

بۆ وەرامی ڕەهبەریەکەی، کە سان سەهاک پێی سپاردووە، داودی ڕەهبەر دەڵێ:

ئەو باڵای دیدە،......
عازیز ئەمری تۆ، ئەو باڵای دیدە
هەرچی کەردەی تۆن، قەبووڵ ڕەسیدە
نیقابی گەوهەر، نوورت ئافریدە

رازات هەفتەوان، جە نوور پەزیدە
پەرێ دەستگیری، یارانت چیدە
شاهم وەموبەت، مەیلت خەریدە
هەم ئاو هەفت نوورەن، بیی ئافەریدە
زاتشان جە نوور پەزیدە پەنان
حەیات و مەمات، حەفتا و دوو تەنان
قەبووڵ کەران شەرت، سککەی حەفتەوان
تەختی شارەزوور، کۆگای غولامان
سەر بەران وەشەرت، هەفتەوان پەرِ نوور
خیلاف نەگیران، ئی شەرت و دەستوور
یانەی ئیقرارمانن، نەکەران خاپوور
سەرد نەوان جە شەرت زاتانی هەفت نوور
نە ولاوان ئی قەول رِای شەرت و مەستوور
خەجاڵەت نەوان، فەردا نە حوزوور
هەر نە یانەی سیرِ، تا کۆشکی رەنگین
هەفت پوورم دەستگیر، شەکش نییا یەقین
هەرچە نەو دما، تا کەرد وەکەرەم
هەر هەفتەوانەن، بەیاران وەرەم

خەستەیەکی واتاکەی:

خۆشەویستم فەرمانەکانت جێبەجێیە بەچاوان. حەفتەوانەت لە نوور دروست کرد. پەیمانی حەفتا و حەوت پیرە، بەمەرجی پەیرِەویکردنی رێگای حەفتەوان و ملپێچی نەکردن لە مەرج و دەستوور و رێگا ون نەکردن دەبێ، بکرێ، یان بەسترێ:

## بنیامین-ی پیر

پیر بنیامین، ناوی دووەمە، لە پارچە هۆنراوەکەی سان سەهاک کە بەناوی (بێ گاوان گاوێ،......)وە هاتووە و دەڵێ:

«رِەهبەر داودەن، دەسی دامانگیر تەگبیرچی باتین، بنیامین-ی پیر»



ساڵی لە دایکبوونی بنیامین وەک لە دەفتەرەکاندا، هاتووە رێککەوتی ساڵەکانی (٦٣٣)ی کۆچی دەکات و بەڵام ساڵی کۆچی دوایی نارِۆشنە.

بۆ وەرامی فەرمانەکەی سان سەهاک، پیر بنیامین دەڵێ:

یاران ئەو شەمێ،...
وێنەی پەروانە، نە دەوری شەمێ
بنیشن یۆ یۆ، نە دلێ شەمێ
هەتا کینەتان، نەمانۆ لەمێ
وەهارو هامن، خەزان و زەمێ
وێنەی زیندەگی، مەشۆ چون تەمێ
هەرکەسێ کۆرەن، نەی گاس و دەمێ
راش نادروستەن، نەی رِاو بەمێ
مەبۆ بنۆشۆ، نە بادە کەمێ
هەرگیز نە نۆشۆ، ژاری ژەرەمێ
فەرمانی یارەن، نەی وەرو رِەمێ
گرد ئاسوودەبان، بێ گونا و غەمێ

هەروەک لە ناوەرِۆکەکەیدا، بۆمان دەردەکەوێ، کە بنیامین یەکە یەکە ئەرکەکانی خۆی، کە لە لایەن شێخ سەهاکەوە وەک (فەرمان و ئەرک) بەسەریدا دراوە، سەرژمێری کردن و بەشێوەیەکی زۆر خەست پەروەردەکردنی کورەکی ناوەرِۆکی ناخ و هەستی دەروونی یارەکان کەوتووەتە ئەستۆی پیر بنیامینەوە.

لێکدانەوەی هەندێ کەرەسە زمانی ئەم هۆنراوەیەی سەرەوە:

شەمێ: شەمع (مۆم).
ئەو شەمێ: بۆ لای مۆم.
پەروانە: پەپوولە.
یۆ یۆ: یەک یەک.
نە دلێ: لە ناو.
جەمێ: جەم (کۆبوونەوە).
کینە: رِقق، دڵپیسی.

نەمانۆ: نەمێنێ.
لەمێ: لەم (زک = سک)، لە سکدا، لە دەروونددا، لە دڵدا.
وەهار و هامن و خەزان: واتە؛ بەهار و هاوین و پاییز.
زەمێ: زمستان (لە ئاڤێستاشدا هەر - زەم -ە).
تەمێ: تەم و تواڵی، تەمومژ.
گاس: گاز، بانگ، بانگکردن.
دەمێ: دەم، زەمان، چەرخ.
بەمێ: هیچ، پووچ.
ژەرەمێ: ژاری ماری مێ.
ڕەمێ: ڕێڕەو، ڕێباز، دەستوور.
غەمێ: غەم، خەم.

## ڕەزبار

ناوی سێیەمە، کە لە هۆنراوە دەستوورییەکەی سان سەهاکدا، هاتووە (ڕەزبار) کە دەڵێ: «شەرت دام وەبنیام، هەقق دام وەڕەزبار»

ناوبانگی بەخاتوون ڕەزبار بڵاوە و ئەم خاتوونە کەنیشکی حسێن بەگی جەڵدە و هەروەک لە دەفتەرە دەسخەتەکانی ئەهلی هەققدا، ناوی هەیە لە (حەلوان) لە دایکبووە و ساڵی لە دایکبوونی نازانرێ، بەڵام ساڵی کۆچی دوایی دەکاتە (٧٤٥)ی کۆچی و لە دێی (شێخان = پەردیوەر) نێژراوە.(*)

ئەمەی خوارەوەش، وەرامی فەرمانەکانی سان سەهاکە کە بەسەریدا داوە:

بی وەقووەی دڵ،..........................
عازیز ئەمری تۆ، بی وەقووەی دڵ
هەرچی فەرماوایت، قەبووڵەن قەبووڵ
وەیادم مەیۆ، وەشیانم مەشغووڵ
مەدەی شاهیدی، ئەز وەبێ موشکیڵ
نە لەوحی یاقووت، ئاتەشەن کامڵ

(*) مێژووی وێژەی کوردیی بۆرەکەیی، (ل - ١٧٥).



هەفتەوان جە نوور، شاهبازی عادڵ
پەی شەرتی مێردان، تۆ کەرد وەحاسڵ
پەرێ دەستگیریی، یارانی فازڵ
دووەم مەیلت کەرد، عازیز وەمۆبەت
هەم ئەو هەفت نوورەن، چێگات کەرد موودەت
جە پەردیوەردا، نیانت سوحبەت
ئاوەردی وەدیی، پەی دەستگیری شەرت
هەفتەوان دەستگیر، نەدارۆ شوبهەت
هەفتا و دوو سەف یار، سەردان نە ڕای گیان
جەو کاری زینان، مێردانی دیوان
گردین غولامان، پێوەن پێوەنان
ڕوو ماڵان ئەو شەرت، سککەی هەفتەوان
هەر جە کۆی ئەزەڵ، تا ئامان وەیگا
زاتی هەفت مەزهەر، نگینەن چێگا
هەر جە نەو دوما، تا ئاخر زەمان
دەستگیر هەفتەوان، بگیریش دامان
هەرکە نەو دوما، بکەرۆ خەتەر
بلاونۆ ئیقرار، شەرتی پەردیوەر
بشانۆ هەنگام، نوختەی زیادتەر
بەشش مەوەران، جە حەوزی کەوسەر

لێکدانەوەی هەندێ کەرەسە زمانی نێو ئەم هۆنراوەیە:
بی وەقووەی دڵ: بوو بەهێزی (توانا) دڵ.
ئەمری تۆ: فەرمانی تۆ.
وەیادم مەیۆ: لە بیرمە و لە یادم ناچێت.
وەشیانم: لەگەڵ ژیانمدایە.
مەدەی شاهیدی: گەواهی ئەوەم (ئەوەم گەواهی = شاهیدی).
لەوح و یاقوت و ئاتەش: لەوحی مەحفووز (محفوظ) و یاقووت و ئاگر.

هەفتەوان جە نوور: حەوتەوانە، ئاگرن.

حەوتەوانە لە ئاگری شاهباز (تۆن)ن.

هەفتا و دوو سەف: حەفتا و دوو ڕیز.

سەردان نە ڕای گیان: سەریان لە ڕێتایە.

سککەی هەفتەوان: ڕێگەی دینی حەوتەوانە.

نگینەن: شانسەن، ئامادەن.

## پیرمووسێ

پیرمووسێ، ناوی چوارەمە، کە لە هۆنراوە دەستوورییەکەی سان سەهاکدا هاتووە و دەڵێ:

«شەرت دام وەبنیام، هەقق دام وەڕەزبار
دەفتەر پیرمووسێ، ناز وەیادگار»

پیرمووسێ، بەناوی (قەڵەمدار)، یان قەڵەم زەڕین، یان دەفتەردار، ناوبانگی لە دەفتەری پەردیوەر و رمووزی یارسان و دەفتەری دیوانە گەورە و دەفتەری نەورۆزدا هەیە. مێژووی ژیانی وەها بەدەستەوە دەدات، کە لە ساڵی (٦٣٩)ی کۆچی لە دایک بووبێ و بەڵام ساڵی کۆچی دوایی ڕۆشن نییە! «بۆرەکەیی دەڵێ: پیرمووسێ، بەپیرمووسیی شامی، کە مەلا روکنەددینی شامی پێ دەوترێ، لە سەرەنجامدا هەیە؟؟»

پیرمووسێ بەم جۆرە وەرامی فەرمانەکەی سان سەهاک کە فەرمانی داوە بەسەریدا، دەداتەوە و دەڵێ:

شام ئەو باڵای سەر،......
هەرچی ڕەزای تۆن، شام ئەو باڵای سەر
قەبووڵ مەکەروون، ئەز وەبێ کەدەر
وەشۆنی کەڵام، پا حەیا و حەدەر
نە لەوح و سەدەف، تۆ کەردی گوزەر
سازنات نەسیڕ، هەفت پوورە نەوەر
نامی هەر هەفتش، سەبتەن نە دەفتەر
ئەز شاهیدەنان، مەدەری خەوەر



پەرێ دەستگیریی، نە ژێری حەجەر
پەی ڕەزمی شرووت، مێردی موددەوەر
وەمەیل و مۆبەت، نەکەردی خەتەر
هەفتەوان نەسیڕ، ئاوەردی ئەوبەر
هەم زوهوور کەردی، زاتانی مەجمەر
یۆرتشان ئاما، ئەو جیلوەی بەشەر
پیرانی کامڵ، نەوەد و نۆ مەرد
قەبووڵ بکەران، هەفتەوان بێگەرد
دەستگیری یاران پەی ئیقراری شەرت
سەففی غوڵامان، زێڵشان نەبۆ سەرد
هەرجە کۆی قەدیم، تا بەڕۆی ئارۆ
دەستگیر هەفت پوورەن، شەککێ نەدارۆ
هەر نە ڕۆی ئارۆ، تا ڕۆی رەستاخێز
سککەدار هەفت پوور، وەئەمری عازێز
مێردان نەکەران، جەو موو جیایی
فەردان نە حوزوور، دیوانی شایی
سەراژێر نەوان، وەڕوو سیایی

لێکدانەوەی هەندێ کەرەسە زمانی ناو ئەم هۆنراوەیە:

ئەو باڵای سەر: وەبانی سەر، وەسەری سەر.

ڕەزای تۆ: بەخواستی تۆ، بەدڵی تۆ.

بێ کەدەر: بەبێ کینە، بەبێ نارەحەتی، بەبێ ملەجیڕێ.

کەڵام: ناوەڕۆکی سەرەنجام.

مۆبەت: خۆشەویستی، موحببەت (محّبة).

سەبتەن: تۆمار کراون، نووسراون، تاپۆن.

سیڕ: نهێنی.

مەجمەر: گڕ، پشکۆ، سککەڵ.

یۆرت: وێنە، قاڵب، شێوە، تاپۆ.

جیلوە: وێنە، قەوارە، قاوغ، تەن.

زێڵشان: دڵیان، دەروونیان.

ڕەستاخێز: ڕۆژ مەحشەر، دنیا ئاخر، کۆتایی دنیا.

سککەدار: خاوەن ڕێ، برەودار، سەرلەبەر.

جەو موو: لەوە بەقەدەر موویەک.

جیایی: جیاوازیی.

واتە؛ بەو فەرمانانە بەموویەک زیاد و کەم بەڕۆن.

## یادگار

(بابا یادگار)یشی پێ دەوترێ و ناوی بنەڕەتی کە (ئەحمەد) بووە، لە یادی خەڵکدا نەماوە و ئەوەی کە بۆ ناسینی ئەو باو بووبێت نازناوەکەیەتی کە (یادگار)ە و پتر لەوەش چەند ڕازێکی ئەفسانە ڕەنگ دەربارەی ئەوەوە، لە ناو یاریەکاندا باوە، کە پایەیەکی پیرۆزی پێ بەخشیوە!

هەروەک لە دەفتەرەکانی ئەهلی هەقدا، بەرچاو دەکەوێ، کە (بابا یادگار) بۆ هیندستان بۆ بڵاوکردنەوەی دینی (یاریی) و بۆ پاکستانیش بۆ هەمان مەبەست، لە لایەن سان سەهاکەوە نێردراوە!

بۆ وەرامی ئەو فەرمانەی (سان سەهاک) کە لە هۆنراوەکەیدا – (بێ گاوان گاوێ،...) – هاتووە و دەڵێ **«دەفتەر پیرمووسێ و ناز وەیادگار»**(*)

(*) سەرگوزەشتەی (ناز) هەروەک لە هەندێ پەڕتووکی ئەهلی هەقدا، هاتووە بەم جۆرەیە: سان سەهاک فەرمانی داوە، بەپیر ئیسماعیلی گولانی، کە گاڵۆکەی دەستی شا ئیبراهیم بنێژێ و ئەویش دەینێژی و دار سەوز و گەورە دەبێ و هەنارێ دەگرێ و ئەو هەنارە دەبەنەوە بۆ خانەقا و دەیدەنە دەست سان سەهاک و ئەویش هەنارەکە دەشکێنێ و لەو جەمەدا کە بەوەوە تایبەتییە دابەش دەکات پیایاندا و ئەوەش بەیەکەم (نیاز) سەرژمێر دەکرێ و دەنکێ لەو هەنارا سارا خانم دەیدۆزێتەوە و دەیخوات و زۆری پێ ناچێ سکی پڕ دەبێ و پاش ماوەی تەواو کوڕێکی دەبێ و ناوی «یادگار»ی لێ دەنێن.

شایانی باسە، لە یادداشتی دیکەدا، ساڵی لە دایکبوونی یادگار بەساڵی (٧٦١)ی کۆچی لە قەڵەم ئەدەن، بەڵام ساڵی کۆچی دوایی کردنی نارۆشنە!!.



ئەم پارچە هۆنراوەیەی هۆنیوەتەوە و تیایدا دەڵێ:

«جاگەی نازمان،......
وەنازی مێردان، جاگەی نازمان
وجوودت مایەی، سەرفرازمان
گۆشت شنەوای، ڕێزە ڕازمان
هەر وەقت باقیم وات، مەنزوورم تۆ بیت
نە پێچ و پەنهان، پەنای دوو هۆ بیت
هەرجای تۆ هەنی، ئانە باقییەن
شەربەتی شیفاء، دەستی ساقییەن
ئەر ئاسمان بۆ، ئەگەر زەمین بۆ
پادشام مەعین، ئامین موبین بۆ»

### هەنگاوی چوارەم:

### هۆنراوە و هەڵبەستی هەورامی لە ڕووی کێشانە و پێوانەوە:

١- بەشێوەیەکی گشتی، نازناوی فۆلکلۆریی، یان دە بڕگەیی، وەک (باو)، یان یاسا، پۆشاکی پێوانەی هۆنراوە و هەڵبەستی هەورامییە. ناوبەناویش، لەم چوارچێوەیەی سەرەوە، هەنگاوی دەرەوە دەنێ!! لەسەر دیاریکردنی، ئەم گۆتەیەی سەرەوە وا هەندێ وێنە دەهێنینەوە.

سەیدەی هەورامی دووەم (١١٨٩ – ١٢٧١)ک، دەفەرمێ:

هارە سەختەنی،..........................................(A)
تۆ خۆ کەم قیمەت سەنگی سەختەنی...............(A)
جای بوڵند ئیقباڵ، ساحیب بەختەنی.................(A)
یار ئامان وەلات، جەهد و جەختەنی.................(A)
تراشیدەی دەست، سەرئوستادی باش................(B)
جەستەی پەڕزەخم، قوڵنگەی سەنکتاش...........(B)
یادگار ئۆسای، قەدیم زەمانان........................(C)
دەس ئاسی دەسکێش، خەیاتەی خانان............(C)

جمان تاشیای، تێشەی فەرهاد بی................(D)
دەستت جە نەمام، داری شمشاد بی................(D)
ئارۆ قیبلەی من بەلەنجەولارە...........................(E)
تەشریفش وەلای تۆ ئامان هارە[*]................(E)

ئەوەی کە لە ڕووالّەت و کێشانە و پێوانەی ئەم هۆنراوە ڕەنگینەدا، بۆمان دەردەکەوێ، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

(ئەلف): تێکڕا، دە بڕگەییە، یان بۆ تاکەیەک بیست بڕگەی ئاوازەداری تیادایە.

(بێ): لە ڕووی (سەروا)وە، دەبینین کە چوار نیوە دێڕی یەکەم بە(ئاوازە)ی (A) - (ئەگەر ئەم ناوە بۆ سەروایە و جۆرەکەیەتی) - کۆتاییەیان هاتووە و دوو نیوە دێڕی دوای ئەوان، بەسەروای (B) کۆتاییەیان هاتووە و ئەوجا بە(C) و بە(D) و بە(E) کۆتاییەیان هاتووە.

(پێ): ناوونیشانی پارچە هۆنراوەکە، نیوە دێڕی یەکەم و ئەمەش، لە هۆنراوەی هەورامیدا زۆر باوە و دەشبێ ناوونیشانی تایبەتی هەبێ و ئەم جۆرەش زۆر کەمن.

(تێ) - هۆنراوەکە، لێرەدا کۆتایی نەهاتووە بەلاّم لێرەدا چەند دێڕێکی لێ پەڕیوە و ئەم (لێ پەڕینەش) هیچ لایێ لەو لایانە، کە هۆنراوەکانی سەیدەی دووەمیان کۆکردووەتەوە و لە چاپداوە، هەستیان بەو کەموکوڕییە نەکردووە!

(جێ) - ئەم ڕێڕەوە سەرپاکی (هۆنراوەکانی ئەهلی هەقق)ی گرتووەتەوە و وەک هۆنراوەی دینی ناوبانگیان ڕۆیشتووە.

شایانی باسە، لە (دەورەی پەردیوەر - شایەتی شێخ سەهاک) بەملاوە، شێوەی دە بڕگەیی و نیوە دێڕی، وەک ناوونیشانی هۆنراوە، لە ناوچەکانی هەوراماندا و ئەوانەی هۆنراوەی دینی ئەهلی هەقیان سرووده کردووە و ئەوانەش گۆرانییان، بەپەیڕەوی سۆفیگەریەتیدا وتووە، هەموویان یان زۆربەی زۆریان، لەسەر ئەو ڕێڕەوەی سەرەوە ڕۆیشتوون.

---

(*) ئالێرەدا، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشین، کە ئەم هۆنراوەیە لێرەوە بەملاوە بەشێکی نییە، یان لێی پەڕیوە و بۆ ئەمەش، من لە هەورامانی تەخت لای خزمەکانی هەولّی ئەوەم دا کە هۆنراوەکانی سەیدەم دەست بکەون و بەلاّم داخەکەم، سۆراخم نەکردن و لە لایەکی دیکەشەوە پارەی خەرجییەکەم دا بەخزمێکی سەیدە، بۆ ئەوەی، دیواری گۆڕەکەی سەیدە بەچیمەنتۆ و دیاریی ببەشێتەوە.



٢- لەسەر ڕێڕەوی دە بڕگەیی، بەلاّم نە نیوە دێڕ ناوونیشانە!! نە سەرواکان بەو جۆرەی پێشوو ڕیز کراون!! بەشێوەیەکی ڕوونتر، هەروەک وتمان، لێرە و لەوێ، بەلاّم کەمایەتی دەگرنەوە، لە ڕێڕەوە باوەکە چوونەتە دەرەوە.

بۆ وێنە مەلا وەلّەدخانی گۆران (١١٢٧ - ١١٩٠) دەلّێ:

فەرهاد فیدای زام، سەختی تازەت بام[*]
فیدای ڕەنجبەردەی، بێ ئەندازەت بام
فیدای داخ و دەرد، حەسرەتانەت بام
فیدای زەردیی ڕەنگ، جە هیجرانت بام
فیدای زامی سەخت، بێ دەرمانت بام
فیدای بەرگی سوور، هوون ئەفشانت بام
فیدای بێ دەنگیی، کشوماتت بام
فیدای تەیکەردەی، ڕای نەهاتت بام
فیدای پەیاپەی، قولّنگ شانات بام
فیدای ئیشی زام، کەس نەزانات بام
فیدای سەنگی سەردە نە باڵینت بام
فیدای دەردی سەخت، شەو نالّینت بام[**]

ئەم پارچە هەلّبەستەی (مەلا وەلّەدخانی گۆران)، بەم جۆرە دێتە بەرچاو:

هەلّبەستەکە دە بڕگەییە و سەرواکانی لەسەر یەک (ئاواز) ڕۆیشتوون و ئاوازی دەنگدەرەوەی کۆتایی، باشترین ئاوازە، کە بۆ سنگ کوتان، یان لە خۆدان، دەلوێ.

باشترین هەلّبەستە، کە چەمەریی بەزیندوویی بەدەستەوە دەدات، ناوونیشانەکەشی دێڕێکی تەواوە، نەک نیوە دێڕ!! (سەروا)ی پەرچەمی (بام)ە، لە سەرەتاوە، تاوەکو کۆتایی.

---

(*) ئەم دێڕانەم سەرپاکیان، لە مێژووی وێژەی کوردیی، بۆرەکەیی وەرگرتووە.

(**) بۆرەکەیی دەلّێ: مەلا وەلّەدخانی گۆران هاوچەرخی نادر شای هەوشار (١١٤٨ - ١١٦٠) بووە و ڕازی (یوسف و زلّێخا) و (شیرین و فەرهاد) و (لەیلا و مەجنوون) بەهەلّبەستی خۆی دایڕێشتوونەتەوە. ئەمەی سەرەوە، شیوەنی فەرهادە (ئالاّیی و کۆتەل = چەمەریی)، کە بەدەمی شیرینەوە هەلّیبەستووە.

شایانی باسە، ئەم هەڵبەستە (ئاڵای و کۆتەڵ – چەمەریی)، لێرەی ئەمەی ئێمەدا، کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو ئێمە وامان بەباش زانی – (چونکە مەبەستەکە، بەدەستەوە درا) – کۆتایی پێ بهێنین.

پێش ئەوەی ئەم باسە بەجێ بهێڵین، پێویستە ئەوە بخەینە یادەوە، کە ئەوەی بۆ ئەم جۆرە هەڵبەستانە شایانی ڕێزە، بۆ جۆرە هەڵبەستێکی دیکە ناشێ و ئەویش ئەوەیە کە لە هەڵبەست و هۆنراوەدا، دووبارەکردنەوە یان پاتکردنەوەی زۆر بۆ تاقە وشەیەک نەک هەر دەستی بۆ بەسنگەوە ناگیرێ، بەڵکو گوێگری لووتەلایە لێی، بەڵام لە باسێکی وەک (چەمەریی و ئاڵای کۆتەڵ)دا، خۆی لە پلەیەکی زۆر بەرزدا دەنوێنێ و نەبێزراو دەبێ!

٣– سەیدی هەورامی یەکەم، کە هەروەک دەردەکەوێ (ژیاننامەی نارۆشنە) هاوچەرخی شەکسپیرە و ئەم لە ناو شاخ و بەرد و بەردەڵان و هەژارانی هەوراماندا بووە و ئەویش لە وڵاتێکی ئاوەداندا و لەگەڵ ئەوەشدا، هۆنراوەکانی ئەم شەوبۆ و سوورە هەڵاڵەی کەمەرەکانی هەورامانی و هەمیشە بەشەو و بەڕۆژ لە دیواخانەکانی ئەدەبدۆستاندا، وەک شەوچەرە بۆیان پەخش کردووەتەوە.

هۆنراوەکانی سەیدی هەورامی یەکەم، ئەم بەرگانەیان پۆشیوە و لە زۆربەی زۆری هۆنراوەکانی دیکەی ناوچەکانی هەورامان، کە جۆرە ڕێڕەوێکی کلاسیکییانەیان پێوەیە، جیاوازیی دەنوێنن و ئەویش بەم جۆرە:

ناوونیشان؛ نیوە دێڕ نییە و هۆنراوەکانی (ئەوانەی کە لە بەردەستت دان) دە برگەیی نین و دەشبێ بوترێ شوێنکەوتووی هەڵبەستەکانی گاتەکان–ن، کە هەر تاکەیەک لە بیست بڕگەیەک پترترن و زمانەکەشی، زمانێکی دێرینی ڕەسەنی هەورامانە و خۆیان لە خۆیاندا کەرەستەیەکی زمانی کوردیی سودبەخش دەخەنە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە بۆ وێنە. وا هەندێ دێڕ لە هۆنراوەکانی دەخەینە بەرچاوی بەراووردکردن.



## سەیدی یەکەم لەگەڵ (ڕێحان)ی خۆشەویستیدا

سەیدەی هەورامی یەکەم، بەپێی ئەم هۆنراوەیەی ئێرەی، حەزی لە (ریۆن = ڕێحان)ە و دەیەوێ، دەسەمۆی بکات، بەڵام لەوە دەکات، کە جگە لەوەی ناتوانێ خۆشەویستی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و پتر لەوەش، دەرد و ئێش و ئازاری بەدەستەوە دەچەژێ.

مامۆستا سەیدە مەرەمۆ:

ریۆن داخ و باڵا تەڤە، هەزاریۆ دەردەدار مەنێ.......................(A)
گرد کوشتە و ئادیدەیتەنێ، تە دیدەت جادوو کارەنێ............(A)
باڵات نەمامێ نەوبەرۆ، چەمت مەرەجیۆ ئارەنێ...................(A)
کوڵمێت ساڤۆ، دڵی دەرۆ، مەمێت مەرجیۆ نارەنێ..............(A)
زوڵفیت گرنج و خاوەنێ، سەرلوولەنێ، سیاوەنێ.................(A)
چنوور و ڕاگاو کاوەنێ، کەمەندە، یا شا مارەنێ..................(A)
گەر، لۆمە، نۆ، ئەگەر مەنۆ، ئەز عاشق و باڵا و تەنۆ............(B)
پی دییەنە، با تەپڵم ژەنۆ، وەس نیا، خاسەم، یارەنێ............(A)
ئەشکت پێسەش وستەن کەللێم، بییەن بایس پەی خجڵنێم...(C)
سەرتاوارۆ نە تۆ دڵێم، حەرفێ تەمێت دیارەنێ....................(A)
بی مورغەزار دنیا تەمۆم، چەنی ئاڤۆ هەرسۆ چەمۆم..............(D)
کەی مەینەتۆ یاگۆ خەمۆم، دیدەی من ئینزارەنێ...................(A)
زێدەم چۆڵۆ، ماوام بەرۆ، پێمۆ نومۆ، پەی تە هەڕۆ...............(B)
تاکەی ئەڤداڵ مسیۆ بەرۆ، بەرگ و لەشیم دەوارەنێ..............(A)
تاڵەم کەمۆ، خەمێم فرۆ، پەی تەم پۆشان بەرگ و کوفۆ.........(B)
من ئاد و بەینم هەر یۆڤۆ، بەڵام تە مۆڵەت دارەنی.................(A)
ئەز مەجنوون و وێڵ و تەنۆ، شێت و ئەراگێڵ و تەنۆ...............(B)
دایم چەنی، خێڵێ تەنۆ، کۆمێم چنیم بێزارەنێ...................(A)
تۆنی حەیات و نەفەسم، ساسێ مەنام کەرا کەسم.................(E)
کەلامولڵا و بابۆیم قەسەم، من هەر ئێدەم گوفتارەنێ............(A)

ساوەس چەنیم توندی کەرە، دالێوە خەمخواریم کەرە............(F)
بافتەن کەروو، راتڤە سەرە، ئەر تەقسێت هەموارەنێ...........(A)
ئەگەر تە قەولت سادقۆ، پێسە و یاران موافقۆ....................(B)
وەسدەر جەفا و عاشقۆ، فەقیرەنی، هەژارەنێ.....................(A)
سەیدی فدێو سیمین لە شۆن، گرفتار و بالاَ وەشۆن..............(G)
خیالێش لاو دیدە ڕەشۆن، چەمە سیاوێش دەرکارەنێ..........(A)

ئەوەی کە بەدیی دەکرێ، لێرەدا، ئەمەیە:

١- باسەکە، سەرەتاییەکی هەیە و ناوەڕۆکێکی ئاوودەم پاراو (دیبلۆماسیانە)وە توانیویەتی مەبەستە ناسکە مرۆڤایەتییەکەی بگەیەنێتە، خۆشەویستەکەی و تا بڵێیت کەفەسەرە بەوتەی ناسک و ئاوازەدار و پاراو بەپیادا هەڵدان و ڕەخنە لێ گرتن و پاڕانەوە ئاواتی ئامانج و دەرگا وازکردنە، لەسەر بەردەوامی و دڵسۆزیی سەرەمرەیی و باسەکەشی بەو جۆرە کۆتایی پێ هێناوە.

داڕشتنەکەی لە چوارچێوەی کێشانە و پێوانەی (یەک تاکەیی) دەرچووە و شوێنکەوتووی هۆنراوە یان ڕاستتر هەڵبەستە دینییەکانی گاتەکانە، کە دەیانەوێ خەڵک - بەهۆی ئامۆژگارییەوە بخەنە سەر ڕێگەی دینی ڕاست و ڕەوان و لەبەر ئەوە هەناسە درێژیی و دان بەخۆدا گرتن و زماننەری گرتووەتە کۆش، بۆیە، بەتەواویی بۆمان هەیە، بڵێین کە (چامە)یەکی ڕاست و ڕەوان و پۆشتە و پەرداخە.

٢- سەروای چامەکە، سەروایەکی (زێ)ییە، چونکە (زێ = مەبەست، مێیە) زمانەکەی لە ڕووی پیتی ئاوازەدار و ناسکی و پاراویەوە، بەتەواویی دەوایەکی سەرخۆشیی پێک هێناوە و دەرخواردی (ریۆنی) دەدات و بەو نیازەی بیخاتە هەستی سۆفیگەریی مادییەوە.

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، هۆنراوەکە، وەک سەرەتای هەر تاکەیەک نێرانەیە و کۆتاییەکەی زێیانە (مێیانە)یە.

٣- لە ڕووی زمان و کەرەسە زمانەوە، تا بڵێیت دەوڵەمەندە و هەندێ کەرەسەی دێرینی بەکارهێناوە، کە حاڵی حازر بەکار نایەن و ئەگەر بەکاریش هێنراون وەک ئەم کەرەسانەی ناوی ئەم هۆنراوەیەن، کە کەم کەس لێیان تێ دەگات، یان مەگەر زماناسێ بتوانێ لێیان



تێ بگات و ئەمەش هۆیەکی سەرەکییە، کە ڕێنووسەکەی لە چەند لایەکەوە (کە ئەم هۆنراوەیە تیادا باس کراوە) لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازیی و تاریکی بەرپا دەکات.(*) سەیدەی هەورامی یەکەم، هۆنراوەی دە بڕگەیی زۆرە و بەڵام زمانەکەی هەر زمانی دێرینە و، تا بڵێیت کەرەسەی ڕەوا و بەنرخی دێرینی تیادایە و سەرواکانیشی، لەو چوارچێوە (زێ)ییانە دەرچوون و سەرانسەری نێرانەن.

بۆ وێنە سەیدەی هەورامی یەکەم ئەفەرمێ:

ئەز ئۆرمۆن مەکانم بی وەڵاتم .................(A)
(سەروپیری)، خوای گیرەن خەڵاتم .................(A)
برۆ دەروێش، لوۆ سەیرۆ وەڵاتۆ .................(B)
نەنیشتۆ، هیچ وەڵاتێونە، نەساتم .................(A)
لوۆ (ژیوار) مەبۆ و شێت و (نیشاتێ) .................(C)
(نیشاتێ) شێوناش، عەیش و نیشاتم .................(A)
نیشاتۆ کاکە بارۆمی، خجڵنۆ .................(B)
خەمێش بەرگم، پەژارەش بۆ خەڵاتم .................(A)
چەنۆ ئاخ و خەمۆ، من پەی نیشانێ .................(C)
سیواو ئاخۆ، نیۆ هیچ دەسەڵاتم .................(A)
(نیشات!) ئەر میر و مەڵلای، پەرسە دادم ..............(D)
شکات و تۆن، شکات و تۆن شکانم .................(A)
نەژیڤانۆ، مەژیڤۆ، بێ تە، ساتێ .................(E)
حەیاتە منی، حەیاتە منی، حەیاتم .................(A)
نیا پەی تۆ قەرار و ژیو تالاَ .................(F)
بەرێنێ شەکەرم، قەندم، نەباتم .................(A)
تەخۆ، نەبرە وەفات، هەرگیز چەنی من .................(G)
بینایيم بێ وەفاییت، بەر وەفاتم .................(A)

(*) مامۆستا بۆرەکەیی، لە لاپەڕە (٤٠٣)ی مێژووی وێژەی کوردی، بەناوی سەیدەی یەکەمەوە (یاران دێوانە......)ی بڵاو کردووەتەوە و ئەمەش زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە ئەمە زمانی سەیدەی دووەمە.

ئەز ئەر دیڤانەی تۆ، شێت و سەرسام ................(H)

پەکەم تۆنی، تە ڤستەن موشکیلاتم ................(A)

تەمەم بەستێنەنێ، ئاچاڵ و زنجێ ................(I)

کە، دەی چا کەوسەرەی، ئاوۆ حەیاتم ................(A)

هۆنۆڤە سەر و تۆف و جەحێڵێ ................(J)

دەرەک پیریی، نۆشەرەن وەخت و سەعاتم ................(A)

تە فەرزا دەی زەکات و نازەنینیت ................(K)

ئەزیچ دەروێش تە، سادە زەکاتم ................(A)

ئەوەی کە دەکەوێتە، بەرچاوی بەراووردکەر، یان نرخێنەر بەم جۆرەیە:

چامەکە، لەسەر بنەڕەتی دە بڕگەیی بەرگی پۆشیوە و سەرواکانی (م = میمی)یە و سەرەتایەکی جوانی هەیە و بەکۆتایی تام و بۆ خۆشی بۆژانەیی، کۆتایی پێ هێناوە.

لەم دوو بەرهەمەی سەیدەی یەکەمدا، کەرەسەی قەرزکراوی عارەبی هەیە و کەرەسەی فارسی تیایاندا، بەدیی ناکرێ و ڕاناو و ئامرازی ئاماژە و کەرەسەکار و ئاوەڵکاری دێری دێرینی بەکارهێناوە.

جیاوازیی نێوان زمانی سەیدەی هەورامی یەکەم و هی دووەم:

– وشەی (کەرەسە زمانی) دێرینی بەکارهێناوە، کە بەلای منەوە، ئەمانە تەمەنێکی دێرینی درێژیان بردووەتەسەر، یان بەلای کەرەسە زمانەکەی سەیدەی دووەمەوە پێنج سەد ساڵێک لە نێوانیاندا هەیە.

وا لێرەشدا، هەندێ لەوانە، وەک وێنە دەخەینە بەرچاو (چامەی ئەز ئۆرمۆن):

**– ئۆرمۆن:**

مەبەستی لەم وشەی (هەورامان)ی ئەمڕۆیە و لە لایەن فارسەکانەوە بەشێوە (اورامان) بەکاردێت و ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات، کە ئەو دەمەی کە سەیدە ئەم وشەیە، بەو جۆرە بەکارهێناوە، چونکە بەو جۆرە ناویان بردووە و بەو جۆرە ئاوازەیە، ناوەکەی زرینگاوەتەوە. ئەوجا، ئەم دەمە، دەگەڕێتەوە، بۆ چە ساڵێ، یان دەوروبەری چە چەرخێ، ئەوە نارۆشنە، چونکە مێژووی ژیانەکەی سەیدەی یەکەم نارۆشنە و تەنها ئەوە هەیە، کە بوترێ، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەمی بەکارهێنانی ئامراز (ڕاناوی) نەلکاوی (ئەز) ئەزی



ئاڤێستایی بەلای منەوە، ئەمە دەگەڕێتەوە، بۆ دەمی دەوری دینی داسنەیەکان لە هەوراماندا، دیسان ئەم بۆچوونەش، هەر نادیارییە!!

ئەم بۆچوونە، ئەگەر بەپێی شوێنەوار بێ (شوێنەواری ئێزەدیی) لە چەند ناوچەیەکدا (بێساران) هەر ماوە، یان ماون و دیسان (بەلام وایە، یان بەڕەنگ بێ) ئەگەر ڕەنگ بێ سەربگرێ، لەوانەیە دەوروبەری سەدەی چوارەمی کۆچی بگرێتەوە.

**– گیرەن:**

وشەی (گیرەن) و بەم جۆرە بەکارهێنانە، ئەمڕۆ لە هیچ ناوچەیەکی کوردەواریدا بەکار نایەت و لەبریی ئەم وشەیەش، ئەمڕۆ (کەردەن) بەکاردێت، کە بەواتای (کردوویەتی) ناو شێوەی کوردیی ئەدەبیی ئەمڕۆ دێت (وشەکە کاری ڕابوردووی بەردەوامە).

**نەساتم:**

وشەی (نەساتم) زۆر دێرینە و ئەمڕۆ ئەو بەکارهێنانە و ئەو قەوارەیە لە کوردییدا، نەماوە و لە هیچ جۆرە بەرهەمێکی دیکەی کوردییدا، بەرچاوم نەکەوتووە. بەڵام، بەشێوەیەکی ساکار و دوورە لە ڕووکەشەوە، جەوهەری (چامە)کەی تیادا بەدیی دەکرێ و کە ئەویش نیشتمانی دایکزادە و ئافرەتە و دایک.

سەیدەی یەکەم، لەمە مەبەستی نیشتمان دایکزادە، کە چەند خۆشەویستە و ئەم خۆشەویستییەش بەدوو وشەی ساکار، بەئێمە دەگەیەنێ و گوایا دەڵێ: (من، لە جێگایەکی دیکە (نا ساچم = هۆگر نابم = خۆم ناگرم = بەدڵمەوە نانووسێ = ناتوانم بژیم = تاقەت ناگرم = دانامرکێم = ئۆقرە ناگرم) ناتوانم بژیم، جگە لە (ئۆرمۆن = هەورامان!).

کەوابوو، وشەی (نا ساتم) لە بنەڕەتدا (نا ساچم)ە و قەدەکەشی وشەی (ساچ)ە کە بەواتای (ژیان) دێ و بەم جۆرە بەکاردێت:

– بساچە چەنیش: واتە؛ لەگەڵیدا بژی، لەگەڵیدا بلوە (بڕوە)، لەگەڵیدا ڕێککەوە.

– ساچام چەنیش و تاکەی!! واتە؛ لەگەڵیدا لوام (ژیام، هەڵمکرد) ئیتر تاکەی!؟.

– بێکەس ساچام! واتە بەبێ کەس ژیام!.

واتای ئەم وشەیە، باشتر دەچێتە بیرەوە کاتێ کە بەباشی لە واتای (گیرەن) تێگەیشتین و ئەویش بەم جۆرە.

وشەی (گیرەن) فرمانێکی (کار) ڕابوردووی بەردەوامە و قەدەکەی (ڕیشە ڕابوردووەکەی) (گر)ە و چاوگی (گرتەی)یە، کە لە سۆرانیدا، دەبێ بەگرتنەوە (بۆ داوودەرمان، کاری کیمیاسازیی).

سەیدە، بەمەبەستێ ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، کە دەیەوێ ڕووالەتێک و ناوەڕۆکێکی کیمیاویی بداتێ بەوەی کە ئەم (سەیدە) لەم خاک و ئاووهەوایە و بەروبوومی پێکهاتووە، یان گیراوەتەوە، بەجۆرێ کە ئەم و هەورامان جیابوونەوەیان بۆ نییە و بۆیە دەڵێ: من لە هیچ جێگایەکی دیکەدا جگە لە (ئۆرمۆن) ناتوانم بژیم (بساتم = بساچم).

ئەوجا، سەیدە وێنە دەهێنێتەوە، کە وەک (ئەفسوون) ئەویان لەبریی بردووە و یەکێ لەو وێنانەش، جوانی (ژیوار) و شیرینی نەمامی دڵ و دەروونی کە (نیشاتێ)یە.

شایانی باسە، (نیشات) لە بنەڕەتدا (نشاط)ی عارەبییە و زمانی ناوچەکانی هەورامان (نێر و مێی)ی تیایە و ناوی عارەبییش، کە بۆ (مێ) بەکاربێت، پاشبەندی (مێ) کە (-ێ)یە بۆ ناوی عەرەبی بۆ ئافرەت و واتە: (خەدیجە) دەبێ بە(خەجێ) و (فاطمە) دەبێ بە(فاتێ) و (نشاط) دەبێ بە(نیشاتێ).

ئەوجا، سەیدە، دێ بەشان و باڵی ئەو خۆشەویستییەی (نیشاتێ)دا کە کێیە و چە کارێکی کردووەتە سەر کاروبار و ژیانی و ئەنجامەکەشی بەکوێ دەگات.

سەیدەی یەکەم مەبەستی (ژن) و (ژیان) و (نیشتمان)ن، ئەگەر هاتوو بەڕاستیی جۆشیان بەیەکدا خوارد (پێکەوە گیرانەوە - خوای گیرەن) ئەو دەمە یەکیەتییەکە بەهێزە و ریشەیان بەیەکتریدا داکوتاوە، جوێبوونەوەیان بۆ نییە!! ئەمە لای ئەو یاسای سروشتییە!!.

**نەژیڤانۆ، مەژیڤۆ:**

ئەم دوو وشەیە، ئێستەش هەن و بەکاردێن و بەڵام بەم جۆرە:

(مەژیوو، مەتاووژیوو)، یان (مەتاووژیوو، مەژیوو) کە بەواتای (ناتوانم بژیم) یان (نازیم و ناتوانم بژیم) دێ. بەڵێ لە دێرین دەمەوە دەنگی (ڤ) دەورێکی یەکجار باڵای هەبووە، لە ئاوازسازیی و وشەسازیی و دەنگسازیی کوردییدا، بەڵام ئەم دەنگە بەهۆی کار و کردەوەی (زمانی عارەبی و تورکی)یەوە، ڕەوییەوە.

چامەکە، وشەی عارەبی زۆری تێدایە، کە وەک، بۆ وێنە (عیش، نشاط، حیات، قرار...).



**ئەزیچ:**

سەیدە، لێرەدا وشەی (ئەز)ی لە شێوەی بەکارهێنانی (من)دا، بەکارهێناوە و وا دیارە، ئەو کاتە، جیاوازیی لە نێوان ڕاناوی نەلکاوی (ئەز) و (من)دا، نەبووە!! یان ئەگەر هەبووبێ ئەم یاری بەوشە دەکات، چونکە لە شێوەزمانی ناوچەکانی هەوراماندا دەوترێ: (منیچ) کە بەواتای (منیش)ی سۆرانی دێت، بەڵام حاڵی حازر نەم بیستووە یان بەرچاویشم نەکەوتووە، کە بوترێ (ئەزیچ) کە بەواتای (ئەزیش) بێت و کە ئەم جۆرەش بەم جۆرە بەکار نەهێنراوە، کەچی سەیدە جوان و ڕازاوە بەکاری هێناوە.

سەیدە، کە دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ نیشاتێدا، بەزمانی دینیی، واتە بەکارهێنانی کەرەسەی دینی زۆر، داواکانی دەڕازێنێتەوە.

**بۆ وێنە، داوای ئاوی کەوسەری چاڵی زەنجی دەکات و چونکە ئاوی ژیانی ژیانەوەی ئالەوێدایە و ئەو ئاوە ژیانی تەمەنی نوێ دەکاتەوە و هەروەهاش، کاتی زەکات دان هاتە بەرەوە، بێ گومان (نیشاتێ) زەکات بەسەیدە دەدات، چونکە ئەم کەشکۆڵی دەروێشی ئەوی هەڵگرتووە!!.**

هەندێ لە بارەی چامەی ریۆن-ەوە:

ریۆن: رێحان، بەسۆرانیش هەر هەمان وشەیە.

ئەم ناوە، بۆ (کەنیشک و گیژ و کناچێ و دوێت = مێیینە) باوە. ئەگەر بەشێوەی (رێحان) بەکاربێت، ئەو کاتە دەبێ ببێ بە(رێحانێ).

داخۆ: (داخەو) لە هەورامی ئەمڕۆدا و بەسۆرانی دەبێ بە(لە داخی).

تەڤە: (تۆوە) لە هەورامی ئەمڕۆدا و بەسۆرانی دەبێ بە(تۆدا) = (تۆ)دا.

هەزاریۆ: (هەزارێ) لە هەورامی ئەمڕۆدا و بەسۆرانی دەبێ بە(هەزارێک = هەزارێ).

دەردەدارەنێ: (دەردەدارێنێ) لە هەورامی ئەمڕۆدا و لەسۆرانیدا دەبێ بە(دەردەدارن).

گرد: (گرد) لە هەورامی ئەمڕۆدا و لە سۆرانی ئەمڕۆدا، (هەموو)یە و لە جافیدا (گرد)ە، یان (گشت)ە.

کوشتەو: هەر هەمان ئاوازە و لە سۆرانیدا، دەبێ بە(کوشتەی).

دیدەتەنێ: (دیدەیدەتەنێ) لە هەورامی ئەمڕۆدا و لەسۆرانیدا دەبێ بە(ڕوومەتت + ن = دەموچاوت)ن و لە جافیدا (دیگەت)ن.

جادوکارەنێ: (جادووکارا) لە هەورامی ئەمڕۆدا و لە سۆرانیدا دەبێ بە(جادووکار = سیحرباز).

نەوبەرۆ: (نەوبەرە) لە هەورامی ئەمڕۆدا و لەسۆرانیدا دەبێ بە(نەوبەر = نۆبەر = نۆرەس).

چەمێت: (چەمێت)لە هەورامی ئەمڕۆدا و لەسۆرانیدا دەبێ بە(چاوت) = (چاوانت).

ساڤۆ: (ساوەو) لە هەورامی ئەمڕۆدا و لەسۆرانیدا دەبێ بە(سێوی)، لە جافیدا دەبێ بە(سێڤی).

دلێ: (دلێ)لە هەورامی ئەمڕۆدا و لەسۆرانیدا (ناو)ە.

دەرۆ: (دەرە)یە لە هەورامی ئەمڕۆدا و لە سۆرانیدا (چەم)ە.

مەمێت: (مەمێت) لە هەورامی ئەمڕۆدا و لە سۆرانیدا، (مەمک) یان (مەمکان)ە.

مەرەجیۆ: هەر خۆیەتی لە هەورامی ئەمڕۆدا و لە سۆرانیدا، بووە بە(وەکو).

نارەنێ: (هەنارن) یان (دنەهەنارن)لە هەورامی ئەمڕۆدا و لەسۆرانیدا دەبێ بە(هەنارن).

مەرەجیۆ نارەنێ: لە سۆرانیدا دەبێ بە(وەکو هەنارن) دەگرێتەوە مەبەستی (لە خڕی و پتەوییدا).

زوڵفێت: لە هەورامی ئەمڕۆدا، وەک خۆیەتی و لە سۆرانیدا، دەبێ بە(زوڵفت = زوڵفانت).

سیاوەنێ: لە هەورامی ئەمڕۆدا، دەبێ (سیاوێنێ) و لە سۆرانیدا دەبێ بە(ڕەشن).

چنوور: هەر (چنوور)ە و گیایەکی ڕەنگ سەوزی پڕە و تا بڵێیت بۆنی خۆشە و تا سیستر بێ بۆنی خۆشتر دەبێ و فرەتر بڵاو دەبێتەوە.

ڕاگاو: هەر (ڕاگا)یە، یان (ڕێباز)ە، ئەو تولەڕێ باریکانە، کە بۆ برینی شاخ و هەڵبەزین و سەرکەوتن بەسەریدا بەکاردێت و ئەوەندە بەپیادەڕەوی پیادا ڕۆیشتوون داکوتراوە و لە بەرچاوە لە هەورامی ئەمڕۆیشدا (ڕێواز = ڕێباز)ی پێ دەوترێ.

کاو: کەژ و کۆ و کەمەری سەخت و وشەی (کاوەکاوا) لە هەوراماندا، لە چەند جێگایەکدا لەبەر سەختی، ناوی دەبیسترێ و بۆ وێنە لە هەورامانی تەختدا و لە پاوەدا، ئەم ناوە لە بەرچاوە و لە گوێدا دەزرنگێتەوە. ڕێبازی (کاو) برینی چنووری قەراخ ڕێبازەکەی زۆرە و ڕازاوەترە.



کەمەندە: ئەوجا سەیدە زوڵفەکەی ڕیۆن دەچوێنێتە (کەمەند) یان (شامار).

کەمەندە، چونکە توانای هەیە کە نەچیر بگرێ و (شامار)یش بۆ (سیاویی = ڕەشی) و بریسکەداریی و ورچەداریی و درەوشانەوە.

باڵاوتەنۆ: (باڵاوتۆنا) لە هەورامی ئەمڕۆدا، لە سۆرانیدا، دەکاتە (باڵای تۆم).

پی دییەنە: (بەم دیتنە) لە سۆرانیدا و لە هەورامی ئەمڕۆدا (پی دیدەنیە، پێ دییەیە)یە، (ئەمە بۆمان دەردەخات، کە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا دەکات).

تەپڵم ژەنۆ: لە هەورامی ئەمڕۆدا، هەر هەمان فرەیزە و بەڵام لە سۆرانیدا، دەبێ بە(تەپڵم لێ بدەن) بەمەبەستی، (تەپڵی زەمکردن، لۆمەکردن)ە. ئاڵێرەدا، لە شێوەی هەورامیدا، ناوترێ: (تەپڵم داوەنە) بەڵکو دەبێژرێ (تەپڵم ژەنا)، چونکە ئەوەی سۆرانی (تەپڵم لێ بدەن)ە (لێدان) بەهەورامی بۆ (تەپڵ) بەکار نایەت. بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، لە هەورامیدا، (زورنان ژەن) هەیە و (زورنا لێدەر) نییە و (تەپڵ ژەن) هەیە و (تەپڵ لێدەر) نییە!

تەنۆ: (تۆم) لە سۆرانیدا و لە هەورامی ئەمڕۆدا (تۆنا)یە.

وەس نیا خاسم یارەنی: لە هەورامی ئەمڕۆدا، ئەم فرەیزە، دەبێ بە(وەسێ نیا یارەی خاسەمەنی) و لە سۆرانیدا، دەبێ بە(بەس نییە یاری چاکمی).

ئەشکت: لە هەورامی ئەمڕۆدا بووە بە(عەشقت) و لە بنەڕەتدا وشەکە عارەبییە و سەیدەی خۆیشی نەختێ لە سەرەوە وشەی (عاشقۆ)ی بەکارهێناوە کە هەر هەمان وشەیە.

سەرتاوار: ئەم هەروەک خۆیەتی و بەڵام لە سۆرانیدا، (سەرتاخوار)ە.

نە تۆ: ئەمە ئێستەش هەر بەو جۆرە بەکاردێت و لە سۆرانیدا، دەکاتە (لە تویی).

نە تۆ دڵێم: کە لە سۆرانیدا، دەبێ بە(لە دوێ توێی دڵم)دا.

مێرغوزار: مەبەستی (مێرگەزار) کە لە هەورامی ئەمڕۆدایە و بەڵام لەمە مەبەستی زەلکاوە (مێرگەزار = ئەو زەلکاوەیە کە قامیش و پیکە و زەل و زووزی لێ ڕوواوە و ناوەکەشی پڕە لە بۆق و... هتد).

ئاڤۆ: لە هەورامی ئەمڕۆدا (ئاوەو)ە لە سۆرانیدا، دەبێ بە(ئاوی).

هەرسۆ: لە هەورامی ئەمڕۆدا، هەر وەهایە و لە سۆرانیدا دەبێ بە(فرمێسکی).

چەمۆم: لە هەورامی ئەمڕۆدا دەبێ بە(چەمام) و لە سۆرانیدا (چاوانم) دەگرێتەوە.

کەی مەینەتۆ: لە هەورامی ئەمڕۆدا هەر (کەی مەینەتو؟)یە و لە سۆرانیدا، بەرامبەری

(کەی مەینەتێ؟ = کەی ئەزیەتی؟ = کەی نارەحەتی؟)یە.

یاگۆ خەمۆم: لە هەورامی ئەمڕۆدا (یاگۆ خەمام، یاگێ خەمام)ە و لە سۆرانیدا، دەکاتە (جێگەی خەمانم)ە.

زێدم چۆڵۆ: (زەیدم چۆڵا) لە هەورامانی ئەمڕۆدا و لە سۆرانیشدا، دەکاتە (ماڵم چۆڵە).

ماوام بەرۆ: (ماوا) لە (مأوی)ی عارەبییەوەیە و لە هەورامان، بەزۆری بەکاردێت و فریزەکە بەواتای جێگا (لانە)ی حەوانەوەم لە دەرەوەیە، دەشت، چەم، دۆڵ، هەرد، دەشت... هتد.

بەرۆ: (بەرۆ) هەورامی ئەمڕۆیشە و بەرامبەری (دەر) یان (دەرەوە)یە.

پێمۆ: لە هەورامی ئەمڕۆدا هەر خۆیەتی و لە سۆرانیدا، دەکاتە (پێمەوە).

نمۆ (نومۆ): لە هەورامی ئەمڕۆدا (نمێ)یە و لە سۆرانیدا دەکاتە (نایەت).

هەرۆ: (هەر رۆ) لە هەورامی ئەمڕۆدا–٦٦٦٦ و لە سۆرانیدا، دەبێ بە(هەر ڕۆژێ).

ئەڤدالْ مسیۆ: (عەودالْ مسای)یە لە هەورامی ئەمڕۆدا و لە سۆرانیدا، دەکاتە دێوانەگەریی = عەودالّی کردن، دەرویشی کردن. بۆ وێنە، لە شێوەی هەورامیدا، دەوترێ (کارەکەش سان) واتە: (کارەکەی فێر بووە، وەرگرتووە، کردوویەتە پیشە).

تاڵەم کەمۆ: (تاڵەم کەما) لە هەورامی ئەمڕۆدا و (تاڵە) بەواتای (شانس)، (ناوچاوان) و (چارە)ش، هەر بۆ بەدەستەوەدانی هەمان وشە هەن و لە سۆرانیدا فرەیزەکە دەبێ (تاڵەم کەمە، شانسم کەمە).

خەمێم فرۆ: (خەمێم فرێ) لە هەورامانی ئەمڕۆدا و لە سۆرانیدا دەبێ بە(خەمم زۆرە).

من ئادو بەینم هەر یوڤۆ: (من عەهد و بەینم هەریۆن) لە هەورامی ئەمڕۆدا و لە سۆرانیدا دەبێ بە(من عەهد و بەینم یەکێکە).

مۆڵەت: (مُهلە)ی عارەبییە و ئەمڕۆیش بەکاردێت و لێرەدا، بەواتای (هەناسەدرێژ = بەرگەگر، خۆگر، سەبر) دێت.

تەنۆ: (تۆنا) لە هەورامی ئەمڕۆدا و لە سۆرانیدا، دەبێ بە(تۆم).

کۆمێم چنیم بێزارەنێ: دەس و پەل و باڵ و پشتم لە دەستم بێزارن، چونکە هەر لە گەرد و خول دام واتە؛ لە وێڵ و سەرگەردانیدا، هەموو گیانم ئازار دەکات.

ساسێ مەنام کەراکەسێم: لە هەورامی ئەمڕۆدا هەر نەگۆڕدراوە و لە سۆرانیدا، دەکاتە؛



(ئەگەریش (یا) مەنعم (لۆمەم) بکەن کەسانم!).

داڵێوە: هەروەک خۆی ئەمڕۆیش بەکاردێت و لە سۆرانی دەکاتە (نەختێ، کەمێ).

هەموارەنێ: (ئەگەر گفتت یەکێکە و نەگۆڕدراوە) لە سۆرانیدا.

فدیۆ: (فیداو) لە سۆرانیدا (بەفیدای) دەگرێتەوە.

سیمین: (زیوین)، چونکە (سیم) بەواتای (زیو) دێ.

لەشۆن: (لەشە)، (بەدەنە)، (لاشەیە).

خوێنەری بەڕێز، خۆی دەتوانێ، بەهۆی ئەم وشە لێکدانەوەی سەرەوە چامەکە، بەباشی تێ بگات و ئەوجا، لەوانەیە، بەبۆچوونێکی زمانناسیانە بگاتە ناسینی تەمەنی ئەم هۆنراوەیە و ئەم شێوە زمانە و ئەگەر هاتوو زانیمان، کە ئەم شێوە زمانە، هەورامییەکان لێی تێ ناگەن، مەگەر یەکێ خوێندەوارێکی تەواویی کوردی بێ!!!.

**ئەنجام:**

ئەم چامەیە، ئەگەر لە ڕووی زمانەوە تەماشا بکرێت، سەرنجی ئەوە ڕادەکێشێت کە چەند وشەیەکی عارەبی بەکارهێناوە، بەڵام وشەی فارسی تێدا نییە! کەرەسەکەی دیکەی تا بڵێیت کۆن و دێرینە و بەمەی سەرەوەدا نووسەر باوەڕی بەو مێژووی ژیانەی سەرەوەی نییە و ئەوجا، چار چییە؟!.

**(چامەی دڵبەر دڵ ئەستانای جەمن) سەیدە**

دڵبەر دڵ ئەستانای جە من، شەرتی ئی دڵستانی نیۆ
جەورش مەدەی، ڕەنجش مەکەر، **خۆکافرستانی نیۆ**
شەرتەن بکێشۆ دڵ جەفات، با یادگار مانۆ جە لات
تۆ بۆت نە دڵ، خۆفی خودات، **خۆکافرستانی نیۆ**
ئامام نە ڕات پی جەستەوە، گیرەم سڵۆم، چیت نەستەوە!؟
پی حاڵی جەستەی خەستەوە، **خۆکافرستانی نیۆ**
هەی نەونەمامی باغی دڵ، پەی تۆ سیان، بەیداخی دڵ
سا مەرهەمێ، پەی داخی دڵ، **خۆکافرستانی نیۆ**
هەی رەندی توحفێ نازەنین، خاڵت جە عەنبەر گوڵ جەمین
سا مەرهەمی دەر پەی برین، **خۆکافرستانی نیۆ**

بیمار تۆم حۆر و پەریی، ئەر خوایشەن، ئەر سەرسەریی
شەرتەن عەیادەتمان کەری، **خۆکافرستانی نیۆ**
دادەم پەنە، چلێ ریۆن، قیمەتشەنە، سۆتەم گیۆن
چی مامەڵە، مەگنەم زیۆن، **خۆکافرستانی نیۆ**
وێڵ وێڵ مەگێلام کۆبەکۆ، دەردەم گران بی رۆبەرۆ
ساحاڵ و دەردێم پەرسەتۆ، **خۆکافرستانی نیۆ**
تەرک و وەڵاتیت کەردمۆ، ژاراو دووریت وەردەمۆ
پەرسە بەحاڵی دەردمۆ، **خۆکافرستانی نیۆ**
عوریان و کەڵپۆس پێڵەنۆ، شەیدا و بیابان گێڵەنۆ
دا پەرسە پەی کێ وێڵەنۆ، **خۆکافرستانی نیۆ**
ئەر شەرت و بەینت ویرتەن، خۆف و خوا و پیرتەن
بۆ لام ئەگەرچی دێرتەن، **خۆکافرستانی نیۆ**
بام بارە تەشریف، یانەمۆ، یا دوور پەرسە حاڵمۆ
تەرسە، هەناسەی کاڵمۆ، **خۆکافرستانی نیۆ**
قەومان، خوێشان، هامسەران لۆمە و مەنامان چی کەران!!
خاسەن تەئەسوفمان وەران، **خۆکافرستانی نیۆ**
(سەیدی) گرانۆ ئەلویداش، هیجران مەدۆ هەردەم جەفاش
هەی پەی خوای، بەیدێ وەلاش، **خۆکافرستانی نیۆ**

**چامەکەی سەیدە لە ڕووی کێشانە و پێوانەوە:**

ئەم چامەیە، لەسەر ئاوازی نوێژکردن و پاڕانەوەی زەڕەدەشتیان ڕۆیوە و واتە، مەلا (ماگ) تاکە هۆنراوەیەک کە تایبەتییە بەسروودی نوێژکردن و پاڕانەوەوە (لە گاتەکاندا هەن) دەخوێنێتەوە و کە لە خوێندنەوەی دەبێتەوە خەڵکەکەی دەوروبەری، ئەوانەی کە بۆ نوێژ کۆبوونەتەوە، فرەیزی پات دەکەنەوە و ئەو پاتکردنەوەش شوکرانەی ئەهرۆمەزدایە و لە دینی پیرۆزی ئیسلامیشدا پاش خوێندنی یەک رکات نوێژ لە لایەن مەلاوە، نوێژکەران بەجارێ وشەی (ئامین) بەکار دەهێنن و مەبەست لەوەیە، کە (خوایا ڕازی بە و قبوولّی بفەرموو) کە داوای قبوولّکردنی دەکەن. من کە ئەمە دەڵێم، لەخۆوە نییە، بەڵکو لە (ورمێ) و لە (تاران)یشدا، ئەم نوێژەم بەو جۆرە دیوە.



سەیدەی یەکەم، ئەم هۆنراوەیەی بەجۆرێ داڕشتووە، بەلای منەوە و بەلای ئەو کەسانەشەوە، کە شارەزای هۆنراوە و هەڵبەستی هەورامین، کە لەوپەڕی هونەرمەندیدایە و ئەمەش خۆی لە خۆیدا، ئەگەر ئەم بەیەکەم کەس سەرژمێر بکرێ، هەنگاوێکی هونەرمەندانەی گەورەیە، بەرەو دەرچوون لە چوارچێوەی فۆلکلۆری دینیدا (دە بڕگەیی) و بەهونەرێکی نوێ سەرژمێر دەکرێ، ئەگەر ئێمە گاتەکانمان نەهێنانەوە یاد و ئەگینا لەسەر هەمان ڕێڕەوە.

ئەگەر بەچاوی کێشانە و پێوانەوە، لەم چامەیە ورد ببینەوە، دەبینین کە:
یەکەم: هەر نیوە دێڕێکی بریتییە لە (١٦) بڕگە و
دووەم: نیوە دێڕی دووەم بریتییە لە (٨) بڕگە و
سێیەم: پەرچەمە پاتکراوەکە بریتییە لە (٧) بڕگە.
بۆمان هەیە، بەم جۆرە نەخشەی بەرچاو بخەین:
یەکەم نیوە دێڕ: ١٦ بڕگە و سەروای (+ۆ)
دووەم نیوە دێڕ: ٨ بڕگە + ٧ بڕگەی پاتکراوە
بەم جۆرە دەڕواتە خوارەوە تاوەکو کۆتایی.
چامەکە، بەسەروای (+ۆ) دەزرنگێتەوە.

هۆنراوە و هەڵبەست لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

ئێمە لێرەدا وشەی (هۆنراوە) بۆ ئەو جۆرە شیعرە بەکار دەهێنین کە زادەی (ڕەوان) و (ویژدان) و (هەست و نەستی دەروونە) و (ناوەڕۆکی زۆخی مرۆڤایەتییە). بەڵام وشەی (هەڵبەست) بۆ کاری دروستکردن و داڕشتنی زانست و عەقڵ و زانیارییە، بەتەواوی بەپێچەوانەی هۆنراوەوەیە.

لە بابەتی هۆنراوە؛ هۆنراوەی ڕۆمانسیەت و دڵداریی زۆرن و بەشێوەیەکی تر زۆربەی خوێندەوارەکانی هەورامان، وەک ئاشک، ئاشکینی و زۆربەی زۆریان بەرهەمی وەهایان هەیە و لاشم وەهایە، دیمەنی سروشتی ناوچەکان لەو ڕووەوە زۆر کاریگەر و ئیلهام و خورپەهێنەر بێ.

خودا و داهێنەری هەرە بەرزی ئەم ڕێڕەوە (بێسارانی و ڕەنجووریی و سەیدەی دووەم و میرزا ئۆلقادری پاوەیی)ن و (بۆ لایەنی سۆفیگەریەتی)یش، مەولەویی و خانای قوبادی

و ڕابەران و سۆفیان و دەروێشانی ئەهلی هەقق، ئەم جۆرەیان ڕازاندووەتەوە.

لە بارەی گۆرانی وتن بەباڵای سروشت و جوانیدا، تا بڵێیت بەرهەم بەشێوەی هەورامی زۆرە و ئەمەش کاتێ نۆرەیان دێتە بەرەوە کە نۆرە بێتە سەریان.

شێوەکەی دیکە، کە ناوی (هەڵبەست)مان دایە، بەو ناوەڕۆکانە دەوترێ، کە بەمەبەستی (چیستایی(*) = فێرکردن = تعلیمی)

دارێژرابن و لەم ڕووەشەوە، ئەمانەمان بەرچاو دەکەون، یان لە بەردەست دان:

– هەڵبەستی فێرکردنی (نانەوەی ئاسیاوی ئاو).
– هەڵبەستی جەنگی هەورامان و ڕووس. (مێژوو).
– هەڵبەستی جەنگی فەرهاد و میرزا و هەورامان. (مێژوو)
– هەڵبەستی، هێرشی ڕەزا شاه بۆ سەر هەورامان. (مێژوو)
– هەڵبەستی گرانیی داکەوتن. (کۆمەڵایەتی و مێژوو)
– هەڵبەستی (چاوە قووڵە = ڕشانەوە) داکەوتن. (مێژوو و تەندروستی)
– هەڵبەستی براکوژی لە هەوراماندا. (مێژوو)
– هەڵبەستی جەنگی هەورامان و جوانڕۆ. (مێژوو)
– هەڵبەستی هێرشی تورک بۆ سەر هەورامان. (مێژوو)
– هەڵبەستی، لەیلێ و مەجنوون، یۆسۆ و زلێخا، حەیدەر و سنۆبەر، شیرین و فەرهاد، خورشید و خاوەر،....
– هەڵبەستی محەمەد حەنیفە، زەڕین مەلیک.
– شاهنامەی هەورامی.
– هەڵبەستی (ڕۆڵەبزانی و ئیقباڵنامە) و بەدەیان جۆر و ناوی دیکە... هتد.

(*) لە گاتەکاندا وشەی (چیستا = CHIST´A) بەواتای (تعلیم) هاتووە و لەبەر ئاوازەی کوردیی شیرینی ئێمەیش لەسەر ڕێڕەویی کوردیی وەک (برا = برایەتی و برایی) دارشت و بەشێوەی (چیستایی) بۆ تەعلیمی بەکاری دەهێنین.



**نەختێ ڕۆشنایی خستنە سەر دوو زاراوی ئەدەبی:**

## ١– ڕۆمانسییەت:

وشەی (ڕۆمانس = romance)، لە زمانی ئینگلیزییدا (ناوە، کارە، ئاوەڵناوە) و ئەم وشەیەش، لە ڕیشەی وشەی لاتینییەوە (ڕۆمان – Roman)ەوە هاتووە و ئەمیش هەم ناوە و هەم ئاوەڵناوە و بەواتای یەکێ لە کوڕانی (ڕۆمە)ی کاثۆلیک هاتووە. هەر لە هەمان (قەدە)وە، وشەی (ڕۆمانتیک = romantic) دارێژراوە، کە بەواتای خەیاڵی، خەونی نەخەوتوو، ناکردەوەیی، بیرکردنەوەی دوور لە ڕاستییەوە، هەست فراوان و ناڕۆشن،... هتد دێ.

بەهەرحاڵ (ڕازی خەیاڵی، یان خەونی ناخەوتوو، وێنەگرتن و دارشتنی بەرهەم، لەسەر بنچینە خەیاڵی خەوگۆنە) کە لە ئینگلیزییدا پێی دەوترێ (Imaginative story) و یان هەر جۆرێکی دیکە کە لە بۆتەی ئەو جۆرە بۆچوونەدا، دارێژابێ یان خەیاڵ دایبڕێژێ! بەشێوەیەکی دیکە هەست و نەستی دەروونی، کەفوکوڵی خەواڵوویی دەکات و دادەڕێژرێتە دەرەوە و ئەمەش سروشت و جوانی ڕاستەقینە و جوانی خەیاڵیی و جوانی سروشتیی و جوانی واتایی دەگرێتەوە.

خەونی نەخەوتوو، دوورە لە ئاوەز و کردەوە و زانیاریی و عەقڵەوە و ئەمانە بەتەواویی، ناتوانن تیایاندا بەشدار بن. ئەمە بەتەواویی بەپێچەوانەی کلاسیکەوەیە، کە ئەم (کلاسیک) لەسەر بنەڕەتی زانیاریی و بیرکردنەوە و عەقڵ و پشکنین دادەڕێژرێ و لە لایەن ڕۆمانسیەتەوە دەستی بۆ بەسنگەوە ناگیرێ. دەبێ ئەوەش بزانرێ ئەم جۆرە پێوانە، هەردوو لا دەگرێتەوە و سەرپاکی هونەریش (چیرۆک و هۆنراوە و هەڵبەست) دەگرێتەوە!!

بەهەرحاڵ، بۆ زۆرتر ڕۆشنکردنەوەی ئەم بۆچوونانە، پێویست بەهەندێ وێنە دەکات و بەم جۆرە:

گەنجێک، یاخود لاوێک تازەپێگەیشتوو (هەرزەکار) لە ئینگلیزییدا (teenages) پێ دەوترێ و تازە پێگەیشتووە و هێشتا عەقڵی دەسەڵاتی ئەوەی پەیدا نەکردووە، کە بتوانێ شوێنکەوتووی بیرکردنەوەی بێ، یان هێشتا نەیتوانیوە تەنانەت دەستی بگاتە کارێک و هەستی دەروونی و کەفوکوڵی بیری نەگەییوی خەیاڵاوی دەیخاتە بیری هانینی کەنیشکێکی بێ وێنە لە جوانی و لە ڕازاوەیی و لە عەقڵ (ئایدیاڵ = ideal)دا و بەم خەیاڵانە، کە هەمیشە بەبەرچاوی خەیاڵیەوەن و ئەم خەیاڵانە، وەک خەونی نەخەوتوو دێنە

دنیای دروستبوونیانە و تاوەکو دەگاتە پلەیەک، کە کەفەسەری مەنجەڵی هەست و نەستی دەروونی دەکات و ئەوجا ئەم کەفوکوڵە کەفەسەرە، لە لایەن هۆنەرەوە، هەروەک فرمێسک سەر دەکەن و یەک بەدوای یەکدا، لە چوارچێوەی وشەی ڕەنگین و وێنە ڕازاوە و ئاوازەی ڕەنگامەدا ڕێچکە دەبەستن، ئەمەش ئەگەر چیرۆک بێ یاخود پەخشان، یان وێنەکێشان بێ، چە جیاوازییەک بەرپا ناکات!!

ئەو جۆرە خەوە نەخەوتوویانە، هەروەک لە لاو سەر دەدات، هەروەها لە کیژ و سۆفی و لە دەروێش و لە هەر هونەرمەندێکی هەستاویی ڕوو دەدات.

لە هۆنەرە هونەرمەندەکان، لەم گۆشەیەدا (بێسارانی) پۆپەی دارەکەی گرتووە و بەمامۆستای دەستڕۆیشتوو لە قەڵەم دەدرێ.

بۆ وێنە، بێسارانی دەیەوێ خەوێ ببینێ بەیارەکەیەوە، چونکە وەکی دیکە بۆی دەست نادات (لەبەر هەر هۆیەک هەیە، نازانرێ!) لەگەڵیدا دابنیشێ و لەبەر ئەوە و لەبەر کەفی هەستی مەنجەڵی دەروونی دڵداریی، وەهای بەسەردێ، کە بچێتە چوارچێوەی ئەو خواستە دەروونەوە و بەبێ بیرکردنەوە ئەو کەفوکوڵە بەجلوبەرگی وشەوە، یەک بەدوای یەکدا بیانهۆنێتەوە.

بێسارانی دەڵێ:

«هوونا و وەشـتـاوەن،..............
.....................................
ئەوەند نەمەردام، حەسرەتان جارێ
گەردوونای گەردوون، بکەرداش کارێ
ئێمە و تۆ هامڕاز، شەوێ تاوە ڕۆ
جە شەودا نەدیام، خاوێ خەیر جە تۆ
گاهی سەرگوزەشت، گاهی شیرینڕاز
گاگا جە تۆ ناز، گا جە من نیاز
ئەوسا ئەر مەرگم، ئاما جەو دەمدا
بوولم مەشانا، وەیانەی خەمدا»

داخوازیی بێسارانی، یاخود داوای لە خوا ئەوەیە، کە کارێکی وەها بکات (کە ئەو و یارەکەی هەمیشە لە خەودا ببینێ، یان هەر خەوی هەر دیتنی ئەو بێ لەگەڵیدا و ئەوجا



دەڵێ: دەستمان دەکرد بەڕازکردن و سەرگوزەشت گەڕاندنەوە و ناو بەناویش یارەکەم نازی دەکرد و منیش نیازم لێ دەکرد و ئەوسا، ئەگەر خوا ئیتر مەرگی بۆ بناردمایە، خۆڵەمێشم دەوەشان، بەماڵی خەمەکاندا (واتە، بێ خەم دەبووم، ئەگەرچیش مردنم بۆ هاتووە!).

لە سۆفیگەرییەتیدا، وەلی دێوانە، هەر ڕۆژێ لە بن بەردێکی سەر ڕێگای کۆچ و باری شەمدا، کەوتبوو، هەروەها شەمیش خەم و خەیاڵی هەمیشە وەلی بردبووی و بەڵام کاتێ کە لەسەر کانیاوێکی ناو باخ و سەوزاییدا، گەیشتنە یەکتریی، (شەم) پێی وت؛ کە ئەما خوا وای کردووە، کە بگەن بەیەکتریی و بۆ هەر چی حەزی لێ دەکەین نەیکەین و، وەلیش دەڵێ: (من هەتا تۆ ببینم زیاتر خۆشەویستیت پەرە دەسێنێ و بەڵام ئەگەر هاتوو من و تۆ تێرمان لەیەک خوارد، ئەوسا کەمتر یەکترمان خۆش دەوێ، چونکە تینوو کاتێ ئاوی زۆر خۆش دەوێ، کە تینووی بێ و خۆ ئەگەر تینوو ئاوی خواردەوە و تینوویەتی شکا، ئەو کاتە، ئاوی پێویست نییە!!

یان، بێسارانی دەڵێ کەی فەرهاد عاشق بووە، چونکە ئەگەر عاشقی (شیرین) بووایە، هەرگیز قوڵنگەی لە دەموچاوی شیرین نەدەدا!.

## ٢- زاراوی کلاسیک:

وشەی کلاسیک و وشەی کلاسیزم-یش لە سەرچاوەی لاتینییەوە بۆ ئێمە وەک زاراوی ئەدەبیی گوێزراوەتەوە، پاش ئەوەی کە نەختێ گۆڕانکاریی؛ لە ڕووی واتا و جۆری بەکارهێنانەوە بەسەریدا، هاتووە.

لە زمانی ئینگلیزییدا، وشەی (کلاسیک = Classic) بەگرووپە کەسێ دەوترێ کە لە یەک جۆرە پلەی خوێندنی باڵادا بن. یان بەگرووپێ دەوترێ کە لە یەک جۆرە پلەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی بەرزدا بن. یاخود ئەتوانین بڵێین، زاراوێکە کە کۆمەڵ بەچەند گرووپێکەوە، بەپێی پلە و پایەی خوێندەواریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی، دابەش دەکات.

هەروەها، لە زمانی ئینگلیزییدا، وشەی (کلاس = Class) لەگەڵ چەند ڕیشەی وشەی دیکەدا، یان لەگەڵ چەند قەدی وشەی دیکەدا، یەک دەگرنەوە و پێکەوە و بەهەردوو لایانەوە وشەیەکی ناساکار دروست دەکەن و واتایەکی نوێ، بەدەستەوە دەدەن.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وشەی (کلاس = Class) چووە چوارچێوەی زاراوەوە و بۆ ئەو گرووپە (کۆمەڵە) کەسە، بەکارهێنراوە کە لە پلەی خوێندەواریدا و لە کۆمەڵگادا و لە پلە و پایە و دەسەڵاتی سەرمایەداریدا، پایەیەکی زۆر پێشکەوتوویان هەبووە.

هەروەها، وشەی (کلاس) بۆ ناونانی جۆری کرێکار و دابەشکردنیان بەکارهێنراوە و لەوەشەوە، وشەی (کاسیک) وەک (ئاوەڵناوێک) لێیەوە دروست بووە، بۆ مەبەستی بەرز و نزمی و دەسەڵاتداریی و بێ دەسەڵاتی بەکارهێنراوە و بەکاردەهێنرێت.

بۆ وێنە، بەباشترین گرووپێ کە یاریزان بن و هونەری یاریکردن، لە یارییەکانیاندا بەلێهاتوویی بەکاربهێنن (گرووپی کلاسیک) دەوترێ و بۆمان هەیە، بەم پێیەی سەرەوە بڵێین:

- ئەو تاقمە یاریزانە گرووپی کلاسیکن.
- ئەو حەزی لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی کلاسیکییە.

وشەی (کلاسیکس = Classics)یش لە قەدی (کلاس)ەوە دروستکراوە بەواتای؛ تۆژینەوە، لێکۆڵینەوە و پشکنینی زمان و ئەدەب و هونەری لاتینی و هینی گریکی و سانسکریتی دێ.

وشەی (کلاسیکەڵ = Classical)یش، وەک ئاوەڵناوێ، لە وشەی (کلاس)ی ئینگلیزییەوە دروستکراوە، گوایا، بۆ بەدەستەوەدانی شیکردنەوەی واتا و ڕواڵەت و ناوەڕۆکی ئەدەب و هونەری گریکی و لاتینی و سانسکریتی و ئاڤێستایی، یاخود بۆ بەدەستەوەدانی زانیاریی لە بارەی ئەو ئەدەب و هونەرەی کە لەسەر بنچینەی جەوهەر و ڕوواڵەتی ئەدەبی گریکی و لاتینی و سانسکریتی کۆنن و شان بەشانیانن!!...

ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێراندا (کوردستانی ڕۆژهەڵات) بەهۆی کاریگەریی زمانی پارسیی و لاساییکردنەوەی، لە لایەن کوردانی ئەوێوە، وشەی (کلاس)ی قەرزکراو بۆ ناو زمانی پارسیی، کە بەواتای (ژوور = ئۆتاق = هۆدە = پۆل) دێ، بەهەمان واتاوە، هاتووەتە ناو زمانی کوردیی ئەوێوە.

لە ناو زمانی ئەدەبیی کوردیدا، وشەی کلاسیک وەک زاراوێکی ئەدەبی بەکار دێت، بەمەبەستی بەدەستەوە دانی واتای (کۆن، دێرین) و واتە (شیعری کلاسیکی) بەواتای (شیعری کۆن) دێ، بۆ وێنە، بەبەرهەمە شیعرەکانی (سالم و مەحوی و نالی) شیعری کلاسیکی دەوترێ.

پاش ئەمەی سەرەوە بۆمان هەیە، ئەم دوو زاراوە (کلاسیک و ڕۆمانسیی) بخەینە تای ترازووی ناسینەوە.



ئەلف – بەرهەمی ڕۆمانسی:

١- جەوهەری بەرهەمی ڕۆمانسیی لەسەر بنچینەی کەفوکوڵی دەروونی و هەست و نەستە، کە بەتەواویی دوورە لە کردار و ئاوەزەوە، واتە شەو لەسەر سەرینەوە، بەفرمێسکی سەرینەکەی دەشۆرێ یان لە خۆشیدا شادی مەرگ دەبێ.

٢- هەرچی لە کردارەوە هەڵقولا بێ دوورە لێیەوە و سەرپاکی (خەونی نەخەوتوو)ە و خەیاڵی بێدارییە و وەک ئاواتی بەنەوشەیی، هەرگیز نایەنە دیی وێنەی چنراوی ڕەنگامە و زەریفیان هەر مەگەر ڤیدیۆتێپی خەیاڵاویی هەستی دەروونی توانیبێتی وێنەی بەنەوشەیی وەها بخاتە سەر (شریت = نەوار = سی دی) بۆ مەبەستی (گفتوگۆ)ی بەردەم گوێگر.

٣- زمانەکەیان، یان کەرەسە زمانەکەیان ساکارە و ڕوواڵەتەکەی زمانی گەلە و زادەی کەفوکوڵی هەستی دەروونین و لە لایەن خەڵکانی ئاساییەوە بەبێ دەستکاریی و زوو هەڵدەمژرێت.

٤- کێش و سەرواکانی، یاخود ڕوواڵەتی هۆنراوەکە (ئەگەر هۆنراوە بێ) بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ڕێڕەویی دە بڕگەیین و کە لەسەر ئاوازە گۆرانییەکانی کوردیی هۆنراونەتەوە، کە وەک ئاوازی: (گات = قەتار) و (سیاوچەمانە) و هی دیکە و بۆشمان هەیە بڵێین، کە بەپێی خواستی ئەو ئاوازانە، لە هەستەوە دەڕژێنە خوارەوە.

٥- زۆربەی زۆری باسەکان، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، دڵدارین، خەونی خەیاڵین، ئاواتی بەنەوشەیین و هەست و نەستی دەروونین و ئەمە سۆفیگەریەتیش و عەودالی و دێوانەیش دەگرێتەوە.

بێ – بەرهەمی کلاسیکی:

بەرهەمی کلاسیکی و ڕوواڵەتەکانی بەتەواویی بەپێچەوانەی ڕوواڵەتەکان و مەبەستەکانی بەرهەمی ڕۆمانسییەوەو بۆشمان هەیە ،بەم جۆرەی خوارەوە تۆماریان بکەین:

١- بەرهەمەکان، لە پلەیەکی خوێندەواریی بەرزدان، زۆر کەم خوێندەواری ئاسایی لێیان تێ دەگات، یان خەڵکی ئاسایی لەزەتیان لێوە وەربگرن و ئەگەریش خوێنەری زۆریان ببێ، زۆربەی بۆ ئاوازی سەرواکەیان و داڕشتنی هونەرییانە دەگەڕێتەوە.

٢- ئەم جۆرە بەرهەمانە، خۆشەویستن لای ئەو کەسانە کە پسپۆڕیان لە گۆشەکەدا هەیە، یان تایبەتییە بەکارەکەیەوە، بەحەزەکەیەوە، بەپسپۆڕیەکەیەوە.

٣- خاوەن بەرهەم، بەدوای وشەی جۆراوجۆر و لواو بەکارەکەی، بەباسەکەیدا دەگەڕێ و تاوەکو مەبەستەکە، باسەکە، لواوترین وشەی بۆ بدۆزێتەوە.

٤- باسەکان، تایبەتین؛ بە(بۆنە) و (دەربار) و (مێژوو) و (پاڵەوانیەتی) پیادا هەڵدانەوە، یاخود بابەتی فێرکردنن و... هتد.

٥- هێز و توانای ڕستەسازیی ئەم بەرهەمانە، یان ئەم جۆرە، بەستراوە بەوەی کە دارێژەر توانای لە دۆزینەوە و وشە و سازانیاندا، تا چە ڕادەیەک، کاریگەری ئەو باسەیە!.

**هەندێ وێنەی ڕۆمانسیی:**

١- «باڵووڵی دانا مەرەمۆ:(*)

ئەو واتەی یاران،...
وەقانوون و شەرت، ئەو واتەی یاران
چەندێ مەولا بیم گەردمان شاران
یارانم کەردەن، وەقەوای ماران!»

ئەم واتەیە و ئەم کردەوە غەیبییە، کە (باڵووڵ)ی دانا، باسی دەکات، لە توانای ئەمدا نییە (ئەم وتەیەی من بەپێی ناوەڕۆکی دینی ڕاستەقینەی دیوانە گەورەیە کە تیایدا هاتووە و گوایا، حەوتەوانە، لەمەولاوە دەستپێدەکات و ئەوجا، شاە موبارەک و ئەوجا شاە سەهاک و تاکو کۆتایی دنیا، دەبن بەحەوت و ئەم حەوتەش هەر یەکێکن و بۆیە باڵووڵی دانا، ناتوانێ ببێ بەمەولا و ئەمەش خەوی نەخەوتووی خەیاڵ و هەست و خواستی دەروونییەتی) بۆیە دەبێ، بیخەیتە چوارچێوەی ڕۆمانسییەتەوە، ئەگەر هاتوو زانیمان، ئەگەر بهاتایە، ئەوە وەها بووایە، لە قەباڵەی نهێنیدا، ئەمە باسە دەکرا!!

ورد بەرەوە، لە ناوەڕۆکەکەی، کە دەڵێ:

بەواتەی یاران، بۆ ماوەیەک (مەولا) بووم و گەرد و خولی زۆرم بەشاراندا کرد و

(*) سەردەمی ژیانی باڵووڵ، بۆ دەمی هاڕونە ڕەشید دەگەڕێتەوە. بۆرەکەیی ساڵی ٢١٩ی کۆچی بۆ کۆچی دوایی ناوە. (مێژووی وێژەی کوردیی، (ل - ٤٧). وەهاش دەوترێ کە هاڕونە ڕەشید بەگیری دێنێ و بیانووی پێ دەگرێ، ئەمیش دەچێتە لای (جعفر الصادق) بۆ ئەوەی تەگبیری بۆ بکات، کەچی دەبێ بکات، تاوەکو لە هاڕوون و بیانووەکانی خۆی لابدا و جا ئەگەر ئەو خەونەی سەرەوەش ڕاست بووایە، پێویستی بەوە نەدەکرا!!



یارەکانیشم وەک کەوا - (کاژ)ی (مار) - کردمنە (کاژیان = کەوایان) کەوای ماران!

ئەمە شێتانە بێ، یان دەروێشانە، خەونی خەیاڵییە و دوورە لە ئاوەزەوە.

٢- بێسارانی (١٠٥٣ - ١١٧١)(*)

هەروەک لەمەوپێشتر وتمان، ئەگەر باسی ڕۆمانسییەت لە ئەدەبی کوردیدا بکرێ، دەبێ مامۆستا بێسارانی بەخوای ڕۆمانسییەت سەرژمێر بکرێ. بۆ وێنە، ئا لەم چەند دێڕەدا، بێسارانی دەڵێ؛ دەخیلتان بم، باگۆڕەکەم لە سەیرانگای (قەڵوەزانی ڕەزان) بێ و ئا لەوێ با گڵی گۆڕەکەم زۆر کۆن بێ و تاوەکو یارەکەم کە بۆ سەیران بۆ ئەوێ دێت، بەنەزان پێ بنێ بەگڵکۆمدا و (پای) لێم بکەوێ و تاوەکو دەردەکانم دامرکێنەوە، نەوەکو بەهۆی گڕی دەردەکانمەوە بەردەکانی سەر گۆڕەکەم بسووتێن. ئەمەش پارچەکەیە:

چراخ ڕەزان بۆ،...........
خاس ئیدەن گڵکۆم نە پای ڕەزان بۆ
نزیک وەپرشنگ پای قەڵوەزان بۆ
ئامیتەی خاکم، وەڵگی خەزان بۆ
با خاکی گڵکۆم، خاکی نۆ نەبۆ
با یەکجار کۆنەی، سەد ساڵ کۆنە بۆ
بەڵکەی قیبلەی وێم، جەفاکام جارێ
بەیۆ وەسەیران، عەزم شکارێ
**نابەڵەد بنیو، پا وەگڵکۆم دا**
وەقەبری تازەی، تەنیای نۆم دا
**تا جە ژێری سەنگ، ساکن بۆ دەردم**
**نەبا سەنگ سۆچۆ**، بەئاهی سەردم(**)
**خەیاڵی ناسکی ناو ئەم هۆنراوە:**

(*) مێژووی ئەدەبی کوردیی، مامۆستا علاءالدین سەججادی - بەغدا - ١٣٧١ک.

(**) بێسارانی داوای ئەوە دەکات، کە گڵکۆی لەسەر ڕێگای ڕەزان و قەڵوەزان بێ و بۆ ئەوەی کە یارەکەی ناوبەناو بەوێدا ئاموشۆ ڕەوت دەکات، پێ بنێ بەخاکی گڵکۆکەیدا و ئەویش لە ناو گۆڕەکەیدا بسرەوێ و کە سرەوت گەرمایی کپ دەبێتەوە و ئەو کاتەوە و دەردەکانی دەسرون و ئەو کاتە ئیتر هیچ شتێ ناسووتێ، ئەگەر وەها نەبێ ئاهە ساردەکانی بەردەکانی ئەوێ دەسووتێنن.

بێسارانی ڕاسپاری دەکات، کە با گۆڕەکەی لە ڕێگای (قەڵوەزانی ڕەزان) بێ و با خاکی سەر گۆڕەکەی کۆنی پتر لە سەد ساڵەی بەولاوە بێ، بۆ ئەوەی کە یارەکەی بەوێدا گوزەری کرد، نەزانێ و پێ بنێ بەخاکی گڵکۆکەیدا و بەمەش ئەگەر ڕوویدا بێسارانی لە ناو گۆڕەکەدا زامەکانی دەسرەون و ئەگەریش سرەوتن، ئیتر ئاهە ساردەکانی کپ دەبنەوە و دار و بەرد ناسووتێنن!!

بێسارانی خەمی خۆی نییە، بەڵکم خەمی ئەوەیەتی، کە ئەگەر یارەکەی ڕێی ئەوێ نەکەوێ ئەو وەختە (ئاهە ساردەکانی ئەم) دار و بەرد و زەویی دەسووتێنن!!

جیاوازیی ئەم، کە خەمی خەڵک وا لە پێش خەمی خۆیەوە، یان ئەگەر خەمی خۆیەتی، وا دەکات کە هاوڕازی خەمی خەڵکی دیکەش بێ و ئەمەش لایەنێکی مرۆڤایەتی ڕاستەقینەیە. لەگەڵ مەستوورەی کوردستانی جیاوازییان لە ڕووی ڕۆمانسییەتەوە زۆرە، چونکە ئەو (مەستوورە) پتر دواکەوتەی فرمێسکەکانی خۆیەتی، بۆیە، خۆپەرست دەردەکەوێ و نایەوێ کەسی دیکەش لە خۆشیدا بێ (تەماشای خەسرەوم وەهار،...) بکە.

ئەوەی، کە زۆر بەهێزە (خەونی بەهێز) ئەوەیە، کە بێسارانی مردووە و وا لە ژێر بەرد دا و بەڵام دەناڵێ بەدەست (دەرد)ەوە و ئەگەریش یارەکەی بەنەزانیش پێی نایە سەر خاکی گۆڕەکەی، ئەو لەو ناوەوە، دەردەکانی خامۆش دەبن!!

## سەیدەی هەورامی دووەم

**(١١٩٥ - ١٢٦٥)**

ئەگەر هەورامانت نەبینیوە و دەتەوێ زۆر لە بارەی سروشتییەوە بزانێ بێ گومان دەبێ، بۆ وێنە هۆنراوەکانی سەیدەی دووەم، کە توانیویەتی بەوشەی ساکار و ڕەوان و واتا ڕۆشنی باو؛ سروشت و دیمەنی کەژ و کۆ و کەمەر و چەم و دۆڵ و ئاوی کەوسەری زیوبی کانیاوەکان و خوڕە و هاژەی تاڤگە کەفاویەکانی، ئاوازی جۆراوجۆری هەست جووڵێنەری مەلەکانی، قاقبەی ژەرەژانی، زەماوەندی بەهارانی کەما و لۆ و گزرەکەندن، بەرگی ڕەنگامەی (فەرشڕەنگ) قاڵیڕەنگی گوڵ و گوڵاڵە و چیمەنزار و مێرگەزاری قەدپاڵی چەم و دۆڵەکانی، چرۆی زەرد و سوور و ئاڵ و کەوەی درەختە تازە چرۆکەرەکانی، بەوێنە، بەدەنگی وشە؛ ڤیدیۆ تیپی ئاوازەدار و نەقشکاریت بەدەستەوە بدات.

ئا لەم پارچەیەی خوارەوەدا، کە بەناوی (نەورۆز گوڵ)ەوەیە ئەم باسەمان بۆ دەکات و دەڵێ:



نەورۆز گوڵ، خەریکە سەری دەرهێناوە، چونکە بەهار خەریکە کەوتووەتە ڕێی و دەگاتە بەرەوە. ئەوجا، دەکەوێتە ناوونیشان هەڵدانی نەورۆز گوڵ، کە چۆن ساقی سپی و بۆنی خۆشی هەیە و بەملا و بەولادا بڵاوی دەکاتەوە و چونکە وەک ڕابەری (وەهار = بەهار) وەهارە کە دەیچوێنێتە شای (پادشاه) وڵات و شای ژیانەوە و شای بەروبووم و لەناوبردنی زمستان و شاربەدەرکردنی لە هەوراماندا، چونکە خەڵک ماندووە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی شەش مانگی، وا لە ژێر زەور و جەوری سەرما و سڵۆوە و یەخیەندان ڕچاندنی زەویوزار و لەناوبردنی خۆراک و خواردەمەنیدا.

پاش ئەوەی، دەس دەکات بەهەڵدان بە(پادشا - وەهار)دا و وەها وێنەمان بۆ دەگرێ، کە سەرپاکی سروشتی ناوچەکانی هەورامان بەرگی ڕەنگامە، پۆشاکی سەوز و سوور و ئاڵ و زەرد و ڕەنگامە دەپۆشن، بۆ شایی و زەماوەند و گۆڤەند کردن، لە خۆشی هاتنەوەی (پادشا - وەهار)دا و بۆیە سەرپاکی گیانداران، خەڵکان لە خۆشیدان و دەکەونە خۆشییەکی یەکجار سوودبەخش و ئازادیکەرەوە!

بەڵام سەیدە، ئا لەم کاتەدا (کاتێ کە بەهارە، کاتێ کە هەموو کەسێ دڵی خۆشە) لەبەر هۆی دووریی یارەکەی، دڵی زۆر ناخۆشترە لە هەموو کاتێکی دیکەی.

بەهەرحاڵ، سەیدە، بەوشەی ساکار و واتا ڕۆشن، دیمەنی ڕەنگاوڕەنگت بۆ دەگرێ بەوێنە بەدەنگ و بەکردەوە!!!

ئەمەش پارچە هۆنراوەکەیە:

نەورۆز گوڵ خێزان،..........
وادەی وەهارەن، نەورۆز گوڵ خێزان
بەدەن کافووران، خاڵخوردە ڕێزان
پۆشان مایەی عەتر، بۆی عەنبەر بێزان
نەورۆز گوڵ، **جاسووس** گوڵانی تازەن
**وەهار** کیانان، نزانی وازەن
بافتەن پەی زینەت، ڕەندانی دولبەر
چون چوقەی تاووس، بپێکان وەسەر
خاسەی نەورۆزان، نە پای هەردەوە
یەکیەک بەرئامان، **نە تۆی پەردەوە**

**هێما خۆزمسان،** تەشریف نەبەردەن
نەورۆز گوڵ، **مۆژدەی وەهار** ئاوەردەن
نزانی بەدۆ، زمستان ویەرد
**تەختی یەخبەندش،** هەوا دا بەگەرد
**بەڵێ جارچیان، نەورۆز** جارِ مەدان
جارِی پادشایی، نەو وەهار مەدان
بادی وادەی وەشت، جە کۆسار مەیۆ
یاران نزانی، نەو وەهار مەیۆ
پادشای وەهار، وادەی وەختشەن
بەتەعجیل مەیۆ، **ئامای جەختشەن**
وەختەن شای وەهار، بنیشۆ نە دەور
جارِ بکێشۆ رەعد، ئامای جەختشەن
وەختەن بگێرِۆ، رِۆی دەشت و سارا
کەوکەبەی وەهار، **وێنەی شاهدارا**
وەختەن بەیۆ بەر، **ئوردووی** گولاّلاّن
گێران دەور و دەشت، چون هەردەسالاّن
وەختەن برِۆسان، گولاّن هەزار رِەنگ
چەرمە و زەرد و سوور، چون دیبای فەرەنگ
وەختەن شای وەهار، بکیانۆ **خەلاّت**
سەوزەی تەتلەسرِەنگ، پەی رِووی سەربسات
وەختەن شەقایق، سەر بارۆ وەبەر
هوردوی **ئالاّی سوور،** جە بالاّی کەمەر
وەختەن بولبولاّن، جە شیرین **خاودا**
بێداربان جە ملک، خاسەی **زەهاودا**
وەختەن سارێژبۆ، خاترشان جەداخ
**لەت بینان** بەعەزم، گوڵگەشتی لەیلاح



فەسڵی نەو وەهار، وەختی گوڵگەشتەن
سەرزەمین بەرِەنگ، **سارای بەهەشتەن**
وەختی شادیی و عەیش، ئەییامی سەبرەن
پەنەش دڵشادەن، ئەو وەحش و تەیرەن
ئەگەر خاترێ و ناچاخەن زویر
وەها بێ کەیفیش، مەبەرۆ جەویر
چونکە شای وەهار، شادیی مەوازۆ
هیچ کەسێ غەمناک، مەلوول نمازۆ
**سەیدی چون مەلوول، هیجرانی یارەن**
**فیشتەر غەمناکیش، وەسڵی وەهارەن.**(*)

دیوانی سەیدی هەورامی - کاردۆخی، بەغدا ١٩٦٤

**خەیاڵی رِازاوەی ناو ئەم هۆنراوەیە:**

- بەکارهێنانی کردەوەی مرۆڤ، بۆ (گوڵە نەورۆز):

سەیدی دووەم دەڵێ گوڵە نەورۆز خێزاون، وەک خۆپیشاندان دەکەن و ئەمەش بۆ مرۆڤە.

- جاسووس:

وشەی جاسووسی بۆ مرۆڤ بەکاردێ. بەڵام ئەم ناوونا تۆرەی بە(نەوزۆز گوڵ) داوە، گوایا، وەک جاسووسی بەهار (وەهار) ئەوا خۆیان پیشان ئەدەن.

سەیدی هەورامی لە هۆنراوەیەکی سۆفیگەریەتیدا (دڵە شەیدای مەست) دەڵێ، سەیر ئەوەیە کە (سەگ) پارچە ئێسقانێکی دەدەیتێ، تا ماوە پارێزگاریی و پاست دەکات، بەڵام مرۆڤ لە پاش پیاوەتی و لەگەڵیدا، کە بەئاوی جاسووسی ئاودرا، هەر جاسووسیت دەکات و هەمیشە رِەقیبتە.

(*) من هێشتا بەم جۆرە دڵم پێوە نییە، یان ئەمە ناتوانێ تینویەتیم، لە لەززەت وەرگرتن لەم پارچە هۆنراوە رِۆمانسییە بشکێنێ، بەقەدەر ئەوەی کە من خۆم لە وشەکان و کەرەستەزمانەکەی و واتاکەی گەشەدەسێنم و بەجۆرێ کە لە خۆشیدا خەریکە گەشە بمگرێ!! بەڵام، خوێنەر ئەگەر بەتەنگەوەی بێ، دەتوانێ توانای خۆی بەسەر تێگەیشتنی تەواویدا بشکێنێ.

– نە تۆی پەردەوە:

پەردە، بۆ ماڵە، بۆ بووکە، بۆ پەنجەرە، بۆ جوێکردنەوەی مەحرەم و نامەحرەمە، بەڵام (نەورۆز) لە هەشاردا (لەولای پەردەوە) خۆیان دەردەخەن. یان پەردەیان لادا و هاتنە دەرەوە.

– تەخت، تەختی یەخبەندان:

تەخت، بۆ (پایتەخت) یان بۆ تەختی دانیشتن یان نووستن دێت و بەڵام لێرەدا، وامان بۆ دەردەخات کە لەمەوبەر زمستان پادشاه بووە و لەسەر تەختی یەخبەندان دانیشتووە و بەڵام بەهار ئەو تەخت و تاجەی هەڵوەشاندەوە.

ئامای جەختشەن:

(هاتنی پەلە) دەگرێتەوە، کە ئەمەش کردەوەی تێدایە و کردەوەش بەگیاندار دەکرێ.

ئوردووی گوڵان:

سەر دەرهێنانی گوڵ و گوڵاڵە بە(هوردوو = ئوردوو) دەچوێنێ و کیانی مرۆڤی شۆڕشگێڕیان دەداتێ، گیانی سوپایان پێ دەبەخشێ، ئەمەش بۆچوونێکی زۆر بەرزە.

شای وەهار بکیانۆ خەڵات:

بەهاری چواندووەتە شاه و خەڵات بەملا و بەولادا دەنێرێ. ئاڵای سووری هەڵکردووە، فەرشی سەوز، بۆ فەرشی زەوی بەخەڵات دەنێرێ و بەهەشت ڕەنگی لێ دەکات.

دنیا خۆشییەتی بەڵام چونکە سەیدی یارەکەی کۆچی کردووە، زویر و بێ کەیفە!

(٤) مەهجووریی (١٢٢٩ – ١٣٥٤):

مەهجووریی، لەبەر خۆیەوە، یان وەک نامە، یان پەیغامە، بەیارەکەی دەڵێ:

ئازیزم دڵم لە دەروونم ماتە، چونکە نەهاتی. چاوم چاوەڕێی تۆز (گەرد)ی پاڵا (پێڵاو)تە و ڕۆحم سووتاوی بەژن و باڵاتە و هەنگاو بنێ و پێ بنێ ناو چاوم بۆ ساڕێشکردنی زامانم و برینەکانی تۆ لە چاوەکانما لە ڕۆحما و وەرە ژوورەوە بۆ ماڵی دڵ و ئەگەر دڵیش تاریکە، هەر لە چاودا نیشتەجێ بە و تاوەکو برژانگەکانم، بکەم بەپەرژینت و بیانکەم بەقوربانی زولفە چین چینەکان (پرچین)ت، بەڵکم ئەو تۆزەی ژێر ناڵی



کەوشەکەت و ڕاستی قامەتت (قەد و باڵا = بەژن و باڵا)، وەک ڕۆشنایی (نوور) لە چاوما (دیدە) جێگیر ببێ و ببێ وەک (میل) و کلە (سورمە)ی چاوی مەهجووریی.

ئەمەش پارچە هۆنراوەکەیە:

ئازیزم ماتەن،......................
دڵ نە دەروونْدا، پەی نامایت ماتەن
چەمم **چەمەڕای، گەردی** پالاتەن
سارۆحی مەحروق، بەژن و بالاتەن
قەدەم ڕەنجکەرە، قیام کەر قامەت
**پا پنیە نە چەم، پەی شیفای زامەت**
پەرێ یانەی دڵ، ڕەنجەکەر قەدەم
ئەر **دڵ تاریکەن، ساکن بەر نە** چەم
تا مۆژەی چەمان، **کەرۆ پەرچینت**
کەرۆش بەفیدای، زوڵفی چین چینت
بەڵ ئەو **گەردە** کە، ناڵی پالاکەت
ڕاستی **چون ئەلفی**، قەد و بالاکەت
جاگیر بۆ **چون نوور**، جە دیدەی بێ نوور
مێل بۆ **سورمە بۆ**، پەی **دیدەی** مەهجوور.(*)

هەندێ خەیاڵی دەوڵەمەند لەم هۆنراوەیەدا:

چەمم چەمەرا: چاوم چاوەڕێ دەکات. دیارە، چاو چاوەڕێ ناکات، بەڵکو (یەکێ، مرۆیێ) چاوەڕێ دەکات و ئەمەش جۆرە چواندوویەکی نامرۆڤ بەمرۆڤە.

پا بنیە نە چەم: پێ بنێ بەچاودا.

پەی شیفای زامەت: بۆ چاکبوونەوەی زام.

واتە: پێ بنێ بەچاوما تاوەکو زامی چاوم چاک ببێتەوە.

(*) ئەم وشەی (مەهجووری)یە واتا بەدەستەوە دەدات و یەکێکیان نازناوی (مەهجووریی) خۆیەتی و دووەمیشیان چونکە وشەکە عارەبییە، بەواتای کۆچکردووش دێ و ئەو کاتە مەبەستی لە نابینایی خۆیەتی.

یانەی دڵ: ماڵی دڵ. دڵی چواندووەتە مرۆڤێ کە ماڵی هەیە.

پەرێ یانەی دڵ، ڕەنجکەر قەدەم، واتە بۆ ماڵی دڵ ئەزیەتی پێت بدە و فەرموو.

ئەر دڵ تاریکەن: ئەگەر دڵ تاریکە.

ساکن بەر نە چەم: لە ناو چاودا دابنیشە.

واتە: فەرموو زەحمەتی قاچت بدە و فەرموو بۆ ماڵی دڵ و ئەگەریش دڵ تاریکە فەرموو وەرە لە چاومدا دابنیشە؟ بۆچی؟

بەڵ ئەو گەردە: بەڵکو ئەو (گەرد = تۆز) گەردی ژێر پێڵاوتە، ژێر ناڵەکەی.

ڕاستی چون قەد و باڵات: بەژن و باڵای ڕاستت کە وەک (ئەلف) ڕاستە.

مێڵ بۆ سورمە بۆ: واتە گەردەکە و قەدی باڵات، وەک (میل و سورمە) بن و چاویان پێ برِەژێنم، دیدەمیان پێ برِەژێنم، دیدەی مژمۆر.

(٥) مەستوورەی کوردستانی (١٢١٩-١٢٦٣)(*)(**)

مەستوورەی ئەردەڵانی یان کوردستانی ژنی خەسرەو خانی والی سنە بووە و بەبۆنەی کۆچی دوایی خەسرەو خانی والی، مەستوورە ئەم هۆنراوەیە، وەک سۆزی دڵی و کەفی دەروونی و فرمێسکی چاوانی هەڵمی هەناسەی ساردی دەرژێتە دەرەوە.

ئەم هۆنراوەیە، ناوی سەرپاکی، یان زۆربەی زۆری گوڵاڵەکانی کوردستانت بۆ جەم دەکات و دەیانخاتە ڕیزی زویریی و قوڵپی دڵی گریاناوییەوە. بۆ یەکێک ئەگەر بیەوێ ناوی گوڵاڵەکانی ناوچەکانی سنە و دەوروبەری بزانێ و بناسێ ئەمەی ئێرە وەک تۆمارگەیەکی فەرهەنگی ڕەنگە.

مەستوورە، هەر لەبەر ئەوەی کە خەسرەو خانی والی لە دەست خۆی دەرچووە و کۆچی دوایی کردووە، دەیەوێ گوڵ و گوڵاڵە سەر دەرنەهێنن و بۆنی خۆش و گەلاویان لێ دەرنەیەت و نایەوێ مەلانی کوردستان بچریکێنن و نایەوێ بولبولان بخوێنن و نایەوێ شەونم بوەرێتە سەر زەوی، سەر گوڵان، سەر چیمەنان، نایەوێ سیوەیل ڕەنگی سورمەیی برِێژێ بەدار و درەخت و گەڵاکانیاندا، بۆچی! چونکە مەستوورە خۆی بەبۆنەی کۆچی خەسرەو خانەوە، بێزاری وڵاتە، بێزاری خۆشییە، بێزاری دنیایە و بێزاری زیندوویەتی

(*) مێژووی وێژەی کوردیی، بۆرەکەیی.

(**) مێژووی ئەدەبی کوردیی، علاءالدین سجادی.



خۆیەتی! ئەمەش سروشتی مرۆڤە، کە خۆپەرست بێ!

مەستوورە دەڵێ:

خەسرەوم وەهار،........
پاشاه نەبووە، ئیمساڵ نەو وەهار
بەر نەیان وەبەر، گوڵان جە گوڵزار
نەکەرۆ درەخت، شکۆفەی ئیزهار
نە سەحنی چەمەن، نە وانۆ بولبوڵ
هەنی نەنیشۆ، ژاڵە لە ڕووی گوڵ
نیلوفەر تا حەشر، بەرنەیۆ جە ئاو
جە ڕووی گوڵی سورخ، نەکێشیۆ گوڵاو
وەنەوشە و سونبوڵ، نەسرین و شەوبۆ
تاقای قیام، بەر نەیان جە کۆ
سۆسەن و لالە، ڕەعنا و گوڵەزەرد
هەنی سەوز نەبان، چەنی سۆز و دەرد
سوپای گوڵاڵان، خوار و نگوون بان
شەقایق ڕەنگ زەرد، جگەر پەڕهوون بان
نەسیمی سەبا، نەیۆ وەچەمەن
نە شانۆ شەونم، وەڕووی نەسترەن
جەعفەریی و سەمەن، ڕێحان و بەیداخ
نە رویان جە خاک، چەنی ئاخ و داخ
ئا غەم دمای مەرگ، دیدەی شەهلای تۆ
یا شاه کەس نەرگس، نەکەرۆ وە بۆ
بگیرۆ وەدەس، هەرکەس دەسەی گوڵ
وێنەی نێشی خار، بپێکۆش نە دڵ
قەهقەهەی کەبکان، نەیۆ نە کۆسار
نە ڕەنگی گوڵ بۆ، نە بەزمی گوڵزار

بەڕەژ و سیوەیل، ئیمسالْ چون سالاْن
ڕەنگ سوور نەکەرۆ، بەرگی نەوهالاْن
پەی چی خەسرەو بەند، نە تۆی مەزارەن!
(مەستوورە) جە سەیر، وەهار بێزارەن.

(مێژووی هەورامان)

بێسارانی:

چراغ وەنەوشەو، چنوور چەنی گولْ
عەزمی رای **ویسالْ**، تۆشان هانە دلْ
چنوور جەسەر کۆ، وەنەوشە جە چەم
گولْ جە گولْستان، وەهەم بییەن جەم
واتشان بەمن، بەندەی **فلانی**
چون **حالْزانەیی**، **بەحالْ** مەزانی
بۆ نەڕای ئەلْلا، بکەرە کاریْ
بیاومێ **بەوەسلْ**، ئەو دلْبەر جاریْ
چراغ یا هەرسێم، بەستەن بەدەستە
جە دەستە دەستەی، زگاران بەستە
هەرسێم یا ئاوەرد، چون خاکساران
هەریەک وایەی وەی، وەی جەم مەداران
چنوور پەی زولْفت، پەشێو **حالْشەن**
وەنەوشە سەودای، خالْی خەیالْشەن
گولْ پەی جەمینت، مەسۆچۆ چون شەم
جە دووریت نیشتەن، نە پاش خاری خەم
**ساحیب** مایەنی، بلْند بۆ پایەت
باوام گێران هەر، مایۆ جە مایەت.

(دەستنووس – کاک شەریف)



خەیالْی ناسکی ناو ئەم هۆنراوەیە:

بێسارانی یارەکەی بەناوی (چراخ)ەوە بانگ دەکات، کە بەواتای (چرا = چراوی) دێ و ئەوجا بەیارەکەی دەلْێ:

ئەی (چراخ) ئەو (وەنەوشە) و (چنوور) و (گولْ)، بەنیازی ئەوەی کە بێنە دیدەنیتان، خۆیان ئامادە کردووە، ئەوجا، بزانە (چنوور) لە کەمەری شاخە سەختەکانەوەیە (وەنەوشە)ش، لە ناو چەم و دۆلْەکانە و (گولْ)یش، لە (باخ و باخچەی گولْزار)ەوە، جەم (کۆ) بوونەتەوە.

گولْ و وەنەوشە و چنوور، گیاندار نین و ڕووەکن و بەلاْم ئەوا بێسارانی دەیانچوێنێتە مرۆڤ و دەیانچوێنێتە (عاشق)یش.

پتر لەوەش، بێسارانی ئەمانەی هێناوەتەوە (گفتوگۆ) و دەلْێ:

«بەمنیان وت؛ کە من بەندەی تۆم ئەی چراخ، دەبێ حالْی ئەوانیش بزانم و ئەوانیش وەک من عاشقی تۆن و بۆیە پەنایان بردە گەورەیی خوا، بۆ ئەوەی من ئەوان بهێنمە لاتان بۆ دیدەنیتان. ئەوجا، دەلْێ، چراخ، ئەوا هەرسیانم بەدەستەوە بەیەکەوە بەستوومن و هەریەک بۆ مەبەستێ، وەک هەر هەژارێ، ئەوا هێناومنە خزمەتت؛ چنوور عاشقی لای زولْفانتە، وەنەوشە عاشقی خەیالْتە، (گولْ)یش عاشقی ناو چاوانتە!

ئەوجا، دەلْێ، ئەی گەورە و دەولْەمەند، با هەریەکێ لەوانە، نەختێ وامت بەلاوە بەرن (وام = قەرز، دەسەوام = دەسقەرز).

لە ڕووی زمانەوە:

کەرەسە زمانەکەی زۆر ئاسانن و ساکارن و لە خۆیاندا لەگەلْ فرمێسکی دەروون باریونەتە دەرەوە و هۆنراوەکەیان هۆنیوەتەوە.

لە ڕووی ئاوازەوە:

جۆرە ئاوازێ، ساز دەکەن، کە شێوە (گەڕان)ێکی ئامادەکردنە بۆ هەلْپەڕکێ و شایی و شادیی و دلْگوشادیی.

لەم هۆنراوەیەی شێخ حەسەنی مەولانادا، ئەم (ڤەرم = خەیالْ)ە، دەولْەمەندانە بەدیی دەکرێن.

– (خەیاڵ): هۆنەر خەیاڵی چواندووەتە مرۆڤ و گیانی کردووە بەبەریدا، کە (خەیاڵ) وەک بەشەر (بیر) دەکاتەوە و بەتایبەتی بیری دەروونی، بۆ (دووریی).

– چون جـەیحـوون: جـەیحـوون ڕووبارێکە، کـەوتووەتە نـاوچەی تورکـمـانسـتـانەوە و ناوبانگی بەئاو زۆریی و بەتووشی هەیە.

هۆنەر زۆخی خۆی چواندووەتە ئاو و تکەتک بەر دەبنەوە سەر زامەکانی و لە خوارەوە، لە داوێنیدا، کۆبوونەتەوە و دەریایەکیـان دروست کردووە، یان ڕووباریان دروست کردووە، وەک ڕووباری (جەیحوون) وەهایە.

– مەتای مایە: سەرمایە. (مەتا) عارەبییە و لە بنەڕەتدا (متاع)ە.

بەهەرحاڵ سەرپاکی (مایە)، یان سەرمایەم، بووە بە(بێ ئارامیی).

– ناری عەشق: هەردوو وشەکە، عارەبین (نار)، (عشق) و لە کوردیدا بەزۆری بەکار دەهێنرێن. جـوانی ئەم خـەیاڵە، یان ئەم وێنەیە، وا لە دەودا، کـە (ناری عـەشق)ی، گـڕانگڕانەکـەی، بلـێسـەی سەندووە، واتە، ئاگرە دەروونیـەکـەی پەرەیەکی بێ پایانی سەندووە و ئەگەر وەهاش بڕوا (ئەو هەر دوور بێت) ئیتر ناکوژرێتەوە!

بەتایبەتی، ئەوەتا: خەریکە تەناف (پەت = گوریس = وەریس)ی چادری خۆڕاگرتن–م دەسووتێنێ!!!.

شێخ حەسەنی مەولانا (١٠٧٠ – ١١٣٦)ک[*]

«**دایم** خـــەیالـم، **فـــیکری** دەروونەن
جە **فیکری** دووریت، دڵ پەڕ جە هوونەن
تک تک مـــەتکیـــۆ، زۆخ نە زامـــانم
چون **جـەیحـوون جـەم بی**، نە پای دامـانم

(*) لە بارەی ژیانییـەوە، بۆرەکـەیی دەڵێ، ئەم هۆنەرە پایەبەرزە، کـە ناوی (حـەسـەن) و کـوڕی شـێخ مـوحسن–ە نازناوی (صادق)ە و ناوبانگی زاهیدە. بەپێی ناوەڕۆکی هەندێ بەڵگەنامـە لە ساڵی (١٠٧٠)ی کۆچی لە دێی (خوڕخوڕە) سەقز لە دایکبووە. ساڵی (١١٣٦)ی کـۆچی کۆچی دوایی دەکـات. نووسـەرێک و زانایەکی بەناوبانگە و هۆنراوە و هەڵبـەستی زۆری هەن و چە بەشـێوەی هەورامی، چە بەشێوەی جافی، ناوبانگی بە(شێخ حەسەنی مەولانا ئاوا)وە بڵاو بووەتەوە. ئەگەر ویستت زۆرتر دەربارەی ژیانییەوە بزانی تەماشای بۆرەکەیی (مێژووی وێژەی کوردیی، ل – ٤٣٠ بکە).



**خـــەو و خـــۆراکم، شێن و زارییـــەن**
**مـــەتای مـــایەکـــەم، بێ قـــەرارییـــەن**
**گـڕەی ناری عـەشق، بلـێسـەی دووریی**
**مـە سۆچنا تەناف، خەیمەی سەبووریی**
ئـارەزووی دیـدار، یـارانم کــــــــەردەن
هـەوای ســـــــەیرانم، وە دڵ ئـاوەردەن
بەڵام چێش کەروون، گـەردشی چەپگەرد
دووریی وە **مـــابەین**، من و تۆ ئاوەرد
کـاری گـەردوونەن، ئازیز گـیـانی تۆ
وەرنە من جـە کـۆ، دووریی تۆ جـە کـۆ!
دەروونم **دایم**، جـە هوون کـەیلی تۆن
**حـەیاتم** وە **شـەوق**، هەوای مـەیلی تۆن
سـاتێ وە سـالێ، جـە لام ویەردەن
فـراوان خـەیلێ، تاسـەی تۆم کـەردەن»

(ب.ل.– ٤٣٠)

**هەڵبەست (چیستایی)**

١- مەلا خدر (رۆڵە بزانی).
٢- ئاسیاو.
٣- شەڕی نێوان هەورامان ڕووس.
٤- گرانی داکەوتن.
٥- ئالآیی و کۆتەڵ (چەمەربی).

**هەندێ وێنەی کلاسیکی:**

١- مەلا خدری ڕوواریی (١١٤٧ - ١٢١٠) و هەڵبەستی چیستایی(*):

مەلا خدری ڕوواری وەک هەڵبەستی چیستایی زۆری هەن و وەک (رۆڵە بزانی) کە جۆرە ئامۆژگاریەکی تێدایە لە بارەی خوای مەزن و پێغەمەری ئیسلامەوە و ڕێگا پیشاندەرە بۆ باشترین ناسینیان و پەیڕەوی کردنی دینی ئیسلامی پیرۆز.

ئەمەش، رۆڵە بزانی، مەلا خدری ڕوارییە و دەفەرمێ:

رۆڵە بزانی،..............................
فەرزەن وەر جە گشت، مەبۆ بزانی
ئەصڵ و فەرع و دین چەنی ئەرکانی
چەنی ئەحکامان، پەی موسوڵمانی
مەبۆ بزانی، هەریۆ پەنجەنێ
ئەرچی پەنجەنێ، ئەمما گەنجەنێ
ئەصڵ و دینمان زاتەن و صیفات
مەبدەئو مەعاد، پەنجەم بنووات
فەرع و دینمان، نمانە و رۆچێ
زەکات، حەج، غەزا، بزانە تۆیچێ

(*) وشەی چیستا (Chistá) لە ئاڤێستادا، بەواتای (تعلیم) هاتووە و ئێمەیش بەجوانمان زانی، کە زاراوە دێرینەکەی باو و باپیری دێرینمان بهێنینەوە یاد و لە مەیدانی وێژەی هونەریدا وەک زاراو بیخەینە چوارچێوەی (چیستایی) کە بۆ ئەم مەبەستە پڕ بەپڕیەتی.



روکنو دینیمان، ئەووەڵ شەهادەت
صەڵات، صەوم، زەکات، حەج ئیستطاعەت
حوکمێو ئیسلامی، واجب و حەرام
سوننەت و مەکروە، موجاح وەسسەلام
زات، یانێ خودای زاتش بەهەقەن
واجب الوجود، فەرد موطڵەقەن
صیفاتێش یانێ، قەدیمیەنێ
چەنیو زاتی وێش، ئەزەڵ بیێنێ
پێسەش فەرماوان، یاگە و گرد کەسیم
ئوستادی شێخی، موحەممەد وەسیم
خودا بەهەقەن، زیندەن و دانا
بینا و شنەوا، گۆیا و تەوانا
ساحیب ئیرادەن، باقیەن دایم
بەی هەشت، سیفاتە، دڵت بۆ قایم
مەبدەء یانێ های، ئێمە نەبیەنمێ
ئێمە و گرد عالەم، خودای کەردێنمێ
میعاد یانێ های، گردی مەشمێوە
حەشرمان مەبۆ، زیندە مەبمێوە
نوبووەت یانێ، بکەرمێ باوەڕ
خودای کیاستەن، پەیمان پێغەمەر
سەد و بیست و چوار، هەزار پێغەمەر
خودای کیاستەن، پەی مەخلووق بەشەر
سێ سەد و سێزدە، ڕەسووڵی مورسەل
موحەممەد ڕەسووڵ، جە گردین ئەفزەڵ
مورسەل یانێ های، خاوەنی ئوممەت
جە لای خوداوە، مەئموور بەڕەحمەت

ڕوکنێـــمـــا شـــشـــەن، بزانە تەمـــام
هـەوەڵ خــــــــوداوەنـد، دانـای لایـەنـام
(واجب الوجـــود) قـــەدیم مـــوطڵـــەق
حـــازر لە مـــەکـــان، قـــادری بەر هەقق
دووەم فـــریشـــتـــان، تەمـــام بەر هەقـــەن
گـرد بەندەی خـودای، فـەردی مـوتڵـەقـەن
مـــەلایک فـــرێن، حـیـــسـابش بێ حـــەد
کــــەسێ مــــەزانۆ، بەغـــەیری ئەحـــەد
سێـهـــەم قـــورئانەن، خـودای کـیـاسـتـەن
پێـغـەمـبـەرانی، گـرد بێـیـەن ڕاسـتـەن
سەد و چوار کیـتـاب، کیـاستەنش جەسەر
باخێـک سوحـوفـەن، باخێکی فـیـشـتـەر
دەپەڕێ ئادەم، پەنجـــا پەرێ شـــیـس
جـەو دمـــا ئـامـــا، سی پەڕی ئیـدریس
دە پەی ئیـبـــراهیم، تەورات پەی مـوســا
زەبوور پەی داود، ئینجـیـل پەی عـیـسـا
فـــورقـــانەن پەرێ، (خـــتم المرسلین)
ئی چوار کـتـێـبـە، گـەورە جـە گـردین
جـە گـرد شـیـرینتـەر، قـورئانی مـوبین
مـانای گـردیشـان، تێـدا هەن یەقین
فـورقـان قـورئانەن، تا (یوم المحـشـر)
باقـیـیـەن پەرێ، ڕانمای بەشـەر
چوارەمین گـردین پێـغـەمـەرانەن
گرد خـاسی مـەقبـوڵ، خودای مـەننانەت
پەنجـەمـینشـان، فـەردای قـیـامـەت
هۆشت بۆ سـوودش، نیـیـەن نەدامـەت



شەشەم هەر کـارێ جە خـەیر و جە شـەڕ
خـودا بەقـودرەت، کـەردەن مـوقـەددەر
عـیلمـەن چون درەخت، عـەمـەل ئەمـەرەن
عـیلمی بێ عـەمـەل، باخی بێ بەرەن
عـیلم و عـەمـەل و عـومـرت بۆ زیاد
عـیلمت بێ عـەمـەل، نەدەری وەباد
هەرچیـۆ ضـایع بۆ، پەرێش هەن بەدەل
ئیـلا بێ بەدەل، عـومـرەن وەعـەمـەل
حـەیفـەن عـومـری وێت، بدەی بەضـایە
جـە دنیـا بەرشی، بێ دایە و مـایە

ئەوەی کە زەققە و لە بەرچاوە، لەم هەڵبەستە چیستاییەدا، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

- **یەکەم،** بەلای کـەمـیـەوە، نزیکەی شەست وشە و زاراوی عـارەبی دینی تێـدایە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بەکارهێنانی جۆرە وشە و زاراوی دینی قەرزکراوی وەها گوتنەکە پاراو و بەباوەڕ و بەواتای دینی دەکات و خوێندەواری کوردی ئیسلام لەو دەمەدا، باشتر و ئاسانتر لێی تێگەیشتوون، ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە، وشە و زاراوی کوردیی ئا لەو جێگایە بەکارهاتووەی زاراوە و وشە عارەبییەکاندا، ناتوانن ئەو واتایە و ئەو لەززەتە دینییـە و ئەو ئاوازە مـوسـیکایە، بەهەڵبەسـتـەکـە بدات. لەبەر ئەوە، لە لایەکەوە، کە هەڵبەستەکە بۆ مەبەستی زانیاریی دینییە، ڕووالەتی هەڵبەستە کوردییەکەی وەک ڕەژبەڵەک ڕەنگی لێ کردووە.

بەکارهێنانی وشە و زاراوی بێگانە، لە هەڵبەستی دینیی و هی جۆری دیکەدا، هانی خوێنەری کوردی نوێی ئەو دەمەی داوە، کە هەوڵی ناسین و تێگەیشتن و بەکارهێنانیان بدەن. ئەم جۆرە هەڵبەستانە، جگە لەوانەی کە مەبەستی تەواویان تێگەیشتنی ڕێڕەویی دینی بێ، زۆر بەلووتەلاوە خەڵکی دیکە دەیخوێننەوە و زۆر ناڕەحەتیش لەبەر دەکرێ.

لێرەدا، پێش ئەوەی ئەم خاڵە بەجێ بهێڵین، دەبێ ئەوە بڵێین، کە ئەمەندە وشە و زاراوی بێگانە، ئالێرەدا (پارچە هەڵبەستەدا) بەکارهێنراوە، لە ناو بیست ئەو پتر لەوە (پارچە هۆنراوەی ڕۆمانسییەتدا) بەرچاو ناکەون!!.

- **دووەم،** زۆر گـەڕاوە، بەدوای وشە و زاراوی دینیدا، بەو مەبەستەی کە هەریەکێ

لەوانە بتوانێ جێگای تەواو لە ڕووی مەبەست و ئاواز و بڕگە و کێشانەی هەڵبەستییەوە بەدەستەوە بدەن!

– **سێیەم،** خوێنەر کە هەڵبەستی وەها دەخوێنێتەوە، دەبێ فەرهەنگێک ئامادە بێ لە بەردەستیدا، تاوەکو بتوانێ واتای ڕووتی فەرهەنگی وشەکان تێ بگات و ئەوجا، بڕواتە لای مەلا، یان بڕوا (فقە) بخوێنێ تاوەکو لە زاراوەکان تێ بگات.

ئەم جۆرە دیمەنەش، مووی سەر گرژ دەکات و مرۆڤ بێ تاقەت و بێ هەست دەبێ و زووترین ماندوویی بەرپا دەبێ.

– **چوارەم،** هەڵبەستەر، بۆماخولیای سەروا، هەمیشە عەودالە و زۆر جاریش سەروای وەها هەیە، کە بۆ چەند جارێ دەگۆڕدرێ، یان هەڵبەستەر دەیگۆڕێ، بۆ ئەوەی لە ڕووی ئاوازەی سەرواشەوە کاریگەر و سەرنجڕاکێشەر بێ.

– **پێنجەم،** ئەم ڕێگایە کە کەفەسەرە بەئامۆژگاری، زۆر دوورە لە ڕێڕەوی پەروەردە و فێرکردنەوە.

**شەشەم،** بەتەواویی بەپێچەوانەی هۆنراوەی ڕۆمانسیەتە و بەڕادەیەک، کە هەڵبەستێنەری هەڵبەست بەبێ ڕەحم لە قەڵەم ئەدرێ و هۆنەری هۆنراوەش بەخاوەنی سۆزی مرۆڤایەتی دەژمێررێ.

٢– چامەی چیستایی ئاسیاو:

هەروەک لە دەستنووسەکەدا نووسراوە، ئەم هەڵبەستە، لە لایەن یەکێکەوە داڕێژراوە کە تەنیا ناوەکەی بەشێوەی پیت (پێ. میم = پ. م) نووسیوە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەورە و ئەو زەمانە، کە دەکاتە، بەپێی ڕاپۆرتی ڕوونووسکەرەوە (١١٩٠)ی کۆچی. ئایا، باو بووە کە ناوی خۆی نەنووسێ، بەلای منەوە، وەها نییە و ئایا، هەڵبەستەکەی خۆی کە دایڕشتووە و ئەمەیە لە بەردەماندایە بەدڵی نییە، لەبەر ئەوەی باسەکەی ڕەواجی نییە (لەوانەیە لای خۆی وەها بووبێ) زۆر نزیکە، چونکە خۆی بەدەمی خۆی، لە کۆتایی ئەم چامە هەڵبەستراوەدا، داوای لێبووردنی ڕاوەڕاوەکەی دەکات (ڕاوەڕاو = قسەی بەسەروشوێن)!!

«جە ڕێی فەننەن، وڕاوەم کەردەن
هیچ کەس، نەواچۆن، پەی چێش ڕاویای»



بەڵام ڕوونووسکەرەوەی ئەم چامە چیستایییە لە لایەن ڕوونووسکەرەوە (فتح الله بن عبدالله)وە، ساڵی (١٢٣٣)ی کۆچی کراوە، ژمارە شیعرەکانیشی لە (٢٥٠) بەرەو ژوورترن و ئەمە سەرپاکی تەرخان کراوە، بۆ چۆنیەتی ئاشنانەوە (ئاسیاونانەوە)، چونکە ئەو دەمە لە ناوچەکانی هەوراماندا، بۆ مەبەستی گەنم و جۆ و دانەوێڵە هاڕین، تەنها ئاسیاوی ئاو بووە و ئەم جۆرە هۆنەرە پیشەسازییە، لە ڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە دەورێکی گەورە و سوودبەخشی گێڕاوە.

لەوێ ئۆسای هارەچینەوە (بەرد خڕ دەکرێ و دەچنرێتەوە، بەهۆی قوڵنگەی تایبەتییەوە، کە بەتایبەتی ئاسنگەر بۆ چینەوەی (هارە) ئاسیاو بەکار دەهێنرێت ئۆستای ئاش دانان هەیە و ئۆسای دیوارکردنی ئاسیاو هەیە و ئۆسای تاشینی (ناو) و (تەوەرە) و (چەقچەقە) و (دۆڵیدان)ی هەیە و ئەمەش لە جێگایەکدا دەکرێ، کە نزیکە (ئاو) بێت و چونکە (ئاسیاوی ئاو) بەئاو دەگەڕێ.

حاڵی حازر ئەمە کە نەوەی نوێیە، کە دەستی داوەتە نووسین، هەواڵی (ئاسیاو ئاو) نازانێ و حاڵی حازریش، ئاسیاو و کەل و پەلی تەنانەت، مەگەر کەلارە (کەلاوە)ی مابێ ئەگینا بەجارێک بەسەروبەرەوە کەوتە فەرهەنگی بیرچوونەوە.

چامەکە، لە ڕووی داڕشتنەوە، تا بڵێیت هونەرمەندانەیە، چونکە بەسەروای (یایی = – ای) داڕشتووە و توانیویشییەتی، کەچی کەلوپەل و کەرەستەی پێویست بە(ئاسیاونانەوە) بێ، ناو و جێگای و ئەو شتە، کە لێی دروست دەکرێ، یان دروستکراوە، سەرپاکی تۆمار کردووە.

هێنانەوەی ئەم جۆرە هەڵبەستانە و پیشاندانیان، لە جێگایەکی وەهادا، پێویستییەکی مێژوویی و ئەدەبییە، کە ئەدەبی هەورامان، لە هەموو ڕوویەکەوە، لە هەر گۆشەیەکی ئەدەبی و هونەرییەوە، دەوڵەمەندە و دەست پێشخەرە، کە لە لایەکی دیکەی کوردستان ئەم شوێنەوارانە، هێشتا بەرچاو نەکەوتوون، ئەگەر هەبن یان هەبووبن.

ئەمەش هەڵبەستە چیستاییەکەیە.

ئەر وێت موحتاجی مەدارت مەدۆ
ئەر یۆ موحتاج بۆ، نەم سەراو خودای
کارش مەسازیی، جێت دڵوەش مەبۆ
وەشیی هەی وەشیی، بەهەشت وە نە پای

واچوو، ئاسیاوێ، چندێ نەوعێنێ
هەم جەفای نەوعێ، مەبۆشان پەنای
یەکێ زەنبوورەک، یەکێ تەنوورەن
یەکێ مەگێڵۆ، تیرەش لاوەلای
یەکێ بەئەسپ و ئێستر مەگێڵۆ
یەکێ ناوەنە، یەک ئاساوو وای
ئاتاجی مەکان، ناوە باوەنە
چەنێ ئاسانەن، بێ هیچ نەزانای
بیناش بنیەیمێ، بەپاکی دەروون
بەزەوق و زینەت، چەنی (بسم اللە)ی
کەسێ نەجایێ، بیناش ئاساوەن
گۆرەگاش گنۆ، دماو هۆر ئامای
دۆزەقە ئاسیاو، با مودەووەر بۆ
مشیۆ دامپەڕش، بەجەدوەل کێشای
دیوار بکەریش، بەبێ زیاد و کەم
بڵندیش بەیۆ، قەد و کەمەرگای
چاگۆوار طولش، چوار گەزێ بۆ
گەزێ پەهناییش، نەبا خەڵەتیای
جە سەر تا بەوار، دیوارش کەرە
دیواری مەحکەم، دەستکار و بەنزای
دیواری مەحکەم، ئەر بۆ تووی بێ بەر
مەبۆ تەعەددول، دایرە نە پای
بنیشان جە یەک، چارەک کەمنەبۆ
نەک خجڵ مانی، وەخت و خجڵیای
هەم چانەی واتم، زیاتەر نە بۆ
تا پێت ڕاحەت بۆ، وەخت هار نیای



ئەرواچی عەیب و کەم و زیادیی
با پێت بواچوو، هۆ گیانوو برای
ئەگەر بەینشان، بێ حەد، زیاد بۆ
ئانەخراوەن، پەی هار سراونای
ئەگەر بەینشان چانەی کەمتەر بۆ
ڤەتەپ مەگێڕان، وەخت و هار نیای
دارێوە هەنێ، وێنە و ئەولێشان
داری وەریشێ، نەوەرش، نە پای
چاگەووار دارێش، پاڵپشتێ بانێ
تاکە بڵند بۆ، وەرو ئاردە شای
هەر وەختێ کەردت، داربەندی تەمام
مەبۆ هەڕوخاک، وەسەرش کێشای
چەو دما تەختە و و خوانش بتاشە
چوار سووچ مەبۆنە، پانایش پنەڕای
سەرانش هەردوو، مشاربڕ کەرە
درازیش بابۆ، قەد و کۆرەگای
جە هەردوو سەرش، چوار ئەنگوشت کەم بۆ
هەردوولا مەبۆ، تەوەنیش نیای
مەبۆ سەر پۆوەش، بەفاقە، گەزێ
فاقەش یەک چارەک، ئەسڵ و موددەعای
چوار ئەنگوشت بەین و هەردوو پەلێش بۆ
تاکە مەحکەم بۆ، تێش زبانەپای
ئەوسە جەو دما، چەنی ئەسکەنە
سۆراخ دەوری کەن، جە هەردوێنە لای
چەو دما چوبی، ڕاست و موڕەببەع
ئەر موددەووەر بۆ، قەیدش نە جەلای

باوەر سەرێوە، زبانەش بڕە
ئەو قەد و فاقەی، چێوەر کۆک کریای
ئاچۆپە، پەنەش مەواچانێ پاو
بەو پاوە بەندەن پەرێ هارگێڵای
سۆراخی چێوەر، نە فاقەت کەردەن
مەگەر هەنی کەر، نە زوانە و پای
ئەو زوانە و پای، بێ زیاد و کەم
مەبۆ نە فاقەی، مەزکورش نە پای
وەختێ پات نیان، دلێ ئەو خوانێ
مەبۆ جە لاوە، مێخێش ویارای
مەبۆ ئاچۆبە، سەخت چۆپێ بانێ
تا شکست نەبان، وەخت و پانیای
چەو دما مشیۆ، بشمێ ئەو واری
ڕاست و دوو دارەی خوانێ سراونای
دوو دارەی مەحکەم، قەدیم واتمان
بەین و هەردوێشان، مافوور کلاّش دای
هەم پەی سەختیو نەپشتش پەنای
هەر لاشان سافەن، بڕەش پەی خوانێ
خوانە مەگێران وەخت و هۆرێزای
باتووتێ بانێ، سافێ زەریفێ
یۆ پەی سەر خوانی، یەکێ پەی لاوپای
هەردووشان بارێ، مەحکەم مەوانێ
نمەبۆ فرێ، ئەشگەنجەشان دای
بازهەم تەوەنێ، پانێ و باریکێ
جەسەر خوان مەبۆ، چیر سەرش نیای
کەسێ نەزانۆی، هەرپاسە خاسە
سەرخوانش بەرز بۆ کەمێ ئەولای پای



چەو دما مەبۆ، پاش وەپا کەری
سەرش نەفاقە و خوانێ سازنای
سەری سەرینش، دیاریی کەرینە
قولانجێ سۆراخ، پەرێش هۆرگنای
سێ چارەک جە وێش، یۆوە نەوپارە
ئاچوون مەواچان، پێش شمشێر و پای
با جاپاش جەلاو ئاردەشانی بۆ
نەوا خەڵەت بیی، بڕیش پەی ئەولای
وەختێ پانیش، تەمام کۆک کریا
بەیمێ سەروکار، ناوە و بارەگای
بینای بارەگاش، چاگە بیناکەر
گەزێ جە پەشتەوە، میناو هارەگای
ئاگەزە واتم، پەی پەنج گەز ناوێ
بادا دوێ گەزێ، بەوار و دمای
دیواری مەحکەم، ڕاستی کۆ پەندیی
بلندیش بابۆ، قەد و جۆ ئامای
ئا پاسە خاسەن، ئەر ئاویش بەیۆ
هەرچەند بڵند بۆ، بشۆ پەی باڵای
چەو دما واچووە، چێش مەبۆ کەردێ
وەختێ بارەگاش، تەمام ونارای
چەنی تەنافێ، پیمانەش کەرە
بەین و دوو دارەی، سەرو بارەگای
دوو دارەی وەرین، ئەوەڵی واتمان
سەرو دۆزەقەی، جە ئەسڵ و بینای
چەو دما مەبۆ، قەد و تەنافێ
داری موناسیب، ناوەش پەی تاشای

پێسە بۆ پەشتەو ئەنگوشتە گەورێ
ڕاستەش وناری، نەک چون قووجیای
سەری وەرینش، مەبۆ قەمچش بۆ
ئەر قەمچش نەبۆ، مەبۆ چەمچەش دای
چەمچەش تەختێوەن، زەریف تاشیا
پەرێ زینەتیش، سیمارش کوای
سەری سەرینش، باشانە دەم بۆ
ئاوی نەگێرۆ، وەخت و ئاو ئامای
ئەر نمەزانی، کەر تاشاو ناوێ
پەرێت بواچوو، پەسەند و ئۆستای
دوختێ بدەیت چۆ، تۆ پەرێ ناوێ
تەرەفی قۆڵش، مەبۆ هۆرکەنای
تەرەفی قۆڵش، نەختێ ساراکەر
چەو دما مەبۆ، تەنافش پێکای
واچوو پەرێتان، پێکاو تەنافێ
تاکە بزاندێ، چەنیش تەناف دای
ڕێسمانی ساف و کرژی مەحکەم بۆ
باوەڕ بپێکەش، تۆ وەهەردوو لای
چەنی سیاویی، سیاوش کەرە
تاکە نە وریۆ وەخت و دەست کێشای
باوەر سێ ئەنگوشت دیاریی کەرە
ئەگەر ئاوش کەم، سەرەو وار وەنای
ئەگەر هەم ئاوش، کەم بۆ وێش نیەن
ئەنگوشتێ هەنیش، زیاد پەنەدای
سەری سەرینش، هەرچەند تێدا بۆ
ئەگەر گوشاد بۆ، عەیبش نە جەلای



جە هەردوێ سەرێ، بەنێ بگێران
بەنێ سیاوێ، دەستێ توند کێشای
چەنی دوو ئەنگوشت، بەنێ بگێرە
(صَبْحَّو آبهام چەنی وَسطای)
ئەمما بەناودا، دەستێ بگێرە
دەستت لارنە بۆ، وەخت بەن وەردای
بەنی هۆرکێشە، هەرچەند وەسێ بۆ
بەئوستادانە، بپێکەش وەنای
جەسەر تابەوار، نەقشش بکێشۆ
ئەمجار پی دەستوور، پێکەش وەئەولای
وەختێ هەر دوێ لا، سیاویش کێشا
ئەمجار دەستکەرە، تۆ وەتێشە شای
هەرتا متاوی، خاسش بتاشە
با، وا، سافە بۆ، جەسەر تا وەپای
بەین و تەنافە و ناوێ هۆرکەنە
گوشادش گوشاد، تەنگش تەنگ کەنای
سەری وارینش بەمشار بڕە
زەڕێش زیاد بۆ، پەرێ ئاو زیای
جە هەر دوێ لاوە، گیرێش پەی بازە
تاکە نەتەرسای، جە ئەرە خزای
لاوپلەی لەبش، باد باریک بۆ
تاکە نەپێکۆ، پلەش دەم وەنای
پێچیش پلو ناو، نزیکی مووان
ئەگەر دوورێ بان، عەیبەن پەی ئۆستای
هەر وەخت تەما بیی، تاشیاو ناوێ
بەیمێ سەروکار، ناوێ سراونای

ساحیب قووەتێ، ناوی هۆرگێران
بەیان باوەراش، بەنامەو خودای
دوخت و ناوێشان، یاونا بەجا
بەرانیش بلان، سەرو بارەگای
سەری گەورە و نای، با هەر جەسەر بۆ
وردیش باوەران، پەرێ کۆرەگای
دۆزەقەی ئاساو، پیمانە کەرە
هیچ زیاد نەبۆ، ئیلا وەئەولای
دووە موو ناوێ، قەدی و قایمەن
مەبۆنە چێرۆ، باوەریش لکنای
وەگەر هەم دەمش، تەنگەن تاریکەن
مەبۆ پێچێوە، مەفاسڵش دای
وارو چووەرش، مەبۆ بواچوون
قولانجێ چێرە، دماواریش زەنای
وەختێ سراونات، ڕاست تەمام ڕاستە
سەعیەبکەری، قایمش بینای
سەر نای با جەسەر، دوێ پلێش بان
ئاویش گردە بۆ، وەخت و ئاو ئامای
بەبێ دەنگ بەیۆ، قەڵوەز نەپێکۆ
سۆزە پەپوو بۆ، ئاو ناو لێوەی نای
چەو دما موورەش، پەرێ بتاشە
هۆشت باوەرە، پەی خاس تاشنای
هەر چوویت خەیاڵە، بەموورەکەری
باچوون یەکێ بان، درێژ وەپانای
خاس سەعیەکەرە، پەی مودەووەریش
کاری هەمڕەوی، یا فازش پەی دای



چەو دما جاگەی، پەلانش کەنە
بیست و دوو یا سێ، نەشیی چاگەولای
ئەقەلش هەژدە، نۆزدەهەم خاسەن
تاقی بزانە، پەرێ بەڵەدت دای
جاگەی پەلانش، ئەنگوشتە شادەت
ئەنگوشتە گەورە، بادا پەی مانای
جاگەی پەلانش، لارێ هۆرکەنە
با پەلێش نەگنان، جە وەخت گێڵای
مووری گیرکونە، سێ زەرفێش هەنێ
پەی پەل نەکەفتەی، پەی گیرە بارای
پەی دووری خاسەن، بێ درۆ و گوزاف
هاڕهاڕ مەکەرۆ، هاردی خاس هاڕای
**بەعەدەز ئان**، تاشاو پەلان لازمەن
ئەنداز پەلان، هەم مەبۆ زانای
چار ئەنگوشت، چەنی، یەک چارەک تەمام
چار ئەنگوشت پەی موور، چارەک پەی گێڵای
کاسەدارێ بان، کاسم مەکەرە
کاسەدار خاسەن، پەی ئاوگیر ئامای
ئەسڵ و ئاساوی، پەلکەکی خاسەن
پەلکەکی خاسەن، پەی هار ونارای
ئەربۆ درازیش، پەنج چارەک خاسەن
سەرش تێژ نەبۆ، عەییەن پەی گێڵای
بەزۆر مەنیشۆ دڵی حەوجۆشێ
خراپەن دلێو، حەوجۆشی لوای
جە گێڵاینە، دەورش کەم مەیۆ
دایم مەلەرزۆ، خوانەش چەنی پای

بادا پەل و لاش، وێنەی بەلوو بۆ
چون سرد قلیچش، یەک سا بەسارای
چەو دما یاران، بشمێ پەی هاران
تاکە بزانمێ، کۆمشیۆ لوای
نە (وەرلانە) بان بەرمانگ زەردەپل
بەیۆیان خاسەن، چەنی بەر لەشای
هەم دشت و هەم توند، سەدانی خاسەن
شامشیۆ، گۆشش بدۆ بەسەدای
کەوتەو بێ هەمتان، قیمەت نەدارۆ
تەمام بێ عەیبەن، ئەو نەڕووی دنیای
نەدەر هەم خاسەن، خەیلێ مەهاڕۆ
کەم عومرەن عومرش مشۆفەنا دای
کەیمنە هەرحاڵ، بێدرواس حاشا
هارەبڕ مەشیۆ، چە خەیرش زیای
لانشت لاوەنشت، بێ زیاد و بێ کەم
روێ بارێوەن، نییەن چاگەولای
جەکینە ئاردێ وردێ مەهاڕۆ
ئەمماکەم مدۆ مزدەئی لەم زیای
جە هەزارانی، هارێ خاسێنێ
هەم کۆو کویلەی، وەرو مەعرووفای
باقی جەی مەکان، هاری خاس نییەن
ئەسپەرێز خاسەن، چەنی سیشەرای
سەرهار سەنگ بڕ بۆ، چێرهار سوورەنەی
ساحیب ئاساوان، بەیدێ تەماشای
چەو دما هەرجا، جە هەر کۆ کایەن
ئوستادش مەبۆ، هاری پە سینای



ئەرواچی مەبۆ، منیچ بزانی
تووەن شناسی، مەیل و وەئوستای
پەرێت بواچوون، ویردەر بەواتەم
نەگنی ئەو دما، وە عەقڵ و ساوای
بەگشت دەنگێوە، کانی هارانەن
سوورەن سفیدەن، زەردچەنی سیای
ئەمجا خاسیشان، ڕەنگ حیساب نییە
ئەسڵش سیرۆزەن، ساحیب و مەودای
بەلی سیرۆزیش، خرتێ نە وانێ
بووانێ عەقیق، جە وەخت و سوویای
سیرۆزێ سێ سووچ، چوار چڵێ بانێ
سەر چون موو وابان، وەخت و هۆریزای
گەورە و وردیشان، مەبۆ بواچوون
ئەرزن، گەندم، جۆ نەخ و دان ئەعلای
ئەرچا زیاتەر سیرۆزش رشتەن
دشتێ مەهارۆ، وەخت و پانیای
وەگەر هەم بینی پاش پەی بکێشی
نمەدو وەبەر، وەخت و پاکێشای
ئەر جە گرد کەمتەر، سیرۆزش وەردەن
مەدۆ بەلاودا، گشت سەعیە و ئۆستای
سیرۆزش مەبۆ، جیا جیای بان
بەخام بەندیی بان، نەک پۆوە لکای
خایلەشان تۆزێن، ئەمما مەحکەم بۆ
تۆزێ زەردە بۆ کەمێوە جە مای
ئەر پی کارەبان تەمام خاسێنێ
بەشەرت مەحکەم بان، وەخت و وەنەرای

ئەر سەر سیرۆزش، سەنگ بەند بینی
سیرۆزش دوو بەش، بەشی سەنگ نە پای
ئانە هەم خاسەن، خاس مەهاڕانێ
ستانان بەزۆر، حەقق پەری **ئۆسای**
ئەر جە سیرۆزە، خامش فیشتەرەن
تەنێ تۆمێوەن، بەدەست یۆ نەشای
هیچێ مەهاڕۆ، کەسێ کە مێوە
چەنی قولّنگە، وەنەداو ئۆستای
هەنی بواچی، سیرۆزە چێشەن
ئەوەن چەخماخشەن، نەش چاوگەلای
ئەرواچی ڕەنگش، چە ڕەنگێ مەبۆ
بەگشت ڕەنگێوە، زوو نیشانەم دای
ئەی **داشەکەسان**، یەکسەر **سفیدەن**
هەم بێ سیرۆزەن، سنعەت و خوای
فارسی **سەنگبڕەن**، تورکی **راشەکسان**
چون شانی عەمەڵ، قووەت تێ دەمیای
گێلاّیش شیرینەن، جە ئاو شیرینتەر
شیرین ئاردشەن، شیرین ئارد بەردای
هار ئەرسەنگ بڕ بۆ، ئەر باقی هاران
سەروچێرشان، مەبۆ شناسای
ئەر چیر هار نەرم بۆ، مانع نەدارۆ
سەرهار با توند بۆ، توند خاسەن های های
سا توندی کۆسی، پەی سیرۆزە بۆ
پەڕ سیرۆزە بۆ، چەتی چیت کەدای
ئەگەر بەی ڕەنگە گرتەنت بەدەست
ئاوەکێ کاسە و پەلانش پێکای



ئانە بزانە، ئاو پەلە وێشەن
مەبۆ چاپاگێ، چۆ جۆشش نیای
ئەگەر بن پەلەش زیاد مەپێکۆ
قەد و زیادی، بەڕەش پەی ئەولای
ئەگەر سەر پەلەش ئاو نمەدۆ لێش
مەبۆ باوەریش، قەد و ئاو نەدای
تیرێ ئاوەکێ، پێسە و حەمامی
کاسە و پەلانش، پەی مەیۆ پێکای
وەختێوە ئاویش، موهەییا کەردی
مەحکەمش کەرە، پەی هار ونارای
ئەوسە چێرهارت، نییا نە جای وێش
مەبۆ بلّۆسکی، چەکەرەش زەنای
ئەگەر بلّێسکەش، کۆتا کارەنە
مەبۆ جە چێری، چێرخوانش نیای
ئەگەر بەرزەنە، ناو سەروهاری
هەم مەبۆ چێرەو، هاری هۆر بڕنای
خرتە و بلۆسکێ، جە کەردا کەم بۆ
ساراوە مانۆ، زوانە و پانای
وەختێ چێرهارت، بەڕاست نیارە
ئەمجار پەی لادێ، نمەبۆ زیای
مەبۆ ئەندەکێ، بگنۆ بەوەردا
نەیندە قەدو، میزان شێویای
میزانی خاسش، کەسێ نەزانۆ
پەرێش بواچوو، زانای نەزانای
زانایش ئینەن، ئەمن مەزانوو
تەجروبەم کەردەن، نەک خود پەسەننای

ئەر ئاویت کەردە، ئەو سەروهاری
ئاوەکێ مدرا، قەدو تەمەنای
گاهێ ئاردی، وردێ مەهاڕۆ
بێ دەم و پلەن، پەرێ تەماشای
ئەر نەرمێ پەی وەر، ئاوەردش ئاوی
ئانە سەرهارش، هارەن پەی پەردای
چەو دما وناراو، سیزانو هاری
مەبۆ خەیلێوە، سووکێش پەی تاشای
سووکێ سێ سووچێ، نووکباریکێ بان
سەرچاخ دلێ لەڕ، پەرێ ئاوکێشای
کۆتەکلاشێ، کار و قەباڵەی
مەبۆ کەردەنۆ، بلکیش پێچنای
بەلکە مدرۆ، چەنی کلاشی
دەورو کلاشی، سووکەکان کوای
چەو دما بەڕاست، ڕاستە گرانەن
دووچارەک ڕاستە، مەبۆ پەیش تاشای
قەدو چێرهاری، دیاریش بکەرە
هۆرش بکەنە، قەدو زوانەڕای
بکەر سۆراخش، بەوەر زوانەدا
مەبۆ سووکیوەش، بەوەردا کوای
یەکێ جە یاران، **بشۆ** ئەو واری
چۆگە دەست کەرۆ، پەلە چەرخنای
تا لارو ڕاستی، ئەوسە دیار بۆ
تاکە بزانی، کۆش مەبۆ خزنای
زینهار وارەنە، ڕاستە نەگێری
خراوەن پەرێ، ئاوپل شێونای



ڕاستە ئەوەڵەن، جەسەر کۆک مەبۆ
ڕاستەی وارنش، بازی پەی دمای
ڕاستە جە هەرکۆ، هارەی بگێرۆ
هاری بخزنە، بەنووک بازنای
ئەر زیادەت بۆ، باز هەم نەپێکاش
مەبۆ چا ڕاستە، هاری هۆرێزنای
تا ڕاستەش بەیۆ، پەیتۆر واتمان
چەنیو هۆڕبڕیەی، هەم چەنی خزنای
ئانا ڕاستمان بەڕاست وناران
بیناکەر بەناو، گەردوونە نەپای
دیواری دەوری ساف و مەحکەم بۆ
مەبۆ گەزێوە، بوڵندیش نیای
جە هەردوێ لاوە، زیادش کەرە
جارەکێو زیاد، ئەو دەمەو ئاسای
دمای تەمامی، دیوار و دەوریش
مەبۆ بەسافی، سواخش کێشای
بابۆ بیرت بۆ، نەبی ویاریش
یاگێو چەقچەقەیش، بازە جەلاوپای
یاگێو چەقچەقەیش، چۆنینە مەبۆ
سۆراخی دووریی، نەو دیوار نیای
بوڵند و نزمیش، قەدو سەرهاری
ئەر بەرزەن بەرزە، ئەر نزمەن جە پای
دماو گەردوونەی، کاری هەنی هەن
کەردەش **لازمەن**، نمەبۆش لادای
دوو گەز تەختەی ڕاست، بەڕاست بتاشە
پەنج چارەک بەینش واریۆ ئاردەشای

بەشاندا بنیەش، مەحکەمش بنیە
سەنگەر نە پێکۆ، چەنی سەنگەردای
هەم دوو تەختەی ساف، قەدو ئا تەختە
ئەندازەش گێرە، ئەو قەدو ئاسای
سەرپۆش بنیەنە، قەدو چێرهاری
ئەو سەرش قەدو، تەختە سراونای
ئەو یەک پەی دەستوور، بنیە وەئەولاش
ڕاستیشان بەیۆ، چەنی هەم بینای
بنیشان واچوون، پیمانەش کەرە
یەک گەز لاوتەختەی، نیم گەز لاو ئاسای
هەر تا متاویی، بالەنگەریی با
چێرهاری گێران، چەنی لەنگەردای
هەمین زینەتەن، پەی ئاردە دۆڵێ
هەم لەنگەرێتەر، پەری ئاسیای
چەو دما سەرهار، باوەرە نەوەر
بەڕاست دەستکەرە، تەوەرە نییای
**ئەمما** تەوەرە، دوێ **نەوعێنێ**
هەم دوێ نەوعێ، مەبۆشان نە پای
ئەوەڵ ئاهەنین، کاری مەحکەمەن
دووەم چۆ مەبۆ، بەتێشەش تاشای
بەڵێ ئاهەنین، سێ **سەرفێ** دارۆ
هەریەک، یەک تومەن، مشیۆ **قیمەت** دای
ئەوەڵ مەحکەمەن، شکستەش نییەن
شکست خراوەن، پەی پینە کریای
دووەم هەر وەخت، سەرهار سەر ڕاست بۆ
سەرلار نمەبۆ، دماو ڕاست ئامای



ئەر زەڕڕێوە، سەر لاریش بمانۆ
ڕاست مەگنۆ وەخت و خەلە چێر لوای
واچوو سراونای ئاهەنی پەی تۆ
تاکە بزانای، چەنیش سراونای
تەوەرەی بنیە ئەوسەری کاری
چەنی پیمانە، ڕاستەت ئەرەنیای
وەختێ ڕاست نەبان، ئەو دلێوکاری
مەبۆ لاش خێتێ، سیاوش کێشای
ئەوسە هەردوێ لاش، دیاری کەردی
بنیەش وەئەولا، مازەش چاڕاستای
بەقوڵنگەی تێژ بەین و خەتێنە
سەبرێ دەستکەرە، بەئەوە چنیای
پاڵێش بکەنە، یەندە وەسێ بۆ
باز هەم باوەرەش، هەم بچنەش نەجای
ئەر نمەزانی چند، نشتش وەسێن
چۆی هارە بەرز بۆ، سەرو ئیلاو ئەولای
ئەگەر بواچی، ئەملاولاو چێشی
سەرێوە تەوەرەی، جە ئەرە نییای
ئانا تەوەرەت، نییا نەجای وێش
بەین بەندش کەر، پەی هارە نیای
پەی تەور بەندمەبۆ، واچوون پەرێتان
بەنێوە مەحکەم، کرژو وادریای
دووەلایش مەوزی، قەدە تەوەرەی
نەک جاو پەلەکێ، ئیلاو یا ئەولای
هەردوو سەرانش، ڕەشبان بکەردا
جە پەشتەو هاری، هەم گیرشان دای

چەو دما تووڵێش، پۆنە ویارە
مەحکەمش کەرە، چەنی پێچیای
بادا هۆشت بۆ، بێ کۆ نمەبۆ
بێ کۆ خرابەن، پەی هار سەرنیای
کوێ بتاشە، بادا دوێ بان
بەرزێ بان، سەرو زووانە نزمای
ئەگەر نزمێ بان، زیانش ئیدەن
زووانە مەبۆ، **مانیع** و لووای
هارسەر سەنگ مەدۆ سەرو بڵۆسکێ
وەخت و سەروستەی، وەخت و لانیای
ئەگەر بەرزێ بان، سەر بۆ زوانە
وەش ملۆ وەسەر، وەش مەیۆ پەی لای
کوان بسرەوان، سەرو چێرهاری
یەکێ جەسەر خوان، یەکێ جە لاو پای
چەنی باوەریت هارەی هۆر بڕنە
وەرش ئەو وەر بۆ، پەستیش ئەوەدمای
بەنەرمیی بنیەش، ئەو سەرو کووان
دماش هۆر بڕنە، دەست پێوە نییای
تاکە بیاوۆ، سەرهار نەجای وێش
تەوەرەی بڵۆسک، ڕاستێوە مدرای
بەپازناوی خاس، هارەی هۆر بڕنە
دەست بەرە کوان، باوەران نەجای
پازناوی دەستیت، بادا دوێ بان
یۆ پەی ئیلات بۆ، یۆت پەی ئەولای
ئیدی هۆر بڕنە، ئەوی بکێشە
ئەوی هۆر بڕنە، ئێد بێ پەی دمای



ئەوسا پازناو وێت، بەرکێشا وەبەر
سەرهار کەوت وەسەر، بڵۆسک شیی نەجای
بنی تەوەرەی، چەنی تووڵەکێ
بابۆ میرت بۆ، مەبۆشان کێشای
تووڵێ بکێشە، گرەبەن وەردە
بەنی بکێشە، چون گرێکێشای
چەو دما واچە، ئاوی هۆر بینان
تا هار بگێڵۆ، گێڵا خاس گێڵای
وەختێ سەرهارت، خەیلێوە گێڵا
دیاریی مەبۆ، بەرزچەنی نزمای
چەو دما واچە، ئاویش بڕانێ
قۆچاخی دەستکەر، هار ئەولا نییای
بەدوو پازناو، هاری هۆر بڕنای
مەزانی هاری چەنی لا نییای
بارە کۆ بنیە، نە چیرۆ ئاسای
هاری هۆر بڕنە، بەنووک و پازنای
بەینشان بنیە، لارێ نەوانێ
یەکێ پەی ئیلای، یەکێ پەی ئەولای
هاری بکێشە، باوەرەش وەلا
دەست بەرە پەرێ، قوڵنگەی پۆڵای
قوڵنگەی ئاودار، ساحیب بڕڕا بۆ
با **مەوداش** بڕۆ، چەنی قوڵنگ شای
هەرکامێش بەرزەن، ئانا دیارەن
ئانا ساویان، ئەو چەنیو گێڵای
بەزەربی پەنجەی، مەوداو قوڵنگەی
بەرزیشان پەست کەر چەنی وەنە دای

**بەعەدەز** ئان واچوون، پەرێت گۆشدارە
هۆشت باوەرە، بۆ وەسەرو ڕای
یەک چارەک جەیۆ، هاران سیاوکە
سیاوی بێ عەیب، یەکسان سیاونای
ئەو سێ چارەکە، بەئاوی پاکە
تەڕکەرە چەنی، پە**نجە** وەنە دای
باز بڕەش وەسەر، بەئاو بگێڵۆ
یا چەنیو دەستی، یا ئاوی گێڵای
وەختی خەیلێوە، سەرهارش گێڵا
باز هەم سەرهارش، باوەرە پەی **لای**
ئانا دیارەن، هەر کامێ بەرزەن
سیاوش کەردەن، ئەوچەنی **سیای**
چەنی قوڵنگەی سیاوەش چنە
تا **شیدده** کێشۆ، چون **شیددەی بەغدای**
شیددەش چوار ئەنگوشت، زیاتەر نەبۆنە
باقی سفید بۆ، دوور جە وە**نەدای**
یەک ئەنگوشت جەلەب، هاران خاڵی بۆ
بانەدۆ وەنە، بەدەن پەی **بڕوای**
جە سینەش **غەللە** جەی لاو و لووشە
هار کڕڕۆوە **موشەدەی کێشای**
جە شیددە ئاردی، مەهاڕۆ خاسخاس
چە خاس بەرمەدۆ، وەخت تەماشای
ئەگەر جە سینە، مەکەرۆ ئاردی
ئاردی باوەرۆ، تا وەخت **بەردای**
ئانە گێڵەنە، بێ دەم و پلەن
ئاردی مەناوۆ، باز هەم بەر **نەدای**



ئەر خەڵە باورۆ، بیاونۆ شیددەی
جە شیددە خەلە، دەست کەرۆ **ساوای**
باز هەم بەو دەستوور، هیچ مەهاڕۆنە
لارە لارشەن، جە وەخت دان **دای**
وەختێ ونارای، میزان و هاران
بۆ وەسەروکار، باقی جە **ئەشیای**
کەوێژەی ناوێژ، هەم دانە دۆڵە
تەیار بکەری، هەم وەسەر **نییای**
بنەو تەوەنێ، مشتیلەو قەمێ
(ولان کر لتسویقها )**ی**
دماو ئانانە، چەقچەقەش ماچان
ئانە لازمەن، مەبۆش پەی **تاشای**
دیەنش دایم، تەقێ مەشانۆ
بەزۆر مستانۆ، دانە پەی **ئانسای**
ئاد **ئەهلی** دینەن، هەق هەق مەواچۆ
**دایم** مەکەرۆ، ئەو زیکر و **خودای**
بەی تەورە کارت، موهەییا کەردی
هیچ نمەمانۆ، **ئیلا** ئاو **ئامای**
ئوستادی سارای، ئۆستای خاس بییەن
فەرید دەهربی، نە دەوری **دنیای**
واچی ئاساوان، ئاوی هۆر بینە
ئاوی خاسەنە، پەی تۆ جە **ئۆستای**
ئیمام گەڵباخی، ساحیب سەخاوەت
مەعرەکە کەری، ئەو چەنی **ئۆستای**
ئاسیاوێ گەر، کەم ئاوی چینەن
کەم ئاویی خاسەن، ئەر ساڵ ئاو **نەدای**

بادا بگێلۆ هەفتەی دوو هەفتە
چوپێ لازمەن، هاری لا **نییای**
هار تێژ کەردەی، مەبۆ بزانی
مەبۆ بزانی، وەگۆش مەبۆ **دای**
ئەگەر تەوەنیش، سەختەو ڕەقەنە
دامین و سینەیش، چون یەک **ئەنجنای**
ئەگەر تەوەنیش، فرێ نەرمەنە
مەبۆ هەر شیددە، دامانش **کوای**
ئەگەر شەڕ شلەنە، مەبۆ بزانی
مەبۆ بەتەرتیپ، سووکێش وەنە**دای**
بنێو کلاشێ، جە بەینو سووکان
چەنیو ئەسکەنەی، هەم سووکێش **کوای**
ڕاستە بکەرە، بەبلۆسکەکەدا
بادا شەق نە بۆ، وەخت و **چەرخدای**
ئانا دیارەن، هەر لا بگێرۆن
جەواریی خوانێ، برە پەی **ئالای**
ئەگەر هەم ڕاستەن، هیچ نە شێویان
ڕینهار نمەبۆ، دەستش **وەنەدای**
هاری سەر وزە، کارت تەمامەن
خاتمەی کارەن، جە دەورو **دمای**
چێوێتەر ماچوو، گۆش وەنەم دارە
خاسیو هارانیچ، هەم مەبۆ **زانای**
هەر هارێ سوور، جە هەڕدەی نەکەوت
ئانە هارخاسەن، هەم خەیرەو **خودای**
ئەگەر هاری سوور، بێ ئاردیش ناوا
پەڕو پایانت مەبۆ چێش **ڕەمای**



سەنە هەزارو، سەد و نەوەد بێ
هەفت سایە هەنێ، هەم چاگەو **دمای**
جەرێی فەننە، وڕاوەم کەردەن
هیچ کەس نەواچۆن، پەی چێش **راویای**
هەرکەس مەفامۆ، ماچۆ ئافەرین
هەرکەس نەفامۆ، پەی بەینەو **خودای**
داوەسێن (پێ، میم) ئەرجوو داروونە
پەرێش بوانان، سوورەیێ **دۆعای**
ئەو ئاو بەئایشان، بەڕەحمەت شاد بۆ
ئەگەر بوانان، پەرێم ئی **دۆعای**
هەزاران دروود، هەزاران سەلام
زەمابەر (محمد علیە السلام)

ئەنجامی خوێندنەوەی چامەی چیستایی ئاسیاو نانەنەوە، بۆمان هەیە بڵێین:

١- هەڵبەستەر گەڕاوە، بەدوای وشەدا، بەتایبەتی وشەی (سەروا)دار بۆ چامەی (یایی) و هەندێ جاریش، وشەیەکی داتاشیوە، یان لێی قرتاندووە و ئەمەش هەر تەنها بۆ ئەو ڕەوایە!!

٢- وشەی عارەبی تیایە، چونکە نەیویستووە، بەدوای وشەی کوردییدا بگەڕێ بەقەدەر ئەوەی کە هەمیشە سەروای عارەبی زۆرتر پێ بووە.

٣- وشەی تورکی تێدایە و لام وایە یەک تا دووانێ!

٤- وشەی فارسی تێدایە، بەڵام ئەوانیش بەقەدەر وشەی عارەبی زۆر نین!

٥- هەڵبەستەر زۆر شارەزایە و ناوی سەرپاکی ئەو کەرەسانە دەزانێ کە لە ئاشنانەوە و ئاشگێڕان و ئاسیاو دروستکردندا بەکاردێن و وەهاش دەردەکەوێ کە خۆی ئۆستای (ئاش) بووە و لە هەموویشی سەیرتر ئەوەیە، کە جۆری ئەو بەردانەش و ناویان یەکە یەکە و توانای بەرگەگرتنیان، دەناسێ و دەزانی و شارەزایی هەیە.

٦- لە ڕووی هونەرەوە، زۆر دەسەڵاتدارە و لە ڕووی سەرواشەوە، بلیمەتانە ئەم چامە گەورەیە، پێکەوە ناوە!!

٧- زمانەکەی جوان و پاک و پەتی و ڕازاوەیە! فەرهەنگێکی تەواوی ڕەنگینە بۆ ناسینی کەرەسەی ئاش.

٨- نووسەری کوردی بیستەکان بەملاوە، وەهایان دەردەخست، کە چامە لە ئەدەبی کوردییدا ئەگەر ببێ، تەنها ئەو چامانەن، کە لە لایەن (نالی و سالم و مەحوی)یە و داڕێژراون!.

یان ئەگەر ئەدەبێ بەشێوەی هەورامی ئەگەر هەبێ، تەنها هۆنراوەی فۆلکلۆرییە کە لە لایەن (مەولەوی و بێسارانی و سەیدی)یەوە!!!.

٩- کەرەستەی بێگانەی ناو ئەم چامە (یایە)ی (ئاسیاو) بەقەدەر ئەو کەرەسە بێگانانە نییە کە لە یەک پارچە شیعری نالی، یان هەریەکێ لەوانی دیکەدا هەن.

٣- جەنگی هەورامان و لەشکری ڕووس:

مەلا شەریف ناوێ، کە ناوبانگی بەمەلا شەریفی بێسارانییەوە دەرکردووە، هەروەک بەزمانی خۆی لە ناو هەڵبەستەکەیدا وەهامان بەدەستەوە دەدات، وەهامان بۆ دەردەکەوێ، هەروەک لە زەخیرە ساکارە زمانەکەیدا دەردەکەوێ، کە کۆلکە مەلایەک بووە. لە بارەی ناسینی باو و باپیرییەوە، لە هەورامانی ڕەزاو و ژاوەرۆدا، هەوڵمان دا، کە شتێ بزانین، بەڵام، نەمانتوانی!

ئەوەی کە لە بارەی ئەوەوە زانیمان، ئەوە بوو، کە ئەو هەر بەمنداڵی لە سکی دایکی بەشەلی (بێ پا = بێ پێ = ئیفلیج لە پێدا) هاتووەتە دەرەوە و واتە (سکماک) (بێ قاچ و قول) بووە. لەگەڵ بێ قاچ و قولیدا، خۆی نەبێزراوە و، هەوڵی داوە کە خۆی پێ بگەیەنێ، خۆی فێری خوێندەواریی بکات و خۆی بژیەنێ و ئەمەش لە چاو ئەودا، گەیشتووەتە پۆپەی ئاواتی، کە ئەو، ئەوەتا خوێندەوارە و هەڵبەست هەڵدەبەستێ و مێژووی جەنگ و گرانیی و نەخۆشی و هی لایەنی دیکە تۆمار دەکات!!

ساڵی (١٣٣٥)ی کۆچی، هەروەک مەلا شەریف خۆی دەمەکەی دیاریی کردووە، بەهۆی جەنگی نێوان ڕووس و عوسمانییەوە، وەها دێتە پێشەوە، کە شاڵاوی بگاتە ناوچەکانی هەورامان (هەورامانی ڕەزاو و کەمەرە و سەڵوەتئاوا و شامیان).

ئەم جەنگە، لە چاو هەوراماندا و بۆ هەورامییەکان، زۆر ناجۆر و ناهەموار و چاوەڕێ نەکراو بووە و بۆیە، خۆیان بە(هەرەس = کارثە)ی سەرژمێر دەکرێ، ئەم جەنگە لارە بارولارە سەنگە بووە بەهۆی سووتاندنی مزگەوتەکان و دێهاتەکان و لەناوبردنی کشتوکاڵ



و دار و درەخت و بووە بەهۆی کوشتنی هەزارە کەسەوە، هەڕاکردنی سەدان ماڵان، داماڵینی تەواوی ڕزق و ڕۆزی ئەو خەڵکانەی ئەوێ و ئەنجامەکەشی دەگاتە داکەوتنی گرانی و بەرپابوونی نەخۆشی کوشندەی چارە نەکراو.

ئەنجامی داکەوتنی ئەم شەڕەو (واتە: شەڕی ڕووس و عوسمانی) بوو بەهۆی لابردنی سەڵتەنەت و هێزی عوسمانییەکانیان و سوڵتانەکەیان، تەفروتوونا بوونی هەزاران جەندرمەی تورک و پرژ و بڵاوبوونەی تورکمانان، بەملاو بەولادا (هەروەک هەڵبەستەکە وەها دەڵێت).

مەلا شەریف، لەم هەڵبەستەدا، باسی ئەوە دەکات، کە ئیفلیجی قاچ و قولیەتی و دەڵێ:

«منیچ شەریفم، فاقدم جە پا
ڕازیم جە کردار، زاتی بێ هەمتا»

ئەم جەنگە ناهەموارە، بوو بەهۆی هێنانە دیی ئەنجامێکی زۆر چاکەوە و گرانبەهاوە و ئەویش، ئەوەیە، کە هۆز و عەشایرەکانی هەورامان، کە لە پێشەوە یەکترییان دەخواردەوە یەکیان گرت و هەروەها ئەمانیش و هۆز و عەشایرە کوردەکانی دیکەش، کە لە دەوروبەری ناوچەکانی هەوراماندا دەژین، یەکیان گرت و بڕیاریان دا، بەیەک هێز ڕووبەڕووی ئەو هێرشە ناهەموار و دوژمنکارییانە بووەستنەوە.

لەم ڕووەوە مەلا شەریف دەڵێ:

«وابوو ئیستیفافیان، دۆستی سەمیمی
عەشایر وەرین دەورەی قەدیمی»

ئەنجامی ئەم شەڕە، وەها شکایەوە کە تورک بشکێ لە دەستی ڕووس و لەشکری ڕووسیش ئالەوێدا بەدەستی عەشایری هەورامان و عەشایری دیکەی کوردی دراوسێیانیان بشکێ و لەناوبچێت و ئەوەی بتوانێ خۆی هەشاردات، یان بکشێتەوە، گیاندەر دەکات و ئەوەشی ئەوەی لێ نەیەت، بۆ خۆی، مردن لە ڕێگایدایە و بەرەنگاریەتی.

ئەوەندەی پێ نەچوو لەشکری ڕووس، وەک کەفی سەر ئاو لە بەرچاوان شاررایەوە.

ئەمەش (جەنگی هەورامان و ڕووس)ە:

مەلا شەریف دەڵێ:

بەتەوفیقی زات، خالیقولعیباد
داستانێ جەنۆ، باوەرین بەیاد
هەرچەند ڕەزات بۆ، واحیدەلئەحەد
سەڵوات بۆ بەڕۆح، پاکی محەمەد
لەشکرکەشیی ڕووس، پەی خاک هەورامان
ولایەت سۆچیا، گردش بیی وێران
مەردم پەرێشان، تەمامیی دڵڕەنج
سەنە جە هەزار، سێ سەد و سی و پەنج
بەیان بکەرین، پەی برادەران
تاکە حاڵی بان، ئەو وەخت و زەمان
تا دۆعاکەران، نە دەرگای سوبحان
نەوینان بەچەم، ئەو وەخت و زەمان
جە تاعەتی هەقق، نەکەران قوسوور
تا زەمان گێڵۆ، بەحاڵی وفوور
جە کەلام قەدیم، کەردەنش بەیان
زاتی بێ زەواڵ، حەیی لامەکان
(ان الله لا یغیر ما یقول الاخر)
دەلیلی ڕۆشن، وازیح و زاهیر
پاڵش فراوان، زاتی ذولجەلال
شوکری نیعمەتبان، وەر جە تەنگی حاڵ
پەنام هەر بەتۆن، یا پەروەردگار
ئامێ ڕووسەکێ، بێ حەدد و شومار
یارەب شاکرین، ئێمە جە دەرگات
پەڕ بی جە ڕووسێ، شاران و دێهات



ئیختیار بەتۆن، دانای لامەکان
ولایەت چۆڵ بیی، مانگی ڕەمەزان
ئیسلام زەعیف بوو، تەمامی یەکسەر
نە نوێژ نە ڕۆژوو، نە سەدای ئەکبەر
مەردوم ڕای ئەکرد، تەمام پەرێشان
مزگەوت کرابوون، تەوێڵەی ئەسپان
بەعزی تر سووتیان، بەحاڵی خراپ
کزەی جەرگم هات، وەک کزەی کەباب
یارەب نەوینی، ئەو ڕۆژگارە
مەخلووق دەربەدەر، تەمام ئاوارە
هێرشی ڕووسان، بەپیادە و سوار
کاکۆ زەکەریا، ڕوو بەشێخ عەتار
بەقەولی ڕاوی، واتای موعتەبەر
چادر لێ درا، چل هەزار نەفەر
پانزدە هەزار تر، بەنامونیشان
بۆ دەوری کەرجۆ، ڕوو بەعاشقان
ئەو وەخت عەشایر، گشت لەسەرخۆی بوو
هەم تایفە تایفە، بەحری بێ پەی بوو
وابوو ئیستیفافیان، دۆستی سەمیمی
عەشایر وەرین، دەورەی قەدیمی
دیسان عەشایر، خەبەریان زانی
تایفەی هەورامی، هەم مەریوانی
ڕەیسی مەریوان، دووخانی دلێر
ئەو کانی سانان، ئێد لەولەژێر
بەزیکری ئەڵڵا، ئەوخانی سەرمەد
مەحموود خان بەکەیف، سوڵتانی ئەحمەد

هاوار و فوغان، بوو بەگرمووقاڵ
کەیخەسرەو خانیش، بۆ دەوری تەیناڵ
لە حەیوەت ڕووسی، وڵات بوو بەچۆڵ
زەلزەلە و زاریی، هاوار یا رەسووڵ
چی حاڵ و ئەحواڵ، دەروون بییەن مات
مەحموود خان دزڵی، روو بەگاڕان هات
حەسەن سانیان، بەسەد قاروقین
گشتیان عەشایر، سەنگلاخ نشین
تایفەی کۆماسی، هاتن بەکۆمەک
رەئیس ئەوانیچ، ئاغە برا بەگ
هجوومیان هاورد، بەتەعجیل و تاو
ئیلی عەشایر، بەگزادەی رەزاو
حەمد و سەنای تۆ، پادشای جیهان
ئای لە دەسوبرد، سواری سنجەرخان
مەردوم دڵ غەمگین، وەڵات گشتی مات
رەیس عەشایر، سەردار رەشید هات
ئیسمی یا ئەڵڵا، نەقش جە بەیداخ
ڕووسی راوی کرد، لە دەوری قشلاخ
رژیان بەناوهەم، تەمامی یەکسەر
بەسەرە نێزەوە، بەدوو سێ خەنجەر
جە عەرسەی نەبەرد،ناڵەی تەپڵ و کووس
داخڵ بین بەناو، چل هەزاری ڕووس
سەدایی ئەکبەر، بەتەعجیل و تاو
زاڵەی ناڵەدار، گشت مەبی بەئاو
چاومان پێ کەوت، حەقیقەت وابوو
قەریب دوو سەعات، شەوگاری مابوو



ئیسلام قەتع بوو، پەنا و ئومێدی
نەفەرێ کۆماسیی (بەردە سفیدی)
جە ئەهلی مەحەل، دەسەپائین بوو
حەمەکەریم ناو، حەمەئائین بوو
مەردی با ویقار، ساحیب جەوهەر بوو
دانای رۆزگار، هەم حەساوگەر بوو
خانان عەشایر، مەجلیسی جەمهوور
کردیان تەڵەب، تا هاتە حوزوور
غەزای کوففارە، فەرزە بەیەقین
ئاخری کارمان، چۆنە بزانین
ئێمە ئومێدمان، بەزاتی غەففار
شکست باوەران، ئەهالی کوففار
کەس بەکەس نییە، لە ناڵەی زیکرا
چوو حەمەکەریم، وەبەحری مەکرا
وتی جەنگ جە بەین، ئیسلام و کوففار
خەیلێ شەدیدەن، نە عەرسەی پەیکار
هوجوم کافران، نە عەرسەی مەیدان
شکستە بەحاڵ، گردوو موسوڵمان
لاکین دوو نەفەر، مەردانی ئەبرار
جە پاکان ئوممەت، رەسووڵی موختار
مەشغووڵ بەزیکرەن، وانای لایەنام
مەگرەوان بەزار، نە حاڵی قییام
یەکێ لەوانە، حیسامەددینەن
شەخسی موبارەک، ئەهلی یەقینەن
نەفەری دووەم، ئەوەن نەجمەدین
پەیڕەو تەریقەت، ڕەسووڵی ئەمین

مەردانی عالی، گوزیدەی ئەییام
پەیڕەو شەریعەت، شای (خیر الایام)
بەڵکم خوداوەند، حەیی لایەنام
نەسرەت دۆ زەفەر، ئەهالی ئیسلام
قبووڵ رجام کەر، پادشای مەعین
نەسرەت دە ئەهلی، گرووی موسلمین
شکست دەردەستە، ئەهالی کوفار
زیکرش پایەدار، تا دەور رۆزگار
جە تەقدیری زات، دانای سوبحانی
جەنگی کافران، لەگەڵ عوسمانی
سوڵتان ئەستەمبووڵ، کارش بیی تەمام
یاوا ئینتیها، ئەو روتبە و مەقام
تەفریقەی لەشکەر، بەخاکی ئێران
وێڵ و سەرگەردان، ئەهلی تورکومان
جەمعێ جە عەسکەر، نەو سەحرای باهیر
داخل بین بەناو، خێڵی عەشایر
رمووزاتی جەنگ، مەزانان تەمام
ئەو بەیداخ جە دوور، دیارەن سەرسام
ئانە خۆ سەردار، سەر سوپای کوفار
ئەو لە ژێر بەیداخ، گرتەنش قەرار
وەختێ ئەو بەیداخ، کەفت بەڕووی زەمین
یاوا بەقەتڵ، سەر سوپای لەعین
تەمامی لەشکەر، کەردشان فیرار
لە مەیدانی جەنگ، نەبیشان قەرار
هەر بەدەم خۆشە، ئەم جەنگ داوا
ڕووسی خۆی نەگرت، لە سەڵواتئاوا



ئیلی جوانڕۆ، هاتن بەدەودان
شوجاعەلمولک، رەئیسی ئەوان
یەکێ تر هات سوارەی جەمە
رەئیس بارام بەگ، سەردا ئەکرەمە
بۆ غەزای ڕووسی، ئەوقاتی بەدە
ئێل بابا جانی، ئەمیر ئەسعەدە
وەڵات بەتەنگ هات، سەحرا و کەش و کۆ
سنجاویی چی کرد، لە کێو داڵە هۆ
میرزا کوچکخان، لە پردی مەنجیل
پەس مەندەی ڕووسی، نەوجا کەرد زەلیل
وەسائیلی جەنگ، ئەسڵەحەی میزان
ڕووسی خەلع کەرد، میرزا کوچکخان
..........................................................
..........................................................
منیچ شەریفم، فاقدم جە پا
رازیم جە کردار، زاتی بێ هەمتا.

ئەنجامی جەنگی هەورامان و ڕووس:

شەڕ بەسەرداهاتن، هەر کاتێک و دەمێک، ئەگەرچی سەرکەوتنیشی تیادا بێ هەر بەهەرەس (کارثە) دەژمێررێ و پاشماوەی زیانبەخش و زیانەخرۆی زۆر بەجێ دەهێڵێ یان بەرپا دەکات، یان ماکی کۆتایی دەبێ و لەگەڵ ئەمەش لایەنی سوودبەخشی کەمیش پیشان دەدات.

شەڕی هەورامان و ڕووس ئەنجامی شەڕی ڕووس و عوسمانییەکانە و ئەوە بوو سەڵتەنەتی سوڵتانی عوسمانی کۆتایی پێ هێنرا و ئەمەش ڕێککەوتی (ئەم شەڕەی هەورامان و بەشێ لە لەشکری ڕووسدا ڕوویداوە، کە لەو ناوچانەدا، بۆ ئەو شەڕە هاتوون) ساڵەکانی (١٣٣٥)ی کۆچی دەکات.

لایەنە بایەخدارەکانی ئەم جەنگە:

١- یەکگرتنی عەشایرەکانی هەورامانی و عەشایرەکانی دیکەی کوردی دەوروبەریان و ئەم یەکگرتنەش توانیان ئەو لەشکرەی ڕووس، هەروەک هەڵبەستەر دەڵێت چل هەزار کەس بوون بشکێنن و ئەو ئاو و خاکە بەجێ بهێڵن.

٢- ئەم هەڵبەستەرەش، هەروەک باسی یەکگرتنی هۆزەکانی هەورامانی کورد و هۆزەکانی دیکەی دەوروبەری هەورامان دەکات کە یەکیان گرتووە، لە هەڵبەستەکەیشدا ناو بەناو دێرە شیعری جافی وەک یەکگرتنی شێوە بەکار دەهێنێ.

٣- شکاندنی تورکەکان، بووە بەهۆی ئەوەوە، کە پیاوی جەنگزانیان بچێتە ناو لەشکری عەشایری کوردەوە و دەورێکی باشیان هەبێ.

٤- فێربوونی چۆنیەتی تەگبیر و ڕاوێژکردن، بەرامبەر بەهەرەسی وەها و لە کاتی تێگیرانەدا.

لایەنی زیانبەخش:

هەڵبەستەر دەڵێ:

«مزگتان کەردەن، تەویڵەی ئەسپان
بەعزێ تەر سوچنان، تەمامی چەسپان
ولایەت سوچنان، دێوانی بەرخۆ
مەردوم وەیلان بی، سەحرا و کەش و کۆ



تەمام زراعەت، جە بەین بەردشان
فەساد نامەشروع، دیسان کەردشان»

٤- هەڵبەستی داکەوتنی گرانی لە هەوراماندا:

ساڵی (١٣٣٦)ی کۆچی گرانییەکی یەکجار کوشندە، بەهۆی نەبارینی بارانەوە و وشکبوونی بەروبوومی دار و درەخت و، دانەوێڵەوە، نەڕوانی گژوگیای چەم و هەرد و دۆڵەکانی و وشکبوونی زۆربەی کانیاوەکانی ناوچەکانی هەورامان ڕوویدا و ئەم نالەبارییەش، بوو بەهۆی سەرگەردانبوون و لەناوچوونی بەسەدان خەڵک و داکەوتنی نەخۆشی جۆراوجۆری کوشندەش.

بەپێی ئەم هەڵبەستە، کە باسی ڕوودانی ئەو گرانییە دەکات، ئەنجامی جەنگەکەی هەورامان و لەشکری ڕووسە، چونکە ئەوان، سەرەڕای ئەوە، کە ئەو ناوچانەیان سووتاند، چەپاویشیان کرد و لەو ڕزق و ڕۆزییەی کە هەیانبوو هیچی بۆ خۆیان نەمایەوە و ئەمەش سەرەڕای وشکە ساڵی بوو بەهۆی بەرپابوونی گرانی.

مەلا شەریف، لێرەشدا، هەر پیاوی نووسین و تۆمارکردنە و زۆر نەبێ کەمێ توانیویەتی ئەم ڕووداوەمان، بەزمانە ساکارەکەی خۆی بۆ تۆمار بکات.

مەلا شەریف دەڵێ:

(الحمدلله خالق الانام)
پەرێ موحەمەد، سەڵوات و سەلام
خوداوەند تۆی، خالقی عالەم
کوللی کائینات، تەمامی سەرجەم
یارەب بەحورمەت، زاتی بێ زەواڵ
فەریاد ڕەسیم کەر، جە تەنگی ئەحواڵ
هووکەر ڕەحمەت، باوەری بەجۆش
بەسەدا و هەیبەت، بکەرۆ خرۆش
بوارنۆ ڕەحمەت، بەرەوزەی موختار
هەم بەئەهلی بەیت، ئەسحابەی ئەبرار
بەنامی بێ چوون، بینای بیهتەرین

داستان جەنۆ، بەیاد باوەرین
هۆشی پێ بدەن، بەمیهرەبانی
تەمامە بێژم، بەحسی گرانی
**مەردوم پەرێشان، تەمام موشەووەش**
**سەنە هەزار و سێ سەد و سی و شەش**
یانێ قەمەریی، ئەو وەخت و زەمان
له هیجرەت ڕەسوول، حەبیبی یەزدان
ده ڕۆژی مابوو، بۆ فەسڵی بەهار
ئەسڵەن له ئاسمان، نم نەهاته خوار
مەردوم بەدحاڵ بوو، تەواو یەکجاریی
سێ مانگەی بەهار، واران نەواریی
هەرچی زراعەت، هەم گشت و زار بوو
بۆ قەترەی باران، گشت ئینتیزار بوو
ولایەت گشتی، ڕەش و هەم غەمین
**جەمعی هوماران، قەدیمی ساڵان**
**هەرچی بوو ڕووسی، بردی بەتاڵان**
گەنم لەگەڵ جۆ، یەزو وشک تەمام
گشتی له بەین چوو، ئاخر سەرئەنجام
مەردانی بەدحاڵ، تەمامی یەکبار
گاو و گۆسفەند، تەمامی یەکجار
ڕووس بەربادی کرد، گشتی بەم جۆره
نەختێ ئاو بێرەو دەستت بشۆره
یارەب بەحورمەت، زاتی بێ زەواڵ
گرووی ناڵەمان، بکەری پاماڵ
پەنام هەر تۆنی، واحیدەلئەحەد
بەهەقی ڕوتبەی، پاکی موحەممەد



پاماڵ بکەری، تایفەی لەئیم
بەناری سەقەر، هەم ناری جەحیم
زەلیلشان کەری، دانای لایەنام
بەخاتر حورمەت، ڕەسووڵان تەمام
بەڕەحمی کەرەم، دانای لامەکان
بەزەییت بەحاڵ، جەمعی موسوڵمان
مەخلووقات یەگجار، تەمام بەدحاڵە
هەر لا ئەڕوانی، هەر کۆچە ماڵە
یەک وتی چاوم، بێ حوکم بووگە
بۆ نانی گاڵێن، گیانم دەرچووگە
له حەیوەت برسیی، مەردوم بێحاڵە
(لیره) سوجدەی برد، له گاڵە تاڵە
یارەب بەرەحمەت، دانای دادگەر
بیکه بەخاتر، شای فەخرولبەشەر
بەبوزورگی خۆت، دانای لامەکان
رەحمی خەیر بەحاڵ، جەمعی موسوڵمان
**ئینه تەحقیقەن، تەحقیق یەراسەن**
**جەنازه کەوتبوو، بێ حەدد و شومار**
**خوا ئاگادارەن، قەدیمی ساڵان**
**لاشە مردگ بوو، بەدەشت و کۆڵان**
**مەخلووق له برسیی، تەمام بێ قەرار**
**هەر چەپ و ڕاست بوو، بۆ گۆشتی مردار**
یارەب مەحفووز بین، لەو بەڵا و ئافات
بەخاتر ڕەسوول، فەخری کائینات
یاران هامسەران، دنیا فانییەن
کەلامی شەریف، بێسارانییەن.

## هەڵبەستی چەمەریی (ئالآیی و کۆتەڵ):

هەروەک بۆرەکەیی وەهای وتووە، ساڵی (١١٥٠)ی کۆچی، مەلا وەڵەد خان (١١٢٧ - ١١٩٠) هەڵبەستی شیرین و فەرهادی، لەسەر ئاوازی چەمەریی (ئالآیی و کۆتەڵ) دارێشتووە و ئەم جۆرە هەڵبەستانەش، ئۆسا و زانای تایبەتی خۆی هەیە، چە لە ڕووی دارێژتنەوە، چە لە ڕووی ئاوازاندنەوەوە، کە ئەم جۆرانە خۆی لە خۆیدا، جۆرە شیوەنێکە کە لە ناو کوردەواریدا بۆ پیاوە گەورەکان (پاڵەوان، سەرەک هۆز،...) لە چوارچێوەی خۆپیشاندانێکی کۆمەڵایەتیدا بۆ دەرخستنی هەستی خەمباریی و ماتەمی، بەرامبەر ئەو ڕووداوە و بەسەرهاتە، کە وەک پۆشاکێکی (بازیگەریی = شانۆگەریی) لەبەری کرابێ وەهایە، چونکە ئەرکی هەڵسوکەوتی (چەمەریی یان ئالآیی و کۆتەڵ) بەو کەسانە دەبرێ بەڕێوە، کە ئاگاداریان لەو ڕووەوە هەیە، کە وەک لە سنگدان، قوڕپێوان، وتنەوەی هەڵبەستەکە بەشێوەی ئاوازی تایبەتی خۆی، جلوبەرگ و پۆشاک، ڕێڕەوی گەڕانەکە، تاقمی شمشاڵ و زوڕنا، لە کات و دەمی خۆیدا... هتد.

ئەمەی مەلا وەڵەد خان، تایبەتییە بەخۆیەوە، تەنها (ناوەکەی شیرین و فەرهاد) نەبێ و بەتەواویی شێوەیەک ناوەڕۆکێک و هەستێکی کوردەواریی تیایا ڕەنگی داوەتەوە بەجۆرێ لەگەڵ هەر ڕازێکی دیکەی هاوناو یان ئەوەی خانا (شیرین و خەسرەو) بەتایبەتی بەشی شیوەنی شیرین، سەرانسەری جیاوازە. مەلا وەڵەد خان، وشەی (فیدا)ی عارەبی لە بەرگی کوردیدا، لە هەر دێڕێکدا، دووجار (دووپات)ە هەروەها وشەی (بام)یش. هەڵبەستەکە سەرپاکی بەدەنگی (ت) - (هەر دێڕێکی) - دووجار پات بووەتەوە. ئەم پات بوونەوانە، کەوتووەتە ئەستۆی ئەوانە، کە بۆ ئاواز خوێنەر، ناوبەناو دەیسێننەوە.

ئێمە لێرەدا، وەک وێنە چەند دێڕێک دەخەینە بەرچاو (بۆرەکەیی، ل - ٤٥٢).

مەلا وەڵەد خانی گۆران دەڵێ:

فەرهادی **فیدای** زام، سەختی تازەت **بام**
**فیدای** ڕەنجبەردەی، بێ ئەندازەت **بام**
**فیدای** داخ و دەرد، حەسرەتانت **بام**
**فیدای** زەردی ڕەنگ، جە هیجرانت **بام**
**فیدای** زامی سەخت، بێ دەرمانت **بام**
**فیدای** بەرگی سوور، هوون ئەفشانت **بام**



**فیدای** بێ دەنگی، کش و ماتت **بام**
**فیدای** تەیکەرەی، ڕای نەهاتت **بام**
**فیدای** پەیاپەی، قوڵنگ شانات **بام**
**فیدای** ئیشی زام، کەس نەزانات **بام**
**فیدای** سەنگی سەرد، نە باڵینت **بام**
**فیدای** دەردی سەخت، شەو ناڵینت **بام**
**فیدای** باهووباڵ، شۆخ و شەنگت **بام**
**فیدای** چارەی چەفت، بەختی لەنگت **بام**
**فیدای** زەمزەمەی، شاری چینت **بام**
**فیدای** قەسر و تاق، بلوورینت **بام**
**فیدای** تەمتەراق، پای تەلارت **بام**
**فیدای** شانشین، میناکارت **بام**
**فیدای** نادیار، خزم و خوێشت **بام**
**فیدای** زوخ و زام، جەرگی ڕێشت **بام**
**فیدای** سوپا و سان، پشتی سەرت **بام**
**فیدای** خوڵامان، تەن پەروەرت **بام**
**فیدای** ساقیان، دەس وەبادەت **بام**
**فیدای** رەققاسان، ساوا و سادەت **بام**
**فیدای** کەوکەبەی، شەو دیوانت **بام**
**فیدای** بەزم ئارای، مەی نۆشانت **بام**
**فیدای** نازاران، ترمەپۆشت **بام**
**فیدای** چاوشان، پەڕ فرۆشت **بام**
**فیدای** جقەی تاج، دانە بەندت **بام**
**فیدای** ئەساسەی، وەجا مەندەت **بام**
**فیدای** تەختی عوود، زەڕ نیقابت **بام**
**فیدای** شاتران، پای رکابت **بام**

..................................................

.................................... هتـــــــد

.......................................................

چەمەریی و ئالآیی و کۆتەڵ:

چەمەریی و ئالآیی و کۆتەڵ، جۆرە ماتەمییەکی جەماوەرییە، کە بۆ گەورەیەکی هۆز (سەرەک هۆز) و پاڵەوانێک، لێهاتوویەکی جەماوەریی، گەورەیەک و ڕابەری وڵات، دەگیرێ و ئەم جۆرە خۆپیشاندانە، پێویستی بەشارەزایانی ئەم ماتەمییە (چەمەریی و ئالآیی و کۆتەڵ) هەن و ئەمانەش، گرووپێکن کە لەم هەڵسوکەوتەدا، ڕاهاتوون و زۆر شتیان مسیو (فێربوون)ە و ئەمانەش دەکرێن بەچەند پۆلێکەوە و هەر پۆلەی پسپۆڕە (ئۆستایە) لە جۆرە جمووجووڵێکی هونەریدا، کە وەک ئەمانە:

– چەندێ کەسێ، بەخوێندنەوەی هەڵبەستەکە و چەند کەسێکیش وەرامی چەند بڕگەیەک ئەدەنەوە و ئەوجا بەکۆمەڵ، گرووپەکان، نیوە دێڕێک لەو هەڵبەستە پات (دووبارە) دەکەنەوە و لە ماوەی بازنەیەکی (٣٠٠) گەزیدا دەسووڕێنەوە.

– چەند کەسێکیش لە خۆیان ئەدەن و هەندێکی دیکەش قوڕ دەدەن لە شان و باڵیان.

چەمەریی و ئالآیی و کۆتەڵ، لە ناو کوردەواریدا باوە و کاتێ کە (کەریم سان) کۆچی دوایی کرد ئالآیی و کۆتەڵیان بۆ گرت و هەروەها چەند ساڵێکیش لەمەوبەرتر ئالآیی و کۆتەڵیان بۆ (سەید قاسم ئەفزەلی) پیری ئەهلی هەقق لە کرماشان گرت.

لە ئاوازەی، ئاوازاندنەوەی هەڵبەستی چەمەریی گۆرانیبێژی بەناوبانگ (ئەحمەدی نازدارێ) شارەزاییەکی یەگجار باڵای هەبوو، لە زوڕناژەنین و دەهۆڵ ژەنین (لێدان)دا (ڕەحمانە و حەمە قولتە)ی کەمێنەیی یەگجار شارەزا بوون. بەتایبەتی، کە زۆر ئۆستا بوون لەوەدا، کە بەچە جۆرە ئاوازێکی ماتەمیانە، خەڵکی ناوچەکە (هۆزەکان) بۆ ئەو چەمەرییە بچڕن! لاشم وایە، کە (حەمە حسێن) کەمێنەیش، هەر شارەزای ئەم بەزمە بێ.

شایانی باسە، ئەم جۆرە هەڵبەستانە، بۆ هەر چەمەرییەک دەگونجێ ئەویش تەنها بەگۆڕینی ناوەکە.

بەم بۆنەیەوە، دەبێ ئەوە بهێنینەوە یاد، کاتێ کە لە ئێران بووم (نێوان ساڵی ١٩٩١ – ١٩٩٦)، بۆ سیمینارێ، کە بەناوێ (ئەرکەوازیی)ە و بوو بۆ ئیلام (لوڕستان) بانگ کرام و، ئالەوێدا، بەشێوەی شانۆیەکی تراژیدی، سەرپاکی ئەو هەڵسوکەوتەی کە لە (چەمەریی و ئالآیی و کۆتەڵ) دەکرێ، پیشان درا و داخەکەم، من (کامێرا)م نەبوو، (ئەگەرچی، لام



وایە، هەندێ پچڕ پچڕ هەندێ دیمەنیان وێنە گرتبێ!) تاوەکو بەتەواویی تۆماری هەڵسوکەوتەکانیان (بەوێنەکاریی وێنەگرتن) بکەم.

**دەوری ئەدەبی فارسی لە ناو ئەدەبی کوردییدا:**

لە دەورەی سان سەهاک بەملاوە، ئەدەبی فارسیی، بەرە بەرە کاری خۆی لە ناو ئەدەبی کوردیدا، خاڵی دیاریی، بەرچاو دەکەوێ.

بۆ وێنە، خاتوون دایکی ڕەزبار (...، ٧٤٥) کە یەکێکە لە پێنج تەنەی سان سەهاک، دەڵێ:

ئەو سایەی شەمێ،......

«بارەگای شام وەستەن؛ ئەو سایە و شەمێ

چەنی سی تەنە، بیام دەرهەمێ؛ **سیمرغ** نیانێ جەڕای **ڕۆستەمێ**»

(بۆرەکەیی، ل – ١٧٦)

ئەم هۆنراوەیە، بۆوبەرامەی شاهنامەی تێدایە، بەڵام بەشێوەیەی ئەم، کە خۆی چواندووتە، (سیمرغ) و بەم جۆرە:

لە شاهنامەدا، هاتووە، کە کاتێ باوکی زاڵ، زاڵی لەسەر کێوی ئەلبورز دانا، سیمرغ هات و ئەوی بردە ناو هێلانەکەی خۆی ئەوی لەگەڵ جووجەڵەکانی خۆیدا گەورە کرد و ئەوسا باوکی خەوی بەزاڵەوە دیی، خێرا لەگەڵ چەند کەسێکدا چوونە ئەلبورز و سیمرغ زاڵی دایەوە بەباوکی (بۆرەکەیی، ل – ١٧٧).

لێرەدا، هۆنەر دوو وشەی هێناوە (سیمرغ، ڕۆستەم) ئەم وشانەش خۆیان لە خۆیاندا و لەگەڵ ڕازێکدا، کە لە شاهنامەدا، هەیە، تێکەڵمان دەکات و وامان لێ ئەکات، کە ئەگەر ئاگاداری تەواوی ناوەڕۆکی ئەو ڕازە نەبین، ناتوانین، هۆنراوەکە چی دەڵێت!! کاتێ، کە لە ڕازەکە تێگەیشتین، ئەم خاڵانە ڕەچاو دەکەین:

١– جۆرە تێکەڵاوبوونێکی بۆوبەرامەی (ڕازی شاهنامە)، یان کاری کردەوەی ئەدەبی فارسی سەر ئەدەبی کوردیی.

٢– چواندنەکەی خۆی بە(سیمرغ)، ئەوەمان بەدەستەوە دەدات، کە سیمرغ ئەگەرچی دایکی زاڵ نییە، بەڵام دایکێکە خوا ناردوویەتی، بۆ ئەوەی کاری دایکاتی لەگەڵ (زاڵ)دا بکات و ڕەزباریش کە خۆی چواندووەتە (سیمرغ) بۆ ئەوەیە، کە ئەو مەبەستە ڕۆشن بکاتەوە، کە ئەمیش هەر بەو جۆرەیە!!

(ڤەرم = خەیاڵ)ی دەوڵەمەندی ناو ئەم دووانەیە، چواندنی (ڕەزبار) وەک ئافرەت و دایک بە(سیمرغ)ی باڵدار، کەچی فردەوسی (سیمرغ)ی چواندووەتە دایک!

شیم ئەو بارگایێ،......
سیمرغ بیانێ، شیم ئەو بارگایێ
چمگە ڕوودابە، ڕۆستەمش زایێ
پەی شادیی و وەشیی، زاڵ زەڕکایێ»

(بۆرەکەیی، ل - ١٧٧)

ڕەزبار خانم، جگە لەوەی کە شارەزای شاهنامەیە، هەروەها لە جوگرافیای ئاڤێستاییشدا، شارەزایە، هەروەک دەڵێ:

«دامشا هالیس،.........
دامیار بنیامین، دامشا **هەڵیس**
تەنیا تەندەنش، نە دامی هەریس
شابازی گردەن، خواجای فەرەنگیس»

(بۆرەکەیی، ل - ١٧٧)

پێش لێکدانەوەیەکی کورتی دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە (هالیس) ناوی ڕووبارێکە کە لە ئاڤێستای دەمی ساسانیدا ناوی بەشێوەی (هاریس) هاتووە و (هاریس)یش، ئەمڕۆش بەناوی (ئەرس = ئاراس)ەوە کەوتووەتەوە یەکێ لە چەم و دۆڵەکانی (ئارارات)ەوە، کە بەلووتی (دندانە) سەرووی ژوورینی زاگرۆز دەژمێرێت.

دیارە، ناو هێنانی (هەلیس)، ئەوەمان بەدەستەوە دەدات، کە ڕەزبار خانم شارەزایی لە جوگرافیای (ماد) هەیە، کە لە ئاڤێستادا بەشێک بەناوی (زەمین)ەوە هاتووە و ناوی زۆربەی ڕووبارەکان و شاخەکانی تێدایە.

واتە؛ ڕاوچی خوایی بنیامین، لەسەر ڕووباری (ئەرس = ئاراس = هالیس) داوی نایەوە و (شاباز = فەرنگیسی) پێوە بوو!!

ئەمیش ڕازی (فەرەنگیس) و (سیاوەش)ە - گوایا فەرەنگیس کەنیشکی ئەفراسیاوی توورانییە و سیاوەش خواستوویەتی بەزۆر و پاش کوژرانی (سیاوەش ک لە لایەن توورانیانەوە کوژراوە) باوکی ویستوویەتی بیکوژێ، بەڵام (فەرەنگیسیان) دەرباز کردووە و لە سیاوەش کوڕێکی بووە بەناوی (کەیخەسرەو)ەوە.



لێرەدا، ڕەزبار خانم کەیانیەکان، بەباش دەزانێ و توورانییەکانیش بەخراپ و بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، کەیانیەکان، بەخواناس دەزانێ و توورانییەکانیش، بەدەستەودایرەی دێو و شەیتان دەزانێ. یان (بنیامین) بە(سیاوەش) دەزانێ. کە توانی (فەرەنگیس) بگرێ و بەژنی خۆی بخوازێ و دووناودوونیش ڕوون دەکاتەوە.

**هەنگاوی کاریگەرتری ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردیی:**

بۆ پشتگیریی کردن لەم وتەیە، وەک وێنە (میرزا شەفیعی مامێزکی) دەهێنینەوە.

میرزا شەفیع (١١٦٩ - ١٢٣٨)ک، دەڵێ:

١- هامسەران وەیاد،.................
پێشینانی پێش، باوەرین وەیاد
هەر جە شای مەردان، تاوە کەیقوباد
نەمردوو فیرعەون، تاشەداد و عاد
نەکەردەن دەوران، دنیا تەمامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیای تۆ کامە؟!
٢- **شای مەردان** بەو دەست **خەیبەر** کەندەو
بەو پڕشنگی **سەیف، قودرەت** ژەندەوە
بەو بەندی دەریای، دوجەیل بەندەوە
**مەزڵوومان** نە دەست، **زاڵم** سەندەوە
نەکەردەن دەوران، دنیا تەمامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیای تۆ کامە؟!
٣- داود وە**حیکمەت**، زرێ گەریوە
**سلێمان** وەسان، دێو و پەریوە
**ئەسکەندەر** بەو تەپڵ، ئەسکەندریوە
**فیردەوسیی**، وەنەزم، سوخەنگەریوە
نەکەردەن دەوران، دنیا تەمامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیای تۆ کامە؟!
٤- **هووشەنگ** شاه بەو جاو بەو جەلالەوە
**قاروون** بەدەوڵەت، گەنج و ماڵەوە

**سەڵساڵ** بەو **تەلیسم**، بەستەی داڵەوە
**زوحاک** وەشاهی، هەزار ساڵەوە
نەکەردەن دەوران، دنیا تەمامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیای تۆ کامە؟!

٥- **جەمشید** شاە وەبەزم، جامی زەڕەوە
**فەرەیدوون** بەو زۆر، بەو گشت فەڕەوە
**قوباد** وەجوقەی، تاوس پەڕەوە
**مەجنوون** وەسارای، **بێدیی** و بەڕەوە
نەکەردەن دەوران، دنیا تەمامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیای تۆ کامە؟!

٦- **بارام** بەو کەمەند، چەرم گۆڕەوە
**ئێرەج** وەسوپای، **سەلم** و **توورەوە**
قارەمان وەزۆر، کۆی بلوورەوە
**جەنگیز** وەشاهی، میر **تەیموورەوە**
نەکەردەن دەوران، دنیا تەمامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیای تۆ کامە؟!

٧- **ئەسکەندەر** بەو سەد، یەئجووج بەندەوە
باجش نە دەریای، عومان سەندەوە
شای ئەفراسیاب، بەو کەمەندەوە
پیرانی وەیسە، بەو گشت فەننەوە
نەکەردەن دەوران، دنیا تەمامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیای تۆ کامە؟!

٨- **ڕۆستەم** بەو گشت زۆر، کۆڵی ڕەخشەوە
**وەبرزوو و زۆراب**، جیهان بەخشەوە
**ڕوویبیتەن** وەتەیر، زەدەی تەخشەوە
**کەیخەسرەو** وەهوون، **سیاوەخشەوە**
نەکەردەن دەوران، دنیا تەمامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیای تۆ کامە؟!



٩- **گودەرز** بەو حەفتا و حەفت فرزەندەوە
**بێژەن** وەزیندان، قەیدی بەندەوە
**گیو وە** ڕیازەت، خەسرەو سەندەوە
**دارا وەشاهی**، پەی نەمەندەوە
نەکەردەن دەوران، دنیا تەمامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیای تۆ کامە؟!

١٠- رایی وەسوپای، **کەیومەرسەوە**
**ئەفلاتوون** وەحوکم، **فەیلەقووسەوە**
**نۆزەڕ** بەسەدای، تەپڵ و کووسەوە
**زەڕینە کەوشان**، گشت بەتووسەوە
نەکەردەن دەوران، دنیا تەمامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیای تۆ کامە؟!

١١- میرزام نەسیحەت، حاجی پەی تۆشەن
ئەرسەد خوداوەند، پەردەی سرپۆشەن
هەر کەس نەسیحەت، **حاجی نەگۆشەن**
زبانش نە **زیکر**، **یاهوو یاهووشەن**
شەفیع هۆر گێڵە نەی کاری خامە
میرزام گێڵیای دەور، دنیا کامە؟!

لێرەدا، میرزا شەفیع ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە خاوەنی زانیارییەکی زۆرە و شارەزای ڕازەکانی ناو قورئانی پیرۆز و ڕازەکانی ناو شاهنامەیە و بۆیە لەم هەڵبەستەدا کورتەیەکی مێژوویی بەرچاو دەخات و توانیوبەتی فێری زۆر شتمان بکات و بەکورتی ئەو شتانەش ئەمانەن:

یەکەم، زۆر بخوێنەرەوە و باش بنووسە و بەپێز بنووسە.

دووەم، زانیاریی و ڕۆشنبیریی، ڕۆشنبیر بەکەرەسەی دەوڵەمەندەوە چەکدار دەکات.

سێیەم، ئەگە شارەزای ناوەکان و ڕازەکانی ناو شاهنامە و ناو قورئانی پیرۆز نەبی ناتوانی بەم جۆر و هونەرمەندانە بیانخەیتە ناو هەڵبەستی پڕشنگدارەوە.

چوارەم، ئەگەر ناشارەزای ئەم ڕازانەی زۆر زوو سۆراخیان بکە و بیانخەرە ناو ڤیدیۆتیپی مێشکتەوە، چونکە بۆ هۆنەر، یان بۆ هەر ڕۆشنبیرێکی دیکە، تا کەرەسەی

زانیاریی زۆرتر بێ باشتر بیری بەسەر کارەکەی خۆیدا ڕەوان و بەنرختر دەبێ.

**ناوی ڕازەکان، یان سەرژمێر کردنیان:**

١- ڕازی **عەلی** کوڕی ئەبی تالیب، کە چۆن قەڵای خەیبەری گرتووە. کار و کردەوەی شمشێر (شیرە)کەی لە شکاندنی بتپەرستان و بتانیاندا.(1)

٢- **داود** کە بەزرێ گەریەوە خەریک بوو و بەناوی (زرێپۆش)ەوە ناوبانگی هەبوو، **سلێمان**، کە دەسەڵاتی بەسەر دێو و جنۆکە و پەریەوە هەبوو، **ئەسکەندەر** کە وەک پادشایی دنیا دەنگ و باسی ڕۆیشتبوو، **فیردەوسی** بەهونەری هۆنینەوە و هەڵبەستەوە ناوبانگی ڕۆیشتووە.(4)

٣- **هووشەنگ** شای پێشدادی، کە چەند گەورە و بەفەڕ و بەشکۆ بوو. **قاروون** بەو سەروەت و سامانەوە، **سەلسالی** پاڵەوان (دێو) کە خاوەنی تەلیسم بوو، **زوحاکی** عارەب کە هەزار ساڵی خاوەن دەسەڵات و خاوەن فەرمان بوو.(4)

٤- **جەمشید** شاە کە خاوەنی جامی زەڕ بوو و **فەرەیدوون** بەو هەموو زۆرەوە و فەڕەوە، **کەیقوبادی** کەیانی، بەو سەرکردە گەورەییەوە کە خاوەنی کڵاو خووری پەڕ تاووس بوو و **مەجنوونیش**، کە چۆڵ و بیابانی، کردبووە بەسەرەخەر و ژێرەخەری،...(4)

٥- **بارامی** گۆڕ کە خاوەنی کەمەندی چەرمین بوو، **ئیرجی** کە خاوەنی سوپای **(سلم)** و **(توور)** بوو. ئەو پاڵەوانەی کە بەزۆری **کۆ (شاخ)**ی بلوور و، **جەنگیزی میر تەیموور**،...(5)

٦- **ئەسکەندەر** کە **دیواری** چینی دروستکرد بۆ بەرگرتنی (**یەئجووج و ماجووج**). باجی لە خەڵکی دەوروبەری دەریای **عومان** دەسەند، شای **ئەفراسیاو** تووڕانی بەو خاوەن دەسەڵات و کەمەندەوە، هەروەها **پیرانی وەیسە** و فرۆفیڵیان،...(5)

٧- **ڕۆستەمی** زاڵ بەو هەموو زۆر و ڕەخشەوە (ئەسپی ڕۆستەم)، کە خوای گەورە، **زۆراب** و **برزوو** و **جیهانبەخشی** پێ بەخشیوە. **ڕۆبیتەن**، کە نازناوی **ئەسفەندیار** بوو،...(5)

٨- **گودەرز** کە خاوەنی حەفتا و حەفت کوڕ بوو، **بێژەن** و زیندان و بەند، **گیو** کە چۆن بەناڕەحەتی و سەختی **خەسرەوی** ڕزگار کرد. **دارا** و پادشایی چەندە ساڵەی،...(5)

٩- **کەیومەرث** و سوپای، **ئەفلاتوون** و حوکمی **فەیلەقووس**، نەوزەڕی خاوەنی تەپڵ و کووس، هەروەها **زەرینە** کەوشان، کە لە ڕەچەڵەکی (تووس)ەوەن،...(4)

هەروەک، لە سەرەوە، دەستنیشان کراون، ڕازەکانی ناو شاهنامە (زۆربەیان) وەک



(جەوهەر) خەستەیان بەدوو وشەیەک دەستیان بۆ ڕاکێشراوە و هەروەها هەندێ ڕازی ئیسلامیش، کە وەک بەسەرهاتی خەیبەر و بتپەرستان و عەلی کوڕی ئەبوتالیب.

گەوهەری ئەم هەڵبەستە: خاوەن بەرهەم، دەیەوێ دەرسی دینی ڕاستمان پیشان بدات و بەوەی کە هەر گرتنەبەری ڕێگای خواپەرستن و ڕاستڕۆیشتن دەرد دەخوات چونکە هەر کەسێ هەر دەورێکی گەورە و مەزنی ئەگەر هەبێ، دەبێ کۆتایی بێ و بۆیە، هیچی دنیا هیچ نییە!

هەڵبەستەکە لە ڕووی کێشانە و پێوانەوە: هەر نیوە دێڕێک دە برگەیە، چوارچێوەی هەڵبەستەکە، چوار خشتەکییە و دێڕێکیش لە پاش هەر دوو جووتە، پات دەکرێتەوە، کەرەسە زمانی قەرز کراوە لە بەرچاوە و دەوری هەیە.

کاری ئەدەبی بێگانە: کردەوەی ئەدەبی فارسی بەتەواوەتی دەورێکی زۆری گرتووەتەوە و هەروەها ئەدەبی عارەبییش، خەریکە سەری دەرهێناوە!.

هەستی نەتەوایەتی و دینی:

١- بەپێی ئەم جووتەیەی (شاهـ خۆشێن)، وەها دەردەکەوێ، کە دینی کاکەیی، یان ئەهلی هەقق، جۆرە درێژەپێدانێکی دینی زەڕەدەشتییە، یاخود پەیڕەویەکانی زەڕەدەشت بەتایبەتی پەیڕەوە کۆمەڵایەتییەکان (پەیڕەو سێ کوچکەیی) هەمان دروشمن کە دینی هەقق پەیڕەوییان دەکات و پتر لەوەش، دەوڵەمەندتریان کردووە. بۆ وێنە لەم ڕووەوە شاه مویارەک دەڵێ:

«یاری ســـــان وە ڕا،..........
ڕای هەقق ڕاسـیـەن، بڕانان وە ڕا
**پاکیی** وە **ڕاستیی**، **نیکی** وە **ڕەزا**
قەدەم وە قەدەم، تا وە مەنزڵگا»

سێ کوچکەی زەڕەدەشت (پاکی و ڕاستی و نێکی)ن و ئەمانیش لە لای خۆیانەوە بەوشەی (ڕەدا = ڕەزا) دەوڵەمەندیان کردووە، گوایا مەبەست (باوەڕ و ئیمان)ن. واتە؛ کەی پەیڕەویی ئەو سێ ئامۆژگاریە کردەوەییە دروستە، کاتێ کە بەتەواویی بەئیمانەوە (باوەڕەوە) و لە ناخی دەروونەوە هەڵبقڵێ و کەفی بێتە دەرەوە.

ئەمە ئەوە دەخاتەوە یاد، کە لە کوردستانی ژووروودا ئێزدییەکان، کوردیی کرمانجی،

زمـانی دینیـیـانه و ئەمـانیش (ئەهلی) زمـانی کـوردیی هەورامی، کـە نەوەی نوێی ئاڤێستاییە، زمانی دینییانە.

٢- باوا سەرهەنگی دەودانی (٣٢٤)ی کۆچی، لەم ڕووەوە دەڵێ:

سـەرهـەنـگ دەودانـی،..............
«ئەز کـە نامەن، سـەرهەنگ دەودانی
چەنی ئێـرمـانان، مـەگـێـڵم هەردان
مـەکـۆشم پەرێ، ئایینی کـوردان!

٣- بابزانین، شاوەیس قوڵی (٨١٠ - ؟) لەم بارەیەوە چی دەڵێ:

«**ئەسـڵـمـەن جـە کـورد**،......
**بابۆم کـوردەنان**، ئەسـڵـمـەن جـە کـورد
من ئەو شـێـرەنان، چەنی دەستـەی کـورد
سیلسیلەی سپای، **زوحاک** کەردم هورد»

٤- شاه ئیبراهیم-ی ئیوەت (٧٢٥ - ٨١٠) دەڵێ:

«زوڵاڵ ئاڤـێـسـتـا،.....................
ئەسڵی دەفـتـەرەن، زوڵاڵ ئاڤـێـسـتـا
بنیام زەڕەدەشـتـەن، دەفتـەر وەدەسـتـا
زاتش جـە بادەی، شـەهنشاه مـەسـتـا»

«دەفتەری دیوانە گەورە»

ئەوەی کە بەرچاو دەکەوێ:

لە دەفتـەرەکانی (ئێزیدی)دا، وەها هاتووە، کە زەڕەدەشت پێغەمەری گەورەی خوایە و هاتنە دنیـاوە، ڕووناکی و ڕۆشنی بۆ دنیـا سـاز داوە و جگە لەوەش ڕزگـاریکەری وڵاتی ئێزیدی (داسنی)یە و بەرگریکەریەتی!! (مژدەها ڕۆژ - ٧٥)

ئەو لە لای (ئەهلی هەقق) لە دەفـتـەرەکـانیـاندا، بەهەمـان شـێـوە، باسی زەڕەدەشت و ئاڤێستا و پەیڕەوەکانی دەکرێ و دینەکەیان، بە(ئاینێ) - (کانزای دین = مَذْهَبْ) دەزانن کە لە دینی زەڕەدەشتییەوە تاوەکو ئێرە درێژەی پێ دراوە و هەر درێژەی هەیە(٤).

ئێـزیدی وەهای لە قـەڵەم ئەدەن، کـە زەڕەدەشت، لە ڕۆژی یەکـەمی مـانگی نیسـان لە



دایکبووە، کە ڕێککەوتی چوارشەممە کردووە و بۆیە ئەو ڕۆژە، بەڕۆژی سەرساڵی دەزانرێ و بەجەژن دەزانرێ (مژدەها ڕۆژ، ل - ١٠٨).

لە دەفـتـەری (مـژدەها ڕۆژ، ل -٧٢) وەها هاتووە، کـە مـیللەتی ئێـزەدی دووجـار چاوەڕوانی (زەرەدەشت)ە، بۆیە دووجـار دەردەکـەوێ، جـارێکیـان وەک (زەڕەدەشت)، جارێکی تریان وەک (شەرەفەددین)، هەروەک بەدەمی (ئانۆش)ەوە، هاتووە. (هەروەک لە لەوحەی مەحفووز = لوحة المحفوظ)دا واتە: (دەپێ هەیێ و نەیێ)دا، وەها هاتووە.

ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنێ، کـە باوکی زەڕەدەشت ئێـزەدیی بووە و هەروەهاش ئەوەمـان بەدەستەوە دەدات، کە زەڕەدەشت لە پێشەوە بەو ناوەوە هاتووە و جاری دووەمیش بەناوی (شرف الدین = شەرەفەددین)ەوە هاتووە، کە (شێخ ئادی)یە، واتە؛ دووناودوون-ە.

لای کاکەییەیش، پەیڕەویەکانی دینی زەڕەدەشت (پاکی و ڕاستی و نیکی) بەتەواویی دەستـوورە و پتـر لەوەش (باوەڕ)ی تەواویش، دەخـەنە سـەری، هەروەها بەئاینی کوردانی دەزانن هەروەک لە (یەکەم) و (دووەم) و (سێیەم) جووتەدا وەها دەردەکەون.

دیارە، ئەمـانەی سەرەوە، وەک پاڵپشـتی دینی و مێژوویی، وەها بەدەسـتـەوە دەدەن کە زمـانی دینی، زمـانی کـوردییـە و لای ئەهلی هەقق (کـوردی هەورامی)یە و لای ئێـزەدی کوردی کرمانجییە و بێ گومان ئەم دوو شێوەیەش لە بنەڕەتدا یەک بوون!

پیر ڕاستگۆی قەرەداغی (سەدەی هەشتەم)(*)

«مـێـردانی خـواجـام،.........
پەرێ ئازمـایی، مـێـردانی خـواجـام
زەڕەدەشت پەیدا بیی، وەفـەرمـانی شام
ئاوێسـتـاش ئاوەرد، پەرێ خـاس و عـام
چەنی گـومـڕاهان، سـتـێـزا وەکـۆچ
مـەکـۆشـا پەرێ، یاریی شـەو و ڕۆچ»

«دەفتەری دیوانە گەورە»

(*) هەروەک ناوی ئەم هۆنەرە (پیر ڕاستگۆی قەرەداخی) لە دەفتەری دیوانە گەورەدا هاتووە، یەکێکە لە پیرەکانی شاهـ سەهاک و لە سەدەی هەشتەمی کۆچی ژیاوە و لە دێی شێخان کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ژیانەکەی (پەیدابوون و کۆچکردنی) ناڕۆشنە و لە هەندێ دەفتەری دیکەشدا (دەفتەری سۆفی ڕەشید = خەلیفە ڕەشید) وەها هاتووە کە پیری قەرەداخی یەکێکە لە حەفتا و دوو پیرە.

واتاکەی:

مەردانی خوام،.........

بۆ تاقیکردنەوەی پیاوان (مەردان)ی خوام

زەڕەدەشت، بەفەرمانی خوام

ئاوێستای، بۆ هەمووان هێنا

لەگەڵ گومڕایان (ڕێگە ونکەران) تێکچوو و بڕیاری کۆچی دا

تێ دەکۆشا، بۆ دۆستایەتی شەو و ڕۆژ

یاریی: دۆستایەتی دینییە لە لای ئەهلی هەقق. هەر کەس دینی ئەهلی هەقق بگرێتە بەر پێی دەوترێ (یار) و هەندێ جاریش (یاری سان) کە بەواتای (یار = دۆست)ی خوا، دێ. بەدینەکەش (دینی یاریی) دەوترێ.

ئالێرەدا، هۆنەر مەبەستی دینی یارییە و وەهای دەردەخات، کە دینی زەڕەدەشتی و دینی (یاریی) هەردووکیان، هەر یەکێکن. یان دینی یاریی درێژەپێدانی دینی زەڕەدەشتییە.



## ئەنجام:

**یەکەم:** بەردەوامی **دەوری دینی زەڕەدەشتی** (درێژەپێدانی) لە هەورامانداا، هۆیەکی سەرەکییە، بۆ مانەوەی دەوری زمانی دێرینی کورد، زمانی ماد و زمانی ئاڤێستا، تاوەکو، دەمی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و ریشە داکوتانی سۆفیی و دەروێشگەریەتی لە هەورامان و ناوچەکانیدا.(*)

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، زمانی کوردیی هەورامیی، وەک زمانێکی پیرۆز و ڕەوا بۆ دین و بۆ سۆفیگەریەتیی و دەروێشگەریەتی و هەروەها وەک زمانێکی ڕەوا و پیرۆز بۆ زمانی ئەدەبی دینی و جۆرەکانی (لایەنەکانی) دیکە، سەرلەبەرتر بوو، تاوەکو هەر شێوەیەکی دیکە.

بۆ وێنە، دەروێشەکانی ئەهلی هەقق، زۆربەی زۆریان، لە ناوچەیەکی دیکەی کوردەواریدا لە دایکبووە (کە زۆر دوورە، لە ناوچەکانی هەورامانەوە) بەڵام بۆ بەپیرۆزی زانینی شێوەکە و وەک بەزمانێکی ڕەوا زانین، بۆ دەربڕینی هاڵاوی دەروونی دینی، هەوڵی داوە، کە خۆی فێری شێوە زمانی ناوچەکانی هەورامان (یاخود زمانی دینی ئەهلی هەقق) بکات و بەهۆیەوە بتوانێ ناوەڕۆکی هەستی دڵ و دەروونی دینی دابڕێژێ.

یاخود هەروەک، لە سەرەتاوە باسمان کرد، هۆنراوە، یان هەڵبەستی سەرەتای هاتنە بەرەوەی ئیسلام و بڵاوبوونەوە، دەبینین، کە شاعرەکانی دەوروبەری قەزوێن، یان ئەوانەی ناوچەکانی تەورێز و دەوروبەری، هەر بەشێوە زمانی ناوچەکانی هەورامان داخی دڵ و دەروونی خۆیان، یان ڕووداویان، داڕشتووە.

---

(*) هەر بەم بۆنەیەوە، دەبێ ناوەڕۆکی پارچە هەڵبەستەکەی (قانیع) بهێنینەوە یاد کە دەڵێ:

«شاخی هەورامان ئەرچی ڕەنجەڕۆم
زۆر چاک بزانە، کە مەمنوونی تۆم
چونکە پاراستت تۆ ئەو زمانە
تێکەڵت نەکرد لەگەڵ بێگانە
کتێبی زەڕەدەشت، کە ئاڤێستایە
وەک باقی کتێب خەڵاتی خوایە
بەزوان هەورامی هاتە سەر بەشەر
یانێ های زەڕەدەشت بووی بەپێغەمەر»

«دیوانی قانیع – بورهان قانیع»

یان، **مەولەوی تاوەگۆزی**، کە شێوە زمانەکەی جافییە و ئەوەی کە ئەوی وەها لێ کردووە، کە بەشێوە زمانی هەورامی سۆز و ئاوازی سۆفیگەریەتی دابڕێژی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شێوە زمانی شێخەکەی زمانی کوردیی ناوچەکانی هەورامان بووە و یان زمانی مەولانا خالید، شێوەی جافی بووە و هۆی داڕشتنی هەندێ هەستی دینی دەروونی خۆی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی، کە شێوە زمانەکەی بەشێوەیەکی پیرۆز و ڕەوای ئەدەبیی و دینی کوردی زانیوە!!

دەوری ئەردەڵانیان:

ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، کە سەرانسەری فەرمانڕەوایی ئەردەڵانییەکان زمانی ئەدەبی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، زمانی کوردیی هەورامان بووە و پتر لەوەش هۆی پەرەسەندنی بوون، بۆیە، فەرمانڕەوا شاعیرەکانی ئەردەڵانی، – (وەک، بۆ وێنە: مەستوورەی ئەردەڵانی، کەڵباڵی خانی ئەردەڵانی و غوڵامشا خانی والی و...) – خۆشیان هەر بەو شێوە زمانە هەست و نەست و دەروونی خۆیان هۆنیوەتەوە.

**دووەم:** دەوروبەری جوگرافیایی، کە لە کوردستاندا، بەیەکێک لە ناوچە هەرە سەختەکانی کوردستان، لە ڕووی دەوروبەری شاخاویی و ئاووهەوای سەخت و زمستانی درێژ خایەنی، دەژمێررێت. ئەمەش بووە بەهۆی مانەوەی هەندێ ڕەویە و ڕەوشتی دینی زەڕەدەشتی و پەناگای خەلیفە و پیری کاکەیی و داسنەیی و وەرنەگرتنی دینی ئیسلام، یان بەرگە نەگرتنی مانەوەی، کە لە هاویناندا دەچوویە (بەزۆر) ئەوێ و بەزستاناندا، پشتگوێیان دەخستەوە و دەکشایەوە بەرەو شارەزوور ناوچەی جافەکان (جافگەریی)، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، هوماری پارێزگاریکردنی دڵسۆزی دەفتەرەکانی ئەدەب و هۆنراوە و هەڵبەست و قەباڵە و دوکیۆمێنتی دێرینی ئەوێ.

**سێیەم:** دەوری ئەدەبی بێگانە، لە ناو بەرهەمی ئەدەبی ئەو ناوچانەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی ئەدەبی فارسی و ڕاز و سەرگوزەشتەی مێژوویی و دینی و کۆمەڵایەتی و... هتد، بەڵام ئەدەبی عارەبی، تا ڕادەیەک کاری کردووە، بەڵام نەک وەک ئەدەبی فارسی و دەوری ئەدەبی فارسی، هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە، بەبەرهەمەکانی ئەهلی هەقەوە دیارە، بەڵام شوێنەواری ئەدەبی عارەبی، لە دەورەی شێخ سەهاک بەملاوە بەرچاو دەکەوێ.

**چوارەم:** دەوری کزیی، بەهۆی ڕیشە داکوتانی دینی ئیسلامی پیرۆز بوو، لە هەوراماندا، کە هەروەک وتمان دەگەڕێتەوە بۆ دەمی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و ئەوجا



پێ لە کزیی هێنانی دەورەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانی و گەشەسەندنی فەرمانڕەوایی بابان، کە شێوەی جافییان هاندا و بەهۆی نالی و سالم و... هتد بەربەرەکانی شێوە زمانی هەورامیی و ڕەسمیەتی و ڕەوایی لە دین و لە هەڵسوکەوتی ئەدەبیدا کرد و لەبریی ئەو ئەمیان هانیە مەیدانەوە.

## سەرچاوەی سوود لێ وەرگیراو


- یشت ها ، ج/٢/گزارش پورداود، انتشارات دانشگاه تهران، ٢٥٣٦ شاهنشاهی.
- یسنا ، پورداود، بهمن ماه ١٣١٢ تهران.
- گاتها ، سرودهای زرتشت بامتن اوستایی بمبیء خرداد ماه ١٣٠٥ خورشیدی، پورداود.
- مێژووی وێژەی کوردیی - بۆرەکەیی ١٣٧٠ انتشارات ناجی بانه کردستان.
- ایران در سپیده دم تاریخ - جورج کامرون - ترجمه حسن انوشه، ١٣٧٤ تهران.
- ویسپرد - ابراهیم پورداود، تهران ١٣٤٣.
- دەفتەری شندروێ (دەستنووس).
- دەفتەری شاخۆشێن (دەستنووس).
- دەفتەری دیوانە گەورە (دەستنووس).
- دەفتەری نەورۆز (دەستنووس).
- دەفتەری حلمی (مەلا عەبباس حلمی - تاوغی).
- دەفتەری خەلیفە ڕەشید (مەجمەعە).
- کوهھای ناشناختەی غرب ایران - دولتشاهی - تهران.
- مێژووی هەورامان - محەممەدئەمین هەورامانی - انتشارات بلخ تهران ١٣٨٠.
- زمانی ئاڤێستا - سۆکۆلۆف، وەرگێڕانی هەورامانی، بەغدا.
- کاکەیی - محەممەدئەمین هەورامانی - بەغدا، (الحوادث).
- فرهنگ کوچک زبان پهلوی. د. ن. مکنزی. ترجمهء میر فخرانی ١٣٧٣ تهران.
- مزدیسنا و حکومت (زرتشت). مهندس جلال الدین آشتیانی ١٣٧٤ تهران.
- تاریخ أتور پاتکان - پروفسور اقرار علی أف، ١٣٧٨ تهران.
- فرهنگ پهلوی فرەوشی - انتشارات تهران ١٣٥٨.
- مژدەها ڕۆژ، (تألیف الشیخ حسن الداسني المتوفي سنة ٧٤٤هـ - ١٢٤٦م) ترجمە انور ماهی، خەبات دهوک




## لە بەرهەمەکانی نووسەر.


١- چۆن ئەبیتە مامۆستایەکی سەرکەوتووی زمانی ئینگلیزیی. چاپخانە (سلمان الاعظمی)، بەغدا، ١٩٧٢.
٢- فۆنەتیکی زمانی کوردیی. چاپخانە (الجاحظ)، بەغدا، ١٩٧٤.
٣- سەرەتاییێکی فیلۆلۆژیی زمانی کوردیی، چاپخانەی (المعارف)، بەغدا، ١٩٧٤.
٤- ڕۆشنبیری وەلی دێوانە، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٧٩.
٥- زارەکانی زمانی کوردیی لە ترازووی بەراورددا، چاپخانە (المؤسسة العراقیة للطباعة)، بەغدا، ١٩٨١.
٦- میرزا ئۆلقادری پاوەیی، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا، ١٩٨٤.
٧- کاکەیی، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٥.
٨- لەیلێ و مەجنوون، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٨٥.
٩- فەرهەنگی قوتابیان - وەرگێڕان - لەگەڵ، عەبدوڵڵا شاڵی، جەمال عەبدول، محەمەدئەمین هەورامانی.
١٠- فەرهەنگی (ئێریەن ڤاچ)، چاپخانەی (سومر)، بەغدا، ١٩٨٧.
١١- زمانی ئاڤێستا (وەرگێڕان و پەراوێز)، (دار الحریة)، بەغدا، ١٩٨٨.
١٢- ماکتب عن اللغة الکردیة، چاپخانەی (کۆڕ)، بەغدا، ١٩٧٨.
١٣- زارەکانی کوردییەکان (لەگەڵ: کامل بەسیر، کوردستان موکریانی، سادق بەهادین، محەمەدئەمین هەورامانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٧.
١٤- فەرهەنگی زاراو و ئیدیۆمی زمانی کوردیی، بەغدا.
١٥- مێژووی ڕێبازی زمانی کوردیی، چاپخانەی (جامعة صلاح الدین)، هەولێر.
١٦- مێژووی هەورامان، ڤۆلیۆمی یەکەم (انتشارات نیشابور)، تەهران، ٢٠٠١.
١٧- گوڵزاری هەورامان، ڤۆلیۆمی یەکەم (دەسگای ئاراس)، هەولێر، ٢٠٠٤ هەولێر.
١٨- بەسەرکردنەوەی هەندێ دیاردەی ئەدەبیی کوردیی شێوەی هەورامی، هەولێر،......

# پێرست

پێشـەکی .......... 5
بەشی یەکەم: هەندێ وێنەی ئەدەبیی کوردیی لێرە و لەوێ،... بۆ؟! .......... 13
بەشی دووەم: هەندێ زانیـاریی پێویست بەناسینی ناوچەکانی هەورامـان. .......... 31
بەشی سێیەم: کامەیە وڵاتی ئـاریانڤاچ، کە لە ئاڤێستادا باسی بەپیرۆزیی دەکرێ! .......... 45
بەشی چوارەم: بەسەرکردنەوەی هەندێ هەنگاوی ئەدەبی کوردی گرنگ. .......... 63
– هەنگاوی یەکەم؛ لێکدانەوەی دوو هۆنراوە (بلانگڤێرس = پەخشانە هۆنراوە)
ناو گاتەکانی ئاڤێستا و پەیوەندییان بەئەدەبی کوردییەوە. .......... 65
– هەنگاوی دووەم؛ ڕێڕەوی بەرهەمی ئەدەبی کوردیی لە سەرەتای ئیسلامەوە،
تاوەکو دەمی (شـاه موبارەک). .......... 81
– هەنگاوی سێیەم؛ بەرهەمی لێرەوە بەملاوە تاوەکو دەورەی
سـان سـەهاک و بەمـلاترەوە. .......... 112
– هەنگاوی چوارەم؛ (هۆنراوە) و (هەڵبەست) لە ڕووی واتای ناوەڕۆک و
کێشانە و پێوانەی (یۆرت = قەوارە)وە. .......... 150
– ئەنجـام. .......... 240

هەورامانی
بازل – سویسرا
١ی مارتی ساڵی ٢٠٠٤ تەواو بووە